٢

تشرینی دووەمی ٢٠١٥

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکرییە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەریدەکات

بنبەستی حکومەتی بنکە فراوان، سەبارەت بە ڕێکخراوبوون، ڕەخنەلە پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان، ئیسلام و ئیسلامی سیاسی، جەنگ لەسوریا ودەخاڵەتی سەربازی ڕوسیا، ڕۆڵ و نەخشی کرێکاران... لەبارەی دیاردەی کۆچی بەکۆمەڵی پەنابەری، ناساندنێك بۆ مارکس، ناسیۆنالیزم و مەسەلەی میللی


عوسمانی حاجی مارف
موحسین کەریم
خەسرەو سایە
دەشتی جەمال
موئەیەد ئەحمەد
جەمال موحسین

# دیدگای سۆشیالیستی

گۆڤارێکی سیاسی فکریە، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان دەری دەکات
ژمارە ٢ / ساڵی یەکەم / تشرینی دووەم ٢٠١٥

سەرنوسەر:

**جەمال موحسن**

دزاین:

**خەسرەو سایە**

هەڵەبڕ:

**ئیبراهیم موحەمەد**

نوسەرانی ژمارە:

**عوسمانی حاجی مارف، موحسن کەریم،
دەشتی جەمال، خەسرەو سایە، موئەیەد ئەحمەد،
جەمال موحسین**

پەیوەندی:
0047 47276028
jamal_muhsin@yahoo.com

## ناوەڕۆك:


★ **بنبەستی حکومەتی بنکە فراوانو**
**ئایندەی نارەزایەتییەکانی خەڵك**
عوسمانی حاجی مارف ........................................ ١

★ **پرشنگێك لە ئاسمانی تاریکیدا**
**سەبارەت بە پێویستی ڕێکخراوبوون**
جەمال موحسن........................................ ٢١

★ **پڕۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟**
ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا
خەسرەو سایە........................................ ٣٨

★ **ئیسلام و ئیسلامی سیاسی، ناسیۆنالیزمی کوردو ئیسلام!**
موحسن کەریم........................................ ٦٩

★ **سەبارەت بە دەخاڵەتی ڕوسیا لە ناوچەکە**
گفتوگۆ لەگەڵ موئەیەد ئەحمەد ........................................ ٨٥

★ **سەبارەت بە: ڕۆڵ و نەخشی چینی کرێکار**
**و بزووتنەوەی سۆشیالیستی**
موحسن کەریم........................................ ٩٣

★ **سەبارەت بە دیاردەی کۆڕەو و کۆچی بە کۆمەڵ**
گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال... ........................................ ١٠٠

★ **ناساندنێك سەبارەت بە مارکس،**
**ئەو شۆڕشگێڕەی دنیا پێویستی پێیەتی**
جەمال موحسن........................................ ١١٣

★ **ناسیۆنالیزم و مەسەلەی میللی**
مەنسور حکمەت........................................ ١٣٣

★ **..دەسەڵاتی بۆرژوا- ناسیۆنالیستی کورد**
**مایەپووچ بووە. ڕێگاچارە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە!**
.بەڵگەنامە........................................ ١٣٧



عوسمانی حاجی مارف

# بنبەستی حکومەتی بنکە فراوانو ئایندەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵك

سەرنجێك:

ئەم بابەتەی کەلێرەدا دەیخوێننەوە قسەوباسی نێو سیمینارێکە کەلە مانگی سێپتێمبەری ٢٠١٥ دا پێشکەشکراوە. ئەگەرچی هەندێك لە نمونە و فاکتەکانی پەیوەندیان بەو کاتە و ڕووداوەکانی ئەو بەروارەوەیە، کەئەم سیمینارەی تیا سازدراوە ولەئێستادا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. بەلام لەبەر گرنگی بیرۆکە سەرەکییەکانی ئەم بابەتە وچوارچێوەی گشتی لێکدانەوەیەك کەبۆ دۆخی سیاسی کوردستان دەیخاتە ڕوو، بەپێویستمان زانی دەقی قسەو باسەکان لەم ژمارەیەی دیدگای سۆشیالیستدا وەك خۆی بڵاوبکەینەوە.

سەرنوسەر

هەرچەندە ئەم باسە لێکدانەوەیە لەسەر بنبەستو شکستی دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی کە ٢٤ ساڵە وەک هێزی میلیشیا بەناوی ئەزمونی دیموکراتی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن، بەڵام بە هەر سازانو ناکۆکیو کێشمەکێشێکی نێوانیانەوە وەک ئەحزابی ناسیۆنالستی میلیشیایی بۆ خۆشیان لایەنێکی سەرەکین لە درێژەدانیان بە قەیرانو ناجێگیریو گێژاوی سیاسی لە کوردستاندا، ئەم بنبەستو شکستەی ئێستاشیان ناکرێ بە دوور لە هەلومەرجی سیاسی ناوچەکەو دەورو دەخالەتی دەوڵەتی ئەمریکاو شکستی نەخشەو سیاسەتەکانی لە لایەکو لە لایەکی ترەوە دەوری وڵاتانی ناوچەکە بە دوور بگیرێت، بۆیە سەرەتا بە پێویستی دەزانم کە کەمێک بچینە ناو باسی دوا

## بنبەستی حکومەتی بنکە فراوانو ئایندەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵك

ئاڵوگۆڕەکان لە هاوکێشەی سیاسی بەتایبەتی کە دەورانی دوای هاتنی داعش ئاڵوگۆڕێکی سیاسی هەمەلایەنە روویداوە، هەروەها لە چەند مانگی رابردوداو بەتایبەتی پاش رێککەوتنی وڵاتانی ٥+١ لەگەڵ ئێران، ئاڵوگۆڕێکی تازە هاتۆتە پێشەوە، چ لە رووی هاوکێشەی سیاسیەوە چ لە رووی ئاڵوگۆڕ لە هاوسەنگی هێزە ناوچەییەکانو جیهاندا، کە پێویستی بە قسەوباس هەیە لەسەریان.

### دەوری داعش لەسەر مەوقعیەتی ئێران:

بەگشتی ئەوە رۆشنە کە پشتیوانی تورکیاو سعودیەو قەتەر لە داعش لەپەیوەند بە کێشمەکێشی ئەم وڵاتانەوەیە لەبەرامبەر ئێرانداو هەوڵدان بوو بۆ پاشەکشە بە دەورو جێگاو رێگای ئێران لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەتایبەتی کە نەخشەو سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئەمریکا پاش روخانی حکومەتی بەعس لە بەرامبەر ئێرانو ناوچەکەدا بە شکست گەیشتبوون، ئەم شکستانەی دەوڵەتی ئەمریکا دەستی ئێرانی واڵا کرد بۆ دەخالەت کردنی زیاتر لە کاروباری عێراقو ناوچەکەدا، تا دەورێکی کاریگەرترو باڵا تر بە گۆڕینی هاوسەنگی هێز بە قازانجی کۆماری ئیسلامی ئێران دابینو مسۆگەر بکات.

هێرشەکانی داعش لە ناوچەکەدا بەتایبەتی بەدوای گرتنی موسڵو تکریتو رومادی، لەلایەک هاوکێشەی سیاسی لە ناوچەکەدا گۆڕیو لەلایەکی ترەوە دەورو مەوقعیەتی کێشمەکێشی وڵاتانی سەرمایەداری جیهانیو ناوچەکەی خستە بەردەم رووبەڕوو بوونەوەی ئەم ئاڵوگۆڕە تازەیە لە هاوکێشەی سیاسی لە ناوچەکەدا. بەتایبەتی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ بەرامبەرکێ لە بەرامبەر رەقیبەکانیدا توانی پێناسەی داعش بکات وەک دوژمنێکی جیهانیو لەهەمان کاتدا بیکاتە بیانویەک بۆ بانگەوازی وڵاتانی جیهان کە لەژێر چەتری سیاسەتەکانی ئەمریکادا بەرەنگاربوونەوەی ئەم دوژمنە جیهانیە بکرێتە پرۆژەو نەخشەیەک، بەڵام ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێ بکەین ئەم بانگەوازە لە کاتێکدایە کە دنیای یەک جەمسەری دەوڵەتی ئەمریکا لەبەرامبەر روسیاو چیندا هاتۆتە خوارەوە، بۆیە پێکهێنانی بەرەیەکی فراوان لە وێنەی جەنگی کەنداو کە بە قازانجی باڵادەستی دەوڵەتی ئەمریکا بێت زەمینەکانی لێکترازاوە، هەر بۆیە بەرەی شەڕ لەبەرامبەر داعشدا فرسەتی ئەوەی داوە هەر وڵاتو لایەنێک بتوانێت سیاسەتو بەرژەوەندیەکانی خۆی تیا تاقی بکاتەوە، چونکە دەوارنی یەک جەمسەریو باڵادەستی دەوڵەتی ئەمریکا جێگاورێگای خۆی لەدەستداوە، کە دووبارە واقعیەتی دنیای سەرمایەداری لە بەرامبەر کێشمەکێشو جەنگی دوو جەمسەریدایە، دەوڵەتی ئەمریکا ناتوانێ بەناوی بەرەی دژی شەڕ لە بەرامبەر داعشدا لە ئاستێکی فراواندا وەک جەنگی خەلیج وڵاتانی جیهان بخاتە ژێر چەتری سیاسەتەکانیەوەو باڵادەستی خۆی بەسەر جیهاندا بسەپێنێ.

لەبەرەکانی شەڕ لەبەرامبەر داعشدا بە ئاشکرا ناکۆکیو بەرژەوەندی هەریەک لە وڵاتانی جیهانیو ناوچەکەدا کە دەرگیرە لەم شەڕەدا دەناسرێتەوە، لە ستراتیژی سەربازی هیچ لایەنێکیشدا پاککردنەوەی داعش نەخشەی بۆ نەکێشراوەو ناوچەکەش بەرەو رووی جەنگێکی پڕ کارەساتو بێکۆتایی کراوەتەوە. دەورو گەمەی سیاسی هەریەک لە ئەمریکاو روسیاو رۆژئاواو تورکیاو

ئێران... ئاشکرایە کە چۆن کێشمەکێش‌و ناکۆکیەکانیان لە جەنجاڵی شەڕی داعشدا تاقی دەکەنەوەو هەر لایەنێک بە قازانجی گۆڕینی هاوسەنگی هێز لەبەرامبەر یەکتردا هەنگاو دەنێن، داعش نیشانەیەکە بۆ بردنە پێشەوەی رکابەری سیاسەتەکانی وڵاتانی سەرمایەداری جیهانی‌و دابەشکردنەوەی نفوزی ئابووری‌و سیاسیە لەجیهاندا، وە وێنای جەنگێکی جیهانیە کە گێژاوی سیاسی زیاترو وێرانکاری زیاتری رۆژهەڵاتی ناوەراست بەدوای خۆیدا دەکێشی.
گەر بگەڕێینەوە سەر ئەو خاڵەی کە تورکیاو سعودیەو قەتەر پشتیوانیان لە داعش دەکرد لە پەیوەند بە کێشمەکێشیان لەبەرامبەر ئێرانداو لە هەوڵی ئەوەدابون لەم رێگەیەوە گورزێک لە ئێران بدەن، لە هەمانکاتدا پاشەکشە بە دەورومەوقعیەتی جەمسەری روسیاو چین بکەن، هەربۆیە تورکیاو سعودیەو قەتەر نەک نەهاتنە ڕیزی بەرەی دژ بەشەڕی داعش بەڵکو یارمەتیەکانیان بۆ هێزەکانی داعش ئاشکراو بێ پەردەبو، بەڵام لە دنیای واقعی ئەم کێشمەکێش‌و شەڕەدا دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێران لەگەڵ ئەوەی لە قەیرانێکی قوڵی ئابوریدایە، بەڵام توانی رەوتی روداوەکان بکاتە دەستکەوتێک بە قازانجی بەرزکردنەوەی هاوسەنگی هێز بۆ ئێران، دەخاڵەتی راستەوخۆی ئێران لە عێراقداو دەورو پشتیوانی لە پێکهێنانی دەسەڵاتێکی شیعەگەراو پەیوەندی بەهێز لەگەڵ بەشێک لە حزبە کوردیەکان، لەمەش زیاتر دەوری جدی ئێران بۆ شەڕی لەبەرامبەر داعشداو پاشەکشەکردن بە هێزەکانی داعش ئێرانی لەناو هەلومەرجی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا لەمەوقعیەتێکی باڵادا وەستان، ئەم مەوقعیەتەی ئێران دەوڵەتی ئەمریکای ناچار کرد رێگەی دانوسان بگرێتە بەرو کێشەکانی لە ستراتیژی شەڕ لەگەڵ ئێران‌و سیاسەتی گەمارۆی ئابووری بگۆڕێت، ئەم واقعیەتە دەوری ئێرانی زیاتر هێنایە پێشەوە کە گەمەی سیاسی لە ناوچەکەدا لە ئاستێکی باڵاتردا بۆ بەرژەوەندی نفوزی سیاسی ئێران بەرێتە پێشەوەو هاوکێشەی سیاسی لە ناوچەکەدا ئاڵوگۆڕێکی تازەی بەخۆوە نیشاندا.

## گۆڕانێك لەگەمەی سیاسەتی دەوڵەتی تورکیادا:

دووبارە هاتنەوەی ئێران بۆ ناو کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی‌و گۆڕینی هاوسەنگی هێزەکەی، پاشەکشەیەک بوو بە دەورو مەوقعیەتی تورکیاو لە هەمان کاتدا پاشەکشە بەدەوری سعودیەو قەتەر.
تورکیا پێشتر لە ٢٠ ساڵی رابردوودا هەوڵیدا، کە سیاسەتی سەربەخۆ بێت‌و گرێدراو نەبێت بە تەواوی سیاسەت‌و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاوە، رێکەوتنی لەگەڵ ئەمریکا بەمەرجی پاراستنی جێگاو رێگاو بەرژەوەندیەکانی بوو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هەر بەم مەرجەوە لەگەڵ نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکادا دەهاتە پێشەوە، تا ئەو ئاستەی بنکەی ئینچەرلیکی نەدەخستە خزمەت فرۆکە جەنگیەکانی ئەمریکاوە.
ئەوەی ئاشکرایە پێشتر دەسەڵاتی بۆرجوازی لە تورکیا لە هەوڵدابوون کە پەیوەست بن بە یەکێتی ئەوروپاوە، کە بەگشتی دەسەڵاتی بۆرجوازی تورکیا لەم هەوڵەدا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناو نەیتوانی لەو رێگەیەوە وەڵام بە قەیرانی قووڵی ئابووریان بدەنەوە، دواتر پارتی دادوگەشەپێدان‌و

## بنبەستی حکومەتی بنکە فراوانو ئایندەی نارەزایەتییەکانی خەڵك

حکومەتەکەی ئۆردوغان ئەم ئاراستەیەیان گۆری بۆ پەیوەست بون بە بازاری رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە، کە توانی لە رووی ئابووریەوە پێشرەویەک بدات بە تورکیا، لە ئاستێکی دیاری کراودا هەلومەرجی ئابووری تورکیا ببوژێنێتەوە.

بەڵام بەدوای ئەو ئاڵوگۆرانەی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا هاتنەپێش، بە تایبەتی کارەساتو رووداوەکانی سوریاو گرژیو ئاڵۆز بوونی بارودۆخی ناوچەکە، پرۆژە ئابووریەکەی ئۆردوغانو پارتی دادوگەشەپێدان نەیتوانی بەردەوامی بەگەشەی ئابووری تورکیا بدات. هەر بۆیە تورکیا کەوتە پاشەکشەو ئەزمەی زیاتری ئابووریەوە، دیمان کە حکومەتەکەی ئۆردوغانیش لە دوا هەڵبژاردندا پاشەکشەی کردو دەنگێکی زۆری لە هەڵبژاردندا لەدەستدا. واتە پرۆژەو بەرنامەی سیاسیو ئابووری، کە ئۆردوغانو حزبەکەی لە پەیوەند بە رۆژهەڵاتی ناوەراستەوە گرێیان دابو بە بنبەست گەیشت. ئەم ئاڵوگۆرە لە هەلومەرجی سیاسی رۆژهەڵاتی ناوەراستو لە ناجێگیری سیاسیو فەزای جەنگدا مەوقعیەتی دەسەڵاتی ئۆردوغانی خستە ژێر پرسیارەوەو کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانە دانا، تورکیا دووبارە لە فەلەکی ئەزمەی سیاسیو ئابووریدا بالانسەکەی زیاتر هاتە خوارەوە.

لە هەمان کاتدا دووبارە هاتنە ناوەوەی ئێران بۆ نێو کۆمەڵگەی نیونەتەوەییو دانوسانی لەگەڵ ئەمریکا ئاکامەکەی ئەوەی دابەدەستەوە کەهاوسەنگی هێز بە زیان بۆ تورکیا ئەژمار دەکرێت، واتە لە گۆشەی ئەزمەی ئابووریو سیاسیو دابەزینی هاوسەنگی هێزەوە، تورکیای ناچار کرد کە ئاڵوگۆرێک لە سیاسەتەکانی لە بەرامبەر رۆژهەڵاتی ناوەراستدا بکات، بۆیە ئەمجارە پێویست دەکات پەیوەندیەکانی لە گەڵ ئەمریکا بخاتە ئاستێکی تایبەتترەوە کە قورسایی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەسەر خۆی قبوڵ بکات، یەکەم هەنگاوێ کەدەبێت رایگەیەنێت چونەناو بەرەی شەرە لە دژی داعش، لە هەمان کاتدا بنکەی ئینچەرلیک بخاتە خزمەت هێزە سەربازیەکانی دەوڵەتی ئەمریکا، واتە تورکیا ئەگەر پێشتر بەرگری لە داعش دەکرد، ئەوا ئێستا لە بەرەی بەناو دژی داعشە، رێکەوتنی لە گەڵ ئەمریکا بەجیا لەوەی جۆرێک لە پاشکۆیەتی زیاتری لە خۆ نیشانداوە، بەڵام لەهەمان کاتدا لە ئێتستادا لە بەرامبەر ئێرانو دەخاڵەتی لە ناوچەکەدا بالانسی هاوسەنگی هێز بە قازانجی خۆی لە ئاستێکدا رادەگرێت، بەتایبەتی کە توانی ئەوە بەدەست بهێنێت بەناوی سنوری ئامن هێزە سەربازیەکانی لە سنوری سوریاو عێراق دامەزرێنێت، لەلایەکی تریشەوە پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ پەکەکە هەڵوەشێنێت کە فشارێکی سیاسی بوو لەسەر حکومەتی بۆرجوازی تورکیا، هەرچەندە دواتر ئەم شەرەی لەگەڵ پەکەکە بووە هۆی قووڵبوونەوەی قەیرانی ئابووریو سیاسی زیاتر لەسەر دەوڵەتی تورکیا، تا ئەو ئاستەی پێشبینی ئەوە دەکرێت کە ئاستی قەیرانی ئابووریو سیاسی تورکیا دەرگیری بارگرژی زیاترو شەری قورسی ناوخۆ بێتەوە.

## ئاڵوگۆر لە هاوسەنگی هێزی وڵاتانی ناوچەکە

ئەم ئاڵوگۆرانە لە گەمەی سیاسی وڵاتانی ناوچەکە لە پەیوەند بە مامەڵەی بەرژەوەندیە سیاسیەکانیانەوە کاریگەری لەسەر هاوکێشەی سیاسیو هاوسەنگی هێزەکان لە ناوچەکەدا دانا،

جارێکی تر تورکیا له‌ به‌رامبه‌ر ئێراندا جێگه‌و ڕێگه‌یه‌کی تری په‌یدا کردەوەو توانی جارێکی تر هەڵسانه‌وەیه‌ک نیشان بدات، هەڵبه‌ته‌ هێزه‌ ناوچه‌ییه‌کان به‌جیا له‌ جێگاو ڕێگای سعودیه‌ له‌ په‌یوه‌ند به‌ وڵاتانی عه‌ره‌بییه‌وه‌، به‌ دوو جه‌مسه‌ری سه‌ره‌کی وێنا ده‌کرێن که‌ ئێرانو تورکیایه‌، له‌ هه‌مان کاتدا پێویسته‌ ئه‌وه‌ش ده‌ست نیشان بکه‌ین که‌جێگاو ڕێگای ئه‌م دوو هێزه‌ش له‌په‌یوه‌ند به‌ کێشه‌مه‌کێشو شه‌ڕی نێوان وڵاتانی زلهێزی سه‌رمایه‌داری جیهانیه‌وه‌ قه‌راردەگرێتو ده‌به‌سترێته‌وه‌، به‌ کێشمه‌کێشه‌کانی ئه‌م ده‌ورانه‌ی ئه‌مریکاو ڕۆژئاوا له‌لایه‌ک، له‌لایه‌کی تر ڕوسیاو چین ئه‌م ڕاستیه‌ ده‌سه‌لمێنن، به‌تایبه‌تی ده‌ورو کاریگه‌ری هه‌ر لایه‌نێکیان له‌ ڕۆژهەڵاتی ناوه‌ڕاستو چۆنێتی ده‌خاله‌تیان له‌ چاره‌نووسی سوریاو له‌ به‌رامبه‌ر ده‌سه‌ڵاتی به‌شار ئه‌سه‌دو مامه‌ڵه‌ له‌گه‌ڵ ئۆپۆزسیۆنو شه‌ڕ له‌به‌رامبه‌ر داعشدا ده‌بینرێت، ئاستی چوونه‌ پێشی کێشمه‌کێشی وڵاتانی زلهێزی سه‌رمایه‌داری کاریگه‌رییان له‌سه‌ر جێگه‌و ڕێگه‌ی هێزه‌ ناوچه‌ییه‌کان له‌ ئاڵوگۆری هاوکێشه‌ی سیاسیدا ڕۆڵی جدی ده‌بینێت، هه‌ربۆیه‌ له‌ ئاستی بارودۆخی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوه‌ڕاستدا تورکیاو ئێران هاوسه‌نگی هێزیان به‌رده‌وام قابیل به‌ گۆڕانه‌. ئه‌وه‌ی که‌ ئاینده‌که‌ی چۆن ده‌بێتو به‌ کوێ ده‌گات، کێشمه‌کێشو ململانێیه‌کی جیهانیه‌و به‌رده‌وام قابیل به‌ هەڵبه‌زینو دابه‌زینه‌، به‌تایبه‌تی که‌ ئێستا ده‌خاله‌تی ڕاسته‌وخۆی ڕوسیا له‌ ڕۆژهەڵاتی نه‌وه‌ڕاستو باسکردنی له‌ پاراستنی به‌شار ئه‌سه‌دو شه‌ڕ له‌دژی داعش به‌هێزکردنی مه‌وقعیه‌تی ئێرانه‌، به‌ڵام ئه‌م ده‌ورو مه‌وقعیه‌ته‌ی ڕوسیا له‌ ناوچه‌که‌دا به‌ره‌و چ ئاراسته‌یه‌ک ده‌ڕوات، ئه‌وه‌ واقعیه‌تی تاکتیکی جه‌نگو هاوسه‌نگی هێزه‌کان دیاری ده‌کات.

## ده‌ورو جێگای حزبه‌ کوردیه‌کان له‌نێوان کێشمه‌کێشی وڵاتانی جیهانیو ناوچه‌که‌دا:

ئه‌م ئاڵوگۆڕانه‌ له‌ هاوکێشه‌ی سیاسیو هاوسه‌نگی هێزه‌کان چۆن کاریگه‌رییان له‌سه‌ر هه‌لومه‌رجی بارگرژیو ناجێگیری سیاسی له‌ ناوچه‌که‌دا به‌گشتی داناوه‌، له‌ هه‌مان کاتدا له‌سه‌ره‌تای ساڵانی نه‌وه‌ته‌کانه‌وه‌ هه‌لومه‌رجی سیاسی کوردستانی به‌خۆوه‌ گرێ داوەو به‌ستوه‌ته‌وه‌، به‌پێی ده‌ورانه‌ جیاوازه‌کان ناجێگیری سیاسی له‌ ناوچه‌که‌دا به‌شێکی سه‌ره‌کی بووه‌ له‌ لایه‌ک له‌سه‌ر ژیانی سیاسیو ئابووریو کۆمه‌ڵایه‌تی خه‌ڵکی کوردستانو له‌لایه‌کی تره‌وه‌ بنبه‌ستی به‌رده‌وامی ده‌سه‌ڵاتی حزبه‌کانی کوردایه‌تی.

حزبه‌کانی کوردایه‌تی وه‌ک هێزی میلیشیایی له‌ ئه‌وه‌ل ڕۆژی جه‌نگی خه‌لیج تا داگیرکاری عێراق له‌لایه‌ن ده‌وڵه‌تی ئه‌مریکاوه‌، ته‌واوی ستراتیژو سیاسه‌تو به‌رژه‌وه‌ندیه‌کانیان له‌سه‌ر بنه‌مای ده‌ورو نه‌خشه‌و سیاسه‌تی وێرانکاری ده‌وڵه‌تی ئه‌مریکا له‌ عێراقو له‌ناوچه‌که‌دا دیوه‌ته‌وه‌و پیاده‌کردووه‌. که‌ ئه‌مه‌ واقعیه‌تێکی حاشاهەڵنه‌گری فه‌لسه‌فه‌ی بوونی حزبه‌کانی کوردایه‌تیو هەڵسوڕانی سیاسیو کێشمه‌کێشی نێوان خۆیانه‌، ده‌ورێکی بنه‌ڕه‌تیان بوه‌و هه‌یه‌ له‌ به‌رده‌وامی فه‌زای گێژاوی سیاسی له‌ کوردستاندا.

## بنبەستی حکومەتی بنکە فراوانو ئایندەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵك

ئاكامی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەئاستی جیهانو ناوچەکەدا پێش هاتووە بەدوای داگیرکاری عێراق لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە، دەوری لەسەر هەلومەرجی سیاسی کوردستانو هێزە سیاسیەکان لە ناسیۆنالستو ئیسلامی سیاسیو جێگاو ڕێگای دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا داناوە، کە هەر لەبنەڕەتەوە ئەم هێزانە حکومەتێکی بنبەستو شکست خواردوویان پێکهێناوە.
کاتێ کێشمەکێشو هاوسەنگی هێز لەنێوان وڵاتە زلهێزەکانو ناوچەییەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەو مانایەی کە دەوڵەتی ئەمریکا ناتوانێ ستراتیژی باڵادەستی تاکهێزی لەجیهاندا پیادە بکاتو روسیاو چین هاوکێشەکە لەبەرامبەر ئەمریکادا دەگۆڕن، ئەم گۆڕانی هاوکێشەیە کارکردی خۆی لەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشان ئەداتو کێشمەکێشی جەمسەرە ناوچەییەکان وەک ئێرانو تورکیا لە شانۆی سیاسی ناوچەکەدا دەورێکی تر دەگێڕنو کاریگەرییان دەبێت لەسەر هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەو کوردستان، بەم شێوەیە حزبەکانی بەشدار لە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان دەکەونە ژێرباری قورسی ئەو ئاڵوگوڕانەی کە هیچ ئامادەییو پێشبینیەکیان بۆی نیە، چونکە هەر لە سەرەتاوە وەک پاشکۆیەک لەپەیوەند بە سیاسەتو بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو کێشمەکێشی وڵاتانی ناوچەکە، دەورو سیاسەتو بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە تەواو پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسیاندا لە چاوەڕوانیدایە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەدەرەوەی دەورو ئیرادەی خۆیانو دەسەڵاتی بۆرجوازی کوردی پێش دێت راگرتووە، هەر لایەنێکیان بەتایبەتی پارتیو بارزانی، یەکێتیو جەلال تاڵەبانی چاوەڕوانی رەحمەتی پاداشتی سیاسی جێگاورێگای تورکیاو ئێرانو وڵاتانی جیهانی بوون، تائێستاش هەر لەناو ئەو گێژاوەدا چارەنووسی سیاسی خۆیانو کوردستانیان بەستۆتەوە بە ئاکامی کێشمەکێشی وڵاتانی ناوچەکەوە، لە هەمان کاتدا پێداگرییان لەسەر یەکپارچەیی عێراقو بەستنەوەی کوردستان بە دەوڵەتی عێراقەوە بەناوی فدرالیەوەو نابەرپرسیاریەتیان دەربارەی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆو شکستو بنبەستی دەسەڵاتی سیاسییان هەر لەو واقعیەتەوە سەرچاوەی گرتووە.

## روونکردنەوەی تر لەسەر جێگاو رێگای حزبەکانی کوردایەتی:

یەکێتیو پارتی، وەک دوو هێزی میلیشیایی ئەساسیو دەسەڵاتدار لە کوردستان، ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر هاوسەنگی هێزی وڵاتانی ناوچەکەدا دێت، لە کێشمەکێشی نێوانیاندا بە ئاشکرا رەنگی داوەتەوە، بەپێی ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسییانەی لە ناوچەکەدا دێنە پێشەوە، جیاوازی سیاسیان، شەڕو کێشمەکێشیان، یاخود بەشداریو جێگەو رێگەیان لە دەسەڵاتی سیاسیدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو دێت، لەهەمان کاتدا هەر لەسەرەتای دەسەڵاتیانەوە کوردستانیان بەش کردووە بە ناوچەی سەوزو زەردو دووئیدارەییو دوو دەسەڵات، شەڕی ناوخۆ، رێکەوتنی ستراتیژی، حکومەتی فرەحزبی، حکومەتی بنکە فراوان، تائەو ئاستەی چاوەڕوانی شکستو دارمانو کارەساتی لێ دەکرێت، بەگشتی نقوم بوونە لەناو گۆمو گێژاوی سیاسیو هەلومەرجی سیاسیو بەرژەوەندی دەوڵەتانی ناوچەکە، کە پارتیو بارزانی تەواوی بەرژوەندیە ئابوریو سیاسیەکانیان، بازرگانیو قاچاخچێتی بەنەوتو پاراستنی دەسەڵاتو نفوزی سیاسیان گرێداوە بە جێگاو رێگای تورکیاوە،

لەلایەکی ترەوە یەکێتی نیشتمانی لە پەیوەند بە جێگاو رێگای کۆماری ئیسلامی ئێران ئەو دەورە دەگێرێت.
تەواوی دروشمو بانگەوازو ختابی سیاسیان لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆرە سیاسیانەی کە لەکێشمەکێشە جیهانیو ناوچەییەکاندا دێتە پێشەوە دەگونجێن، پارتی دیموکراتی کوردستانو بارزانی تائاستی ئەوەی لە بەرامبەر کارەساتی کوشتنی بەکۆمەڵی خەڵکدا لەسەر هێرشە دڕندانەکەی هاتنی داعشدا لە موسڵو شەنگال، دەیانوت فرسەتە بۆ "دەوڵەتی کوردی"و شەڕی دژ بە داعشیان خستەلاوە، بەبێ ئەوەی جدیەتیان هەبێت لەسەر دامەزراندنی دەوڵەت، بەئاشکرا خۆیان لە گەڵ دەورو نەخشی دەوڵەتی تورکیادا دەگونجانو لە هەمان کاتدا نەک دژ بە بەرگری هێزی چەکداری جەماوەری بوون دژ بە داعش، بەڵکو لە هەوڵی ئەوەدا بوون بەر بە بەرگری جەماوەری بگرنو بە شکستی بگەیەنن، یەکێتی نیشتمانی لەپاڵ حکومەتی عێراقدا پشتیوانی گەورە بوون بۆ دەخالەتی ئێران لە عێراقدا تا ئاستی پێکهێنانی حەشدی شەعبی.
هێزە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان لەسەر ئەساسی پەیوەندی بە دەوڵەتانی ناوچەکەوە بەرژەوەندییان دامەزراندووەو دەسەلاتیان دەپارێزن، جێگەو رێگەیان لەسەر ئەساسی هاوسەنگی هێزی دەوڵەتانی ناوچەکەیە. پێشتریش ئەوەمان روونکردۆتەوە، کە سیاسەتی ئەحزابی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی خۆ گرێدان بوو بە سیاسەتو بەرژوەندی سیاسەتەکانی ئەمریکاوە، بەمانایەک پاراستنی دەسەلاتی میلیشیاییان لە سەر بنەمای پاشکۆ بوون بە ئەمریکاو دەوڵەتانی ناوچەکە بەرێوەبردووە، کە ئەمەشە سەرچاوەی شکستو بنبەستی سیاسییانو راگرتنی کوردستانە لەسەرگەردانیو چارەنووسێکی نادیارو بەرگرتن بەدامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ.

## کێشەکانی ئێستای پێنج حزبی دەسەڵاتدار:

ئەوەی ئێستاش دوای ٢٤ساڵ لە ئەزمونی دەسەلاتی میلیشیایی لە سەر پرسی سەرۆکی هەرێمومەسەلەی دەستور هاتۆتە پێشەوەو کردوویانە بە کێشەو خەڵکی کوردستانیان سەرقاڵ کردووەو لە چاوەڕوانیدا رایانگرتووەو ناگەنە ئەنجامێکو ناتوانن ئارامی بپارێزن، لەلایەک مانای شکستو بنبەستی حکومەتی بنکەفراونو ئەزمونی دەسەلاتی کارتۆنی پەرلەمانو سازانە، ئەمەش لە ئاکامی ئەو ئاڵوگۆرە سیاسیانەی لەناوچەکدا پێشهاتوەو جێگاو رێگای هەریەک لە تورکیاو ئێران جەمسەرێکی وەهای گرتووە ئایندەی هاوسەنگی هێز بە قازانجی کامیان دەبرێتەوە نادیارەو لە شەڕو کێشمەکێشێکی بەردەوامدایە، کە حزبەکانی کوردایەتی دەسەلاتدار بە هاوبەشی ئیسلامیەکان لەناو ئەو یەکلایی نەبوونەوەی هاوسەنگی هێزی ئێرانو تورکیا دەرگیر بوونو قەراریان گرتووە، بۆ خۆشیان لە چاوەڕوانیدان کە ئەو کێشمەکێشە چۆن یەکلایی دەبێتەوە، هەر بۆیە سیاسەتو پێشنیارەکانیان بۆ باسکردن لەسەر سازانو رێکەوتن بەردەوام ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت.

بەو ئاستەی ئاکامی دانوسانی ئێران لەگەڵ ئەمریکا جێگاو رێگای ئێرانی بەرز راگرت، یەکێتیو گۆڕان بە شێوازێکی توندترو هێرشبەرانە خۆیان خستە بەرامبەر پارتیەوە، بۆنموونە پێداگرییان دەکرد کە دەبێت دەستوور بگۆڕێتو نابێت ماوەی سەرۆکایەتی بارزانی درێژ بکرێتەوەو دەبێت

## بنبەستی حکومەتی بنکە فراوانو ئایندەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵك

دەسەڵات بۆ پەرلەمان بێت، بەمانایەک شێوەی لێدوانو ختابەکانیان بەجۆرێک بوو، تاوەکو هەوڵبدەن پاشەکشە بە دەسەڵاتی پارتی بکەن، چونکە پێیانوابوو پاشەکشەیەکی گەورە بە تورکیا کراوەو پشتیوانی بۆ پارتی لاوازبووەو دەتوانن گورزێکی گەورە لە مەوقعیەتی پارتی بدەن.
حزبەکانی کوردایەتی کە بەرژەوەندیو سیاسەتی هێزەکانیان لەناو چوارچێوەی کێشمەکێشو بەرژوەندیەکانی ولاتانی سەرمایەداری جیهانو ناوچەکەدا قەتیس بووەو نایانەوێو ناتوانن ئەو سنوورە ببەزێنن، ئەو هێزە سیاسیە نین کە بەدوای دروستکردنو دامەزراندنی دەوڵەتەوە بن، بەڵکو دەورونەخشیان لەسەر ئەساسی پەیوەند بە دەوری دەسەڵاتی بۆرجوازی ناوچەکەوە، بەرژەوەندییەکانی خۆیان خستۆتە هەمان سەبەتەوە، هەر بۆیە کاتێ جێگەو ڕێگەی نوێی ئێران لە ناوچەکە ئاڵوگۆرێکی بەخۆوە دی، یەکێتیو گۆران تووشی خۆشباوەڕییەک بوون، کە پێیانوابو بەم مەوقعیەتەی ئێران ئەتوانن هاوسەنگی هێز بەقازاجی زۆنی سەوز بگۆڕنو ئەتوانن پاشەکشەیەک بە پارتی بکەن.
بەڵام پاشان دیمان ڕەوتی ڕووداوەکان ئاڵوگۆرێکی تری بەسەردا هات، جارێکیتر هاوکێشەکە بە هاتنە پێشەوەی تورکیا بۆناو بەرەی بەناو شەڕی دژ بە داعشو ڕێکەوتنی لەگەڵ ئەمریکا هاوکێشەی سیاسی دۆخێکی تری بەخۆوە نیشانداو هاوسەنگی هێز لەناو کێشمەکێشەکانی هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دوبارە تورکیای خستە مەوقعیەتێکی ترەوە، لە هەمان کاتدا بوەوە بە پشتیوانییەکی گەورە بۆ بارزانیو پارتی، واتە ئەم دەورەی تورکیا دووبارە باڵانسەکەی جارێکیتر بە قازانجی پارتی گۆڕی، بەشێوەیەکی تریش پێنج حزبەکەش لەم هەلومەرجەدا بەگشتی کەوتوونەتە ناو ئەڵقەی بازنەیەکەوە کە ناتوانن لە سوڕانەوەی ئەو بازنەیە بە ئاسانی بێنە دەرەوە.
ئێستاش دوای ئاڵوگۆڕ لە هاوکێشەی سیاسی، یەکێتی گۆڕانو ئیسلامییەکان خۆیان خستۆتە ناو زەلکاوێکەوە کە یان دەبێت ملکەچی باڵادەستی پارتی بن یان دەبێت خۆیان بۆ جۆرەها سیناریۆ ئامادە بکەن تائاستی گەیاندنی بە شەڕی ناوخۆ. بینیمان لێدوانەکانی مەسعود بارزانی لە سەرەتادا کە دەوری تورکیا پاشەکشەی پێکرابو دەیوت با سازان بکەین، مەبەستی لە ڕێکەوتن بەجۆرێکی مجامەلە کە ئامادەبوو سازش لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی تردا بکات، بەڵام هاوکات بەرگریکردن بوو لە باڵادەستییەک کە پارتی بەدەستی هێناوە. بەڵام بەو جێگەو ڕێگە نوێیەی تورکیا کە هاوکێشەی سیاسی گۆڕدرا، دووبارە بارزانی شێوازی لێدوانەکەی گۆڕیو توندی کردەوە، کە سازان بۆ بارزانی مانای ئەوەیە دەبێت سەرۆکایەتی هەرێم بۆخۆی بە تەواوی سەلاحیاتەکانەوە فەرزبکات بەسەر لایەنەکانی تردا. لایەنەکانی تریش ناچاربوون شێوەی ختابەکانیان بگۆڕنو ناتەبایی کەوتە نێوانیان. بە مانایەک ناچارن یان دەبێت درێژکردنەوەی ماوەی سەرۆکایەتی مەسعود بارزانی قبوڵ بکەن، لەبەرئەوەی دوا ئاڵوگۆڕ لەئێستاداو لە ناوچەکەدا بە قازانجی پارتی بوو، یان دەبێت بە ئاشکرا شکستی حکومەتەکەیان ڕابگەیەنن.
ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین کێشەی نێوان ئەو پێنج حزبەی لە دەسەڵاتی سیاسیدان، نە لە سەر سەرۆکایەتی هەرێمەو نە لەسەر دەستورو نە داسەپاندنی سیستمی پەرلەمانیەو نە دژی حوکمی دکتاتۆریە. ئەسڵی مەسەلە شەڕی باڵادەستیو نفوزی سیاسیو دەسەڵاتی سیاسیە کە

بەهێزی میلیشیاو دەوری دەوڵەتانی ناوچەکە بەدەستی بهێنن، هەریەک لەو حزبە ناسیۆنالیستو ئیسلامیانە لە سروشتی پێکهاتەیانداو لە ئامادەیی بۆ بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەو پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسیدا هیچکات ناتوانن بکێشنە ناو چوارچێوەی سیستمی دیمکراتیو دەسەڵاتی پەرلەمانیەوە، هەروەها لەسەر ڕێگای جیابوونەوەی کوردستانو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆو جێگیری سیاسی نین لە کوردستاندا، کێشەکانیان لەناو فەلەکی کێشمەکێشو بەرژەوەندی وڵاتانی ناوچەکەو جیهاندایە.

## ئاستی پەیوەندی حزبەکانی کوردایەتیو ئیسلامییەکان بەژیانی خەڵکی کوردستانەوە:

لەساڵی ١٩٩١دا بەدوای جەنگی خەلیجەوە هێزە ناسیۆنالیستە کوردەکانو ئیسلامییەکان بەردەوام تەواوی سیاسەتو تاکتیکو دەسەڵاتیان بەستبۆوە بەوەی، کە ئەم ئاڵوگۆڕە ناوچەییو جیهانیانە چیان بەسەر دێتو بەرەو کوێ دەڕۆنو چ قازانجێکی بۆ حزبەکانیان تێدایە. کە ئەم مەوقعیەتە خاڵێکی گرنگە لە ناسینی ناسنامەی ئەم هێزە سیاسیانەی کە هەر ئیدعایەکیان هەیەو یا بەرگری لە هەر بیرباوەڕێک دەکەن.

چاوەڕوانییان لە ئەمەریکاو داگیرکاری عێراقو نەخشەو سیاسەتەکانی ئەمریکا بەدوای ڕوخانی حکومەتی عێراق، یەکێتیو پارتی بەو ئاکامە گەیاند کە ناچاربن ڕێکەوتنی ستراتیژی ببەستن بڕۆنە ناو پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتی شکست خواردوی تەوافقی ئیسلامیو تائفیو قەومیەوە لەعێراقدا. نەک ئەوە خواستو ئارەزووی خۆیان بێت بۆ پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتو ئارامی سیاسی لە کوردستانو عێراقدا، بەڵکو مامەڵەیەکی بازرگانی بوو بە چارەنوسی کوردستانو ژیانی خەڵکەوە کە دەبوا ئەو دەورە ببینن.

ئەم دوو هێزەو سێ لایەنەکەی تر لە گۆڕانو کۆمەڵو یەکگرتوو کە پێکەوە حکومەتی بنکە فراوانیان کردۆتە گاڵتەجاڕ، هیچکات سیاسەتو بەرنامەیان پەیوەندی بە ژیانو گوزەرانی ڕۆژانەی خەڵکەوە نیەو نەبووە، بژێوی ژیانی کۆمەڵگەو کرێکارانو زەحمەتکیشانیان بۆ گرنگ نەبووە، تەنانەت سەبارەت بە ئایندەی کوردستانیشەوە نەک هیچ نزیکایەتیەکیان نیە، ئەوەتا ئەزمەی ئابووری، شکستی دەسەڵاتەکەیانو مانەوەی میلیشیا، مانەوەی دوو ئیداریو ڕەسمیەتدان بەگەندەڵیو گوێنەدان بە خواستو داواکارییەکانی خەڵک، هەموو نیشانەی ئەوەن، کە ئەم هێزانە بەردەوام لە چاوەڕوانیدان، کە ئاڵوگۆڕی هێزە ناوچەییەکان چ دەستکەوتێکی بۆ خۆیان تێدا دەبێت، هەر لایەنێکیان چۆن بە قازانجی بەرزکردنەوەی ئاستی هاوسەنگی هێزەکەی سودی لێ وەردەگرێت، تەنانەت ئامادە نین نەک بۆ ئێستا بۆ بیست ساڵی تریش ئایندەیەک کە پەیوەندی بە بەرژوەندیو خواستی خەڵکەوە بێت بیکەنە سیاسەتو ئامانجی خۆیان.

ئەم هێزانە هەمیشە ئەوە دەورو کاریان بووە، کە نارەزایەتی خەڵک ڕاگرن دەورو دەخالەتی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیو دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان وەلابنێنو خەڵک بێئیرادەو بێدەسەڵات بکەن، بە چەندین شێوە هەوڵیانداوە خەڵک چەواشە بکەن لە داواکردنی خواستەکانیاندا، بۆنموونە بەناوی

## بنبەستی حکومەتی بنکە فراوان‌و ئایندەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵك

ئەوەی کە حکومەتەکەیان هێشتا ساوایە، شەڕی ناوخۆ، مەترسی گەڕاندنەوەی بەعس، مەترسی داعش، بەردەوام لە پەیوەند بە مەسەلەیەکی دەرەکیەوە ژیان‌و گوزەرانی خەڵکیان بە بارمتە گرتوەو لە چاوەڕوانیدا رایان دەگرن. هیچکات ئامانج‌و پێشنیارەکانیان ئەوەی تیا نەبووە، کە پەیوەست بێت بە دامەزراندنی دەوڵەت‌و ئارامی‌و جێگیری سیاسیەوە، تەنانەت نەمانی دوو ئیدارەیی بۆیان ئامانجێکی بێدەربەست‌و دوورە دەستە. بزووتنەوەی گۆڕانیش کە لە بەرامبەر ئەمانەدا تەنها قسەی هەبوو، ئەویش بەبەشدار بوون لەناو هەمان پرۆسەدا سەری دەرهێنایەوەو لەناو هەمان بازنەدا گەمەی سیاسی دەکات، ئێستاش ناتوانێ لەناو ئەو گێژاوەدا خۆی لە رودانی هەر کارەساتێک بێبەری بکات، هێزەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنیش لە ئیسلامییەکان بە هەمان شێوە درێغییان نەکردووە.

راگرتنی ئێستای خەڵک بۆ چاوەڕوانی لەبەرامبەر کێشەکانی ئێستای خۆیاندا بەناوی سەرۆکی هەرێم‌و دەستورو پەرلەمانەوە، ئاشکرایە کە هیچ پەیوەندی‌و نزیکایەتی بە کێشەو خواستەکانی خەڵکەوە نیە، لە کێشەی کارەباو ئاو، گرانی‌و کەمی سوتەمەنی، نەدانی موچە، فەراهەم نەهێنانی خزمەتگوزارییەکان‌و پێداویستی تەندروستی، بێکاری، هەژاری، ئاوارەبوون، کۆچکردن... سەرۆکی هەرێم ماوەکەی درێژکرێتەوە یان نا، دەسەڵات پەرلەمانی بێت یان هەر شتێکی تر، وەڵام بەو خواست‌و پێداویستیە حەیاتیانە ناداتەوە کە چەندین ساڵە خەڵکی کوردستان بەدەستیانەوە ئازار دەچێژێت.

### شکست‌و بنبەستی حکومەتی بنکە فروان:

ئێستا بەگشتی‌و بەراشکاوانە باس لە شکستی دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی‌و حکومەتە بنکە فراوانەکەیان دەکرێت، لە ئاستێکدایە کە خودی کەسایەتی حزبەکانی دەسەڵاتداریش ئاماژە بەو شکست‌و بنبەستەی خۆیان دەدەن.

دوای بیستوچوار ساڵ لە ئەزمونی دەسەڵاتی سیاسی‌و باڵادەستی هێزی میلیشیاو بەردەوامی دووئیدارەیی‌و پابەند بوون بە ستراتیژو سیاسەتی ئەمریکاو دەوڵەتانی ناوچەکە، راگەیاندنی شکستی سیاسی فەرمانێکی چاوەڕوانکراوەو ئاکامێکی حەتمیە، ئەمجۆرە لە هێزی سیاسی کەئەهلی دامەزراندنی دەوڵەت‌و جێگیری سیاسی نین و نان لە گێژاوی سیاسی دەخۆن، ناتوانن ئیدارەی کۆمەڵگا بەبێ هێزی میلیشیا بکەن. ناتوانن ئیدارەی باری ئابووری‌و دارایی کۆمەڵگە بەڕێوەبەرن. وەک بەشێک لە مافیاو باندی قاچاچی باری ئابووری بەڕێوە دەبەن‌و دەچنە خزمەت پشتیوانی ئابووری‌و سیاسەتی دەوڵەتانی ناوچەکەوە، ئەوەتا لە ماوەی چارەکە سەدەیەکدا تەنانەت بیریان لەوە نەکردۆتەوە کە کیشەی ئاو و کارەبا چارەسەر بکەن، بەڵگەنەویستە کە دەبێت بە شکست بگات، بەتایبەتی دەسەڵاتەکەیان لە پەیوەند بە وێرانکاری‌و دارمانی ئابووری‌و لێکترازانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە عێراق‌و کوردستانداو لەسەر تاڵانی‌و گەندەڵی دەمەزراندووە.

ئەم هێزانە بەردەوام لە چاوەڕوانی ئەو گۆڕانکاریانەن لە کێشمەکێشی وڵاتانی جیهانی‌و ناوچەکەدا بەرەوڕوویان دەبێتەوە. تەنانەت ئەو چاوەڕوانیەشیان هەیە، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەریان بکەن‌و دەوریان لە شانۆی سیاسدا بسڕدرێتەوە. هەروەک چۆن لە ١٩٧٤دا مستەفا بارزانی رایگەیاند کە

"ئەرکی من تەواو بوو"، بەدووری نەزانین ئەم هێزانەش لە توندپێچو ئالۆزی هەلومەرجی سیاسیو کارەساتێکدا پێمان بڵێن "ئەرکی ئێمە تەواو بوو" ئەم شکستەی ئێستایان پەیامێکە لەم چەشنە.
لەماوەی ٢٤ ساڵی دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتیدا گەندەڵی تەواوی دامودەزگا حکومیو تایبەتیەکانو کۆمپانیاکانی کۆنترۆل کردوەو بەشێوەیەکی فراوان پەلی بۆ ناو کۆمەڵگە کێشاوەو رەسمی بۆتەوەو ناتوانن بەری پێ بگرن، کە بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی هیچ رێگا چارەیەکی نیە جگە لە هەڵوەشانەوەی تەواوی پێکهاتەکانی دەسەڵاتی سیاسیو دامودەزگاکانی. کۆمەڵێک سەرمایەداری گەورەو فرعەونیو ملیارلێرد لە ریزی بەرپرسە حزبیەکان دروست بوونو خەڵکێکی زۆری بێشوماریش لە بێکاریو هەژاریو نەبوونیدا ژیان بەسەر دەبەن.
دانیشتنی پێنج قۆڵی حزبەکانی دەسەڵاتدار بۆیە ناگەن بە ئەنجامێکو ناتوانن دۆخەکە ئارام نیشان بدەن، چونکە ئەسڵی قەیرانو کێشەکانیان پەیوەند بە مەسەلەی سەرۆکایەتی هەرێمو دەستورو دەسەڵاتی پەرلەمانیەوە نیە، بەڵکو لە چاوەڕوانی ئەوەدان کە کێشمەکێشی وڵاتانی ناوچەکەو جیهان بەرەو چ ئاراستەیەک هەنگاو دەنێتو هەلومەرجی سیاسی ناوچەکە بەرەو کوێ دەڕواتو بە چی دەگات، یان هاوسەنگی هێزە جیهانیو ئیقلیمیەکان چۆن دەوەستێتەوە، تا هەرلایەنێک لە حزبەکانی دەسەڵاتدار لە کوردستاندا بۆ هاوسەنگی هێزیان چارەنوسی خۆی لەسەر ئەو بنەمایە یەکلایی کاتەوە، واتە حزبەکانی کوردایەتیو ئیسلامیەکان چارەنوسی سیاسی خۆیان سپاردووە بە چاوەڕوانی لە ئاکامی شەڕو کێشمەکێشی تورکیاو ئێران، ئەمریکاو روسیا، کە ئێستا رۆژهەڵاتی ناوەراستیان لە وێنای جەنگێکی جیهاندا راگرتووە، ئەمەیە واقعیەتی ئێستاو رابردوو و دوارۆژی کوردایەتیو ئیسلامی سیاسی، بۆیە بە شکستو بنبەستی دەسەڵاتی سیاسی دەناسرێنەوە.
بەشدارییان لە حکومەتی تەوافقی عێراق لەسەر بنەمای قەومیو ئیسلامیو تائفی رۆڵێکی نەرێنیان بووە لە سەر هەڵگیرسانی شەڕی تائفیو قەومی لە عێراقداو کاریگەری بووە لەسەر قووڵ بوونەوەی ناجێگیری سیاسی لە عێراقو کوردستاندا، لەلایەکی ترەوە شەڕو کێشمەکێشیان لە بەرامبەر حکومەتی ناوەندی عێراقدا، هەمیشە مایەی بارگرژیو هەلومەرجێکی سیاسی نالەبارو نەخوازراو بووە. هەر بەو مانایەی کە حزبەکانی کوردایەتیو ئیسلامیەکان بۆ خۆیان بەشێکن لە فراوان بوونەوەی ئەو کێژاوە سیاسیەی کە بەداوی داگیرکاری عێراق لەلایەن ئەمریکاوە پێشهاتووە، بێشەرمانە ناویان ناوە "پرۆسەی ئازادی" چاوەڕوانکراوە کە دەبێت ئاکامی دەسەڵاتی سیاسیانو عێراقە فیدراڵەکەیان ببێت بە ژێر دەستوپێی ئەو گێژاوە سیاسیەوە.
دەسەڵاتی میلیشیایی لە هەر شوێنێکی دنیادا کە دەوری هەیە لە گۆشەگیرکردنی دەوری خەڵک بۆ دەخالەتی لە دەسەڵاتی سیاسیدا، هەمیشە مایەی دەردی سەریو کارەساتو سەرگەردانیە بۆ ژیانی خەڵک، لە هەمان کاتدا شکستی ئەو جۆرە لە دەسەڵات مایەی کارەساتی زیاترە.

## کارەساتەکانی بنبەستو شکستی دەسەڵاتی سیاسی:

ئەمجۆرە لە دەسەڵاتی میلیشیایی پارتیو یەکێتی کە لەماوەی بیستوچوارساڵی دەسەڵاتیاندا جگە لەوەی ئەهلی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەک نەبوون لە فەراهەم هێنانی ئارامی سیاسیو

## بنبەستی حکومەتی بنکە فراوان‌و ئایندەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک

خۆشگوزەرانی‌و خاوەنی بنبەست بەدوای بنبەستن، لەهەمان کاتدا نەک ئەهلی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ نەبوون، بەڵکو خۆشیان بەشێک بوون لە ڕێگریەکانی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا، چارەکە سەدەیەک خەڵکیان لە چاوەڕوانیەکدا ڕاگرتووە کە نادیارە ئەم بارودۆخە بەرەو کوێ دەڕوات. ئەوەتا دوای بیستوچوار ساڵ ئەوە نیشان ئەدەن‌و بۆ خۆشیان دەڵێن کە ئەم حکومەتە شکستی خواردووەو بنبەستە، واتە قابیلی لێکترازانی زیاترو داڕمانە، هەڵبەتە قووڵ بوونەوەی زیاتری قەیران‌و شکستی دەسەڵاتی سیاسی‌و داڕمانی حکومەت کارەسات بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

بەتاییەتی بنبەستی ئەمجارەی دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی زیاتر نقوم بووە لەناو قەیرانی ئابووری‌و گێژاوی سیاسی‌و هەلومەرجی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچەکەدا پێشهاتووە، لە چاوەڕوانیدان وەڵام بە دەورو مەوقعیەتیان لەم هەلومەرجە جەنجاڵەدا بدرێتەوەو شکستەکەیان ڕابگەیەنن، گەورەترین کارەسات ئەوەیە، کە بۆتە مایەی بێ ئاسۆیی‌و بێئومێدیەکو فەزایەکی سەرگەردانی‌و بێزارییەک کە ئەگەری تەقینەوەیەکی جەماەریە بۆ ئاستی داڕمانی دەسەڵات‌و کۆمەڵگە، بەتایبەتی کە حزبەکانی دەسەڵاتدار هیچ ئاسۆیەک ناتوانن بۆ وەڵام بە کێشە کۆمەڵایەتی‌و ئابووری‌و خواست‌و پێداویستیەکانی خەڵک بخەنە ڕوو.

لەلایەکی ترەوە لە پەیوەند بە کێشمەکێشی ئێستای ئەمریکاو ڕوسیا لە ناوچەکەدا بەتایبەتی بەدوای بریاری ڕوسیا بۆ پاراستنی بەشار ئەسەدو ناردنی هێز بۆ سوریا، بارگرژی زیاتر لە ناوچەکەدا پێشبینی دەکرێت‌و هەر لە پەیوەند بەو دۆخەوە شەڕی ناوخۆش ئەگەرێکە، کە زۆنی زەردو سەوز لەناو گەمەی سیاسی ئەمریکاو ڕوسیادا زیاتر لێکدادەبڕێن‌و دەکەونە بەرامبەر دوو چارەنوسی جیاوازەوە.

لە هەمان کاتدا زیاتر بەرەسمیەت ناسینی دوو ئیدارەیی‌واقعیەتێکی تری ئەم بنبەستەیە کە کارکردی زیاتری لەسەر قەیرانی ئابووری‌و ژیان‌و گوزەرانی خەڵک دەبێت، بەگشتی سیناریۆکانی درێژەکێشانی هەمان هەلومەرجی سەرگەردانی‌وبێئومێدی دەبێت، کە ڕۆژانە کارەساتەکان هاوتا دەبنەوە لەگەڵ زیاد بوونی بێزاری‌و دیاردەی کۆچکردن‌و ئاوارەیی‌و بێکاری، کە کۆمەڵگە دەخاتە ناو جەنجاڵی گێژاوێکی سیاسیەوە قابیلی تەقینەوەی جەماوەری بێ سەروبەری بەرفراوانە بە ئاقاری تێکدان‌و داڕمانی دەسەڵاتی سیاسی‌و بارودۆخی کۆمەڵگە، کە نادیار دەبێت کۆتاییەکەی بەرە کوێ دەڕوات.

## جێگاو ڕێگاو ڕۆڵی خەڵک:

نەرێنیترین حاڵەت ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان چارەکە سەدەیەکە لە سایەی دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتیدا چاوەڕوانن کە ئەم واقعیەتە بەرەو کوێ دەڕوات‌و بەرەو کوێیان دەبات. بە هەر ئاستێک لە بێزاری‌و نارەزایەتی کە واقعیەتی ژیانی کرێکاران‌و زەحمەتکێشانە، بەڵام بەداخەوە نەیتوانیوە لەئاست ئاڵوگۆڕپێکردنی هاوکێشە سیاسیەکاندا بێت، هەر بۆیە حکومەتێک کەلە

کوردستاندا هەر لەسەر بنەمای بنبەستو قەیرانو گێژاوی سیاسیو دەسەڵاتی حزبی میلیشیایی دامەزراوە توانیویەتی درێژە بە دەسەڵاتی سیاسی خۆی بدات.
هەڵبەتە ئەم چاوەڕوانیە بەجیا لە بێئومێدیو بێ ئاسۆیی لە هەمان کاتدا باڵادەستیو هەژمونی بیروباوەڕی ناسیۆنالستیە لە کوردستاندا، کە حزبەکانی کوردایەتی لە کارو هەڵسوڕانی سیاسیاندا بۆ بەرژەوەندیەکانی بۆرجوازی کوردی بە جۆرەها شێوە رەواجیان پێداوە، لە زاڵکردنی هێزی میلیشیاییەوە تا کۆنەپەرستترین بیروباوەڕو تەقدیسکردنی کەسایەتیو خاک، دەست تێکەڵکردن لە گەڵ ئیسلامی سیاسی..
لەسەرەتای سەرهەڵدانی کێشەکانی حزبە دەسەڵاتدارەکان لەسەر پرسی سەرۆکو دەستور... لە هەلومەرجی سیاسی ئێستادا، ناڕەزایەتیەکانی خەڵک لە شارەکانی دەربەندیخانو رانیەو چوارقوڕنەو سیدسادقو... کەبۆ داخوازیەکان هاتنە مەیدان، بەڵام ناڕێکخراو و ناڕۆشنو نا پەیگیرن، بۆیە نەیتوانیوە کاریگەری لەسەر رووداوەکان دابنێتو فشار بخاتە سەر دەسەڵاتداران، ئێستاش بێجگە لەوەی ناڕەزایەتیەکان راگیراون بەڵام لە لێواری بەردەوامیدایە، لە هەمان کاتدا بێزاریو نائومێدی حاڵەتێکی نەرێنیە وە ناتوانێ لەبەرامبەر ئەم قەیرانو بنبەستەدا وەڵامی پێویست بداتەوە، وەک پێشتر باسمان لێوەکرد یان ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەو بێزاریە بگاتە شێوازی تەقینەوەیەکی ناڕێکخراوی وێرانکەر کە قەیرانەکە قوڵتر دەکاتەوە.
فەشەلی سیاسی ئەم دەسەڵاتە بێزاریو نائومێدی خەڵکی وەها فراوان کردۆتەوە، کە لە ئاکامی دەسەڵاتی ٢٤ ساڵەی ئەم حزبانەوە کەڵەکە بووەو کۆبۆتەوە. خەڵکی بێزارییەکی قووڵی لەم دەسەڵاتە هەیە. لە دەزگا راگەیاندنەکانەوە دەنگیان دەبیستینو هەست دەکەین، کە چەندە بێزارن. خەڵکی چیتر باوەڕی بە دەسەڵاتەکەیان، بە حزبو رابەرەکانیانو بە سیاسەتەکانیانو بە پەیمانو بانگەوازەکانیان نەماوە.
هەڵبەتە ئەوە رۆشنە کە ئەو بێزاریو ناڕەزایەتیانەی ئێستا هەیە بە جۆرێک درێژەدانی ئەو ناڕەزایەتییانەیە، کە لە ١٧ی شوباتدا بوون، بەڵام جیاوازیەکی گرنگ لە نێوان ئێستاو ١٧ی شوباتدا ئەوەیە کە خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات لە هەلومەرجێکی شۆڕشگێڕانەو دوابەدوای شۆڕشەکانی تونسو میسر بوون. ئاڵوگۆڕێک لە ناوچەکەدا روویدا بە چاوکردن لە شۆڕشەکانی تونسو میسر، خەڵکی لە کوردستانو هەندێ شارەکانی تری عێراق لە ناوەندەکانی شاردا کۆدەبوونەوەو ناڕەزایەتییان پیشان دەدا، ئومێدیان بە شۆڕشێکی گەورەو بەرفراوان بوو لە ناوچەکەدا.
هەروەها گۆڕانو ئیسلامیەکان خۆیان لەریزی خۆنیشاندەران پێناسە دەکرد، بەڵام بێزاریو بێئومێدی خەڵک لە ئێستادا رووبەرووی گۆڕانو ئیسلامیەکانیش دەبێتەوە.
دواتر ئاڵوگۆڕەکان گۆڕانکاری تریان بەسەردا هات. دەخالەتی ئەمەریکاو رۆژئاوا بۆ لەباربردنی شۆڕشو گۆڕینی بارودۆخەکان بۆ جەنگی ناوخۆ، گێژاوی سیاسی زیاتر کرد. جەنگی ناوخۆی لیبیاو سوریاو سەرئەنجام هاتنە ناوەوەی داعش، فەزای سیاسی خستە دەورانێکی تەواو جیاوازەوە. لە دەورو دەخالەتی وڵاتانی ناوچەکەوە بگرە تا جەنگە ناوخۆییەکان، دەبینین کە

## بنبەستی حکومەتی بنکە فراوانو ئایندەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵك

کارەساتە یەک بەداوی یەکەکان ژیانی خەڵکی ناوچەکەی داگیرکردووەو ناکرێ هەلومەرجی سیاسی کوردستان بەدوور لە هەلومەرجی ناوچەکە ببینرێت.

خاڵی هاوبەشی ئێستاو ١٧ی شوبات کە لە هەردووکاتدا نائامادەیی خەڵکە بەوەی کە بتوانێ ئاڵوگۆڕی ریشەیی بکات، واتە کاتێ خەڵک هەوڵ ئەدات دەسەلاتێک بگۆڕێت دەبێت بزانێت کە بە دەورو دەخالەتی راستەوخۆی خۆی کام جۆر دەسەلات قبوڵ دەکات، لەمبارەیەوە لە ئێستادا پێشرەوییەک لە چاو ١٧ی شوباتدا بە دی ناکرێت.

ناڕەزایەتیەکانی ئێستا جگە لەوەی لە هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەدا نیە، لە هەمان کاتدا لەناو فەزای شەڕی هێزە سیاسیەکانو شەڕی داعشو وێرانکاریو جەنگەڵستانێکدایە، کە ئاراستەی ناڕەزایەتیەکان سنوردار دەکاتو ناکرێ نابەرپرسانە مامەڵەی بکرێت.

لە سەرتاسەری کوردستاندا لەنێو خەڵکیدا بێزارییەکی زۆرو ناڕەزایەتی فراوان هەیە. خەڵکی ٢٤ ساڵە لەگەڵ ئەم ئەزموونە فاشیلەدا ژیاوەو تووشی چەندین کارەساتو بەدبەختی بوون لە سایەی ئەم دەسەلاتەوە. ئەوەش بە ئاسانی بەدی دەکەیت، کە خەڵکی هیچ چاوەڕوانییەکی نیە ئەم سیستمە چاک ببێت، یاخود ئاڵوگۆڕێک، چاکسازییەک ڕوو بدات.

بۆیە بێزاری خەڵکی لە ئاستێکی فراواندایە. بەڵام هەلومەرج شۆڕشگێرانە نیەو ئەلتەرناتیڤی لە بەردەمدا نیە. بێئومێدی خەڵکی لە ئاستێکی هێندە فراواندایە، کە بەجیا لەوەی متمانەی بە فکرەی قەومیو ئیسلامی سیاسیش لاواز بووە، تەنانەت ئومێدیان بە هاتنە مەیدانی هێزێکی تر کە رزگارکەریان بێت هەر لاوازە.

### رێکخستنی نارەزایەتیەکان:

شکستو بنبەستی ئەزمونی دەسەلاتی بۆرجوا ناسیۆنالستی کوردیو ئیسلامیەکان بەدرێژایی ٢٤ساڵەی دەسەلاتی سیاسیان لە کوردستانی عێراقدا کە نەک نەیانتوانیو نەیانویست جێگیری سیاسی وەڵام بدەنەوەو کوردستان لەناو گێژاوی سیاسی عێراقو ناوچەکە بکێشنە دەرەوەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دامەزرێنن، بەڵکو بۆ خۆشیان رۆڵێکی سەرەکیان دیوە لەپێناو بەرژەوەندی دەسەلاتی حزبەکانیاندا کە ئەم گێژاوە سیاسیە بپارێزنو دەوریان هەبێت لەسەر بێئیرادەکردنی خەڵکو رێگە بەستنەوە لە هاتنە مەیدانی خەڵک بۆ دەخالەتی راستەوخۆ لە دەسەلاتی سیاسیو دیاریکردنی چارەنوسی خۆیاندا.

ئێستا بەدوای ٢٤ ساڵ لە شکستی سیاسی ئەم حزبانە، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا ئاستی تورەییو بێزاریو نەفرەت بەجۆرێکە ئەگەری تەقینەوەی سەراسەری جەماوەری بۆ تێکوپێک شکاندنی ئەم دەسەڵاتە واقعیەتێکی حاشاهەڵنەگرە، گەر رەوتی ئەم تورەییو ناڕەزایەتیە ئاراستەکەی نادیار بێتو تەنها تۆڵە سەندنەوە بێت لە تاوانەکانی ئەم حزبانەو دەورو دەخالەتی خەڵک دابین نەکات لە دەسەلاتی سیاسیدا، ئاشکرایە کە ئەو قەیرانە دەخاتە ناو دۆخێکی سەخترو نادیارەوە، کە ئەو سەرەکەی دیار نەبێت، هەوڵدان بۆ رێکخستنی ئەو نارەزایەتیانەو رابەری کردنی بە ئامانجی گەیشتنی خەڵک بەدەسەلات بەرپرسیاریەتێکی گەورەو ئینسانیەو پاراستنی کۆمەڵگەیە لە هەر گێژاو کارەساتێک بەرەورووی دەبێتەوە.

بەجۆرێکی تر گەر ئەم مەسەلەیە رۆشنتر بکەینەوە، مەسەلەکە تەنها روخانی دەسەڵاتێکی سیاسی نیە، کە خواستی ئەو خەڵکە بێت یان نەبێت، بەڵکو دابینکردنو مسۆگەر کردنی دامەزراندنی دەسەڵاتێکە کە بە دەوری دەخالەتی راستەوخۆی خەڵک سەرپەرشتی بکرێتو دابمەزرێنرێت.

هاندانی خەڵک بۆ نارەزایەتیەک تەنها بۆ ئەوە بێت ئەم دەسەڵاتە راوبنێتو دەری پەرێنێت، نەک ناتوانێت وەڵام بەم بنبەستو قەیرانە بداتەوە، بەڵکو چارەنوسی خەڵک دەخاتە ناوگێژاوێک لە وێنەی لیبیاو سوریا، ئەوە کارێکی نا بەرپرسانەیەو بەرژەوەندی تری لەپشتەوەیە کە دوبارە لە بری دەسەڵاتی کوردایەتی لە بنەماڵەو هێزی میلیشیاو دووئیدارەییو حکومەتی شکستخواردو بگۆرێ بەدەسەڵاتی مافیاکانی ئیسلامی سیاسیو پێنج یا شەش ئیدارەیی.

نارەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان مافو پراتیکی واقعی خەڵکە بۆ رزگار بوون لە ستەمو چەوسانەوە، بۆ بەدیهێنانی خۆشگوزەرانیو پاراستنی ئازادی، بەعەمەلی کردنەوەی ئەو نارەزایەتیە دەبێت لەپێناو دەستکەوتێکدا بێت کە ئاڵوگۆر بۆ باش بژێوی مسۆگەر بکات نەک زیاتر وێران کردنی ژیانی کرێکارانو زەحمەتکێشان. هەر بۆیە پێویستە نارەزایەتیەکان رێکخراو بکرێنو بە ئامانجی خۆی بگات. دەورو کاریگەریمان لە گەشەسەندنو رۆشنکردنەوەو بەسەرکەوتن گەیاندنیدا هەبێت.

هەر نارەزایەتیەک، گەورە بێت یان بچوک، ئەگەر ئاسۆکەی رۆشن نەبیت، داواکارییەکانیو رێکخستنەکەی رۆشن نەبێت، دەورو جێگەی ئەو کەسانەی رابەرایەتی دەکەن، نەزانن بۆ کوێی دەبەنو چۆن بەسەرکەوتنی دەگەیەنن، بەو مانایەی لەهێزی فشارەوە لەسەر دەسەڵات بۆ خۆی پرۆسەی نزیک بوونەوەی خەڵک لە دامەزراندنی دەسەڵاتی سیاسی مسۆگەر نەکات، ئەو کاتە ئەگەری روودانی کارەساتی سامناکتر بەرەوروو دەبینەوە، نارەزایەتیەکان تەسلیم بە شکست دەکات.

ئەوە زۆر نابەجێیە، کە هەندێ کەسو لایەن بانگەوازی ئازادیخوازیو ئینساندۆستی بکەن، یان تەنانەت چەپیو کۆمۆنیستی بکەن، بەڵام تەنها ئومێدیان لەسەر ئەوە دادەرێژن بە هەر قیمەتێک بێت پارتیو یەکێتی برۆن، ئەوە ئاراستەیەکە، کە ئەزموونەکەیمان بینیوەو زیانەکانی لەئاستی ناوچەکەدا تا ئێستا بەردەوامە. دەتوانین بپرسین، کە هاتنە مەیدانی خەڵکی بۆ؟ ئایا تەنها لەبەرئەوەیە کێوێک لابەرێت؟ گرێبەستێک وەلا بنێین؟ ئەسڵی هاتنە مەیدانی خەڵک دەبێت بۆ ئەوەبێت، کە شتێکی نوێ دابمەزرێنێت. واتە دامەزراندنی دەسەڵاتی خەڵک بۆ بەرەوپێش بردنی خۆشگوزەرانیو ئازادیو یەکسانی، بۆ پاراستنی حورمەتی ئینسانیو یەکسانی هەمەلایەنەی ژنانو پیاوان، دژ بە چەوسانەوەی ئینسان لەسەر ئینسان، بەمانایەک دەسەڵاتی شوراکان، ئەگەر خەڵک نەتوانێت خۆی دەسەڵات بگرێتو دایمەزرێنێت، دروست نیە هان بدرێتو بهێنرێتە مەیدان. واتە کاتێ خەڵک رادەپەرێت، پێویستە هۆشداری بدرێتو هوشیار بکرێتەوە کە خۆی دەسەڵاتی خۆی دامەزرێنێتو خۆی حاکمی خۆی بێت. پێویستی بە بارزانیو تاڵەبانیو یەکێتیو پارتیو هیچ کەسو لایەنێک نیە کە لەسەرو ئیرادەی خەڵکەوە دەسەڵات بگرنو حکومرانی بکەن.

## بنبەستی حکومەتی بنکە فراوانو ئایندەی نارەزایەتییەکانی خەڵك

لە سەرەتای ١٩٩٠دا "رەوتی کۆمۆنیست"و رێکخراوە کۆمۆنیستیەکانی تر، هەموو ئومێدیان ئەوەبوو کە سەدام بروخێت، بە هەر شێوەیەک بێت. تەماشا بکەن لە ١٩٩١ەوە ئەوە هەلومەرجی ژیانی خەڵکی ئەم وڵاتەیە. سەدام رۆیشت، بەڵام چی ئاسوودەیی‌و خۆشگوزەرانییەک بۆ خەڵکی هاتە دی؟ دوور نیە، گەر خەڵکی بگەڕێنیتەوە ئەو کاتە، کە رەنگە ئەو کاتەی پێ باشتر بێت. مەبەستم ئەوە نیە، کە بە راستی ئەوەیان باشتر بوو. واتە ئامانج تەنها ئەوە نیە خەڵکی بێتە سەر جادەو دروشمی "بڕوخێ" بەبێ دیارکردنی ئایندەیەکی رۆشن بڵێتەوە. بەڵکو دەبێت خەڵک رێکخراو بێت‌و ئامانجی دروشمەکان‌و روخانی دەسەڵاتێک‌و دەمەزارندنی دەسەڵاتێکی نوێ کە ژیان‌و گوزەرانی مسۆگەر دەکات‌و دەیپارێزێت، رۆشن بێت‌و هاوسەنگی هێز لە توانای جێبەجێ کردنیدا بێت.

نەرێنیترین حاڵەت ئەوەیە کە دەوترێت "تەنها ئەم رژێمە یان ئەو دەسەڵاتە بڕوات ئیتر چی دەبێت بابێت" ئەمە ئەوپەڕی سەرگەردانی‌و سەرلێشیواویە لەبەرامبەر ژیان‌و ئایندەی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێشداو نابەرپرسانەیەو ئاکامەکەشی بە قازانجی دەسەڵاتی بۆرجوازی‌و سەرمایەدارانە.

کاتێک باس لەسەر ئاڵوگۆڕی ریشەییە، بەجیا لەوەی کە دەبێت ئاڵوگۆڕ لە سیستمی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی‌و ئابووریەکان رووبدات لە هەمانکاتدا مانای ئەوەیە کە دەبێت ئیرادە بگەڕێتەوە بۆ دەوری خەڵک‌و خەڵک بۆ خۆی بتوانێ خۆی بپارێزێت‌و بەرگری لە حاکمیەتی خۆی بکات‌و دەسەڵاتی شوراکان دامەزرێنێت، نەک لایەنێکی سیاسی بێتە پێشەوەو لە دەرەوەی دەورو ئیرادەی خەڵک بڵێت "دەتان پارێزین". هیچ هێزێکی سەروخەڵکی پارێزەری خەڵک نیە، لە تەواوی جیهانی سەرمایەداریدا بە دیموکراتیەکان‌و لیبراڵەکان‌و ناسیۆنالیستەکانیان‌و تەنانەت بە ریفۆرمیستەکان‌و سۆشیال دیمکراتیەکانیشەوە، دەوری جدی دەگێڕن کە چۆن خەڵک بێبەش بکەن‌و گۆشەگیر بکەن لە دەسەڵاتی سیاسی‌و لە سیاسەتدا، بۆنموونە هەڵبژاردنی پەرلەمانی رێکدەخەن، لایەنێک هەڵدەبژێردرێ، بەڵام خەڵکی بۆ چوار ساڵ دەچێتەوە ماڵەوەو هیچ دەورو نەخشێکی نیە، مێژووی چەند دەیەی رابردووی ئەورووپاو ئەمریکا بریتیە لەمجۆرە گەمەیە لە دەسەڵاتی بۆرجوازی‌و پاراستنی سەرمایەداری، چونکە خودی ئەم ئاراستەیە بەناوی دیمکراتیەوە بێئیرادەکردنی دەوری خەڵکە، بەم شێوەیە سەرمایەداری دەتوانێت حوکم بکات‌و خۆی بپارێزێت، کە خەڵکی نەیەنە مەیدان‌و کرێکاران شۆرش نەکەن.

هاتنە مەیدانی خەڵک تەنها مەبەست لە هاتنە سەر شەقامەکان یاخود کۆبوونەوە لە ناوەندی شارەکاندا نیە. شیعاردان‌و هاوارکردن نیە، یاخود بەکارهێنانی خەڵک بۆ روخانی دەسەڵاتێکی دیاریکراو نیە، هاتنە مەیدانی خەڵک، بۆ گەڕانەوەی دەورو ئیرادەی خەڵکە بۆ ئاڵوگۆڕی ریشەییە، خەڵکی پێویستی نە بە جمهوریەکانە، نە بە سۆسیال دیموکراتەکەن، نە پارتی‌و یەکێتی‌و نە بە دەعوەو بەعس. وەک چەند جاری تریش لە ئەدەبیاتی ئێمەدا هەبووە، کە ئاسۆی خەڵک سەربەخۆ بێت‌و دەبێت جیاواز بێت لە ئاسۆی ناسیۆنالیستەکان‌و ئیسلامییەکان. مەسەلەکە تەنها لەباری ئایدیۆلۆژیەوە نیە، چونکە ئامانجی ئەوان باڵادەستی حزبەکانیانە، دروستکردنی موقەدەسات‌و سەرۆکەکانە. وا لە خەڵکی دەکەن، کە کەسێک بپەرستێت، ئاسۆی ناسیۆنالیستی‌و ئیسلامی

دروست ئەمە دروست دەکەن تا سیستمی سەرمایەداری موقەدەس بکەن‌و بیپارێزن. ئاسۆیەک کە لایەنەکانی تری بۆرژوازیش لە لیبراڵ‌و دیموکراتیەکان ڕەواجی پێ ئەدەن بۆنموونە پارەو کاری بەکرێ‌و سەرمایە موقەدەس دەکەن، یاخود کارگەو شوێنی کاری مرۆڤەکان موقەدەس دەکەن. هەر یەکەیان بە شێوازێک حاکمیەتی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری دەپارێزن.
خەڵک بتوانێت دەسەڵات‌و کاریگەری بەردەوامی هەبێت. ئەمە مانای ڕزگاربوونی خەڵکەو پێویستە کار لەسەر ئەمە بکرێت. هاتنە مەیدانی خەڵک تەنها بە مانای کۆبوونەوە لە ناوەندی شارەکاندا نیە. ڕەنگە ئەوە نموونەیەک بێت، بەڵام بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی خەڵکی، لە گەڕەکەکان‌و شوێنی ژیان‌و کاری خەڵکییەوە دەست پێ دەکرێت.

## هێزێکی تر:

هەلومەرجی سیاسی ئێستای کوردستان بەگشتی ئەوەمان نیشان ئەدات کە ئەم گێژاوە سیاسیەو شکست‌و بنبەستی دەسەڵاتی حکومەتی حزبەکانی کوردایەتی لە بازنەیەکی داخراودا دەسوڕێتەوەو ڕێگە چارەیەکی عەمەلی‌و گونجاو ناتوانن بگرنەبەر تا ئەم قەیرانە بە ئاکامێک بگەیەنن، هەروەها ئەم واقعیەتە لە سەرەتای جەنگی کەنداوەوە لە گەڵیا بەرەوروون‌و پرۆسەی گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسیان وەک هێزی میلیشیا لە چوارچێوەی هەمان گێژاو و بنبەستی سیاسیدا بووەو درێژەیان پێداوە، بەگوێرەی ئاڵوگۆڕەکان لە هاوکێشەی سیاسی لە ناوچەکەدا خۆیان گونجاندووە.
دوای ٢٤ساڵ لە دەسەڵاتی میلیشیایی‌و دوئیدارەیی‌و گەندەڵی‌و قۆرخ کردنی سەروەت‌و سامانی کوردستان‌و کەڵەکە کردنی سەرمایەی بێشومار لە دەستی سەرمایەداران‌و بەرپرسە حزبیەکاندا، تا گەیشتن بە ئاستێک لە قەیرانی ئابوری‌و سیاسی کە لە ڕاوەستان‌و چاوەڕوانیدان لەبەرامبەر کێشمەکێشی وڵاتانی ناوچەکەو جیهاندا، ئایندەی دەسەڵاتی سیاسی خۆیان‌و چارەنوسی خەڵکی کوردستانیان خستۆتە بەردەم قەدەری یەکلایی بوونەوەی ئەو کێشمەکێشانەوە، لەلایەک ئاستی بێئومێدی‌و نەفرەت‌و بێزاری خەڵکیش چۆن ئەم واقعە وەڵام ئەداتەوە نارۆشنە، لەلایەکی تریشەوە ڕودانی سیناریۆی جیاوازو کارەساتبار تا ئەوکاتەی ئەم قەیرانە دەگوزەرێ بەشێکی تاڵی ژیانی خەڵکی کوردستانە، بەمانایەک لەبەرامبەر ئەم واقعیەتە نالەبارەدا پێویستە هێزی تر بێتە مەیدان‌و ڕێگای تر بگیرێتە بەر.
ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بدەین، کێشەکە لەسەر ئەوە نیە بۆ ئەو هێزەی تر کە دەبێت بێتە مەیدان وەڵام بەم قەیران‌و شکست‌و بنبەستە بداتەوە، بەڵکو دەبێت ئەو بنەمایانەی هۆکاری ئەم قەیران‌و کارەساتانەن هەڵیانوەشێنێت‌و پاکیان بکاتەوە، کە پەیوەندی کارو سەرمایەیە، ئەوە ناکۆکیەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداریە کە سەرچاوەی تەواوی دەردی سەری‌و بەڵاکانە بەسەر خەڵکەوە، تەنها ڕێگا بۆ هەڵوەشانەوەی پەیوەندیەکانی سیستمی سەرمایەداریش شۆڕشی کرێکاریە، تا ڕەوتی ژیانی کۆمەڵگە نەگات بەوەی کە ئەم هێزە لە خەباتی چینی کرێکار بێتە مەیدان‌و دەوری سەرەکی بگێڕێت لەناو شانۆی سیاسی‌و کێشمەکێشی ڕەوتە کۆمەڵایەتیەکانداو هاوکێشەی سیاسی بە قازانجی چینی کرێکارو خەڵکی زەحمەتکێش‌و ئازادیخوازان بگۆڕێت‌و

## بنبەستی حکومەتی بنکە فراوان‌و ئایندەی ناڕەزایەتییەکانی خەڵك

دەسەڵاتی بۆرجوازی کۆتایی پێ نەهێنێت، ئەم قەیران‌و بنبەستەتە بە جیا لەوەی مایەی ماڵوێرانی‌و دەردی سەریەو ژیانی خەڵکی دادەڕمێنێ، ڕەوتە کۆمەلایەتی‌و سیاسیەکانی بۆرجوازی دەسەڵاتی سیاسیان بەردەوامی پێ ئەدەن‌و سیستمی سەرمایەداری بە ناکۆکی‌و قەیرانەکانیەوە دەپارێزن.
ئەوە تەنها شۆرشی کۆمەلایەتی چینی کرێکارە ئاڵوگۆڕی ریشەیی فەراهەم دەهێنێت‌و دنیایەکی باشتر لە ئازادی‌و یەکسانی دەکاتە چارەنوسی مرۆڤایەتی، دەوری رابەری بۆ ئەم شۆڕشەو دامەزراندنی کۆمەڵگەی سۆشیالستی لە گرەوی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریدا کە ئامرازی خەباتی چینی کرێکارە بۆ شۆرشی سۆسیالستی.
ئەو هێزەی تر کە پێویستە بێتە مەیدان‌و کۆتایی بەم کارەسات‌و نەهامتیانە بهێنێت، بەهێزبوونی حزبی کۆمۆنستی کرێکاریەو هاتنە مەیدانیەتی لە ناوجەرگەی نارەزایەتیەکانی کرێکاران‌و زەحمەتکێشانەوە. ئەو هێزەی کە بە ئاسۆی شۆڕشی سۆشیالستی‌و رێکخستنی خەباتی کرێکاران بۆ ئەو شۆڕشە دێتە مەیدان، هەر ئەو هێزە دەتوانێ خەڵکی کوردستان لە گێژاو و دەردی سەری‌و کارەساتانە رزگار بکات، ئەو هێزەیە دەتوانێ نارەزایەتیەکانی خەڵک رێکبخات‌و رابەرایەتی بکات‌و ئومێدو ئەلتەرناتیف بێت‌و کۆتایی بە چاوەڕوانیەکان بهێنێت.

## سەربەخۆیی کوردستان‌و دامەزراندنی دەوڵەت:

بەدوای جەنگی کەنداودا وەک پارێزەری ئۆردوگایەک‌و دانەبرانی چارەنوسی کوردستان بە حکومەتی عێراقەوە، حزبەکانی کوردایەتی دەسەلاتی سیاسی خۆیان دامەزراندو کوردستانیان خستە ژێر دەسەلاتی حزبەکانیان‌و هێزە میلیشیاکانیانەوە. بەلام لەسەر بنەمای هەلومەرجی سیاسی ئەو کاتەو کردنی کوردستان بە ئۆردگایەک بۆ دانیشتوانەکەی‌و جێگاورێگای حکومەتی حزبی بەعس وەک حکومەتێکی ناسیۆنالست فاشستی عەرەبی‌و ناسینی عێراق بە بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی، کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەو تەرحەی هێنایە پێشەوە کە لە رێگای ریفراندۆمێکی گشتیەوە بریار لەسەر چارەنوسی کوردستان بدرێت بۆ جیابوونەوە لە عێراق‌و دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی سکولارو غەیرە قەومی، ئەم تەرحە وەلامێکە بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی کوردستان لە ژیانی ئۆردوگایی‌و مەترسیەکانی حکومەتی بەعس‌و لەهامانکاتدا گەڕانەوە بۆ دەورو ئیرادەی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیانداو دەربازبوون لە ناجێگیری‌و گێژاوی سیاسیدا.
ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکرێت، هەروەک لەنێو قسەکانی پێشوتردا باسمان کرد، حزبەکانی کوردایەتی لە ٢٤ساڵی دەسەلاتی سیاسیاندا لەپێناو بەرژوەندیە سیاسی‌و ئابوریەکانیاندا هەلومەرجی سیاسی کوردستانیان نەک لەناو ئەو گێژاوە سیاسیەدا راگرتووە، بەڵکو بەهیچ جۆرێک بە تەنگ دابینکردن‌و فەراهەم هێنانی دەرهێنانی کوردستاندا نەبوون لە ناو ئەو گێژاوە سیاسیەدا، بەمانایەک بەجیا لەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر هەلومەرجی سیاسی لە ناوچەکەو کوردستاندا هاتووە، بەلام هەمان ناجێگیری‌و گێژاوی سیاسی‌و شەڕو کێشمەکێشی هێزە ئیسلامی‌و تائفی‌و قەومیە میلیشیاکاندا لە عێراق‌و کوردستانداو نائارامی سیاسی‌و کێشمەکێشی حکومەتی هەرێم‌و حکومەتی

ناوەند، لە ئێستاشدا هەمان تەرحی جیابوونەوەی کوردستان‌و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ ڕێگای دەرکێشانی خەڵکی کوردستانە لەو کارەسات‌و بەڵاو دەردی سەریانە.
کێەسەدو شەڕ لەدژی داعش بەهێزکردنی مەوقعیەتی ئێرانە، بەڵام ئەم دەورو مەوقعیەتەی روسیا لە ناوچەکەدا بەرەو چ ئاراستەیەک دەروات، ئەوە واقعیەتی تاکتیکی جەنگ‌و هاوسەنگی هێزەکان دیاری دەکات.

## دەورو جێگای حزبە کوردیەکان لەنێوان کێشمەکێشی وڵاتانی جیهانی‌و ناوچەکەدا:

ئەم ئاڵوگۆڕانە لە هاوکێشەی سیاسی‌و هاوسەنگی هێزەکان چۆن کاریگەرییان لەسەر هەلومەرجی بارگرژی‌و ناجێگیری سیاسی لە ناوچەکەدا بەگشتی داناوە، لە هەمان کاتدا لەسەرەتای ساڵانی نەوەتەکانەوە هەلومەرجی سیاسی کوردستانی بەخۆوە گرێ داوەو بەستوەتەوە، بەپێی دەورانە جیاوازەکان ناجێگیری سیاسی لە ناوچەکەدا بەشێکی سەرەکی بووە لە لایەک لەسەر ژیانی سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان‌و لەلایەکی ترەوە بنبەستی بەردەوامی دەسەڵاتی حزبەکانی کوردایەتی. حزبەکانی کوردایەتی وەک هێزی میلیشیایی لە ئەوەل ڕۆژی جەنگی خەلیج تا داگیرکاری عێراق لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە، تەواوی ستراتیژو سیاسەت‌و بەرژەوەندیەکانیان لەسەر بنەمای دەورو نەخشەو سیاسەتی وێرانکاری دەوڵەتی ئەمریکا لە عێراق‌و لەناوچەکەدا دیوەتەوەو پیادەکردووە. کە ئەمە واقعیەتێکی حاشاهەڵنەگری فەلسەفەی بوونی حزبەکانی کوردایەتی‌و هەڵسوڕانی سیاسی‌و کێشمەکێشی نێوان خۆیانە، دەورێکی بنەڕەتیان بوەو هەیە لە بەردەوامی فەزای گێژاوی سیاسی لە کوردستاندا.
ئاکامی ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەئاستی جیهان‌و ناوچەکەدا پێش هاتووە بەدوای داگیرکاری عێراق لەلایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە، دەوری لەسەر هەلومەرجی سیاسی کوردستان‌و هیزە سیاسیەکان لە ناسیۆنالست‌و ئیسلامی سیاسی‌و جێگاو ڕێگای دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستاندا داناوە، کە هەر لەبنەڕەتەوە ئەم هێزانە حکومەتێکی بنبەست‌و شکست خواردوویان پێکهێناوە. کاتێ کێشمەکێش‌و هاوسەنگی هێز لەنێوان وڵاتە زلهێزەکان‌و ناوچەییەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بەو مانایەی کە دەوڵەتی ئەمریکا ناتوانێ ستراتیژی باڵادەستی تاکهێزی لەجیهاندا پیادە بکات‌و روسیاو چین هاوکێشەکە لەبەرامبەر ئەمریکادا دەگۆڕن، ئەم گۆڕانی هاوکێشەیە کارکردی خۆی لەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نیشان ئەدات‌و کێشمەکێشی جەمسەرە ناوچەییەکان وەک ئێران‌و تورکیا لە شانۆی سیاسی ناوچەکەدا دەورێکی تر دەگێڕن‌و کاریگەرییان دەبێت لەسەر هاوکێشەی سیاسی ناوچەکەو کوردستان، بەم شێوەیە حزبەکانی بەشدار لە دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان دەکەونە ژێرباری قورسی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە هیچ ئامادەیی‌و پێشبینیەکیان بۆی نیە، چونکە هەر لە سەرەتاوە وەک پاشکۆیەک لەپەیوەند بە سیاسەت‌و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو کێشمەکێشی وڵاتانی ناوچەکە، دەورو سیاسەت‌و بەرژەوەندیەکانی خۆیان لە تەواو پیادەکردنی دەسەڵاتی سیاسیاندا لە چاوەڕوانیدایە بۆ ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەدەرەوەی دەورو ئیرادەی خۆیان‌و دەسەڵاتی

خستە ژێر دەسەڵاتی حزبەکانیانو هێزە میلیشیاکانیانەوە. بەڵام لەسەر بنەمای هەلومەرجی سیاسی ئەو کاتەو کردنی کوردستان بە ئۆردگایەک بۆ دانیشتوانەکەیو جێگاورێگای حکومەتی حزبی بەعس وەک حکومەتێکی ناسیۆنالست فاشستی عەرەبیو ناسینی عێراق بە بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی، کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەو تەرحەی هێنایە پێشەوە کە لە رێگای ریفراندۆمێکی گشتیەوە بڕیار لەسەر چارەنوسی کوردستان بدرێت بۆ جیابوونەوە لە عێراقو دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی سکولارو غەیرە قەومی، ئەم تەرحە وەڵامێکە بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی کوردستان لە ژیانی ئۆردوگاییو مەترسیەکانی حکومەتی بەعسو لەهامانکاتدا گەڕانەوە بۆ دەورو ئیرادەی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنوسی خۆیانداو دەربازبوون لە ناجێگیریو گێژاوی سیاسیدا.

ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبکرێت، هەروەک لەنێو قسەکانی پێشوتردا باسمان کرد، حزبەکانی کوردایەتی لە ٢٤ساڵی دەسەڵاتی سیاسیاندا لەپێناو بەرژوەندیە سیاسیو ئابوریەکانیاندا هەلومەرجی سیاسی کوردستانیان نەک لەناو ئەو گێژاوە سیاسیەدا راگرتووە، بەڵکو بەهیچ جۆرێک بە تەنگ دابینکردنو فەراهەم هێنانی دەرهێنانی کوردستاندا نەبوون لە ناو ئەو گێژاوە سیاسیەدا، بەمانایەک بەجیا لەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر هەلومەرجی سیاسی لە ناوچەکەو کوردستاندا هاتووە، بەڵام هەمان ناجێگیریو گێژاوی سیاسیو شەڕو کێشمەکێشی هێزە ئیسلامیو تائفیو قەومیە میلیشیاکاندا لە عێراقو کوردستانداو نائارامی سیاسیو کێشمەکێشی حکومەتی هەرێمو حکومەتی ناوەند، لە ئێستاشدا هەمان تەرحی جیابوونەوەی کوردستانو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ رێگای دەرکێشانی خەڵکی کوردستانە لەو کارەساتو بەڵاو دەردی سەریانە.



جەمال موحسن

# پرشنگێك لە ئاسمانی تاریکیدا سەبارەت بە پێویستی ڕێکخراوبوون

”بزووتنەوەی سیاسی چینی کرێکار بە دڵنیاییەوە ئامانجەکەی گرتنی دەسەڵاتی سیاسیە بۆ چینی کرێکار، وە بۆ ئەمەش بێگومان وا پێویست ئەکات کە ڕێکخراوێکی پێشوی چینی کرێکارکە خۆی لە خەباتێکی ئابوری ئەوانەوە سەریهەڵداوە، گەشە بسێنێت بۆ ئاستێکی دیاریکراو. لە لایەکی ترەوە هەر جووڵانەوەیەک کە تیایدا چینی کرێکار بە وێنەی چینێک خۆی دەرئەخات لە دژی چینە دەسەڵاتدارەکان و هەوڵ ئەدات ناچاریان بکات و فشاریان بۆ بێنێت، جووڵانەوەیەکی سیاسیە. بۆ نمونە هەوڵدانێک لە کۆمپانیایەکی دیاریکراودا یان پیشەسازیەکی دیاریکراودا بۆ سەپاندنی ڕۆژی کارێکی کورتتر بەسەر سەرمایەداراندا بەهۆی مانگرتنەوە... هتد، جووڵانەوەیەکی ئابوری پوختە. لەلایەکی تریشەوە جووڵانەوەکە بۆ سەپاندنی <u>یاسای</u> هەشت کاتژمێر کار لە ڕۆژێکدا، جوڵانەوەیەکی <u>سیاسیە</u>. بەمجۆرە، لە جوڵانەوە ئابوریە جۆراوجۆرەکانی کرێکارانەوە، لە هەموو شوێنێک جوڵانەوەیەکی <u>سیاسی</u> سەرهەڵئەدا و گەشە ئەکات. واتە بزووتنەوەیەکی چینەکە، بە ئامانجی بە دەستهێنانی ئامانجەکانی لە فۆرمێکی گشتیدا، لە فۆرمی هەبوونی هێزێکی کۆمەڵایەتی گشتی وا کە بتوانێ بەرژەوەندیەکانی بسەپێنێ. بەهەمان ئەو ڕادەیەی کە ئاستێک لە ڕێکخراوبوونی پێشینە موستەلزەماتێکە بۆ ئەم بزووتنەوانە، خودی ئەو بزووتنەوانەش بە هەمان شێوە ئامرازێکن بۆ گەشەکردنی ئەم ڕێکخراوبوونە. لەو شوێنەی کە چینی کرێکار هێشتا نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە لە ڕێکخراوبوون کە بتوانێ کەمپینێکی یەکلاییکەرەوە لە دژی دەسەڵاتی گشتی، واتە دەسەڵاتی چینە حاکمەکان بەرپا بکات، ئەبێ لە هەر ئاستێکدا بۆ ئەم مەبەستە ڕابهێندرێت بە ئاژیتاسیۆنێکی بەردەوام لە دژی سیاسەتی چینە حاکمەکان و هاتنە ئاراوەی

## پرشنگێك لە ئاسمانی تاریکیدا.. سەبارەت بە پێویستی ڕێکخراوبوون

هەڵوێستێکی دژ بەو سیاسەتە. ئەگەرنا ئەوا چینی کرێکار تەنها وەک یاریەک بە دەستی ئەو چینانەوە ئەمێنێتەوە.'' (نامەی کارڵ مارکس بۆ فریدریک بۆڵت)

### پێشەکی:

بەشێک لە میکانیزمەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، چ پێشوو چ ئێستا، بریتیە لە دەستەبەندی خەڵک، کرێکاران وخەڵکی زەحمەتکێش و توێژەکانی تر، و تەنانەت توێژەکانی بۆرژوازی (ستراتا) لە ڕێکخراو و یەکە و دەستە و گروپەکان و تا ئاستی ئەحزابی سیاسیدا. ئەم ووتارە هەوڵێکە بۆ نیشاندانی پێویستی ڕێکخراوبوون بۆ چینی کرێکار، خەڵکی زەحمەتکێش و دەستەنگ و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگای کوردستان. لێرەدا هەوڵ ئەدەم پێشینەی خەباتی ئەم چینە لە کوردستان لە ئاستی جەماوەری و حزبیدا بهێنمەوە بەرچاو. هاوکاتیش تایبەتمەندی ئێستاکەی و پێداگری لەسەر ڕێکخراو بوون ئەبێتە بەشێکی تری ووتارەکە. بابەتی ئەم ووتارە هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە نییە لە خاڵە لاواز و بەهێزەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیستی، ڕێکخراوە جەماوەریەکانی کە لە ساڵی ١٩٩١ ەوە تاکو ساڵانی دوایی هەبوون و خودی حزبێکی کۆمۆنیستی کرێکاریی کە لە ساڵی ١٩٩٣ ەوە بوونی هەیە. ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو بابەتە گرنگ نییە و پێویستمان بە باسێکی لەو چەشنە نییە، بگرە ئامانجێک کە ئەم ووتارە بە دوایەوەیەتی شتێکی ترە بەڵام هەر کەسێک ئەتوانێت ئەو کارە بکات. هەروەها پێویست ئەکات ئەوە بڵێم ئەو بابەت و باسەشی کە لێرەدا تیشکی ئەخرێتە سەر ڕەنگە باسی زیاتر و هەمەلایەنەتر هەڵبگرێ و واوەتر لە مەوداکانی ئەم ووتارە بڕوات. هەر هەوڵێک لەو پێناوەدا، کە ڕەوتی بەرەو ڕێکخراوبوونی سیاسی و جەماوەری کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش بباتە پێشەوە، جێی پێشوازیە و ئەتوانێت کۆمەکێک بە نەهێشتنی پەرشوبڵاوی چینی کرێکار و کەم ئیشتیایی بۆ سیاسەت و حزبایەتی کردن بکات. ئەم ووتارە هەڵگرتنی بەردێکە بۆ خستنە سەر بەردەکانی تری ئەم هەوڵە و بنیاتکردنی پەیکەرەی ''ڕێکخراوبوونی کرێکاران''.

پێکهاتەی ووتارەکە لە چەند بەشێک پێکدێت و چەند گۆشەیەکی ئەم مەیدانە، مەیدانی ڕێکخراوبوون، لە خۆ ئەگرێت. بۆ ئەوەی بتوانین باسێکی تا ڕادەیەک چڕوپڕ بکەین سەبارەت بە ڕێکخراوبوونی سیاسی و جەماوەری، ئەبێ سەرەتا بە شێوەیەکی گشتی لەسەر ڕێکخراوبوون و پێویستیەکەی قسەیەک بکەین و بە دوای ئەوەدا بەشێک تایبەت ئەبێ بە ڕێکخراوبوونی جەماوەری کە لێرەدا باسێک لە جیاوازی نێوان شێوازە جیاوازەکانی خۆڕێکخستن، شورایی، سەندیکایی، یەکێتی و... هتد ئەکرێ. هاوکاتیش شێوازی پەسەند لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە فۆکەسێکی تایبەتی ئەخرێتە سەر و نیشان ئەدرێ کە بۆچی ئەم شێوازە لە ڕێکخستن ژیانی ڕۆژانەی کرێکاران و جەماوەی بێبەش بەرەو باشتر ئەبات و هاوکاتیش ئامادە و ڕێکیان ئەخات بۆ ئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی کە پێویستە لە کۆمەڵگادا بکرێ. دواتر دێمە سەر بەشێکی تایبەت بە ڕێکخراوبوونی سیاسی و حزبی. لەم بەشەدا پێناسەی ئەحزابی سیاسی و ئەحزابی بۆرژوازی لە کوردستان ئەهێنرێتە پێشەوە. لە کۆتاییدا ئەنجامگیری لە باسەکە بە بەشێکی جیا بە دەسەتەوە ئەدرێت.

وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا ئەم باسە فراوانە و ئەکرێ قسەوباسی زیاتری لەسەر بکرێ. ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە ئەرکی دەستەبەرکردنی هوشیاری چینایەتی لەناو کرێکاراندا، ئامادەکردن و ڕێکخراوکردن و دابینکردنی ئاسۆیەکی سیاسی و سۆشیالیستی ڕۆشن بخرێتە بەردەم کۆمۆنیستەکان و هەڵسوڕاوانی کرێکاری. ئەم ووتارە ئەیەوێت بەشێک بێت لەو هەوڵانەی لەو پێناوەدا و بۆ ئەرکە ئەدرێن.

## پێویستی ڕێکخراوبوون:

پێناسەی گشتی ڕێکخراو یان ڕێکخراوبوون پێمان ئەڵێ کە هەر کۆمەڵە کەسێک کە بۆ بە دەستهێنانی ئامانجێکی هاوبەش بە دەستەجەمعی یەک ئەگرن، واتە ڕێکخراون. ئامانجی هاوبەشیش بۆ جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لەلایەک بریتیە لە باشتربوونی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان و خێزانەکانیان و هەبوونی ئازادی و هەر ڕیفۆرمێک کە بۆ ژیانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەتا یاسایی پێویستە. لە لایەکی تریشەوە ئامانجی سەرەکی ئەم چینە ڕزگاری یەکجاریە لەو نەهامەتیانەی کە هەمیشە و هەردەم یەخەی پێ ئەگرێ، بە واتایەکی تر کۆتایی هاتن بە چەوسانەوە و ژێردەستەیی و دابەشبوونی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای چینایەتی.

با لەلایەنی یەکەمیانەوە دەست پێبکەین و ئەو پرسیارە بکەین کە بۆچی بۆ باشبوون و ئاڵوگۆڕ لە ژیانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشدا ڕێکخراوبوون پێویستە؟

کاتێک کە چینێک، کە زۆرینەی کۆمەڵگایە، تەنها ئەوەندەی پێ ئەبرێت کە لە ژیاندا بمێنێتەوە و هەناسە بدات و ووزە و ئینێرژی ئەوەی پێ بێ کە سبەینێ بچێتەوە سەرکارەکەی، بێگومان لانی کەم پێویستی بەوە هەیە کە ژیانێکی ئارامتر، بژێویەکی باشتر و لەسەر ستانداردێکی بەرزتری هەبێ کە پێداویستی سەردەمی تیادا دابین کرابێ. ئەبێ کاتێک ناحەقیەک ئەبینێ، مافی دەنگهەڵبڕین، خۆپیشاندان، مانگرتن و پەناگیری و بە کورتی ناڕەزایەتی دەربڕینی هەبێ. وە تەنانەت ئەبێ مافی ئەوەی هەبێ خۆی ڕێکبخات لە ڕێکخراوی جەماوەری و حزبیدا. چینی دارا و باڵادەست بە پێی سیستمەکەی کە کۆمەڵگا و ژیانی پێ بەڕێوە ئەبات، مەسەلەی سەرەکی ئەوەیە کە چینی کرێکار تەنها وەک لاشەیەک، و بگرە وەک ماشینێک، بتوانێ لەسەر کاربێ و بەرهەم بهێنێ. بەرهەمیش سوودەکەی بۆ گیرفانی چینی باڵادەستە. بۆیە تاکو کرێیەکی کەمتر بدات، تاکو کرێکاری بێدەنگ و پەرشوبڵاوی ببێت، باشتر ئەتوانێ بەم ئامانجەی بگات. بە واتایەکی تر هەتا کرێکار پەرت پەرت و ناڕێکخراوبێ، ئاسانتر بێدەنگ و ملکەچ ئەکرێ و بەم پێیەش هێزی کارەکەی بە هەرزانتر لێ ئەکڕدرێ و هەموو ئەمەش ئەبێ بە سوود و سەرمایەی کەڵەکەبوو لای سەرمایەداران، واتە چینی بۆرژوازی. هەروەک چۆن ئەم مەسەلەیە بە قازانج بۆ سەرمایەداران و بە زەرەر بۆ چینی کرێکار ئەشکێتەوە، ئاوهاش دژەکەی، واتە یەکگرتوبوون و ڕێکخراوبوون کە سەرئەنجام ئەکاتە سەپاندنی مافی زیاتری کرێکاران بە قازانجی ئەم چینە و بەزەرەری چینی بۆرژوازی ئەشکێتەوە. کەوایە قازانجی سەرمایەداران یانی ژیانی خراپتر و ژێردەستەیی و بێدەنگکردنی کرێکاران؛ ڕێکخراوبوون و سەپاندنی مافی کرێکارانیش یانی کەمتر کەڵەکەکردنی سەرمایە بۆ بۆرژوازی. قازانجی زیاتری

بۆرژوازی لەسەر زەرەر و زیانی کرێکاران و قازانجی کرێکارانیش بە زەرەر و زیانی پارەکۆکردنەوەی سەرمایەداران تەواو ئەبێ.
بۆ نمونە با لە کۆمپانیاکانی پالاوتەکردنی نەوت وورد ببینەوە. کرێکارانێک، کە لە دەرهێنان و پالاوتەکردن و بەرهەمهێنانی نەوتدا بەشدارن جا چ بە لێهاتوویی گەیشتبنە ئەو شوێنە یان بە مەحسوبیەت دانرابن (لە ئێستای کوردستاندا)، بەرهەمێکی خەیاڵی نەوت ئەبینن کە ئەمان دەستیان تیایدا هەیە، بەڵام ئەو بەروبومە بۆ خۆیان نییە و ئەرژێتە گیرفانی بۆرژوازی کوردەوە. بەبەراورد بە فرۆشتنی نزیک بە ملیۆنێک بەرمیل نەوت لە ڕۆژێکدا، کە دەسەڵاتداران خۆیان دانی پیائەنێن و بێگومان ئەبێتە سەرمایەی ملیارەها دۆلار، کرێیەک کە کرێکاران و کارمەندانی ئەم ناوەندە وەریئەگرن بە وێنەی دڵۆپێک لە دەریا دێتە بەرچاو. با ئەوەش لەولاوە بوەستێت کە کوردستان ئێستا لە ڕیزی وولاتە دەوڵەمەنەکاندا لە ناوچەکە دائەنرێ بەهۆی بەرهەمی نەوتەوە لە کاتێکدا هەژاری و برسێتی بۆتە کالا و بە بالای دانیشتوانەکەیدا براوە. ئایا داهاتی تاکی ئەم کۆمەڵگایە چەندێک بە پێی زیادکردنی ناردنە دەرەوەی نەوت زیادی کردووە؟ ئێستا هەرشتێک کرێکارانی ئەم ناوەندەی پەرشوبلاو و خامۆش ڕاگرتبێ، سەرئەنجام بە قازانجێکی زیاتری خاوەن کۆمپانیاکان و دەسەڵاتەکەیان شکاوەتەوە. ئەم مەسەلەیە بۆ کۆمپانیاکانی تریش وایە، چ ئەهلی بن یان حکومەتی. مەگەر ئەوە نییە بەبەرچاوی کرێکارانی هەموو ئەو شوێنانەوە خاوەنەکانیان تاکو بێت دەوڵەمەندتر ئەبن و لەملاشەوە موحتاجی کرێکاران هەر لە جێی خۆیەتی؟! مەسەلەکە بۆ کەرتی خزمەتگوزاریش هەروایە. ببینن لە خەستەخانەکاندا، بۆ نمونە، کرێکاران و کارمەندان ئەو هەموو خزمەتە ئەکەن بە شەو و بە ڕۆژ بەڵام خۆیان تەنانەت حەقی ئەو ماندووبوونەشیان، کە بۆ سودی تاکەکانی کۆمەڵگایە بە گشتی، وەرناگرن. پاککردنەوە کە ئێستا لە کوردستان بەشێکی زۆری دراوەتە دەست کۆمپانیا ئەهلیەکان، ئەو کرێیەی بە کرێکارەکانی ئەم ناوەندە ئەدرێ لە یەک لە دەی ئەو سوودەش نییە کە لە بنەڕەتدا کۆمپانیاکە بۆ ئەو ئیشە وەریگرتووە.... و بەمجۆرە بۆ هەر ناوەندێکی تری کار. هەڵبەتە ئەتوانین ئەم لێکدانەوەیە بۆ کارگە و ناوەندە بچوک و مامناوەندیە ئەهلیەکانی تریش بەکاربهێنین کەلەسەر بنەمای کۆکردنەوەی قازانج بۆ خاوەنانی بنیاتنراون. ئەو هەموو باڵەخانەیەی چوون بە ئاسماندا، ئەو هەموو کۆمپانیای وەربەرهێنانە، ئەو هەموو کارگە ئەهلیانە، ئەو هەموو چوونەسەرەی ناردنەدەرەوەی نەوت و ئەو هەموو بازرگانیە قەبە و گەورانەی کوردستان بۆتە مەیدانێکی، نەبوونەتە مایەی باشبژێوی و خۆشگوزەرانی یان هەتا بچوکترین باشبوون لە ژیانی خەڵکدا. ئەمە ئیتر ئەو ناکۆکیە (کۆنترادیکشنە) کۆمەڵایەتیەیە کە سایەی بەسەر کۆمەڵگای کوردستاندا کێشاوە. سیستمی ژیان و بەڕێوەبردن لەلایەن بۆرژوازی کوردەوە وای لێهاتووە، مارکس ووتەنی؛ بە وێنەی ڤامپایەرێک (خوێنمژێک) تەنها ئەتوانێ بە مژینی خوێنی خەڵک و تەنانەت منالانیش ژیانی خۆی بەردەوامی پێ بدات. ئەمە ئیتر ئەو واقعیەتە کۆمەڵایەتیە تاڵەیە کە لەسەر بنەمای کێشمەکێشێکی چینایەتی و کۆمەڵایەتی بنیاتنراوە کە نە تەحەمول ئەکرێ لە لایەن چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشەوە وە نەئەشبێ درێژە بکێشێ.
(ووتەی مارکس بۆ ئینتەرناسیۆنالی یەک)

کەوایە باشبوونی ژیان یەکێکە لە ئامانجە دەستبەجێکانی چینی کرێکار کە بەبەرچاویەوە ئەم بێمافیە ئەبینێ. هەڵبەتە لێرەدا مەبەست لە باشبوونی ژیان تەنها کرێ و موچەی مانگانە نییە، لە دەستەبەربوونی پێداویستە سەردەمیەکانی مرۆڤەوە بگرە تاکو قوتابخانە و دایەنگا و باخچەی منالانی زۆر و پێویست و نەخۆشخانە و خزمەتگوزاریەکانی تر.. وە هەروەها ئەمەش نابێ بەوجۆرە لێکبدرێتەوە کە تەنها باشبوونی ژیان لەڕووی ئابوریەوە گرنگە. هەبوونی ئازادی مانگرتن وڕێکخراوبوون و خۆپیشاندان و کۆبوونەوە و هەبوونی یاسای کاری کرێکاریی و پێشکەوتو، خوێندن و فێرکردنی مۆدێرن و... چەندین مەسەلەی تری لەم بابەتە ئەتوانێ سەرلەوحەی ئامانجە لانی کەمەکانی چینی کرێکار و خەڵک بێ بە گشتی. پرسیاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە چینێکی پەرت پەرت کراو چۆن ئەتوانێ ئەم خواستانە بەسەر دەسەڵاتی بۆرژوازیدا بسەپێنێ؟ ناکرێ و ناتوانین چینی کرێکار وەک تاکی پەرشوبڵاو سەیر بکەین، بگرە ئەو چینە هێز و چینێکی کۆمەڵایەتی و بەرفراوانە کە کاتێک یەکگرتوو بێت هێزێکی وا ئەنوێنێ کە بتوانێت لە هەنگاوی یەکەمدا مل بە چینی دارا و دەسەڵات کەچ بکات بۆ داواکاریەکانی لە باشتربوونی ژیانی. کاتێک تاک تاکی کرێکاران بگریت ناڕازین بە کرێکانیان و بە ژیانیان بە شێوەیەکی گشتی. بەڵام گەر بەشێوەی تاک تاک و لێرە و لەوێ گازندە بکەن، دەنگ هەڵبڕن و ناڕەزایەتی دەربڕن، هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێ لەسەر سەرمایەداران. لە کاتێکدا گەرهەموو کرێکاران یەک دەست ئەو دەنگە ناڕەزایەتیە هەڵببڕن، هێزێکی تری ئەبێ.

با دیسان لە نمونەکەی پێشووەوە تەماشای بکەین. گەر کرێکارانی بواری نەوت کۆمپانیایەک ڕابگرن تەنانەت گەر بۆ چەند کاتژمێرێکیش بێت، ئەکاتە مایەی ملیۆنەها دۆلار زەرەر و زیان بۆ خاوەن کار و سەرمایەداران. بۆیە ئەوانیش بۆ ئەوەی پێش بەو زەرەرە بگرن مل بە بەرزکردنەوەی کرێ، بۆ نمونە، یان هەر داواکاریەکی تری کرێکاران بدەن باشترە. بێگومان ئەمەش پەیوەندی بە هێزی مانگرتنەکە یان جوڵەکەوە هەیە و ئەو گفتوگۆیەی لە نێوان کرێکاران و سەرمایەداراندا دێتە ئاراوە ئەیبڕێنێتەوە کە چەندێک داواکاریەکانی کرێکاران دێتە دی. گەر کرێکاران ڕێکخراو نەبن چۆن ئەتوانن خاوەنی ئەو هێزە بن کە ئەو داواکاریە فەرز بکات؟! هێزی ئەم چینە لە یەکێتی و ڕێکخراوبوونیدایە. دیارە لێرەدا مەبەست لە هەر جۆرە یەکگرتوویی و ڕێکخراوبوونێکە بە شێوەیەکی گشتی. ئەوەی کە چ ئامانج و ئاسۆیەکی سیاسی لە پشت هەر جۆرە ڕێکخراوبوونێکەوەیە، باسێکە دواتر دێینە سەری. نمونەی ناڕەزایەتیەکانی ١٧ ی شوبات و ڕۆژانی دوایی، وە ناڕەزایەتیەکانی ئەم دواییانەی مامۆستایان و کرێکاران و کارمەندانی نەخۆشخانەکان و کارەبا و بەشێکی تر لە ناوەندەکانی کار کە ڕێکخراو نەبوون و خاوەنی ئاسۆیەکی سیاسی ڕۆشن و سۆشیالیستی نەبوون، ئاسۆیەک هەنگاو بە هەنگاو بزانێ چۆن جەماوەر هەڵخرێنێت بۆ ئامانجەکانی جەماوەر خۆی، بەبەرچاوی هەمووانەوە دیارە. یان وەک ١٧ ی شوبات کە بووە بەردەبازێک بۆ ئۆپۆزسیۆنی (ئەوکاتی) بۆرژوازی بۆ گەیشتن بە پشکی خۆی لە دەسەڵات و بردنی سەروەت و داهاتی کۆمەڵگادا، یان وەک جوڵە ناڕەزایەتیەکانی ئەم دواییانە

کە نەیتوانی سەراسەری و جەماوەری بێتەوە و ناڕەزایەتیەکانی جەماوەری تورە بەرەو سەپاندنی موچە و باشکردنی ئاستی موچە و ژیانی خەڵک ببات. گەر ئەو کات و ئێستاش جەماوەر خاوەنی ڕێکخراوی پتەو و تۆکمەی خۆیان بوونایە، لایەنەکانی بۆرژوازی نەیانئەیانتوانی وا بە ئاسانی بیبەن بەلاڕێدا و بە پێی هێزهاوسەنگیش ئەیتوانی داخوازیەکانی بسەپێنێ بەسەر دەسەڵاتدا. تا کاتێکیش ڕێکخراو نەبێ هەر بەمجۆرە ئەبێ کە بینیمان.

بەم مانایە ئەتوانین پێویستی ڕێکخراوبوون ڕاستەوخۆ پەیوەست بکەینەوە بە مافی ژیان و ژیانی باشترەوە. کەوایە بۆ چینی کرێکار، و دیارە بە هەمان شێوە بۆ توێژە بێبەشەکانی تری کۆمەڵگاش، ڕێکخراوبوون بە ئەندازەی خۆراک و ژیان پێویستە. ڕێکخراوبوون مایەی هێزی زیاتر و بوونی ئیرادە و متمانە بەخۆ بوونی ئەم چینەیە. ڕێکخراوبوون ئامرازێکی خەباکارانەی دەستی چینی کرێکارە، کە وەک چینێکی یەکدەست و کۆمەڵایەتی، بۆ گەیشتن بە ئامانجە هەنوکەیی و دورەکانیشی ئەبێ و پێویستە بە دەستیەوە بگرێت. هاوکاتیش بەو ئەندازەیەی ڕێکخراوبوون بۆ چینی کرێکار و خەڵکی بێبەش پێویستە، بە هەمان ئەندازەش مایەی مەترسیە بۆ سەرمایەداران. هەربۆیە چۆن کرێکاران هەوڵ ئەدەن خۆیان یەکگرتوو ڕێکخراو بکەن و ئەم پێویستیە بە دەست بهێنن، ئاوهاش سەرمایەداران تەقەلا ئەکەن نەهێڵن کرێکاران ڕێکخراو بن و لەم پێناوەشدا بە یاسا پێشی پێ ئەگرن، ڕێگری لەبەردەم دروست ئەکەن و ڕێکخراوی زەرد بۆ بەلاڕێدابردنی خەباتی کرێکاران دروست ئەکەن. وەک پێشووتریش باس کرا هەموو مەبەستی سەرەکیش بۆ سەرمایەداران کۆکردنەوە و کەڵەکردنی پارە وپول و سەرمایەی زیاترە. هەروەک مارکس لە (هەژاری فەلسەفە) دا باسی ئەکات: "هەلومەرجی ئابوری سەرەتا جەماوەری خەڵکی لە لادێکانەوە گۆڕی بۆ کرێکاران. کۆکردنەوەی سەرمایە بارودۆخێکی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەشی بۆ ئەم جەماوەرە دروست کردووە. بەمجۆرە ئەم جەماوەرە هەر لەپێشدا چینێکە لە دژی سەرمایە، بەڵام هێشتا بۆ خۆی نا. لەو خەباتەدا ئەم جەماوەرە یەکگرتوو ئەبێ و خۆشی بۆ خۆی چینێک پێکئەهێنێت. ئەو بەرژەوەندیانەی داکۆکی لێ ئەکات ئەبێ بە بەرژەوەندیە چینایەتیەکان. بەڵام خەباتی چین لە دژی چین خەباتێکی سیاسیە". لە کوردستانیش هەربەمجۆرەیە، لەوەتەی کە بۆرژوازی کورد لە ١٩٩١ ەوە دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە و بەشێوەیەکی بەرجەستەش لە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە، بۆرژوازی زیاتر و زیاتر پرۆسەی بردنی سەروەت و داهاتی کۆمەڵگای وەک مەبەستی سەرەکی دەسەڵاتەکەی پیادەکردوە و جەماوەری بەرینی خەڵکیش تا هاتووە بەرەو هەژاری چوون. ئەم میتۆدی لێکدانەوە و باسکردنە لە جێگەوڕێگای چین، ئەو ڕاستیەمان نیشان ئەدات کە لە کوردستانیش دەستبردن بۆ هەر کارێک و بگرە لە باسکردن لە کرێ و موچە و زیادکردنی دانی قازانجی ساڵانە بە کرێکارانەوە هەتا مافە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان ناتوانن سیاسی نەبن و لە خودی خۆیدا خەبات بۆ ئەو مەسەلانە سیاسیە.

بەم مانایە خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی مافە ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت یاساییەکانیش لە چوارچێوەی هەمان کۆمەڵگای ئێستادا کە پێویستی بە ئاستێکی فراوان لە

## پرشنگێك لە ئاسمانی تاریكیدا.. سەبارەت بە پێویستی ڕێكخراوبوون

ڕێکخراوبوونە لە ئاستێکی جەماوەریدا، ناتوانرێ گرێ نەدرێتەوە بە ئامانج و خواست و خەباتێکی سیاسی سەراسەری ترەوە کە خۆی لە ئاڵوگۆڕکردن لە بنەما و بناغەی سیسمتێکیدا ئەبینێتەوە کە سەرچاوەی هەموو نەهامەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستانە. ئەمەش پێداویستی ڕێکخراوبوون لە ئاستی سیاسیدا ئەهێنێتە ئاراوە، واتە ڕێکخراوبوون لە حزبی سیاسیدا. حزبێکی سیاسی، کۆمۆنیستی، کە ئامانجی کۆتایی خۆی بە هەڵوەشانەوەی سیستم و کۆمەڵگای بنیانتراو لەسەر دابەشبوون و چەوسانەوەی چینایەتی داناوە. وە ئەمەش بە هەمان ئەندازەی پێشوو پێویست و حەیاتیە بۆ چینی کرێکار چونکە چینێک کە نەخۆشی بنەڕەتی کۆمەڵگای دەرک کردبێت و بزانێت کە سەپاندنی ڕیفۆرمیش هێشتا بە وێنەی ئازارشکێنێکە، بێگومان ئەبێ بە شوێن چارەسەری ڕیشەییەوە بێت و ئەو نەخۆشیە بنبڕ بکات. باسکردن لە بوونی هەردووک شێواز لە ڕێکخراوی جەماوەری لەلایەک و سیاسی و حزبی لەلایەکی ترەوە بە هیچ جۆرێک بە مانای جیاکردنەوەی خەباتی سیاسی و ئابوری نییە، چونکە وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا هەر خودی خەباتیش بۆ سەپاندنی مافە لانی کەمەکان خەباتێکی سیاسیە. بەڵام مەبەست لە ڕێکخراوبوونە لە دوو ئاستی جیادا، ئاستی جەماوەری و ئاستی حزبی. ڕێکخراوبوونی جەماوەری و حزبی بۆ چینی کرێکارمەرجێکی سەرەکیە بۆ سەرکەوتنی خەباتی چینایەتی لە پێناو ئاڵوگۆڕ لە ژیانی ڕۆژانە و ئاڵوگۆڕی ڕیشەییدا.

مەسەلەیەک کە لێرەدا پێویست ئەکات تێبینی بکەین ئەوەیە کە مەبەست لە جیاکردنەوەی ڕێکخراوی جەماوەری و حزبی نیە، یان مەبەست لەوە نیە کە ڕێکخراوی حزبی و حزب جەماوەری نین. بگرە کە باس لە جەماوەری ئەکرێ زۆرتر ڕێکخراوە غەیرە حزبیەکان ئەگرێتەوە کە لە پێکهاتەکەیاندا کەسانی حزبی و هەڵسوڕاوانی سۆشیالیستی و کۆمۆنیستیش هەن و کەسانی غەیرە حزبیش هەن. ئەم پێکهاتانە لە باری ڕێکخراوەییەوە حزبی نین و ڕێکخستەکانیان بە هیچ جۆرێک لە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆی حزبدا نین. بە مانایەکی تر حزب دەخاڵەت لە ژیانی ڕێکخراوەیی و بڕیارەکانی ئەو ڕێکخراوە جەماوەریانە (غەیرە حزبیانە) دا ناکات. ئیتر ئەوەی کە حزبی کۆمۆنیستی یان هەر ڕەوتێکی تر چۆن و بە چ جۆرێک هەوڵی ئاسۆدارکردنی ئەو ڕێکخراوە غەیرە حزبیە ئەکات بە ئاسۆی سیاسی خۆی، باسێکی ترە. لەبەرئەوە من لێرەدا کاتێک کە وەک دەستەواژە ''ڕێکخراوی جەماوەری و حزبی'' بەکارئەهێنم بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو ئاستە لە ڕێکخراوبوون لە یەکتر نیە، بگرە زۆرتر بۆ نیشاندانی فۆکەسێکی جیایە لەو دوو جۆرە ڕێکخراوبوونەدا.

### ڕێکخراوبوونی جەماوەری:

لە بەشی پێشوودا بەشێوەیەکی گشتی باسی گرنگی ڕێکخراوبوون و خۆڕێکخراوکردنمان کرد. لەم بەشەدا دێینە سەر باسکردن لە شێوازەکانی ڕێکخراوبوون و ئەوەی کە لە ڕوانگەی ئێمە کۆمۆنیستەکانەوە چ شێوازێکیان پەسەندە. سەرەتا ئەمەوێ ئەوە بڵێم کە هەرجۆرە ڕێکخراوبوونێک کە خەڵکی کرێکار و جەماوەری بێبەش دەستی بۆ ببەن، دەستە، گروپ، ڕێکخراو،

سەندیکا یان یەکێتی بێت جێگای پشتیوانی ئێمە کۆمۆنیستەکانە و پۆزەتیڤ ئەیبینین وە تەنانەت هەوڵ ئەدەین تیایاندا چالاک و هەڵسوڕاو بین و کاریگەری لەسەر خەبات و ئاسۆی سیاسیەکەی دابنێین و بە قازانجی ئەو چینە بیهێڵینەوە. بۆیە باسەکە لەسەر ڕەتکردنەوەی شێوازێک یان شێوازەکانی تری ڕێکخراوبوو نییە، بەڵام شێوازێک کە ئێمە پەسەندمانە ڕێکخراوبوونی شورایی و کۆبوونەوە گشتیەکانە.

پێکهێنانی یەکێتی (یان سەندیکای) کرێکاری و جەماوەری لە کوردستاندا مێژوویەکی زۆری نییە و بەمپێیەش نەبۆتە تەقلیدێک یان ئامرازێکی خەباتکارانە بە دەستی ئەم چینەوە. بۆیە من لەم بابەتەدا زۆر بە درێژی نایەمە سەر ئەوەی کە ئەم شێوازە چ ئاسۆیەکی سیاسی لە پشتەوەیە و بە چ بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتیەوە گرێیخواردووە و مێژووی ئەو بزووتنەوەیە لە کۆمەڵگای عێراق و کوردستاندا چییە و چۆنە. ئەوەندە بە کافی ئەزانم باس لەوە بکەم کە خودی یەکێتی و سەندیکا پاڵی داوە بە بزووتنەوەی ڕیفۆرمیستی و سۆسیال دیموکراتیەوە و ئەم سونەتەش چ لە مێژووی سەرهەڵدانی چەپ و مارکسیزمەوە لە دەیەکانی دووەمی سەدەی پێشووە و چ لە دەیەکانی کۆتایی هەمان ئەو سەدەیە و دواتریش سەدەی بیست ویەکدا ڕیشەیەکی ئەوتۆی لە نێو کرێکارانی کوردستان نییە و نەبۆتە مەیل یان جوولانەوەیەکی بەرچاوی ئەم چینە. هەربۆیە لەم بابەتە کورتەدا نایەینە سەر شیکردنەوە و لێکدانەوەی بوونی ئەم شێوازە و کارەکانی و ئاسۆکانی، بە شێوەیەکی کۆنکرێت، لە ناو بزووتنەوەی کرێکاری و چینی کرێکاری کوردستاندا. بەشێوەیەکی گشتی ئەم شێوازە لە باشترین حاڵەتی خۆیدا بریتیە لە بزوتنەوەیەکی ڕیفۆرمیستی و وابەستەبوونی جوولانەوەی کرێکاری بە چوارچێوەی دەسەلاتی مەوجودی بۆرژوازیەوە. لە لایەکی تریشەوە خودی بیرۆکراتیەتێک کە لەسەرو کرێکارانەوە پیادە ئەکرێ لە خاستەیە جیانەکراوەکانی تا ئێستای بزووتنەوەی سەندیکایی و یەکێتیەکانە. ئەم سیفەتەی سەندیکا یان یەکێتی وا ئەکات کە دەخاڵەت و ئیرادەی ڕاستەوخۆی کرێکاران (یان هەر توێژێک لە کۆمەڵگا) لە ژیان و چارەنوسیاندا پێشی پێ بگیرێت. ئەمانە چوارچێوەیەک نین بۆ بڕیاری ئازادانەی کرێکاران و جەماوەر. نمونەی سادەی ئەوەی کە ئەگەر ئەندامی سەندیکا و یەکێتیەک نەبیت، ناتوانیت دەخاڵەت بکەیت لەو ڕێکخراوەیەدا و ئەسڵەن داکۆکیشت لێ ناکات، بە واتایەکی تر تەنها بۆ ئەندامانیان کار ئەکات، ئەکرێ نیشانەیەکی ئەو نەبوونی ئیرادەیەی کرێکاران و بوونی بیروکراتیەتی سەرو خەڵکی بێت. هەربۆیەشە ئەم چوارچێوەیە لە ڕێکخراوبوون ئامرازێک نییە بۆ یەکگرتووکردن و یەکپارچە کردنی کرێکاران، وەک یەک چین و خاوەنی یەک چارەنووس هەرچەندە مەیل و ترێندی سیاسی جیاجیای تێدا بێت. هاوکاتیش ئەم جۆرە ڕێکخراوە ڕێگە بە ڕادیکاڵبوونەوەی بزووتنەوەی کرێکاری ئەگرێ، چ ڕادیکاڵ بوونەوەیەک مەبەستە؟ ڕادیکاڵ بوونەوە بەرەو ئامانجێکی گەورەتر، ئامانجی بردنە سەر هوشیاری چینایەتی و سۆشیالیستی، ئامانجی کۆتایی هێنان بە سیستمی سەرمایەداری، سیستمی کاری بەکرێ و کۆتایی هێنانی یەکجارەکی بە چەوسانەوە. ئەمەش جۆرێک لە خەباتی سیاسیە کە ڕۆڵ و نەخشی هەمیشەیی و دەخاڵەتی کرێکارانی پێویستە.

مەسەلەیەکی تر کە لە خەباتی سەندیکاییدا بەرچاوە لۆکاڵی بوونە. بۆ نمونە گەر لە ناوەندێکی کاردا سەندیکایەک هەبێ دەست بداتە کارێکی نارەزایەتی بۆ داوایەک کە تایبەتە بە ناوەندەکەی خۆی، ئیتر ئەم خەباتەیان بەرتەسک ئەبێتەوە بەو ناوەندەوە بە تەنها. یانی بۆ نمونە لە خەستەخانەکاندا گەر وا بهێنینیە پێشچاو کە سەندیکایەک هەیە و چەند داواکاریەک بەرز ئەکاتەوە، زەرورەتی ئەوە نابینێ کە ئەبێ لەگەڵ کرێکارانی شارەوانی، بۆ نمونە، یەکدەست و پشتیوان بن وە یان بە پێچەوانەشەوە هەر راستە. یانی سەراسەری کردنەوە و یەکپارچە تەماشاکردنی چینی کرێکار لە سیستم و شێوازی سەندیکاییدا بایەخێکی ئەوتۆی نییە بە حوکمی پیشەیی یان رشتەیی بوونی خودی ئەو پێکهاتە رێکخراوەییە.

لەبەرامبەر ئەم شێوازەدا رێکخراوبوونی شورایی هەیە. با سەرەتا کەمێک لە پێکهاتە و بەدەنەی ئەم جۆرە لە رێکخراوبوون و شێوازی کارکردنی ووردببینەوە ئنجا دێینە سەر باسی ئەوەی کە جیاوازی بنەرەتی لە رووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاسۆی سیاسی هەریەک لەم دوو جۆرە لە رێکخراوبوونە چییە. بە مانایەکی تر، هەر یەک لەم شێوازە لە رێکخراوبوون سەر بە چ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتین و بۆ چ ئامانجێکی دوور یان نزیکی کۆمەڵایەتی تێئەکۆشن. لەسەرەوە باسی ئەوەمان کرد کە لە سیستمی سەندیکاییدا ئیرادەی ئازادانە و بریاری کرێکاران مەیسەر نابێ، یانی مافی دیموکراتیک تیایاندا کەمرەنگ و کاڵە یان هەر نییە. شورا رێکخراوێکە لە بنەرەتدا لە خوارەوە دروست ئەبێ و جیاکەرەوەیەکی تایبەتی ئەمجۆرە لە رێکخراوبوون بریتیە لە زامنکردنی مافی دیموکراتیک و ئیرادەی راستەوخۆی هەر تاکێک. ئەوە هەر کرێکارێکە کە لە ناوەندێکی دیاریکراودایە ئەتوانێ خۆی هەڵبژێرێت بۆ دەستەی بەرێوەبردن یان کۆمیتەی بەرێوەبردن (یان هەر ناوێکی تری بۆ دابنرێ). وە ئەوە دانە دانەی ئەو کرێکارانەن کە لەو ناوەندەدا هەن لە کۆبوونەوە گشتیەکانیاندا بریار لەسەر خواستێک، داواکاریەک، مەسەلەیەک کە پەیوەندی بە ژیانی خۆیانەوە هەیە، پەیوەندی بە کاتژمێری کار، کرێ و قازانجی ساڵانە و...هتدەوە هەیە بریار بدەن و ئەو دەستەیەش کە هەر خودی خۆیان هەڵیئەبژێرن ئەبێ بچێ بە دوای ئەو داواکاریەدا. هاوکاتیش هەر هەمان ئەو کرێکارانە مافی بەدواداچوون و لێپرسینەوە و سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی چۆنێتی جێبەجێکردنی بریارەکانیان و چوون بە دوای خواستەکانیان هەیە. بۆیە هیچ کەسێک بێ رۆڵی کاریگەر و بێ دەخاڵەت نییە. ئەوە تەنها دەستەی سەرپەرشتیار یان جێبەجێکەر نییە کە ئەبێ و ئەتوانێ بەبێ گەرانەوە بۆ رای جەماوەرەکەی بریار بدات و کارێک بکات، بە پێچەوانەی سەندیکاوە کە بەهۆی بیروکراتیەتی بەرێوەبردنەکەیەوە لەسەرەوە ئەتوانن بریار بدەن و هیچ ئەندامێکیش ناتوانێ کاریگەریەکی بەرچاوی هەبێ. ئەم سونەتە لە بەرێوەبردن لە شورادا، بە کردەوە دەرهێنانی بەگەرخستنی ئیرادەی راستەوخۆ و راستەقینەی جەماوەری کرێکار و بێبەشە بەسەر ژیان و چارەنوسی خۆیاندا.

هەرەمی رێکخراوەیی شورا بەجۆرێکە کە وەک ووتمان لە خوارەوە دەست پێئەکات و دروست ئەکرێت. لە هەر ناوەندێکدا کرێکاران لە کۆبوونەوە گشتیەکانیاندا نوێنەرانی خۆیان دیاری ئەکەن و

دەستەی بەڕێوەبردن پێکئەهێنن. یان گەر ناوەندێک گەورە بێت و لە چەند بەشێک پێکهاتبێ، ئەوا هەر بەشێک نوێنەرانی خۆی دیاری ئەکات و سەرئەنجام کۆی کۆوەبووی نوێنەرەکان لە دەستەی بەڕێوەبردنی سەراسەریدا یەک ئەگرن. نوێنەرانی هەڵبژێردراوی هەر یەک لەم دەستانەش بەرەو سەرەوە لە دەستە سەراسەریەکاندا کۆئەبنەوە تاکو ئاستی شار و بەمجۆرەش تا ئاستی وولات. کەسانێک کە لەسەرەوە لە دەستەکەدا دانیشتوون لە بنەڕەتەوە لە خوارەوە هاتوون و خۆیان بە تەنها خاوەن بڕیار نین و ئەوە هەر خوارەوەیە کە ئەتوانێ لایان ببات و بیانگۆڕێت لە کاتێکدا کە کارەکانی باش ئەنجام نەدات. بەمجۆرە ئەم هەرەمە زامنی دەخاڵەتی ڕاستەوخۆی خوارەوە ئەکات لە دەستەکانی سەرەوەدا و کەسێک نامێنێتەوە نەزانێ ڕۆڵی ئەو چییە لەو بڕیارانەی بۆ باشبوونی ژیانی پێویستە. هەروەها دەخاڵەتی تاکەکان لێرەدا تەنها لە داخوازیە ئابوری یان کۆمەڵایەتی و یاساییەکاندا نییە، بگرە لە جۆری بەڕێوەبردن و حوکمکردندایە، لەوەدایە کە ئەزانێ لە ئاستی سەراسەریدا لە ناوەندەکەی خۆشی واوەتر و لە شارەکە و بگرە لە وولاتەکەیدا چی ئەگوزەرێ و ئەشبێ چی بکرێ. بەم مانایە دەخاڵەتەکە سیاسیە و زەمانەتی خۆبەڕێوەبردنی کرێکاران لە بوارە جیاجیاکانی ژیانیاندا ئەکات. لە سیستمی سەندیکاییدا ئەبێ کەسەکە ئەندام بێت تا بتوانێ کارێک یان دەخاڵەتێک بکات، ئەویش گەر بەهۆی بیرۆکراتیەتەوە بواری ببێ. بەڵام لە سیستمی شوراییدا ''هەر کرێکارێک، نەک بە دەلیلی ئەوەی شوناسنامەی ئەندامێتی هەبێ یان مافی ئەندامێتی بدات، بگرە تەنها بەهۆی کرێکار بوونی، ئەندامی ڕاستەوخۆ و خاوەن ڕای شورایە.'' (مەنسور حکمەت: ڕێکخراوە جەماوەریەکانی چینی کرێکار، گفتوگۆ لەگەڵ کۆمۆنیست). ئەمەش ئەو خاسیەتە ڕادیکالانەیەیە کە شورای پێ ئەناسرێتەوە و هەر بەم هۆیەشەوەیە کە بۆرژوازی و چینی دەسەڵاتدار سڵەمینەوە و تەنانەت ترسێکی تایبەتتری بەرامبەر بەم جۆرە لە ڕێکخراوبوون هەیە.

خاڵێکی تر کە پێویستە لەسەری بوەستین وابەستەیی هەریەک لەم شێوازە لە ڕێکخراوبوونە بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانەوە، یان بزووتنەوە کۆمەڵایەتیە سیاسیەکانەوە. مەسەلەکە بەوجۆرە نییە، وەک مەنسور حکمەت ئەڵێ، کە گوایە ڕێکخراوبوون چ شورایی بێ چ سەندیکایی مەسەلەیەکی خۆبەخۆییە و بەشێوەیەکی عەشوائی (هەڕەمەکی یان ئۆتۆماتیکی) لە ناو کرێکاراندا ئەچێتە پێشەوە بۆ کاروباری جەماوەریان و لەولاشەوە مەسەلە سیاسیەکان کاری حزبە سیاسیەکانە. ڕێک بە پێچەوانەوە، ئەو جۆرانە لە ڕێکخراوبوون شێوازێک نین بە تەنها، بگرە ئەڵتەرناتیڤی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانن. بزووتنەوەی سەندیکایی یان شورایی خۆیان بەشێکن لە بزووتنەوەیەکی فراوانتری کۆمەڵایەتی کە هەر یەک بە ئاڕاستەیەک ئەیانەوێ ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگادا بکەن. هەروەک پێشتر ووتمان بزووتنەوەی سەندیکایی بەشێکە لە بزووتنەوەی ڕیفۆرمیستی کە دەست بۆ هەڵتەکاندنی ڕیشەکانی چەوسانەوەی چینایەتی و کاری بە کرێ نابات. لە کاتێکدا بزووتنەوەی شورایی مەیلێکی ترە بۆ ڕێکخراوبوون و ڕێکخراوکردنی چینی کرێکار. بە ووردبوونەوە لە ڕۆڵ و دەخاڵەتی شوراکان لە سەردەمی کۆمۆنەی پاریسەوە بگرە هەتا شوراکانی ڕووسیا و ڕۆڵی گرنگیان لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، جیاوازی ئەم مەیلە و جۆری کارکردنی ئیداری و تەنانەت ئاسۆیەکی سیاسی کە ئەیخاتە بەردەم ئەم چینە و کۆمەڵگا بە ڕۆشنی

هەستی پێ ئەکرێ. هەموو ئەوانە کە بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و بەدەستگەیشتنی دەسەڵاتی سیاسیەوە مانای پەیدا کردووە، دەرخەری ڕاستیەکن: ''لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا کرێکار ئەبێ هەم بتوانێ داکۆکی لە مافە ڕۆژانەییەکانی بکات و بارودۆخی خۆی وەک فرۆشیاری هێزی کار بەرەو باشی ببات و هەم ئەشبێ شۆڕشی خۆی لە دژی سەرمایەدار ڕێکبخات و خۆشی بۆ بەدەستەوە گرتنی دەسەڵات و حکومەت کردن وتێکشکاندنی پایەکانی دەسەڵاتی چینی چەوسێنەر ئامادە بکات.'' (مەنسور حکمەت: ڕێکخراوە جەماوەریەکانی چینی کرێکار، گفتوگۆ لەگەڵ کۆمۆنیست). ئەم کارەش بە تەنها بە بزووتنەوەی شورایی و شوراکان مەیسەر ئەبێت، نەک یەکێتی و سەندیکاکان کە ئامانجیان خۆسازدانە لەگەڵ سیستمی بۆرژوازیدا. ئەمە ئیتر ئەو دوو ئاسۆ و ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتیە جیایەیە کە دوو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی جیا لە پێشیەوە وەستاون. هەڵبەتە ئەبێ ئەوە ڕۆشن بێ کە مەبەستەکە لێرەدا ئەوە نییە کە شوراکان تایبەتن بە سەردەمی شۆڕشگێڕی و سەندیکاکانیش سەردەمی خمول یان ڕکود، نا هەرگیز. ئەکرێ لە سەردەمێکی پڕ ئاڵوگۆڕ و شۆڕشگێڕانە شوراکان لە مەیداندا بن و لە خەباتی چینی کرێکاردا بۆ بەدستەوەگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە ڕیزی پێشەوەدا بن و هاوکاتیش سەندیکاکان وەک هێزێکی منافس دەربکەون. ئیتر کێشمەکێشی بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان و وجودی حزبە سیاسیەکان ئاسۆی ئەم مەسەلەیە دیاری ئەکەن. بەڵام ئەمە باسێکی تر و گشتیە و بۆ هەلومەرجی ئێستای کوردستان واقعیەتی نیە.

باسکردن لەم شێوازە جیاوازانە بۆ ڕێکخراوبوون و ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ئاسۆ و ئامانجە سیاسیانەی لە پشتیانەوە وەستاون بە هیچ جۆرێک بە مانای ڕەتکردنەوەی یان وەستانەوە لە دژی هیچ جۆرێک لە ڕێکخراوبوون نیە لەبەرئەوەی کە گوایە ئێمە کۆمۆنیستەکان شوراکانمان لا پەسەندترین جۆر و ئاستی ڕێکخراوبوونە. بە پێچەوانەوە، ئەبێ چەند بارە جەختی لێ بکەینەوە کە قسەی ئێمە، تەرح و پێشنیاری ئێمە بۆ ڕێکخراوبوون، شێوازێک کە ئێمە هەمیشە ئەبێ تەرویجی بکەین و بکەینەوە شورا و بزووتنەوەی شورایی و کۆبوونەوە گشتیەکانە. وە ئێمە ئەمە بە بەشێک لە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆمان دائەنێین. بەڵام هەرگیز لە دژی پێکهێنانی سەندیکا، یەکێتی یان هەر شێوازێکی تری ڕێکخراوبوون ناوەستینەوە. بگرە کرێکاران و توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگا دەست بۆ هەرجۆرە یەکگرتوویی و خۆڕێخراوکردنێک ببەن، ئەبێ ئێمە لەگەڵیان و لەپێشیانەوە بین، تیایدا بەشدار بین وە هاوکاتیش هەوڵ بدەین لە ئاسۆی سۆشیالیستی و ئامانجی شورایی نزیکی بکەینەوە. وە لەوەش زیاتر هەتا دەستپێشخەری کردن بۆ دروستکردنی هەرجۆرە ڕێکخراوێکیش ئەبێ لە بەرنامە و کاری ئێمە کۆمۆنیستەکاندا بێ. لەم هەلومەرجەی کوردستاندا کە بۆرژوازی کورد دەستی ناوەتە بینەقاقای خەڵکی کرێکار و جەماوەری بێبەش، کۆمۆنیستەکان لە ڕیزی پێشەوەی هەر بەشێکی کۆمەڵگادا ڕائەوەستن، کرێکاران، کارمەندان، مامۆستایان، پیشەوەران، خانەنشینان، بێکاران... تاکو یەک ڕیزبن، ڕێکخراو بن لە کۆڕوکۆمەڵدا، دەستەدا، گروپدا، ڕێکخراودا، یەکێتیدا، سەندیکادا، شورادا یان هەر شێوازێکی تری ڕێکخراوبووندا. هەر جۆرە ڕێکخراوێک دروست ببێت و پارویەک بۆ سەر سفرەی خەڵک زیاد بکات و کرێ و موچە و

## پرشنگێك له‌ ئاسمانی تاریکیدا.. سه‌باره‌ت به‌ پێویستی ڕێکخراوبوون

بژێوی که‌مێکیش بباته‌ سه‌ر، ئێمه‌ له‌گه‌ڵیداین، له‌ناویداین و ئه‌بێ چالاک بین له‌ناویدا. خه‌ڵکێک که‌ خه‌یاڵی لای گه‌ده‌ی خاڵی خۆی و مناڵه‌که‌ی بێ، خه‌ڵکێک که‌ خه‌می ئه‌وه‌ی بێ به‌هۆی بێخانه‌ولانه‌ییه‌وه‌ گه‌رما و سه‌رما حه‌وانه‌ی مناڵه‌کانی تێکبدات و نه‌خۆشیان بخات، ناتوانێ خه‌یاڵی لای بنکۆڵکردنی پایه‌کانی ده‌سه‌ڵاتی بۆرژوازی کورد و به‌رپاکردنی شۆڕش و گرتنه‌ ده‌ستی ده‌سه‌ڵاتی سیاسی بێت. به‌ڵام ئیتر ته‌جروبه‌کان سه‌لماندوویانه‌ که‌ هه‌ر جۆره‌ باشبوونێکی ژیان و بژێوی خه‌ڵک په‌یوه‌سته‌ به‌ ڕێکخراوبوونه‌وه‌. وه‌ ده‌ستبردن بۆ هه‌ر کار و خه‌باتێکیش خود به‌خود سیاسیه‌ و په‌یوه‌ندی به‌ ده‌سه‌ڵاتی سیاسی ئێستا و ئاڵوگۆڕکردنه‌ له‌و ده‌سه‌ڵاته‌دا.
ته‌جروبه‌ی ڕێکخراوبوون له‌ کوردستاندا به‌وجۆره‌ نییه‌ که‌ له‌ سفره‌وه‌ ده‌ست پێ بکات. لانی که‌م له‌ ساڵی ٩١ ه‌وه‌ بزووتنه‌وه‌ی شورایی ده‌ستی دایه‌ ڕێکخرابوونی خه‌ڵک له‌ شوراکانی گه‌ڕه‌ک و ناوه‌نده‌کانی کاردا و ته‌نانه‌ت ده‌سته‌ چه‌کداریه‌کانی خه‌ڵکی بۆ ڕووبه‌ڕووبوونه‌وه‌ی ڕژێمی به‌عس پێکهێنا و مقاوه‌مه‌تی دلێرانه‌ی له‌ خۆی نیشاندا. به‌ڵام به‌هۆی سه‌رکوتی بزوتنه‌وه‌ی کوردایه‌تیه‌وه‌، له‌ ترسی ڕادیکاڵبوونه‌وه‌ی کۆمه‌ڵگا و به‌هێزبوونی مه‌یلی ده‌سه‌ڵاتداربوونی جه‌ماوه‌ر خۆی، ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه‌ پاشه‌کشه‌ی پێ کرا. به‌ڵام له‌ ساڵه‌کانی دواییشدا ڕێکخراوه‌ جه‌ماوه‌ریه‌کانی وه‌ک یه‌کێتی بێکاران، شورای کرێکارانی ئه‌لبیسه‌ و ڕستن و چنین، ڕێکخراوی کارگه‌ ئه‌هلیه‌کان و ڕێکخراوی کرێکاران و کارمه‌ندانی نه‌خۆشتخانه‌کان و... هتد که‌ له‌ فیدراسیۆنی سه‌راسه‌ریدا یه‌کیان گرتبوو، وه‌ ڕێکخراوی سه‌ربه‌خۆی ئافره‌تان و ڕێکخراوی خوێندکاران و لاوان... نمونه‌کانی ڕێکخراوبوونی جه‌ماوه‌ری بوون له‌ ئاستی جیاجیادا له‌ شار و شارۆچکه‌کانی کوردستاندا.

مه‌سه‌له‌ی ئاست و مه‌یل یان ئاماده‌یی بۆ ڕێکخراوبوون و خاڵه‌ لاوازه‌کانی ئه‌م ڕێکخراوانه‌ و ئه‌وه‌ی ڕاده‌ی پێشکه‌وتن و شکستیان چی بووه‌، مه‌سه‌له‌یه‌کی گرنگ و جدیه‌ که‌ بدرێته‌ به‌ر باس و لێکۆڵینه‌وه‌ و ته‌جروبه‌کانی نیشان بدرێ. هیوادارم هاوڕێیان، هه‌ڵسوڕاوانی کرێکاریی و مه‌یدانه‌کان بتوانین له‌ ئاینده‌یه‌کی نزیکدا ئه‌م باسه‌ بکه‌ین تاکو کۆمه‌ک به‌ بردنه‌ پێشه‌وه‌ی مه‌سه‌له‌ی ڕێکخراوبوون له‌ ناو کرێکاران و جه‌ماوه‌ر و توێژه‌ بێبه‌شه‌کانی کۆمه‌ڵگادا بکات.

### ڕێکخراوبوونی حزبی:

ڕێکخراوبوون له‌ ئه‌حزابی سیاسیشدا وه‌ک ئاستێکی جیاواز له‌ یه‌کگرتوبوون و ڕێکخراوبوون بۆ ئامانجێکی سیاسی و دوورتر و ستراتیژیتره‌. بزووتنه‌وه‌ کۆمه‌ڵایه‌تیه‌ جیاوازه‌کانی کۆمه‌ڵگا ئه‌حزابه‌کانی خۆیان بۆ ئامانجی سیاسی دیاریکراوی خۆیان پێکئه‌هێنن. له‌ ئاسته‌ گشتیه‌که‌یدا و به‌ جیا له‌وه‌ی که‌ نوێنه‌رایه‌تی چ باڵ و بزووتنه‌وه‌یه‌کی کۆمه‌ڵایه‌تی بکه‌ن، ئه‌حزابه‌ بۆرژوازیه‌کان له‌ هه‌وڵی هێشتنه‌وه‌ی هاوکێشه‌کانی کۆمه‌ڵگای سه‌رمایه‌داری و سیستمی دابه‌شبوونی کۆمه‌ڵگا بۆ چینی جیا له‌سه‌ر بنه‌مای کاری به‌کرێ، ده‌وڵه‌مه‌ند و هه‌ژار، دائه‌مه‌زرێنن. بنه‌مای ئه‌مه‌ش هه‌بوونی ده‌سه‌ڵاته‌، ده‌سه‌ڵاتی سیاسی. هه‌ر حزبێکی سیاسی ئه‌بێ میکانیزم و ئامڕازێک بێ بۆ گه‌یشتن به‌

دەسەڵات یان گرتنە دەستی دەسەڵات. گەر بۆ ئەحزابی ڕەنگاوڕەنگی بۆرژوازی ئەم دەسەڵاتە لە پەیوەند بە هێشتنەوەی چینەکان و سەرئەنجام باڵادەستی چینی سەرمایەدار بێت، ئەوا بۆ حزبی چینی کرێکار، حزبی کۆمۆنیستی، نەهێشتنی چینەکان و بەم مانایەش نەهێشتنی دەسەڵاتی چینە وە دامەزراندنی دەسەڵاتێکە بە قازانجی تەواوی کۆمەڵگا، بە مەبەستی دابینکردنی ئازادی و خۆشگوزەرانی و یەکسانی هەمەلایەنە لە نێوان مرۆڤەکاندا. کەوایە هەروەک چۆن ڕێکخراوبوون و یەکدەستە بوون بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕۆژانەیی و لانی کەمەکان پێویستیەکی حەیاتین بۆ چینی کرێکار، ئاوهاش ڕێکخراوبوون لە ئاستی حزبی و سەراسەریدا پێویستیە. با بگەڕێینەوە بۆ مانیفێست کە مارکس جەخت لەسەر ئەم مەسەلەی یەکگرتن و سەراسەری بوونە ئەکاتەوە: ''ناو بە ناو کرێکاران سەرکەوتن بە دەست دێنن بەڵام تەنها بۆ کاتێکی دیاریکراو. بەرهەمی ڕاستەقینەی جەنگی کرێکاران لە ئەنجامە دەستبەجێ بەدەستهاتووەکاندا نییە بە تەنها، بگرە لە فراوانبوونەوەی یەکێتی ئەواندایە. ئەم یەکێتیە بەهۆی ئامرازەکانی پەیوەندی گرتنەوە، کە پیشەسازی مۆدێرن هێناویەتە ئاراوە، ئاسانتر هاتۆتە دەست و کرێکارانی لە ئاستە محەلیە جیاوازەکاندا لە پەیوەندی لەگەڵ یەکدا داناوە. ئەم پەیوەندیە پێویستیەک بووە بۆ تەمەرکوزکردنی خەباتە محەلیە لێکچووەکان لە خەباتێکی سەراسەری لە نێوان چینەکاندا. بەڵام هەر خەباتێکی چینایەتی خەباتێکی سیاسیە.''(مارکس_مانیفێست، بەشی یەک). ئەم پەیوەندی و یەکێتیە لە هەردووک ئاستی جەماوەری و حزبیدا ئەتوانێ ڕەنگ بداتەوە. هەروەک لە چەند شوێنی تری مانیفێستدا مارکس پێ لەسەر ئەم یەکگرتن و یەکگرتوویيە دائەگرێتەوە و ئەیبەستێتەوە بە خەباتێکی سیاسیەوە. بەم مانایە خەباتی چینایەتی کە خەباتێکی سیاسیە لە خودی خۆیدا، ئەکرێ و ئەبێ لە هەردوو ئاستی جەماوەری و حزبیدا ڕێکبخرێت. ئەمە ئیتر پێویستیەکە کە ئیمکانی خۆلێدان لێی نییە. کرێکار ناچارە لە بیرکردنەوەی خۆیدا بۆ باشبوونی ژیانی خۆی و منالەکانی و زامنکردنی داهاتوویەکی ڕۆشن سۆشیالیست بێ، سۆشیالیست بە مانای خەباتکار بۆ ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی. مرۆڤ عاشقی گۆڕانکاریە. وە کۆمۆنیزمیش خۆی واتە گۆڕانکاری. کۆمۆنیزم و سۆشیالیزم ئەو بزووتنەوانەن کە بە چینی کرێکار ئەناسێنرێنەوە. هەروەکو مەنسور حکمەت باس لەوە ئەکات کە بۆ ئەو ئالوگۆڕە لە کۆمەڵگای بۆرژوازیدا ئەبێ چینی کرێکار تەحەزوبی هەبێ و ئەم حزبەش واتە حزبی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی، حزبی گۆڕانکاری، ئەبێ لە چوارچێوەی ململانێ لەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا مەیداندار بێت (مەنسور حکمەت_حزب و کۆمەڵگا).

لەبەر گرنگی ئەم مەسەلەیەشە کە کرێکارانی هوشیار و سۆشیالیست بیر لەوە ئەکەنەوە دەست بە ئامرازەکانی ئەو خەباتەوە بگرن کە پێویستە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی ئینسانی. لەبەرامبەریشدا بۆرژوازی ئەیانەوێ هەم کرێکاران لەم ئامرازانە دوور بخەنەوە و هەم گەر بە سەرکوتیش بێت پێشی پێ بگرن. هەربۆیە حزبایەتی و سیاسەت کردن ناشرین ئەکەن، بە سیاسەت و ئەجێندای نامرۆڤانەی خۆیان حزبایەتی و سیاسەت لەبەرچاوی خەڵک ئەبەن و یانیش وەک شتێکی قاچاخ و قەدەغە لە قەڵەمی ئەدەن. هەروەک ئەبینین لە کوردستانیش نمونەی ناشرینی حزبەکانی کوردایەتی و ئیسلامیەکان بەجۆرێک خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی لە حزبایەتی دوورخستۆتەوە. هەر ئەڵێی

سیاسەت کردن و حزب دروست کردن تەنها لە باڵای سەرمایەداران و چینە دارا و باڵادەستەکان جوانە، بۆ کرێکار و جەماوەری بێبەش 'بڤەیە' و 'گڵاوە'. سیاسەتێکیش کە لە پشت ئەمەوەیە دوورخستنەوەی کرێکاران و جەماوەری بێبەشە لە بەدەستەوەگرتنی ئامرازی هێز و ئیرادەنواندن و یەکگرتوبوون بۆ بەدەسەتەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن خۆیانەوە.

سەرهەڵدانی حزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لە ساڵەکانی ١٩٤٦ (پارتی) و ١٩٧٥ (یەکێتی) وەوە و بە دەستەوەگرتنی دەسەڵات لە دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩١ ەوە بە ڕەحمی سیاسەتەکانی ئەمریکا کەوتە دەستیان لە پێناو ئەم ئامانجە چینایەتیەدا بووە. دواتریش سەرهەڵدانی حزبە ئیسلامیەکان و بزوووتنەوەی گۆڕانیش (لەژێر ناوی لیبرالیزمدا کە لە بنەڕەتدا هیچ نییە جگە درێژبوونەوەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و بوونی ئایدۆلۆژی ناسیۆنالیستی تێکەڵ بە ئیسلام) هەر لە خزمەت بە هەمان مەسەلەدا بووە. ببینن کە چۆن بۆرژوازی لەژێر ناو و باڵی جۆراوجۆردا حزبە سیاسیەکانی پێ ئەهێنێ، میلیشیا دروست ئەکات، زیندان و دەزگای سیخوڕی و سەرکوت دائەمەزرێنێ، دەیەها میدیای جۆراوجۆر و برەودان بە بیروڕای کۆنەپەرستانە و دیلهێنەرانە ئەدات تاکو دەسەڵاتی چینەکەی خۆی بپارێزێ. هەموو حزبەکانی کوردستان بە گەورە و بچوکەوە لە بۆتەی پاراستنی ئەو بەرژەوەندیە چینایەتەدان کە ئاماژەی پێ کرا.

لەبەرامبەر ئەو بزووتنەوانەدا و لە ڕوانگە و مەوقعیەتێکی جیاوازترەوە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وەک ڕێکخراو لە کۆتا ساڵەکانی ٧٠ کانەوە هاتۆە مەیدانەوە و دواتریش لە ٨٠ کان بەدواوە بۆتە خاوەی ڕێکخراو و گروپ و دەستەی جیاجیا. بەڵام بە دیاریکراوی لە ساڵی ١٩٩٣ وە بۆتە خاوەنی حزبی خۆی، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و دواتریش حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان (لە ساڵی ٢٠٠٨ لە درێژەی هەمان ڕەوتدا). کۆمۆنیزمی کرێکاریی چ لە سەرهەڵدانی بزووتنەوەی شوراکانەوە و دواتریش ڕێکخراوە جەماوەریەکانی تردا (کە لە بەشی ٢ ی ئەم ووتارەدا هاتوون) هەوڵی داوە جووڵەیەکی تر و مەیلێکی تر و ئاسۆ و ئامانجێکی تر بخاتە بەردەم کۆمەڵگا و چینی کرێکار و خەڵکی بێبەش. ئامانجی سەرەکی ئەم بزووتنەوەیە و ئەم حزبە لە هەڵوەشانەوەی کاری بە کرێ و بەرپاکردنی کۆمەڵگایەکی بێ چین و چەوسانەوە، کۆمەڵگایەکی ئازد و یەکسان، کۆمەڵگایەکی سۆشیالیستیدا خۆی بینیوەتەوە و هەر لەم پێناوەشدا هەڵسووڕاوە و کاری کردووە. ئامانجی ئەم حزبە گرتنی دەسەڵات بووە لە لایەن چینی کرێکارەوە. ئەم چینەش بۆ ئەوەی بتوانێ دەسەڵات بگرێ، هەروەک لە سەرەتای ئەم بەشەدا هاتووە، ئەبێ حزبێکی سیاسی پتەو و کۆمەڵایەتی هەبێ. چینی کرێکار مافی خۆیەتی حزبێکی لەم چەشنەی هەبێ و حزبێکی لەم چەشنەش ئەبێ گرەنتی سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار بکات. ئەبێ تواناییە ڕێکخراوەیی و دامەزراوەکانی ڕێکخستنی لە ئاست بردنە پێشەوەی ئەم ئامانجە چینایەتیەی کرێکاراندا بێت. سەرئەنجام پێویستە و ئەبێ حزبێکی لەم چەشنە ببێتە حزبی کرێکاران و جەماوەری بێبەش و هەموو توێژە مەحرومەکانی کۆمەڵگا تاکو بەرەو ئەو ئاڵوگۆڕە سەرەکیەی بۆ کۆمەڵگا پێویستە ببیاتە پێشەوە. ئەوەی کە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی تا ئێستا نەیتوانیوە ئەم ئامرازە بێت بە دەست چینی کرێکارەوە و لاوازیەکانی وای کردووە نەبۆتە جێگایەک بۆ

کۆکردنەوەی ئەم چینە و ڕێکخستنیان بە ئاڕاستەی شۆڕش و بەدیهێنانی سۆشیالیزمدا باسێکی ترە و ئەبێ بکرێ. بەڵام ئەمە لەو ڕاستیە ناگۆڕێت کە چینی کرێکاری کوردستان و تەواوی کۆمەڵگا پێویستی بە حزبی لەو بابەتە هەیە. سەرئەنجام کۆمۆنیزمی ڕێکخراو ئەبێ لەم قاڵبەی ئێستای دەربچێ و لە مەیدانی کێشمەکێش لەسەر دەسەڵاتی سیاسیدا جێگا پەیدا بکات. پێویستی ڕێکخراوبوون لە حزبێکی بەم شێوەیەدا حەیاتیە و ئەرکی کۆمۆنیستەکان و تەواوی کرێکارانی هوشیار و سۆشیالیستە ئەم پێداویستیە زامن بکەین. ئەمە تاکە ڕێگای بەردەممانە و جگە لەوەی هیچی ترمان لە پێش نیە. لانی کەمی تەجروبەیەک کە کرێکاران و جەماوەی بێبەش لە ماوەی ئەم ٢٤ ساڵەدا پێی گەیشتوون ئەوەیە کە ئەحزابە ڕەنگاوڕەنگەکانی بۆرژوازی نایانەوێ و کاریان ئەوە نیە ژیانی خەڵکی کوردستان بەرە و ئازادی و یەکسانی ببەن. هەربۆیەشە حزبایەتی کردنیان لەبەرچاوی خەڵک بردووە و تاڵ و ناشرینیان کردووە. لە کاتێکدا تاڵی و ناشرینیەکانی ژێر سایەی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد ئەبێ خەڵکی گەیاندبێ بەو ڕاستیەی کە بۆ بەدەستهێنانەوەی شیرینیەکانی ژیان بە ناچاری ئەبێ ڕێکخراوبوون و حزبایەتی کردن بە دەستەوە بگرین. حزبێک کە ئامرازی خەبات و تێکۆشان و ماندووبوونی ڕۆژانە بێت بۆ باشکردنی ژیان و بەرزکردنەوەی توانا و ووزەی چینی کرێکار و جەماوەری بێبەش بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی. حزبێک کە لەم پێناوەدا و لە خەباتیدا لە دژی هەلومەرجی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بتوانێ سوپایەکی فراوان لە جەماوەری بێبەش کە هەیە ئامادە و ڕێکبخات، ڕایانهێنێ و هوشیاریان بکاتەوە و سەرئەنجام ڕابەرییان بکات بۆ ئەو ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتیە.

## ئەنجامگیری:

هەروەک چۆن گەر لە برسیەک بپرسی کە چ شتێک لەو کاتەدا باش و خۆشە ئەڵێ خواردن، یان تینویەکی بیابان لەو کاتەدا ئەڵێ ئاو، ئاوهاش بۆ کرێکارانێکی برسی و هەژار کراو، بۆ جەماوەرێکی بێبەش کراو، بۆ مامۆستایان و کارمەندانی بێمافکراو لە هەر کاتێک زیاتر لە ئێستادا باشترین شت ئەبێ ڕێکخراوبوون بێت. لەگەڵ ئەوەشدا ڕێکخراوبوون و ڕێکخراوکردن لە هەموو سات و کاتێکدا هەر پێویستە. ڕاستە بە گوێرەی سەردەمی جیاواز ئەرک و مەهامی جیاواز ئەکەوێتە ئەستۆی هەر ڕێکخراوێک، بەڵام نابێ هیچ کاتێک دەستمان شل بێت لە هەوڵدان بۆ پێکهێنان و دروستکردنی ڕێکخراوی جەماوەری (و دیارە حزبیش بەهەمان شێوە) هەم بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەلومەرجی ناخۆش و کارەساتباری ئێستای کوردستان و هەم بۆ خۆ ئامادەکردنیش بۆ بنکۆڵکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد و گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن چینی کرێکارەوە. لەم پێناوە و لە ڕێڕەوی ئەم تێکۆشانەماندا وا پێویستە هەڵوێستەیەک لەسەر ئەم قسەیەی لینین بکەین کە ئەڵێ: "کارکردن بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی خەباتکارانە و بۆ بەدەستهێنانی ئاژیتاسیۆنی (تحریضی) سیاسی کارێکی زۆر گرنگ و پێویستە لە هەر هەلومەرجێکی ناخۆش یان خامۆشدا بێت وە لەهەر قۆناغێکدا کە بە "دابەزینی ورەی شۆڕشگێڕانە" ناسرابێ. بگرە لەوەش زیاتر ڕێک لە هەلومەرجێک و قۆناغێکی لەو چەشنەدایە کە کارێکی لەم بابەتە پێویستە چونکە لە

## پرشنگێك لە ئاسمانی تاریکیدا.. سەبارەت بە پێویستی ڕێکخراوبوون

سەردەمی هەڵچوون و تەقینەوەدا ئیتر کات زۆر درەنگ ئەبێ بۆ ئەو جۆرە ڕێکخراوە. ئەو ڕێکخراوە تێکۆشەرە ئەبێ ئامادەباش بێت بۆ دەستبەجێ دەستکردن بە چالاکیەکان'' لینین (لە کوێوە دەست پێ بکەین؟ ١٩٠١). گەر هەر ئێستا و لەم هەلومەرجەدا کە ناڕەزایەتیەکانی خەڵک (بە هەموو توێژەکانیەوە) گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی و تورەیی و بێزاری ئەوان لەو دەسەڵاتە لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە، کار نەکرێ بۆ دروستکردن و پێکهێنانی ڕێکخراوەکانی جەماوەر، کاری دواتر بۆ ئاڵوگۆڕکردن لەو دەسەڵات و کۆمەڵگایەدا بە قازانجی بژێوی خەڵک و ژیانێکی باشتر چەند بەرابەر قورستر و ئاڵۆزتر ئەبێ. وە لە ڕاستیشدا هەر ئێستا ئەم مەسەلەیە ڕووبەڕووی ئەم قورسی و ئاڵۆزیەیە و ئەرکێکی زیاتری خستۆتە سەر شانمان. بیرکردنەوە لەوەی بەسەر ئەم کۆسپانەدا زاڵ بین و هەنگاوەکانمان بە کردەوە دەست پێ بکەین لە ئێستا زیاتر دواکەوتن هەڵناگرێ. دەستدانە ئەم کارە وەک لینین ئەڵێ کارەکانی سبەینێشمان کە دێتە سەر گۆڕینی دەسەڵات بۆ ئاسانتر و باشتر ئەکات. بۆیە ئەبێ هەر ئێستا بڵێین ڕێکخراوبوون پێشمەرجی داهاتووە و دەست بە کارە پێویستیەکانی بکەین.

بە ووردبوونەوە لە هەلومەرجی ئێستا و ئەو مەسەلانەی لەسەرەوە باسمان کرد، هەر ئێستا و بە ناچاری ئەبێ دەستببرێ بۆ شێوازەکانی خۆڕێکخراوکردن وە لە ڕاستیدا ئێستا زەمینەی لەبار و گونجاوە بۆ دەستبردن بۆ ئەم کارە. لە جەرگەی ناڕەزایەتی و بوونی چەندین داخوازیدا بۆ ژیانێکی لەمەی ئێستا باشتر، لە سەردەمێکدا کە لە هەر کات زیاتر ئارەزوو بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی ئازاد و یەکسان لە دڵی هەمواندا بوونی هەیە، تەنها ئامرازێک کە لەو ئارەزووە نزیکمان بکاتەوە ڕێکخراوبوون و بەگەڕخستنی ئیرادەیە. ئەگەر نا ئەوە جەماوەر هەر ئەبێ بەم دەستبەستراویە تەسلیم بە ئەحزابی ڕەنگاوڕەنگی بۆرژوازی بێ.

بوونی ڕێکخراو وەیان ڕێکخراوبوون لە ئاستی جەماوەری و حزبیدا ڕۆڵێکی بەرچاو ئەبینێ لە پرۆسەی بردنە سەری هوشیاری چینی کرێکار و هاوکاتیش دەرهێنانی ئەم چینە لەژێر هەژمونی ئایدۆلۆژیا و ئەفکاری بۆرژوازی باوی سەردەمدا. کوردایەتی کە لە بارە کۆمەڵایەتیەکەیەوە ئاوێنەی ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیستیە، 'خۆمان'، 'خۆمان' ە و حکومەتی خۆمانە و ماڵی کورد و ئەو مەفاهیمانەی بۆرژوازی کورد بەکاریان ئەهێنێ بۆ لە خشتەبردنی جەماوەری بێبەش و وا نیشان دانە کە هەمووان سەر بە یەک خێزانین و ئەمەش ڕێئەگرێت لە تێگەیشتن و هوشیاری چینایەتی لەلایەن چینی کرێکار و جەماوەری بێبەشەوە و هەروەک ئێستاش ئەیبینین ڕێگرە لەبەردەم خەباتی جەماوەردا بۆ گەیشتن بە ژیانێکی باشتر.

ڕێکخراوبوون لە ئاستی جەماوەریدا (بەهەر شێوازێک کە گونجاوە و لە ئێستادا ئیمکانی بە عەمەلی کردنەوەی هەیە) و هاوکاتیش ڕێکخراوبوون لە حزبێکی کۆمۆنیستیدا، جەماوەری بێبەش لە محنەتی پەرت پەرت بوون و سەرگەردانی و نەبوونی ئاسۆی ڕزگاربوونی یەکجاری لە ستەم و چەوسانەوەی چینایەتی دەردێنێ و ساز و ئامادەیان ئەکات بۆ هێز و ئیرادە نواندن. ئەم کارە ئەتوانێ داخوازیە ڕۆژانەییەکانی لە چەشنی دانی کرێ و موچە و بگرە بەرزکردنەوەی پێ بە پێی گرانبوونی نرخی بازاڕ و دابینبوونی خزمەتگوزاریەکان و پێداویستیەکانی ژیانێکی سەردەم بە

دەستبهێنێت. هاوکاتیش جەماوەرێکی ئامادەتر لە خەباتدا بۆ ئامانجێکی دووتر زامن بکات. کۆمەڵگای کوردستان ئەوەندەی سەرچاوە و داهات تێدایە کە هەمووان بتوانن وەک یەک و یەکسان لە ژیانێکی خۆش و ئازاد بەهرەمەند بن. ئەمەش پێویستی بە سیستمێکی بەڕێوەبردنە کە هەمووان تیایدا کاربکەن و هەر کەس بە گوێرەی توانای خۆی لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا بەشدار بێت و و هەر کەس بە گوێرەی پێویستی خۆی لە بەرهەمی کۆمەڵگا بە دەست بهێنێت. بۆ بەدیهێنانی ئەم سیستمە کۆمەڵایەتیە جەماوەرێکی یەکگرتوو و ڕێکخراو پێویستە.

ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

## سەرچاوەکان:


١. کارڵ مارکس، هەژاری فەلسەفە، بەندی دوو، میتافیزیکی ئابوری سیاسی (ئینگلیزی): https:// www.marxists.org/archive/marx/works/١٨٤٧/poverty-philosophy/ch٠٢e.htm

٢. کارڵ مارکس، ووتە بۆ ئینتەرناسیۆنالی یەك (ئینگلیزی):https://www.marxists.org/archive/lenin/ works/١٩٠٢/sep/٠٠.htm

٣. کارڵ مارکس و فریدیرك ئەنگلس، مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست (ئینگلیزی):https://www.marxists.org/ archive/marx/works/download/pdf/Manifesto.pdf

٤. لینین، لە کوێوە دەست پێ بکەین؟ (ئینگلیزی):https://www.marxists.org/archive/lenin/ works/١٩٠١/may/٠٤.htm

٥. مەنسور حکمەت، ڕێکخراوە جەماوەریەکانی چینی کرێکار، گفتوگۆ لەگەڵ کۆمۆنیست (فارسی):http:// hekmat.public-archive.net/fa/٢٤٦٠fa.html

٦. مەنسور حکمەت، حزب و کۆمەڵگا. لە کتێبی هەڵبژاردەیەك لە نووسراوەکانی مەنسور حکمەت (ئامادەکردنی سالار ڕەشید)، بەرگی دووەم، لاپەڕەکانی ٤٣٥_٤٥٨)

٧. مەنسور حکمەت، بڕیارنامە دەربارەی ڕێکخراوە جەماوەریەکانی چینی کرێکار، شورا، کۆبوونەوەی گشتی، سەندیکا (فارسی): http://hekmat.public-archive.net/fa/٢٤٥٠fa.html

٨. مەنسور حکمەت، دەربارەی پرسە سەرەکیەکانی باسی شورا و سەندیکا (فارسی):-http://hekmat.public archive.net/fa/٢٤٣٠fa.html

٩. مەنسور حکمەت، لەبارەی ئەحزابی بۆرژوازیەوە (فارسی):http://hekmat.public-archive.net/ fa/١١٧٠fa.html

١٠. مەنسور حکمەت، دووبارە دەربارەی شورا (فارسی):http://hekmat.public-archive.net/ fa/٢٤٤٠fa.html

١١. نامەی مارکس بۆ بۆڵت: https://www.marxists.org/archive/marx/works/1871/letters/71_11_23.htm



خەسرەو سایە

# پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

## ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا

**(١)**

**دەروازەیەك بۆ چونە ناو باسەکەوە:**

لە بەرامبەر دەسەڵاتی ئەمڕۆی حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کوردستاندا، ئەوە هەر چینی کرێکارو کۆمۆنیستەکان نین کە نارازی و ڕەخنەگری ئەم دەسەڵاتەن، بەڵکو واقعیەتە چینایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان و لەئارادابوونی بزوتنەوە و ڕەوتی جۆراوجۆر کەهەریەکە لەبەرژەوەندی ئەم یان ئەو بەشی کۆمەڵگاوە لەدەسەڵاتی ئەمڕۆ دەڕوانێ، ڕیزێکی بەرین لە ڕەخنەگران و نارازیانی هێناوەتە مەیدانەوە. ڕۆشنبیرانێکی خۆشخەیاڵ بەدیموکراسی و لیبراڵیزەکردن و بەمۆدێرنەکردنی ناسیونالیزم و دەسەڵاتەکەی، تا دەستەو تاقمی ئیسلامی و ئەحزابی دەوروبەری دەسەڵات لەچەشنی زەحمەتکێشان و حزبی شیوعی کوردستان، تا بزوتنەوەی گۆڕان و میدیای ئەهلی و چالاکوانی کۆمەڵگای مەدەنی.. ئەمانە نمونەی ڕیزێکی بەرفراوان لە ڕەخنەگران و نارازیان دەخەنە پێشچاو. بەڵام بەجیا لە جیاوازی ئایدیۆلۆژی و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئامانجی سیاسی هەریەک لەمانە، هەموویان لەو خاڵەدا هاوبەشن، کە ڕەخنە و نارەزایەتیەکانیان لەسەر بنەمای "چاکسازی هەلومەرجی مەوجود" یانی "ئەزموونی دیموکراسی کوردستان" ڕاوەستاون و هیچ کامیان قاچی ڕەخنە و نارەزایەتیەکانی ناباتە دەرەوەی ئەو بازنە و چوارچێوە سیاسییەی کە حزبە بۆرژوا ناسیونالیستە سەرەکیەکانی نێو دەسەڵات کێشاویانە. بەم مانایەش ڕەخنەی ڕادیکالی چینایەتی و شۆرشگیرانە و تێپەرینی بنەرەتی لەهەلومەرجی ئێستا

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

بەیەکجاری کەوتۆتە سەرشانی چینی کرێکار و کۆمۆنیستەکان.
بزوتنەوەی گۆڕان و پێکهێنەرانی ئەم ڕەوتە کە پێشتر رۆلی سەرەکیان لەشکڵگرتن و هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی ئیستادا هەبووە، بەو تایبەتمەندیەوە لەوانی تر جیا دەبنەوە کە لە خانەوادەی ناسیونالیزمی دەسەڵاتەوە داکەوتووە و پێی ناوەتە مەوقعی ئۆپۆزسیۆنێکی ناڕازی و ڕەخنەگرەوە. ئەم شوێن گۆڕینەش بەناچار لەژێر کاریگەری ئاڵوگۆرە کۆمەڵایەتی و چینایەتی و سیاسیەکاندا هەمان ڕەوتی ناسیونالیزمی تەقلیدی دوێنێی بەبەرگی ئەمڕۆی ڕیفۆرمخوازیەوە بەرجەستەکردۆتەوە، تابتوانێ وەک حزبێکی "جیاواز" و باڵیکی تری بۆرژوازی کورد، هێڵی سنوری ڕواڵەتیانەی لەڕیزی حزبە بۆرژواناسیونالیستە تەقلیدیەکان بکێشێ. بێگومان ئامانجی سەرەکیش لەم سنورکێشانەدا خۆهەڵخستنیەتی لەبەردەم جوڵانەوەی جەماوەری وناڕازی کوردستاندا و ڕاکێشانیانە بۆ ژێر ئاڵای باڵێکی تری بۆرژوازی کە بە زمانی چاکسازی و دیموکراسی و"گۆڕان"ەوە دەدوێ، تا تەجروبەی دەسەلاتداریتی بۆرژوازی کورد، لە لێدانی شۆڕشگێڕانە بپارێزێ.
بەواتایەکیتر ئەم گۆڕانکاریە لەمەوقعیەتی باڵێکی ناسیونالیزمی کوردا، کەناوی "بزوتنەوەی گۆڕان"ی لەخۆی ناوە، وەزیفەی سەرەکی لەدوبارە بەرهەمهێنانەوەی ناسیونالیزمی کوردو پاراستنی دابەشبوونە چینایەتیەکان وهێشتنەوەی بنەماکانی بەرژەوەندی چینی بۆرژوازی ودەسەڵاتەکەیدا دەبینێتەوە. ئەویش لەڕێگای هەوڵدان بۆ تێپەرکردنی ناکامیەکان و قەیرانێکی حاکمەیەت کەیەخەی بەناسیونالیزم و حزبەکانی گرتووە، بەتایبەتی لە هەلومەرجێکدا کە سەرهەڵدانی ڕەوتێک لە نارەزایەتی کۆمەلایەتی بەدەسەلات و تەجروبەی حکومڕانی بۆرژوازی کورد، یەک واقعیەتی حاشاهەڵنەگرە.
بەلام ئەوەی کە بزوتنەوەی گۆران لەم وەزیفەیەیدا چ ڕیوایەتێکی چینایەتی لە واتای "گۆڕان" عەمەلی دەکاتەوە وتەنانەت ناوەڕۆکی چاکسازی وریفۆرمخوازیەکەی نوێنەرەوەی بەرژەوەندیەکانی چ چین و بەشێکی کۆمەڵگای لەخۆ گرتووە، و بۆ بەدیهێنانیان پشتی بە کام سترایژی سیاسی بەستووە، هاوکات لە ڕێگای کام چەمکی فکری و سیاسیەوە ئەم ڕیبازە و ئامانجەکانی تەبریردەکات، وەسەرەنجام ئایا ئەم ڕەوتە تاچەند شانسی ئەوەی هەیە وەک ڕەوتێکی بەدیل مەقبولەیەتی خۆی لە ئاست بەشەکانی بۆرژوازی کورد و کۆمەلگادا جێبخات؟.. ئەمانە سەرەکیترینی ئەو لایەنانەن کە پێویستە هەر ڕەخنەگرێک لەم ڕەوتە لەپێشدا لەسەریان ڕاوەستێ، تابتوانێ لەهەنگاوەکانی دواتردا، وردەکاری بانگەشە و هەڵویستە سیاسیەکانی ڕۆژانەی لێکبداتەوە.

بێگومان ئامانجی ئێمە لەم هەنگاوەدا، ناساندنی ماهیەتی چینایەتی و کارکردە سیاسی و عەمەلیەکانی بزوتنەوەی گۆڕانە وەک دوایین مۆدێل لەئەحزابی ناسیونالیست، کە بزوتنەوەی کوردایەتی بەرهەمی هێناوە. بەتایبەتیش کە هێنانە مەیدانی جوڵانەوەیەکی سیاسی سەربەخۆی چینایەتی و شۆڕشگێرانە، لەپێشەوە بە پێویست ڕزگارکردنی خەبات و جوڵانەوەی نارەزایەتی جەماوەری کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازان، لە ئاسۆ و سیاسەت و هەڵوێستێک کە ئەم

مۆدێلە لە ناسیونالیزم لەبەرەی ئۆپۆزسیۆنەوە، نوینەرایەتی دەکات، بەر لەهەر لایەنێکیتر لە ئێمە دەخوازێ. ئاسۆ و سیاسەتێک کە وەهمی "چاکسازی"، "گۆڕان" و ڕیفۆرمەکردنی دەسەلات و سیستەمی ئێستای وەک زنجیرێک لە دەستو قاچی خەلکی کوردستان ئالاندووە و توانای هەنگاونانی شۆڕشگێرانەو پێکهێنانی ئالوگۆڕێکی ڕیشەییو چینایەتی لێبڕیون. بەواتایەکی تر خەبات بۆ بەدەستهێنانی ئازادیو باش بژێوی تا کۆتایهێنان بە دەسەلاتی چینی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی و دامەزراندنی کۆمەلگایەکی ئازاد و یەکسان و خۆشگوزەران، بەبێ ناکام کردنەوە و کەنارخستنی ڕەوتی ناسیونال بۆرژوا ڕیفۆرمیستی کە بە زمانی "چاکسازی و گۆڕان"خوازیەوە دەدوێ، هاوکات بەبێ ڕزگاربوونی ڕابەرانی بزوتنەوەی کرێکاری و ژنان و لاوان و زەحمەتکێشان لە وەهمەکانی ئەم بالەی بۆرژوازی، لەتوانادا نییە نارەزایەتیە جەماوەریەکان هەنگاوێک بەرەو جولانەوەیەکی سیاسی شۆڕشگێرانەی چینایەتی هەلگرێت.

دیارە ڕەخنەگرتن لە بزوتنەوەی گۆڕان بەپێی ئەدەبیاتێکی سیاسی کە هەیەتی، هەروەها بەپێی ئاراستە سیاسیەکانی کە لە ماوەی سەرهەلدانیەوە تا ئێستا لە زمانی سەرکردەکانیەوە و بەکردەوە نیشانی داوە، بەدلنیایەوە لایەنی زیاتر لەباسەکەی ئێمە دەگرێتەخۆی، بەلام ئێمە لەم فرسەتەدا بەمەبەستی دەرخستنی ماهیەتی بۆرژوازیانەی ئەم ڕەوتە و بۆئەوەی ڕەخنەکانمان بناغەیی تر وموستەدلتر بێت بەپێویستمان زانیوە بەتایبەتی لەسەر بەرنامەی سیاسی پەسەندکراوی کۆنگرەی یەکەمی بزوتنەوەی گۆڕان، وەک ئەوەی بەلگەنامەیەکی ڕەسمیە، ڕاوەستین و ڕەخنە و جەدەلی هەمەلایەنەتر لەسەر ئەم بزوتنەوەیە و وردەکاریەکانی بە فرسەتێکیتر دەسپێرین. هەر لەمبارەشەوە ئەوە بەخوێنەران ڕادەگەیەنین کەبەشەکانی ئەم ڕەخنەیە هەنگاو بەهەنگاو لەسەر تەوەرە سەرەکیەکانی پرۆگرامێکی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان ڕادەوەستێ و لەژمارەکانی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستیدا بلاودەکرێنەوە.

بەلام سەرەتا بەباشی دەزانین کە ئاوڕێکی خێرا لە پرۆسەی شکلگرتنی بزوتنەوەی گۆڕان و ئەو چوارچێوە سیاسیو کۆمەلایەتیە بدەینەوە، کەتیایدا سەری هەلداوە.

## شکلگرتنی بزوتنەوەی گۆڕان وسەرهەلدانی ڕەوتی چاکسازی:

شکستی نەوشیروان مستەفا لە هەلبژرادنە نێوخویەکانی (هەلبژاردنی مەلبەندەکان) یەکیتی نیشتمانی کوردستاندا، سەرەنجام ئەوی بێئومێد کرد و گەیاندیە وازهێنان لە ڕیزەکانی ئەم حزبە. بەلام ئەم بێئومێدی و شکستە تەنها دابڕانێکی فەردی و ڕێکخراوەیی ئەو نەبوو، بەلکە شکست و دەستهەلگرتنێکی یەکجاری بوو لەستراتیژی "گۆڕان لەدەرونی حزبەوە" * ، کە سالانێکی زۆر ئومیدی ئەو و هاوبیرانی تری لە سەرکردایەتی و ڕیزەکانی ئەم حزبەی لەسەر هەلچنرابوو. بەلام بەدوای وازهێنان و پێکهێنانی کۆمپانیای وشە، بەشداریکردن بە لیستێکی سەربەخۆ لە هەلبژرادنەکانی سالی ٢٠٠٩ی کوردستاندا، دەستی ئەوی ئاوەلاکرد تا ئەم لیستە بەرەو

بەدوای وازهێنانی نەوشیروان مستەفا لەیەکێتی و پێکهێنانی کۆمپانیای ووشە لە نامیلکەیەکدا بەناوی "ئێمە و ئەوان، ناکۆکیەکانمان لەسەر چیە" پرسیاری "گۆڕان لەکوێوە دەبێت" دەخاتە بەرباسەوە. یەکێک لەوتارەکانی ئەم نامیلکەیە بەناوی"دوای ئەم هەموو ڕەخنەیە ئینجا چی؟"، ئاماژە بۆ سیناریۆکانی، وازهێنان، بێدەنگی، چاکسازی، هەولی گۆرین.. دەکا. هەرلەوێدا ئەو بێدەنگی و وازهێنان ڕەت دەکاتەوە و

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

قەوارەیەکی سیاسی بەرێ و لە پەیوەند بەکایەی هەڵبژاردنەکانی دواتر و بەشداری لە"خەباتی پەرلەمانی"دا، سەری لە"حزبێکی جیاواز" بەناوی بزوتنەوەی گۆڕانەوە، دەرهێنا و تەنانەت توانی وەک هێزێکی سەرەکی، "بەرەی ئۆپۆزسیۆن"، هاوشان لەگەڵ دو حزبی ئیسلامیدا، بەرامبەر بەدەسەڵاتی هاوبەشی پارتیو یەکێتی جێگا بگرێ. سەرەنجام کۆنگرەی یەکەمی بزوتنەوەی گۆڕان و پەسەندکردنی پرۆگرام وپەیرەوی ناوخۆ، کەلەساڵی ٢٠١٣ دا بەسترا، دوایین هەوڵەکانی نەوشیروان مستەفای بەدامەزراندنی حزبێکی تر گەیاند.

ئەم پرۆسەیە ئەگەرچی لە شێوەیەکی کورتدا، رێچکەی شکڵگرتنی رێکخراوەیی و حزبی ئەم رەوتە دەخاتەڕوو، بەڵام لەهەمان کاتدا بەمانای سەرهەڵدانی "مۆدێلێکی تازە و جیاوازە" لە ناسیونالیزم کە لە نێو خێزانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، بەستراتیژی چاکسازی وریفۆرمخوازانەوە و لەپەیوەند بەئاڵوگۆڕە ئابوری و کۆمەڵایەتی و چینایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستانەوە و لە کەشوهەوای سیاسی کوردستان و ناوچەکەدا، گەرەکیەتی وەک ئاڵتەرناتیڤێک دەور بگێڕێ. بەپێچەوانەی ئیدعاکانی سەرانی بزوتنەوەی گۆڕانەوە سەبارەت بە"دابران و تجاوزاکردن"ی ئەحزابی ئایدیۆلۆژی وتەقلیدی بزوتنەوەی کوردایەتی باو، پرۆسەی شکڵگرتنی ئەم بزوتنەوەیە وەک "حزبێکی تر" نەمێژویەکی جیاواز و نە دورکەوتنەوەیە لەو پایە چینایەتی و سیاسی و بەرژەوەندیانەی کە بۆرژوازی کورد و حزبەکانی لە ڕابردو ئێستادا لەسەری دامەزراون، تەنانەت لە ڕوانگەی سیاسیەوە ئەم ڕەوتە هاوبەشیەکی بنەڕەتی هەیە لەگەڵ ئەو چوارچێوە و مەفروزاتە سیاسیانەدا کە ناسیونالیزمی کورد پابەندە پێیی، بەڵکو درێژکردنەوەی هەمان مێژووی سیاسی وحزبایەتی و دوبارەکردنەوەی هەمان ناوەڕۆکی چینایەتیە، کە بۆرژوازی کورد دوای بەدەسەڵات گەیشتنی بۆ چەندین ساڵە ژیانی خەڵکی کوردستانی پێ لەقاڵبداوە.

بەواتایەکیتر ئەگەرچی لەرێچکەی شکڵگرتنی بزوتنەوەی گۆڕاندا، لەبارەی ڕیکخراوەییەوە، بە حزبێکی تر گەیشتبێ، تەنانەت ئەگەر لەشیوازی دەربڕین و بانگەشە و گوتار و تەقلیدەکانی کارکردنەوە لەهەر حزبێکی تری ناسیونالیزم جیاوازی هەبێ، (کەهەیەتی) بەڵام لەجەوهەردا درێژکراوەی هەمان مێژوو، وە لە چوارچێوەی هەمان بەرژەوەندی و مەسەلە و سیاسەتدایە کە حزبە ناسیونالیستەکانی تر لەمەڕ مەسەلەی کورد، ساڵەهای ساڵە، وەک بزوتنەوە و ئەحزابی چینە داراکانی کوردستان کێشاویانە و دۆخی سیاسی و زهنیەتی کۆمەڵگای کوردستانیان لەسەر ڕەنگڕێژ کردووە. بۆ بزوتنەوەی گۆڕان نە مەسەلەی کرێکارن، نە ژنان، نە ئازادیەکان، نە باشبژیوی هاوڵاتیان، .. بابەت و مەسەلەی سەرەکی و بنەما نییە، بەڵکو وەک هەر حزبێکی تری

*/ لەسەر سیناریۆی "گۆڕان و چاکسازی" رادەوەستێ. بەڵام دواتر پرسیاری ئەوەی کەچاکسازی وگۆڕان لەکوێوە دەبێت؟ بەکراوەیی دەهێڵیتەوە، تاکاتی هەلبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٩ی پەرلەمانی کوردستان وبەشداریکردنی بە لیستێکی سەربەخۆ بەناوی گۆڕانەوە. لەمەبەدوا ئیتر ئەوە روندەبیتەوە کە وەڵامی نەوشیروان مستەفا بەم پرسیارە، گۆڕانە لە ڕیگای پەرلەمان و پێشکەشکردنی پرۆژەکانی چاکسازیەوە.. بەڵام دیارە هەموو ئەم ڕەوەندە بەدوای ئەنجامگرتنی ئەودا دێت لەشکستێک کە لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکانی ناویەکیەتیدا توشی بوو. بەتایبەتی کەپێی وابوو لەم هەلبژاردنانەدا نفوزی زیاتری حزبی ڕێگا بۆچاکسازی یەکیەتی و لەویشەوە چاکسازی بۆحکومەت بەدیدێنێ. هەربۆیە لەم بارەوە نویسویەتی:

مادام گۆڕین لەناو حزبەوە ناکرێ و مادام حزب خۆی بۆتە ڕێگری گۆڕین و مادام حزب ئامانج نییە کەواتە ئەبێ بەدوای گۆڕیندا بگەڕێین لەدەرەوەی حزب" — لاپەرە ٨٧

ناسیونالیست، خاک و نیشتمان و نەتەوە و تەجروبەکەی، یانی مەسەلەی کورد لە کوردستانی عێراق، ئەزموونی حوکمڕانی و چۆنیەتی پاراستنی ئەم ئەزموونە، مەسەلەی بنەماو سەنتەرە. تەنانەت هەر مەسەلەیەکی تر کە لە دەرەوەی ئەم بنەما و سەنتەرە دێتە ئاراوە و ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەماف و ئازادی و بژێوی هاولاتیانەوە هەبێت، بزوتنەوەی گۆڕان وەک هەرحزبێکی تری ناسیونالیست، لەکەنار ئەم بنمایەوە و بۆخزمەت پێکردنی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

ماتریاڵی ئینسانی کە لە پێکهاتنی هەر حزبێکی سیاسیدا مەرجێکی بڕیاردەرە، بزوتنەوەی گۆڕان ئەم مەرجەی، لەجولانەوەیەکی جیاواز لەوەی کەبزوتنەوەی کوردایەتی بەرهەمی هێناوە، بەدەست نەهێناوە، واتە کادر و کەسایەتی و پێکهێنەرە سەرەتاییەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، ماتریالێک نین کە لە نێو جولانەوەی داکۆکی لە ئازادی و مافە فەردی و مەدەنیەکان، لە جولانەوەی ژنان، لە خەبات بۆ باشبژیوی و دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە هاتبن، تەنانەت ماتریاڵێک نین کە لە جەرگەی خەبات بۆ جیابوونەوەی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆوە سەریان دەرهێنابێت، لەکاتێکدا ئەم بزوتنەوانە بەشێک لە مێژووی کوردستانیان داگیرکردووە و لەپێش سەرهەڵدانی بزوتنەوەی گۆڕاندا ئامادەییان هەیە، بەڵکو ماتریاڵی ئینسانی بزوتنەوەی گۆڕان هەر لە سەرەتاوە لە ژینگەی ناوخۆیی یەکێتی نیشتمانیدا و بە وازهێنانی ژمارەیەکی پێویست لە کادر و سەرکردە و ئەندام بەدەست هات، بەبێ ئەوەی ئەم ماتریاڵە بەکوترین پرۆسەی دابڕانی فکری لە حزبی دایکدا تێپەڕێت. لەم بارەوە تەنها دروشمی "جیاکردنەوەی حزب لە حکومەت" و "بە موئەسەسات کردنی سیستەم" و دەستەواژەی "چاکسازی" بەس بوو بۆ ڕاکێشانی تەوژمی وازهێنانەکان لەیەکێتی تا ماتریالە سەرەتاییەکانی حزبێکیتر ئامادەبێ.

بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەتەنها بە دابڕانی ڕێکخراوەیی ژمارەیەک کەس بتوانرێ، حزبێکی جیاواز لەنمونەی گۆڕان بەبێ ئامادەگی لەپێشتری ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی لەخۆیەوە سەربگرێ. ڕەوتێک کە وەڵامدانەوە بە ناتەواویەکانی"پرۆسەی دیموکراسی" و پەرلەمان و سیستەمی حکومرانی، کردۆتە ئەرکی خۆی و لە فەزای باڵادەستی سیاسی و زهنیەتی ناسیونالیزم بەسەر کۆمەڵگادا، داوای چاکسازی کردۆتە دروشم و ئامانجی ئەو بەشە لە چینی بۆرژوازی و خاوەن کۆمپانیا و دەوڵەمەندانێکی مامناوەند، کە لەبەرامبەر قۆرغ کردنی کایەکانی ئابوری و بازاڕدا، لەلایەن ئەحزابی دەسەڵاتدارەوە، نیگەران و ناڕازین. کەوایە زەمینەکانی ئەم ڕەوتە لەکوێ وە سەرچاوەی گرتووە؟

حزوری سیاسی و سەربازی ئەمریکا و دواتریش ڕوخانی حکومەتی بەعس، ئاڵوگۆڕێکی گەورەی سیاسی و ئابوری لە ناوخۆی کوردستان و لە ئاست ناوچەکەدا پێکهێنا. لەم پەیوەندەشدا، جێگاوڕێگای ناسیونالیزمی کورد چ وەک ئەحزاب و بزوتنەوە و چ وەک سیستەمێکی دەسەڵاتداریتی، گۆڕانی بەسەرداهات. بە ڕوخانی ڕژێمی بەعس ستەمی نەتەوایەتی لەسەر خەڵکی کوردستان هەڵگیراو بۆرژوازی کورد بەئامانجی خۆی لەشەراکەتی دەسەڵات و وەرگرتنی بودجە لە عێراق و لە کۆنترۆڵکردنی بازاڕی ناوخۆی کوردستان گەیشت. ڕۆچوونی کۆمەڵگای کوردستان بەرەو دەورەیەک لە گەشەی ئابوری و بوژانەوەی بازاڕ و دەرهێنان و ناردنەدەرەوەی نەوت و

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ڕوتێکردنی سەرمایە، بورای بۆ سەرهەڵدانی زنجیرەیەک لەکۆمپانیای بچوک و گەورە و پرۆژەی ئابوری و بازرگانی، کردەوە تا قۆناغی تەواوکردنی ژێرخانی ئابوری بەدروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون، ڕێگاوبان، پرد و چەندین کارەگەی جۆراوجۆر و بواری خزمەتگوزاری گەیاند. بۆرژوازی و سەرمایەداری کورد، کە بۆ یەکەمجار دەورەی بوژانەوەی بازاڕ و ئابوری، بە بەدەستهێنانی بەلێشاوی سەرمایە و دەوڵەمەندبونی لەڕادەبەدەر، لە کەشو هەوایەکی نسبەتەن ئارامدا، تەجروبە دەکرد، بەڵام هێشتا بە نیگەرانیەوە لە سیستەمی دەسەڵاتداریتی داسەپاو دەیڕوانی. دەسەڵاتێک کەحوکمی ئەحزابی میلیشیای بازاڕی کارو سەرمایەی بەدرێژایی دوو دەیە لەگێژاوی سیاسی ونەبونی ئارامی ماوەدرێژ، لەبەردەم سەرمایەکاندا و هاوکات نەبوونی یاساو پێکهاتەی کارگێڕی بۆ زامن کردنی سیستەمێکی هاوسەنگی بازارو وەبەرخستنی هێزی کار لەئابوریدا بەدی دەکرد. سیستەمێک کەبەکردەوە نوێنەرایەتی بەشەکانی چینی بۆرژوازی و سەرمایەداران زامن بکا و دڵنیایی قانونی و یەکگرتوویی سیاسی لە ئاست حوکم و دەسەڵاتدا دەستەبەربکات. هەموو ئەم نیگەرانیانە بەپێویست ڕوانگەی چاکسازیو ڕیفۆرمەکردنی ئەم دەسەڵاتەی کردبوە خەونێک بۆ گەیشتن بە کوردستانێکی لیبراڵ و دیموکراسی. ئەمە لەکاتێکدا کە گەورەبوونەوەی شارەکان و دەرکەوتنی قەڵشت و جیاوازیەکی ئاشکرای چینایەتی، لەلایەک ناسنامەی ناسیونالیزمی کورد و حزبە تەقلیدیەکانی وەک جوڵانەوەیەکی ئەنتی ڕژێم، کەڕێبازی چەکداری بۆ یەکلا خستنی مەسەلەی کورد و بەشداری کردن لە دەوڵەتی مەرکەزیدا، خستبووە ژێر پرسیارەوە و تادەهات کارایی خۆی لە هەڵخراندنی خەڵکدا لەدەستدا. لەلایەکیتریشەوە بنبەستی دەسەڵات و سیستەمێک کەئەم جوڵانەوەیەو حزبەکانی دایانمەزراندبوو لە وەڵامدانەوە بە ئازادیەکان و ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیان، بەپێویست نارەزایەتیەکی بەرینی کۆمەڵایەتی، کە خۆی لە جوڵانەوە و ناڕەزایەتی لاوان و ژنان و کرێکاران و زەحمەتکێشان و ئازادیخوازندا، دەنواند، هێنابوە مەیدانەوە.

بێگومان لە دۆخێکی ئاوادا ناڕەزایەتی ئەو بەشە لە چینی بۆرژوازی کە لەبەرامبەر کۆنترۆڵکردنی جومگەکانی بازاڕ و ئابوری و ڕۆڵی میلیشیا و بێنەزمی و فەوزای قانونی و ئیداریدا، ئەو بنەما کۆمەڵایەتیەی بۆ خواستی چاکسازی لە ڕیزەکانی چینی بۆرژوازی کوردا هێنایەکایەوە و هاوکاتیش ئامانجی لیبرالیزەکردنی ناسیونالیزم و ڕیفۆرمکردنی دەسەڵاتەکەی چ وەک فکر و چ وەک سیاسەت لەنێو ڕیزێکی بەرین لە سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران و دەزگای ڕاگەیاندن وئاکتڤیستی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا، وەک لایەنگر لەڕەوتی چاکسازی، لەژێرچەتری دیموکراسیو پەرلەمانتاریزمدا کۆکردەوە.

بە واتایەکی تر سەرهەڵدانی ڕەوتی چاکسازی و ڕیفۆرمەکردنی بۆرژوازیانەی هەلومەرجی ئێستا، وەک وەڵامێک بۆ ئارایشتدانەوەی تازەی دەسەڵات و ڕیزبەندی ئەحزابەکان و سەرەنجام پاراستنی دەسەڵات لە هەر پەلامارێکی شۆڕشگێرانە لەلایەن خەڵکەوە، ڕوانگەی ئەم ڕەوتەبوو کە دواتر لەئاستێکی ڕیکخراوەییدا لەبزوتنەوەی گۆڕاندا خۆی بەرجەستەکردەوە. بەتایبەتی لە فەزایەکی فکری و سیاسی و سەرهەڵدانی نەریتێکی تازەدا، کە لایەنگرانی دیموکراسی و پەرلەمانتاریزم

پەرەیان پێدابوو. لەپەیوەند بەم واقعیەتانەوەیە کە نەوشیروان مستەفا و هاوەڵەکانی توانیان لە کورتماوەدا و بەبێ تێپەڕکردنی دابڕانێکی فکری لە یەکێتی هەڵببڕێن و سەر لە حزبێکی تازەدا دەربهێنن. بەتایبەتی کە ئەو دەیزانی ناتوانێ بەئیدعا و بۆچون و باوەڕە تەقلیدیەکانی حزبی دایکەوە و تەنها لە ڕێگای دابەشبونێکی حزبیەوە سەر لە حزبێکی تازەوە دەربهێنێ. مەگەر ئەوەی کە لەسەر بنەما کۆمەڵایەتیەکەی ڕەوتی چاکسازی ڕاوەستێ و خۆی بەو فەزا فکری ماتریاڵەوە گرێداتەوە کە پاساوێک بوو بۆئەم ڕەوتە. بەم جۆرە بزوتنەوەی گۆڕان بەخێرایی وەک حزبێکی تازە دەرکەوت. حزبێک کە لە ڕێگای کۆکردنەوەی دەنگ و مونافەسەی هەڵبژاردن و پەرلەمانیەوە، ستراتیژی "چاکسازی لە سیستەم"دا بکاتە ڕەنگو بۆیەکی تازە و جیاواز لە حزبە تەقلیدەیکانی تر، کە هەم مەقبولیەتیان لەئاست کۆمەلگادا کەوتبوە ژێر پرسیارەوە و هەم ناڕەزایەتیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی یەخەی پێگرتبوون.

هەر لەمبارەوە نابێ ئەو ڕاستیەش فەرامۆش بکەین کە بوونی ئەمریکا لە ناوچەکە تەنها ئامادەییەکی سەربازی و سیاسی نەبوو بۆ داڕشتنەوەی دەوڵەت و یەکخستنی هێز و لایەنەکان لەژێر پەرچەمی دیموکراسی و دابەشکردنی دەسەلات بەسەر نەتەوە و دەستە ئاینی و ئەتنیکیەکاندا، بەڵکو لەگەڵ خۆشیدا کۆمەڵگای کوردستانی بەڕووی کرانەوەیەک بۆ هاتنە ناوەوە و پەرەسەندنی بیروباوەڕی لیبراڵی و پیرۆزیەکانی دیموکراسی دانا و فەزای فکری و زەینی بۆ جێکەوتنی باوەرەکانی ئاشتی خوازی چینایەتی و وەلانانی توندوتیژی و مافی مرۆڤ وچاوتیبڕین بۆ پەرلەمان و یاسا ..کردەوە. هاوکات ڕێگاش کرایەوە بۆ سەرهەڵدانی ڕیکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و گروپەکانی فشار و کەمپینی پەرلمانتاریستەکان، ڕاگەیاندن و میدیای ئەهلی.. هەموو ئەمانە وەک مەیدانێکی فکری و هوشیاریەکی پێچەوانە، دەستی ڕیزێکی فراوانی لە ڕۆشنبیران و نوسەران و میدایاکاران و ئاکتڤیست ڕاکێشا تا واقعیەتە چینایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان ئاوەژوو بکەنەوە و "کوردبوون و دیمکراسی"، "چاکسازی و ئاشتەوایی" لەپاڵ نەتەوەچێتی و نیشتمان پەروەریدا وەک فکر وئایدیۆلۆژیایەک بۆ  پاساوهێنانەوە بۆ سیاسەت و ستراتیژی ڕیفۆرمخوازیانەی دەسەڵاتی مەجود ولیبرالیزەکردنی بەدەستەوەبگرن. لەم  نێوەدا نوسەران و ڕۆشنبیرانێک کە ئاگاهانە بە بانگەشەکردن بۆ"دیموکراسی کوردستان و پەرلەمانەکەی" ئینکاری دابەشبونە چینایەتیەکانی کۆمەڵگایان کرد و"جیهانبینی گۆڕان وخەونێک بۆ داهاتو" یان نەک هەرکردە پاشخانێکی فکری و ئاسۆیەک بۆ چاکسازی کردنی دەسەڵاتێک کە ڕووبەڕوی ناڕەزایەتی فراوانی خەڵک ببوەوە، بەڵکو بەجورێک لە جۆرەکان بەرەو لایەنگری لەحزبی تازە هەنگاویان نا. نەوشیروان مستەفا بەڕەنگ کردنی ناسیونالیزمەکەی بەم باوەڕانە هێلی جیاوازی خۆی لەگەڵ ئەوانیتردا کێشا و لەسەر زەمینەی ئەم واقعیەتە کۆمەڵایەتی و سیاسیانە توانی، بزوتنەوەی گۆڕان وەک حزبێکی جیاواز و بەستراتیژی چاکسازیەوە لەبەرامبەر دەسەلات و ناڕەزایەتی خەڵکدا بگەیەنی. حزبێک کە لە ناوەڕۆکدا ناسیونال بۆرژوازیەو خۆی لەبەرگی چاکسازیەوە ئالاندووە.

بەلام بۆئەوەی ڕۆشنتر ماهیەتی چینایەتیو ئامانجەکانی ئەم حزبە تازەیە دەربخەین باشترە لەسەر خودی پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان  خۆی ڕاوەستین.

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

بۆ بەرچاورِوونی خوێنەریش ئاماژە بەوە دەکەین کە بەشەکانی پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان * هەروەک نوسراوە، لەسەرسێ ئاستدا، ئامانجە گۆڕانخوازیەکانی خۆی دەستەبەندی کردووە: یەکەمیان لەسەر ئاستی عێراق و دووەمیان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و سێهەمەیش لەسەرئاستی پارێزگاکان، کە دیارە بۆ هەر بەشە چەند تەوەرێک ڕیزکراوە و بۆ هەر تەوەرەیەکیش چەند خاڵێک خراوەتە ڕوو کە بەتێکرا، ناوەڕۆک و لایەنەکانی ئەو گورانکاریە ئاشکرادەکەن کە بزوتنەوەی گۆڕان وەک "حزبێکی سیاسی تازە و جیاواز" لەچاو حزبە تەقلیدیەکانی ناسیونالیزمی کوردا، دەناسێنێ و بڕیاریشە بەپێی ئەم پرۆگرامە چاکسازی لە داهاتووی ژیانی هاوڵاتیانی کوردستاندا بەدی بهێنێ.

ئەم بەشەی باسەکەی ئێمە تایبەت دەبێ بەخاڵی یەکەمی پرۆگرام کەلەژێر ناوی "لەسەر ئاستی عێراق"دا هاتووە.

## پەیوەندیەکانی هەرێم وبەغدا.. کێشە لەسەرچیە؟

بزوتنەوەی گوران لەپرۆگرامە سیاسیەکەیدا، لەسەر ئاستی عێراق، پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدا، لەسێ تەوەردا دینێتە ئاراوە وگەرەکیەتی بەهۆیانەوە هەم چاکسازی بنەڕەتی سیاسی بکا و هەم هێڵی جیاوازی خۆشی لەگەڵ حزبەکانی تردا بکێشێ. لێرەدا بۆ نیشاندانی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەم چاکسازیانە و ئەم جیاوازیانە لەسەر هەریەک لەتەوەرەکان رادەوەستین. سەرەتاش لەتەوەری یەکەمەوە دەست پێدەکەین کەلەژێر تایتلێ "بەنیشتمانیکردنی پەیوەندیی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ"دایە:

یەکەم: لەپێشەکی تەوەرەکەدا، پرۆگرام باس لە "قەیرانی نوینەرایەتی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق" دەکا و دەڵێت:

"قەیرانی نوێنەرایەتیکردنی گەلی کوردستان لەسەر ئاستی عێراق یەکێک بوە لەو قەیرانە ئاڵۆزانەی، کە لە دروستبونی دەوڵەتی نوێی عێراقەوە تا ئەمڕۆ، هەڕەشەی لە قەوارەی کوردستانی باشور و بەرهەمی شۆڕش و قوربانیەکانی گەلی کوردستان کردوە. زۆرجار ئەوەی گەلەکەمان بە شۆڕش و قوربانیدان بەدەستی هێناوە، لەسەر مێزی دانوستان، یان لە پەیوەندی ژێربەژێر و نارۆشنی سەرکردە و شاندە کوردیەکان لەگەڵ حکومەتە یەک لەدوا یەکەکانی بەغدا، لەدەستچوە یان سازشی لەسەر کراوە. بەر لە راپەڕینی ئاداری ١٩٩١، بەهۆی نەبونی ، سەرکردایەتی حیزبەکانی شاخ، لەسەر بنەمای شەرعیەتی شۆڕشگێڕیی، ئەو نوێنەرایەتیەیان لە بەرژەوەندی خۆیان، وەک حیزبی پێشڕەو، بەکاردەهێنا. دوای راپەڕینیش، سەرباری دامەزراندنی کۆمەڵێک دامودەزگای بان حیزبی، وەک پارلەمان، ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێم، کەچی باڵادەستیی حیزب، بەتایبەتی ئەو حیزبانەی کە لە شۆڕشەوە هاتبون، وەک خۆی

*/ بۆ خوێندنەوەی تەواوی پرۆگرامەکە تکایە بگەڕێرەوە بۆ ئەم لینەکەی خوارەوە:

http://www.gorran.net/Detail.aspx?id=2605&LinkID=114

مایەوە، بەجۆرێک دامەزراوە نیشتمانیەکان بونە پاشکۆی دو حیزبە دەسەلاتدارەکەی هەرێم، قەیرانی رەوایەتی نوێنەرایەتی نیشتمانیش وەک خۆی مایەوە." (هێڵی تەئکید هی ئێمەیە)

ئەم دوو پەرەگرافە تێپەرئاسا ئاماژە بە دوو قۆناغ دەکات کە "نوێنەرایەتی گەلی کوردستان"ی تیا کراوە. قۆناغی یەکەمی نوێنەرایەتیکردنە، ئاماژە بۆ ئەو دانوسان و"مفاوەزاتانە" دەکات کە لەنێوان "سەرکردە و شاندە کوردیەکان" و ڕژێمەکانی عێراقدا بەڕیوەچون و بەهۆی ئەوەشەوە کە "کورد خاوەنی دامودەزگای هەڵبژێردراوی خاوەن ڕەوایەتی یاسایی" نەبووە، "بنەمای شەرعیەتی شۆرشگێری" لەشاخەوە ئەم نوێنەرایەتیەی بە لەدەستدان و سازش گەیاندووە. بەمجۆرەش "قەوارەی کوردستانی باشور و بەرهەمی شورش و قوربانیدانەکانی گەلی کوردستان" کەتۆتەبەردەم مەترسیەوە!!. وە لەقۆناغی دوەمدا کە لەدوای راپەرینەوە دەستپێدەکات "کورد بۆتە خاوەنی دامەزراوەی نیشتیمانی"، لەوانە پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەریم. بەڵام بەهۆی باڵادەستی حزبەوە ئەم دامەزراوە نیشتمانیانە بونەتە پاشکۆی حزب وڕەوایەتی نوێنەرایەتی نیشتمانیش وەک پێشوو لە قەیراندا ماوەتەوە!!

تەواوی ئەم دەربڕینانە هەمان ڕوانگەی باوی بۆرژوازی کورد، لەمەڕ "نوینەرایەتی گەلی کوردستان" ومفاوەزاتەکانی نێوان ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لەگەڵ ڕژێمەکانی عێراقدا دوپات دەکاتەوە، کە لە بنەرەتەوە لەسەر بنەمای ئاوەژووکردنەوەی واقعیەتەکانی کۆمەڵگای کوردستان و لەئارادا بوونی بەرژەوەندی جیاوازی چینەکان و ئەو بزوتنەوانەی کەنوێنەرایەتیان دەکات، ڕاوەستاوە. ناسیونالیسزمی کورد وجوڵانەوەی کوردایەتی و حزبەکانی کەنوینەری ڕوانگە و ئامانجەکانی بۆرژوازی کوردبوون، لە ڕابردوودا لە فەزای سیاسی جیهانی و ناوچەیی ئەوکاتدا، وەک جوڵانەوەیەکی چەکداری لەشاخەوە کەوتونەتە بەرامبەر بە ڕژێمی عیراقەوە، تالەم ڕێگایەوە بەئامانجی شەراکەت لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزیدا بگەن و لە چوارچێوەی ئەم بەشداربوونە سیاسیەدا، باڵادەستی خۆیان بەسەر بازاڕی کار و سەرمایە لە کوردستاندا مسۆگەر بکەن و لە فۆرمی حکومەت و سیستەمێکی فەرمانڕەواییدا، قەوارەی پێبدەن، بەجۆرێک کە ئەم فۆرمەی شەراکەت و دەسەلات گونجاو و هاوتا بێت لەگەڵ هاوسەنگی هێزە جیهانی وناوچەیەکان. بازنەی "جەنگ، مفاوەزات، جەنگ" ستراتیژی شەڕی چەکداری ناسیونالیزمی کورد و جوڵانەوەکەی لەشاخەوە بەرەو شار، گوزەراندووە، وە هیچکاتیش بەکردەوە خواستی ڕوخانی ڕژێمە دیکاتۆر و کۆنەپەرستەکانی عێراقی نەکردۆتە دروشمی سەرەکی، بەڵکو دوای هەرچەند ساڵێک بەپێی هاوکێشەی هێز ئەوانی ڕاکێشاوەتە بەردەم مفاوەزات و دانوسانەوە لەگەڵ ڕژێمدا و لەهەموو ئەم کارەشدا، نەک پرسوڕایەک بەخەڵکی کوردستان نەکراوە، بەڵکو زۆرجار بەنهێنی و لەسەر وخەڵکەوە بەڕێوەبراوە. بەڵام ئەوەی کە بزوتنەوەی گۆڕان لێرەدا دوپاتی دەکاتەوە ئەوەیە کەئەویش ئەم جوڵانەوە چەکداریە و ئەم دانوسانەی حزبە ناسیونالیستەکان کردویانە بەناوی "شۆڕش" و خەڵکی کوردستان و قوربانیدانەکانی ئەوانەوە ناوزەد دەکرێ. کە دیارە ئامانجیش لەمە پەردە پۆشکردنی جیاوازیە چینایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان و گشتاندنی ئامانج و

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

بەرژەوەندیەکانی بۆرژوازی کوردە بەناوی هەموو "گەلی کوردستانەوە". لەکاتێکدا ئەم جولانەوە چەکداریانەی بزوتنەوەی کوردایەتی نەک هەر شۆڕشی خەڵکی کوردستان نەبوون، بەڵکو بەتەواوی کۆنەپەرست و بەدور لەئاوات و ئامانجی ئینسانی و پێشکەوتنخوازی و ڕزگاربوونی خەڵکی کوردستان لە ستەمێکی نەتەوایەتی کە بەسەریانەوە بووە ڕویان داوە. هەربۆیە دانوسانەکانیشیان لەگەڵ ڕژێمدا دانوسانی نوێنەرانی پشتی پەردەو سەروخەڵکی هەرئەم حزبانەبووە بۆ گەیشتن بەئامانجی خۆیان. قەیرانیکێش کەلەم پرۆسەیەدا هەبێت، قەیرانی سیاست و کارکردی جولانەوەیەکە کەدەبێ بەحسابی خۆی بنوسرێتەوە و بەرپرسیاریەتیەکەی لە ئەستۆ دابنرێ. پرۆگرام ئەم ڕاستیانە پەردەپۆش دەکاتەوە و تەنها بەگلەیکردنەوە لە"سەرکردەو شاندەکانی کورد" دەڕوانێ، تا هەم ئەم جولانەوە چەکداریانەی ناسیونالیزمی کورد بەشۆڕشی خەڵک وهەم دانوسانەکانیشیان لەگەڵ رژێمدا بە"نوینەرایەتی خەڵکی کوردستان" بسەپێنێ.

دیسانەوە لەقۆناغی دووەمیشدا کە بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد بەحوکمی بارودۆخەکانی دوای شەڕی ئەمریکا لەدژی عێراق و ئەو بۆشاییە ئیداریەی کە کوردستانی تێدەکەوێت، فرسەت دەکاتەوە تا ئەحزابی میلیشیای کورد لەسەر زەمینەی "ناوچەی نۆفلایزۆن" و بەپشتیوانی هێزەکانی ئەمریکا، دەسەلاتی ناوچەیی خۆیان بسەپێنن بەسەر کۆمەڵگادا و حکومەت و پەرلەمانێکیش کە هەمیشە جێگای کۆبوونەوەی نوێنەران و نفوزی هەرئەم حزبە میلیشیایانە بووە، بە"دەزگای نیشتیمانی وخەڵکی" لە قەلەم بدرێ. لەکاتێکدا ئەم دامودەزگایانە نەک ئیرادە و بڕیاری خەڵکی کوردستانیان لەپشتەوە نەبووە، بەلکو لەسەر پاشماوە ئیداری وقانونیەکانی حکومەتی بەعسدا ژیانی هاولاتیانی کوردستانیان بەڕیوەبردووە. کارەسات و دەرد و مەینەتیەک کە ئەم دامودەزاگایانە لە بەرامبەر خەڵکی کوردستاندا بەڕیوەیان بردووە، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لەوەی کەئەم پێکهاتوانە نەک هەر "نیشتیمانی و خەڵکی" نەبوون، بەو مانایەی کە بڕیارو ئیرادەی هاولاتیان بەرجەستەبکاتەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ دەسەلاتی ئەحزابگەلێکی ناسیونالیست و ئەلتەرناتیڤی ئەوان بووە بۆ بەڕیوەبردنی ژیانی هاولاتیانی کوردستان، کە لە بنەڕەتەوە بۆ نوێنەرایەتی کردنی ڕوانگە و بەرژەوەندیەکانی چینی سەرمایەدار و دەوڵەمەندان لەکۆمەلگادا دامەزرێنراوە. کارتۆنی بونی ئەم دامودەزگایانە (پەرلەمانو حکومەت) بەوجۆرەی کە هەمیشە لەژێر حوکمی دابەشبوونی هێزی میلیشیا و ناوچەیی حزبەکاندا بووە، دامو دەزگای کارگێری هەر ئەو حزبانەبوون بۆ بردنەپێشەوەی ویست و بەرژەوەندیەکانیان.. بەپێچەوانەی گلەییەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەم دامودەزگایانە، نوینەرایەتی نەکردنی خەڵک لەلایەن ئەم حکومەت و پەرلەمانەوە بۆئەوە ناگەڕێتەوە کە حزب تیایاندا بالادەست بووە بەڵکو لەخودی ناوەڕۆکی چیانیەتی و مەجودیەتی پێکهاتنیاندایە کە ناسیونالیزمی کورد نوێنەرایەتی تیادەکات. تەنانەت ئەگەر دەستی حزب لەم حکومەت و پەرلەمانەش کۆتا بکرێ، دیسانەوە ناتوانێ دامو دەزگای"نیشتمانی" و هەمو خەڵک بن، بەڵکو دەسەلاتێکە کە چینی بۆرژوازی کورد بۆ ڕاگرتنی پەیوەندیەکانی کار و سەرمایە، بۆ ڕاگرتنی جیاوازی چینایەتی نێوان زەحمەتکێشان و دەوڵەمەندان لە کۆمەڵگادا و بۆ هێشتنەوەی هەڵاواردن و جیاکاری و سەرکوتی سیاسی، لەگۆڕادیە.

بەڵام ناوەڕۆکی بۆرژوازیانەی ئەو بۆچون و لێکدانەوەیەی کە پرۆگرامی پێنوسراوە، ڕۆشنتر دەردەکەوێ کاتێک کەمەسەلەی "قەیرانی نوینەرایەتی گەلی کوردستان" بەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسدا دەخاتە ڕوو، ئەوەتا دەڵێت:

"دوای روخانی رژێمی دیکتاتۆری عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دا، سەرباری ئەوەی گەلی کوردستان بەپێی دەستور و ئیستحقاقی نەتەوەیی چەندین پۆستی گرنگی لەبەغدا وەرگرت، کەچی ئەو پۆستانەش، هاوشێوەی دامەزراوە نیشتمانیەکانی هەرێم، لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانەوە پاوانکران، ئیتر بڕیاری شەڕ و ئاشتی، بایکۆت و پەیوەندیبەستن، دانوستان و ململانێ لەگەڵ بەغدا، بەپێی مەزاجی حیزب و سەرکردەی حیزبەکان، لە گێژاوی هەمان قەیراندا مایەوە.

هەرچەندە لەدوای روخانی رژێمی بەعسەوە سەرکردەکانی هەرێم بە هەمو قورسایی خۆیانەوە لە بەغدا ئامادەن، چەندین پۆستی سەرۆکایەتی، سیادیی، وەزاریی و ئەمنی هەستیاری حکومەتی عێراقیان وەرگرتوە، کەچی پەیوەندیی هێزە کوردستانیەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ و هێزە عێراقییەکاندا بەردەوام لە پاشەکشە و ئاڵۆزبوندایە. تائێستا لایەنی کوردی لە بەغدا نەیتوانیوە شەراکەتی سیاسی ڕۆشن لەگەڵ هێزە عێراقیەکاندا بنیات بنێت، نەیتوانیوە گوشار بەئاراستەی چەسپاندن و جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستوریانەدا دروستبکات کە مافەکانی گەلی کوردستان دەستەبەردەکەن. لەبری ئەوەی لایەنی کوردی گوشار و ململانێ بە ئاراستەی چارەی پرسە هەڵپەسێردراوان بخاتەگەڕ، کە پەیوەندیدارن بە خاک و مافی نەتەوەیی و بەرژەوەندیی ستراتیجی گەلی کوردستانەوە...، کەچی زۆربەی ململانێکانی لەسەر گرێبەستی نەوتی، بودجە و وەرگرتنی پۆستی باڵا بوە. لایەنی کوردیی لەو ململانێیەدا نەیتوانیوە قەناعەت بە بەغدا بکات سەبارەت بە رەوایەتیی داواکانی، تەنانەت نەیتوانیوە قەناعەت بە ڕای گشتی کوردستانیش بکات کە لەسەر مافی هەرێم ململانێ دەکات. سەرەنجام ئەدای خراپی نوێنەرانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە بەغدا زیانی بە کۆی دۆزی گەلی کوردستان گەیاندوە." (هێڵی تەئکید هی ئێمەیە)

ئەم دەربڕینانەی سەرەوە لەگەڵ ئەوەدا کە ئاماژەیە بۆ سەرهەڵدانی ئاڵوگۆرێکی بنەرەتی لەپەیوەندی نیوان هەرێمو دەوڵەتی مەرکەزیدا، کە لە مێژووی کوردستاندا بێوێنەیە، بەڵام بزوتنەوەی گۆران ناوەڕۆکی سیاسی ئەم گۆرانکاریانە و دەورونەخشی ناسیونالیزمی کورد و ئەو سیاسەتانەی کە ڕاستەوخۆ لەدژی بڕیارو ئیرادەی خەڵکی کوردستان پەیرەویان لێکرد، پەردەپۆش دەکا و بگرە دەستکەوتەکانی بۆرژوازی کورد و حزبەکانی، بەدەستکەوت بۆ "گەلی کوردستان" ناوزەند دەکات و تا ئاستی بەڵگەنەویستیش لەپرۆگرامە سیاسیەکەیدا جێگیری دەکات. ڕەخنەیەکیش کە لەم بوارەدا هەیەتی و وەک هۆکاری سەرەکی بۆ قەیرانی نویەرایەتی لەم قۆناغەدا ناساندویەتی خۆی لە" مەزاجی حیزب و سەرکردەی حیزبەکان" و "ئەدای خراپی

نوێنەرانی حیزبە دەسەڵاتدارەکان لە بەغدا" و"ململانێی لەسەر گرێبەستی نەوتی، بودجە و وەرگرتنی پۆستی باڵا". دەبێنیتەوە.
لە ڕاستیدا ئاستی ئەم جۆرە لە ڕەخنەگرتن، شتێکی زیاتر نیە لە گلەیی و گازەندی ئەخلاقی و تەکنیکی لە حزبەکانی وەک یەکێتی و پارتی کە باڵادەستیان هەیە لەم نوینەرایەتی کردنەدا. ئەمەش زمانی گلەیی لایەنێکی نێوخانەوادەی بۆرژوازی کورد و حزبەکانیەتی، کە لەژێر فشاری"ڕۆڵی باڵای حزبدا" دەناڵێنێ و لە ئەگەری جێبەجێ بونیشیدا، ناتوانێ هیچ شتێک لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندای لێسەوز بێ. بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان بەم ڕەخنانەی دەیەوێت چ ڕاستیەک پەردەپۆشبکات؟ ئایا بەرژەوەندیەکانی ناسیونالیزمی کورد و خەڵکی کوردستان لە پرۆسەی بەشداریکردن و سازدانەوەی دەوڵەتی تازەی عیراقدا یەک شتن، تا بەدورخستنەوەی مەزاجی سەرکردەو بەرژەوەندی حزبەکان چاکسازی تیابکرێ؟
بەنەمانی حکومەتی بەعس، بۆرژوازی کورد بە ئامانجەکانی خۆی لە ڕەسمیەت وەرگرتنی دەسەڵاتی ناوچەیی وبەشداریکردن لەحکومەتی عێراق ومسۆگەرکردنی ئیمتیازاتی پلەو پایە و داهات گەیشت. ڕەسمیەت وەرگرتنی کوردستان وەک ناوچەیەکی هەرێمایەتی بەئیختیاراتی تایبەتی خۆیەوە، چاولێکردنی پەرلەمان و حکومەتی حزبەکان بە "نوێنەری کورد" لەپەیوەند بەدەوڵەتی عێراقەوە، ڕسمیەتی وەرگرت، وەرگرتنی ١٧%ی بودجە، جێگریکردنی"ئیستحقاقی نەتەوەیی" لەدەستوردا و وەرگرتنی چەندین پۆستی گرنگ لە بەغدا.. ئەمانە چەندین دەستکەوتی سەرەکین کە ناسیونالیزمی کورد لە قۆناغی دوای نەمانی حکومەتی بەعس، بەدەستی هێناوە و لە فۆرمی فیدرالیزمی قەومی و دەستورەکەیدا، جێگیری کردوون و وەک بنەمایەکیش بۆداڕشتنەوەی پەیوەندی نیوان کوردستانو دەوڵەتی مەرکەزی بەدەستەوە گیرا. تەنانەت ئەم دەستکەوتانە و ئەم پەیوەندیە تازەیە، وەک چوارچێوەیەکی ستراتیژی بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد، هەموو حزبەکانی لەسەر هاورا کرد و  یەکیخستن. خودی بزوتنەوەی گۆڕان وەک یەکێک لە حزبەکان، ئەم چوارچیوە ستراتیژیەی قەبوڵکردووە و هەروەک پڕۆگرامە سیاسیەکەی تۆماری کردووە، بەم جۆرەش نەک هەر ڕەخنەو هەڵویستەکانی لەمەڕ پەیوەندی نێوان کوردستان و بەغدا، ناباتە دەرەوەی ئەم بازنەیەوە، بەڵکو تێکۆشاوە تا ئەویش وەک هەموو حزبەکانی تر ئەم فیدرالیزمە بە گونجاو و دەستکەوت لەقەلەم بدات..
بەڵام ئەو ڕاستیەی کە لەم مێژوەدا دەخرێتە ژێر خاکو خۆڵی بانگەشەی بۆرژوازیانەوە لەچەشنی چاکسازیو "نیشتیمان پەروەری" و"مافەکانی گەلی کوردستان"، ئەوەیە کە بەڕوخانی حکومەتی بەعس فرسەتی ئەوە بۆ خەڵکی کوردستان هاتەکایەوە کە بەشیوەیەکی ئینسانی و کارساز مەسەلەی کورد بەلایەکدا بخرێ و ئەو برینەی کە ساڵەهای ساڵە لەجەستەی کۆمەڵگای عیراق و ناوچەکەدایە هەڵکەنێ و لێرەشەوە پەیوەندیەکی هاوتا و ئینسانی لەگەڵ سەرجەم خەڵکی عێراقدا دامەزرێنرێ و بیکاتە نمونەیەکی پێشکەوتنخوازی لەئاست ناوچەکەدا. پرەنسیپی گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان و سەلماندنی مافی بڕیاردانی خەلکی کوردستان لەسەر چارەنوسی خۆیان بەمانەوە لەعێراقدا بەمافی هاولاتی یەکسانەوە، یان جیابوونەوە و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ،

ئەمە ئەو مافە بوو کە بۆرژوازی کورد و حزبە ناسیونالیستەکانی لەپێناو بەدەستهێنانی بەرژەوەندیەکانی خۆی و شەریک بوون لە دەوڵەتی عێراقدا، جارێکیتر خستیانە ژێر پێوە. لەوەش زیاتر پرسوڕا نەکردن بەخەڵکی کوردستان و ڕێز دانەنان بۆ مافێک کە هەیەتی، لەوەدا کە ئایا ڕازین بەفۆرمی فیدرالیزم یان نا، دیسانەوە سەلمێنەری، ئەو ڕاستیەیە کە تەواوی سیاسەتەکانی ناسیونالیزمی کورد لەپەیوەند بە برانەوەی پەیوەندی نێوان کوردستان و دەوڵەتی مەرکەزیەوە، نەک هەر "نوێنەرایەتی گەلی کوردستان"ی تیا زامن نەکراوە (بەوجۆرەی بزوتنەوەی گۆڕان ئاماژەی بۆدەکات)، بەڵکو لەسەرو ئیرادەی خەڵکەکەیەوە فیدرالیزمیان کردە فۆرمو چوار چێوەیەک بۆ ئیلحاق کردنەوەی کوردستان بەدەوڵەتی تازەی عێراقەوە.  بزوتنەوەی گۆڕان کاتێک ناچێت بەلای ئەم ڕاستیانەداو نایەوێت ئەوە ببینێ کە سیاسەتی ناسیونالیزمی کورد و بریارەکانی چۆن لەسەرو مافو ئازادیەکانی خەڵکی کوردستانەوە بەڕێوە براوە، بە پێویست نایەوێت جیابوونەوە و دووری نێوان بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەم حزبانەدا بسەلمێنێ، بەلکو بەپێچەوانەوە پێی وایە کە ئەوەی کراوە دەستکەوتی گەلی کوردستانە!!، بەڵام ئەم دەستکەوتانە بەپێی مەزاجی سەرکردەی حزبەکانو بۆ پۆست بەریوەدەبرێن وئاستی ئەم جۆرە گلەیانەش دەکاتە هۆکاری قەیرانی نوینەرایەتی!!.

دووەم: ئێستا کەزانیمان ئاستی ڕەخنەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لە"قەیرانەی نوینەرایەتی" لەکوێدایە، شوێنی خۆیەتی بچینە سەر ئەو ڕێگاچارەیەی کەلەم بارەوە وەک بەرنامەی چاکسازی بۆ ئاستی عێراق لەپرۆگرامە سیاسیەکەیدا جێگیری کردووە. سەرەتا هاتووە:

"بزوتنەوەی گۆڕان بڕوای وایە ئەو قەیرانە تەنها بەهەڵبژاردنی ڕوکەشی نوێنەرانی هەرێم لەبەغدا، بەلۆجیکی زۆرینەوە کەمینە یان بەپێی ڕێکەوتنی نارۆشنی نێوان حیزبە دەسەڵاتدارەکان، چارەسەر نابێ... بەڵکو پێویستی بەمیکانیزمێکی گونجاوە، کە ماف و بەرپرسیارێتی وسنوری دەسەڵاتی نوێنەرانی گەلی کوردستان لە بەغدا و هەرێم دیاری بکا.

لەپێشەوە با تەمومژ نەهێڵین وبپرسین ئایا لەفەزای سیاسی دابەشبوونی زۆنەکانی سەوزو زەرد داو لەژێر سایەی هەژمونی ئەحزابی میلیشیاییدا، دەتوانرێ لەدەرەوەی ئەم فەزایەو ئەم باڵادەستبوونەی حزبەکان "هەلبژاردنی نوێنەران"سەربگرێ؟ ئایا دەتوانرێ "لۆجیکی کەمینە وزۆرینە" ڕەتکرێتەوە لەکاتێکدا تەنها فاکتۆرەکانی برانەوەی ئەم نوێنەرایەتیە بۆ بەغدا، لەئاکامی "زۆرینەی دەنگ"ی دوای هەڵبژاردن و"کورسی زۆری ناو پەرلەمانە وەدێت؟"، ئایا ڕیکەوتنی هیچ لایەنێکیتری دەرەوەی "حزبە دەسەڵاتدارەکان" چ لەناوخۆی کوردستاندا وچ لەگەڵ بەغدا، هێندە ڕوشن بووە تا بکرێتە پێوانەیەک بۆ چارەسەر، لەچاو ئەوەدا کەیەکیەتیو پارتی تائێستا ئەنجامیانداوە؟.. ئەم قسانە جگەلەوەی وێنایەکی ناواقعی لەهەقیقەتی سیستەمێک بەیان دەکات کەبۆ "نوێنەرایەتی کردن لەبەغدا" تائێستا پەیرەوی لێکراوەو قاچی خودی گۆڕانو سەرکردەکانی ئێستاو ڕابردوی تێدایە، هاوکات هەوڵێکە بۆ سنورکێشانی ڕواڵەتی لەگەڵ ئەو چوارچێوەیەدا کەناسیونالیزمی کورد بۆ پەیوەندیەکان لەگەڵ بەغدادا کێشاویەتی وهەموانی لەسەر ساغ

کردۆتەوە. بەڵام ئەو میکانیزمە گونجاوە چیە کەبزوتنەوەی گۆڕان لەم پەیوەندەدا بەدواوەیەتی؟" (هێڵی تەئکید هی ئێمەیە)

لە وەلامدا پرۆگرام ئەم خالانە ڕیزدەکات کەئیمەش یەک لەدوای یەک لەسەریان ڕادەوەستین:

١. بەدەزگایی کردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ، دیاریکردنی ژێدەر (مەرجەعیەت)ی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان لە بەغدا، بەنیشتمانیکردنی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری کوردستانی لەبارەی شەڕو ئاشتی، ململانێ و دانوستان، توندکردن یان نەرمی نواندن و ڕێکەوتن لەگەڵ بەغدا و نوێنەرانی پێکهاتەکانی تری عێراقدا.

یەکەم ئەودەزگایە چیەو کامەیە کە دەیانەوێت پەیوەندیەکانی نیوان هەرێم و بەغدا لەخۆ بگرێ؟ ئایا شتێکە لەدەرەوەی ئەو پێکهاتوانەی کەتائێستا لەئارادابووە بۆ نوینەرایەتی کردنی حزبەکانی ڕازی بەپرۆسەی سیاسی لەعێراق وفیدرالیزمەکەی؟ پاشان مەبەستیان چیە لە مەرجەعیەتی نوێنەرانی گەلی کوردستان لە بەغدا؟ ئایا ئەمە شتێکیترە لە پەرلەمان و حکومەت و ڕێکەوتنی نێوان حزبەکان، کە تائێستا لەسەرو ڕای خەڵکی کوردستانەوە کاری پێکراوە؟ ئایا ئەو مەرجەعەی کە ئێوە بە "نوێنەرایەتی گەلی کوردستانی" دەزانن جیایە لەم دەزگاو پێکهاتوانە؟ ئەگەر وایە جێگاو ڕێگای نوێنەرانی تورکمان و عەرەبی دانیشتوی کوردستان و ئاشوری و کلدانی.. چیە تیایدا؟ لەمانەش زیاتر ئایا ئەو مەرجەعیەتەی ئێوە بەمیکانیزمی گونجاوی دەزانن لەلایەن خەڵکەوە ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرێ یان لەنوێنەرانی حزبەکان و بەپێی ئەنجامەکانی براوەی هەڵبژاردنەکان هەر لەم حزبانە دادەنرێ؟ ئایا "بەنیشتمانی کردنی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری کوردستانی" چ گوارنکاریەک لەخودی ئەو دەزگایانەدا پێکدێنی کە تا ئێستا بەناوی خەڵکی کوردستانەوە نوێنەرایەتیان کردووە؟ لەیەک وتەدا، چۆن و لە کێ ئەم دەزگا و ئەم مەرجەعیەتە دروست دەکرێ؟

ئاشکرایە کە وەلامی ئەم پرسیارانە لەتەپوتۆزی بانگەشەکردن بۆ ڕوانگەی قەومی و ئەو بەرژەوەندی و سیاسەتانەوە کە تائێستا بەشێک بوون لە دەزگای پروپاگەندەی ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی خنکێندراون، بۆ ئەوەی هە رسیاسەت و کارنامەیەک کە لەبنەوە بەرژەوەندیەکانی چینی بۆرژوازی کورد دەباتە پێشەوە، هەرئەوەش بەناوی گەل و نیشتمان و نەتەوەوە بەسەر خەڵکی کوردستاندا بسەپێندرێت. بەڵام ئەوەی جێگای تێڕامانە ئەوەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان زیاتر لەم پروپاگەندە پوچ و هەڵخەڵەتێنەرانە دەڕوا و پیمان دەڵێت ئەو دەزگایەی کە ئێمە بۆ وەڵام بەقەیرانی نوێنەرایەتی پێشنیاری دەکەین "مەرجەعیەتێکی بڕیاردەرە و پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری کوردستانی لەبارەی شەڕو ئاشتی، ململانێ و دانوستان، توندکردن یان نەرمی نواندن و ڕێکەوتن لەگەڵ بەغدا و نوێنەرانی پێکهاتەکانی تری عێراقدا، بەنیشتمانی دەکاتەوە"(هێڵی تەئکید هی ئێمەیە) .. ئەمە هیچ مانایەکی نییە جگەلەوەی کەئەم دەزگا نیشتمانیەی بزوتنەوەی گۆڕان بەکردەوە وەک هەموو دەزگاکانی تری ئێستای دەستی حزبەکانی نێودەسەلات لەسەر فەزای توندکردنەوەی بارگرژیەکان و نەرمی نواندن لەگەڵ بەغدا و پێکهاتە قەومی و مەزهەبیەکانی تردا، بەرێتەپێشەوە!! ئەمەش بە ئەسڵ وەرگرتنی هەمان سیاسەت و مەبدەئی بارگرژی لەپێناو دانوسانو ڕیکەوتن

لەسەر ئیمتیازات" بووە، کە بەناوی خەڵکی کوردستانەوە بەڕێوەبراوە.
لەبارەی چەمکی بە نیشتمانی کردنیشەوە کە بزوتنەوەی گۆڕان وەک داهێنانێکی لەفزی بۆ خۆجیاکردنەوە لەوانیتر بەکاری هێناوە، ناتوانێ شتێک بێت لە دەرەوەی فەزایەکی سیاسی و تەقلیدیک کە تائێستا ناسیونالیزمی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازات و شەراکەت لەکەشوهەوای ناوچەکە و هاوکێشەی هێزی دەولەتاندا بەدوایەوە بووە. بەتایبەتی کە بزوتنەوەی گۆڕان بە چەمکگەلێکی وەک "خاک و نیشتمان، کورد بون و نەتەوە و ئیستحقاقاتی نەتەوەییی و شتی لەم بابەتە پرۆگرامەکەی ڕەنگرێژ کردووە و بەهیچ جۆرێک بەلای دامەزراندنی سیستەمێکی سکولاری نەقەومی و نەئاینیدا ناچێت و بگرە لەسەر بنەمای دابەشبوونە نەتەوەیی و ناوچەییەکان بیرۆکەی دامەزراندنی دەزگا و بەنیشتمانی کردنی بریاری خەلکی کوردستانی لەپەیوەند بە بەغداوە پێشنیار کردووە. ئەمەش بەکردەوە ناتوانێ لە بازنە و فەزای ئەو بارگرژیانە دەرچێت کە تائێستا لەم بارەوە لەئارادا بووە و ناوی قەیرانیان لێناوە.
بەلام لە خاڵێکی تردا هاتووە:

"٢. جگە لەو پرسانەی کە پێویستیان بە ریفراندۆمی میللی هەیە، یان لە سنوری دەسەڵاتی دیاریکراوی نوێنەرانی هەرێمدان لە بەغدا، دۆسیەی پرسە ستراتیجیەکانی هەرێم لە پەیوەندیدا بە حکومەتی فیدراڵەوە بسپێردرێ بە پەرلەمانی کوردستان. پەرلەمان مافی ئەوەی هەبێ بڕیاری کۆتاییان لەسەر بدات، مافی ئەوەی هەبێ لەکاتی پێویستدا بیانخاتە ڕاپرسیەوە، یان بە سازانی نیشتمانی لەنێوان ئەو هێزانەی کە نوێنەرایەتیان لە پەرلەماندا هەیە بڕیاریان لەسەر بدا."

هەروەک لەم خاڵەدا دیارە سپاردنی دۆسێی پرسە ستراتیژیەکانی هەرێمە بە پەرلەمان، ئەمەش ئەو میکانیزمانەیە کە بزووتنەوەی گۆڕان عاشقی بووە و ستراتیژی چاکسازیەکەی بەگشتی لەسەر بیناکردووە. لێرەشدا دەیەوێت پەرلەمان بەو کاراکتەرە حزبی و سەروقانونیەوە کە هەیەتی پەیوەندیەکانی نیوان هەرێم بەغدای پێ ریکبخرێ ، بەڵام کام پەرلەمان؟ پەرلەمانێک کە ناتوانێ نفوزی ئەحزاب لەخۆیدا خاڵیکاتەوە و لەڕێگای دابەشبونیەوە بەسەر فراکسیۆنە پەرلەمانیەکاندا، چۆن دەتوانێ بەدەر لە سازان و تەوافقی حزبەکان، بڕیاری ستراتیژی ببڕێنێتەوە!! ئەزمونی ئەم چەند ساڵەی دوایی پەرلەمانی کوردستان، بەڕۆشنی بنبەستی ئەو ئومیدەی نیشانداوە کە بزوتنەوەی گۆران سیاسەتی لەسەر هەڵچنیوە، ئومێدێک کە چاکسازی لە ڕیگەی پەرلەمانەوە کردۆتە ستراتیژێک بۆ بەدیهێنانی گۆڕان لە سیستەمی سیاسی و لە پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدادا. ئەم ئومید و ڕوانگەیە کە لەنیو کێشە و ململانێی حزبەکانی کوردستان و لە فەزای دابەشبوونە قەومی و تیرەگەریەکانی فیدرالیزمدا قەراردەگری، نەک هەر دەستو پێ بەستراو بێتوانا دەمێنێتەوە، بەڵکو خەڵکی کوردستان بەدیار وەهمێکەوە ڕادەگرێ کە جگەلە تەسلیمبوون و چاوەروان مانەوە بەم باڵەی بۆرژوازی کورد و خولێکی بەردەوام لە بارگرژی نێوان حزبەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان خۆی و ئەو کێشەو ململانێیانەی کەلە گەڵ بەدەوڵەتی مەرکەزیدا دێنە ئاراوە، شتێکی تری بەدواوەنابێت.

لەخاڵێکیتردا هاتووە:

"٣. بەپیشەییکردن و بەیاساییکردنی ئەرکی دانوستان و چاودێریکردنی ئەدای نوێنەرانی گەلی کوردستان لەناو دەسەڵاتە جیاوازەکانی حکومەتی فیدراڵ و وەزارەت و دامەزراوە و دەستە سەربەخۆکانی عێراقدا، لەڕێگەی دامەزراندنی دەستەیەکی نیشتمانییەوە کە لە پەرلەمان هەڵبژێردرێ و لەبەردەم پەرلەمانیشدا بەرپرسیاربێ، ئەرکە سەرەکیەکەی بریتی بێ لە دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکان، لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و داکۆکیکردن لە ئیستحقاقی نەتەوەیی گەلی کوردستان بەو شێوەیەی لە دەستوری عێراقدا هاتوە."

ئەم خاڵە کە پێکهێنانی دەستەیەکی نیشتمانی بۆ "پیشەیی کردن و بەیاسایی" کردنی دانوسانەکان، وەک میکانیزمێک بۆ دەرچون لە قەیرانی نوێنەرایەتی گەلی کوردستان پێشنیار دەکات، بەدەر نییە لەحاڵەتی ئێستا. یانی بەهەمان شیوە ئەم دەستەیە لەسەر بنەمای مشتومڕ و مفاوەزات لەگەڵ دەوڵەت و لایەنە عێراقیەکان کاری پیشەیی و یاسایەکەی دەکات و بەهەمان شێوە ئەمیش لەنێو فەزای دابەشبونە قەومیەکان و جیاوازی بەرژەوەندیەکان و هاوکێشە سیاسیەکاندا خەریکی یەکلایی کردنەوەی "کێشە هەڵپەسێراوەکانە". لەمەشدا دیسانەوە ئاسۆ ناڕۆشنە و هیچ زەمانەتێک بۆ سەرکەوتوویی کاری ئەم دەستەیە و ئەم میکانیزمە بۆ تێپەرکردنی قەیرانی نوینەرایەتی نادات بەدەستەوە. بەڵام ئەوەی لەم خاڵەدا گۆران بەدواوەیەتی چارەسەرکردنێکی ڕواڵەتانەیە، بەتایبەتی کە ترس لە بە"حیزبی بوونی" دەستەکە، پێکهاتو شێوەی دامەزراندنەکەی سپاردووە بە بڕیاری پەرلەمان، لەمەشدا پێدەچێت بیرۆکەی"سەربەخۆیی" کەسانێک بگریتەوە کە لەدەرەوەی پەرلەمان بن و بەزمانی تەکنیکی "کەسانی پسپۆر" بگریتەخۆی. لەپشنیارێکی ئاواشدا ئەگەرچی کەسەکانی ئەم "دەستە پێشەیی و یاساییە"، ڕاستەو خۆ سەر بەحزب نەبن، بەڵام ئەوە بەڵگە نەویستە کەدەبێ ڕای حزبەکان و فراکسیۆنە پەرلەمانیەکانی لەسەر بێ. واتە دەبێ حزبەکان لەپشتەوە لەسەر ئەم کەسانە ڕازیبن ئەوجا دەتوانرێ دامەزرێ. ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ هەمان خاڵی سەرەتایی و ئەو هەموو خولانەوە و چاوشارکێیەی کە بزوتنەوەی گۆڕان لەم میکانیزمەدا بەدواوەیەتی بێ هودە دەهێڵێتەوە. بێگومان هونەریش لەمەدا ئەوەیە کە مادام گۆڕان سەرمەستە بە پەرلەمان و ڕیگای چاکسازیەکەی بۆ چارەسەری قەیرانی نوێنەرایەتی هەر بەوە دەگات بەوەهمیکەوە ئەم سەرمەستیەی بەم جۆرە میکانیزمانە بگەیەنێ. کە بێگومان نەک نوینەرایەتی خەڵکی کوردستان زامن ناکات، بگرە ناشتوانێ لە چوارچێوەی سیستەمی ئێستا و دابەشبوونە حزبی و قەومیەکاندا، هەنگاوێک هەڵگرێ.

٤. لەدواین خاڵدا ئامانجەکانی بەنیشتمانیکردن و بەدەزگاییکردنی پەیوەندیی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لەچەند خاڵی تایبەتدا ڕیزبەندی دەکات:

"ئاشکرایە کەیەکێک لەو چەمکە سەرەکیانەی کە ڕوانگە ئاڕاستەی پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕانی پێنوسراوە وچەندین جار دوبارەدەبێتەوە، چەمکی "نیشتیمانی و

بەدەزگایی کردنە". تەنانەت چەمکێکە بۆ نیشاندانی بەرنامەی چاکسازی ئەم حزبەو کێشانی هێڵی جیاوازی خۆی لەگەڵ حزبە کانی تردا، گوایە حزبەکانیتر لەبەرژەوەندی تەسکی حزبەوە دەڕواننە پەیوەندیەکانی نێوان هەرێمو ئەوە بزوتنەوەی گۆڕانە کە لەبەرژەوەندی "نیشتمانی/ نەتەوەیی" و سەرو حزبیەوە دەروانێ بۆ ئەم پەیوەندیە و هەربەمەش وەڵام بەو قەیرانە دەداتەوە کە"نوینەرایەتی گەلی کوردستان لەئاست عێراقدا" تێیکەوتەوە!!"

سەرەتا مەسەلەی "بەدەزگایی کردن"ی پەیوەندی نێوان هەرێمو بەغدا، وەک ئەوەی یەکێک لە ئامانجەکانی بزوتنەوەی گۆڕانە، هەروەک پێشوتریش ئاماژەمان پێکردووە، دەبێ ئەو واقعیەتە بخەینە پێشچاو کە لەفەزای سیاسی ئێستای کوردستاندا و بەهۆی نفوز ودەسەڵاتی ناوچەیی وباڵادەستی ئەحزابی میلیشیایی وسیستەمێکی حکومرانی، کەخودی سەرۆکایەتی هەرێم وحکومەت و پەرلەمانی کوردستانی کردۆتە پاشکۆی دەسەڵاتی ئەحزاب و دابەشکردنی حزبیانەی نێوان لایەنەکان و تەوافقاتێک کە لەسەری ڕێکدەکەون، پێکهێنان و کارکردنی هەردەزگایەک ناتوانێ لە دەرەوەی هاوکێشەی هێزی ئەم حزبانە و دابەشبوونە ناوچەییەکان و تەنانەت گوشاری دەوڵەتانی وەک تورکیا و ئێران، بێتە ئاراوە و بتوانێ ڕۆڵی سەربەخۆیی لەم فەزا سیاسیەدا بگێڕێ، تەنانە خودی هەڵبژاردنەکانی کوردستان چ لەئاست ناوخۆی کوردستاندا و چ لەئاست عێراقدا، کە وەک "پرۆسەیەکی دیموکراتی" ناوی لێنراوە و ئەم حزبانە بانگەشەی بۆدەکەن، بۆ برانەوەی ئارایشتی دەسەڵات و ئەو ئۆرگانانەی کە ڕێکخستنەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدایان دەکەوێتە ئەستۆ، دیسانەوە ناتوانێ لەدەرەوەی تەوافق وسازانی حزبەکان وئەم هەڵومەرجە دەستی بۆ ببرێ. هەربۆیە ئامانجێکی ئاوا جگەلەوەی ناتوانێ بەکردەوە دەربێت، بەڵکو لەژێر ناوی چاکسازیدا خەڵکی کوردستان بەدیار ئەم دۆخەوە ڕادەگرێ. بزوتنەوەی گۆڕان (هەروەک لەپێشەوە ئاماژەمان پێکردووە)، لەلایەک سیستەمی سیاسی ئێستای کوردستانی لەگشتیەتی خۆیدا پەسەندکردووە و بەدەستکەوتی "گەلی کوردستان"ی دەزانێت و لەلایەکی تریشەوە فیدرالیزمی قەومی و ئەو چوارچێوە سیاسیەی کە ئەحزابی قەومی کورد بۆ دیاریکردنی پەیوەندیەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدادا کێشاویانە، بەچوارچێوەیەکی "ئیجابی" بۆ "دەستکەوتە نەتەوەییەکان" بەدەستەوەگرتووە، مەسەلەی "بەدەزگاییکردن" تەنها دەتوانی "تەعدیلێکی ڕواڵەتیانەی" ئەم دۆخە بێت تا ئەم بزوتنەوەیە شتێکی جیاواز لەخۆی نیشان بدات. تەجروبەی چەندساڵی ڕابردووی حکومرانی لەکوردستان ئەوەی نیشان داوە کەهیچ دەزگایەکی قەزایی وحکومی وئەمنی، لیژنەی باڵای هەڵبژاردنەکان، پارێزگار و قایمقامیەت و بەرێوەبەرایەتیەکان، دەستەکانی وەبەرهێنان وبازرگانی، ئۆفیسی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم لەگەڵ ولاتان، تەنانەت پێکهاتوەکان لەبواری وەرزش و ڕۆشنبیری و هیتر.. هەر هەمویان بەرهەمی نفوزی ئەحزاب و ڕێکەوتنی نێوانیان و لەبۆتەی دەسەڵاتە ناوچەییەکاندا شکڵیان گرتووە. هەربۆیە لایەنێک دەتوانی بیرۆکەی "دەزگای سەربەخۆ ونیشتمانی" بەکردەوە دامەزرێنی کەبیەوێت لە پێشەوە کۆتایی بەسەرتاپای ئەم سیستەمە و هەڵوەشانەوەی سەرجەم پێکهاتوەکانی کردبێتە ئامانجی خۆی. بزوتنەوەی گۆڕان کە ئامانجێکی لەم جۆرەی نیە وە پرۆگرامەکەی بەلایدا

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ناچێت، بەدڵنیایەوە تعدیلێک کەناوی چاکسازی لێناوە ناتوانێ لەخەیاڵ و وەهمێک زیاتر تێپەڕێت.
بەلام سەبارەت بە چەمکی "نیشتمانی و بەنیشتمانی کردن"، کە لە ئەدەبیاتی بزوتنەوەی گۆڕاندا دوبارە و سەد بارە دەکرێتەوە و وەک بەهایەکی سەرەکی بۆ دەرخستنی جیاوازیەکان و پیشاندانی "بەرژەوەندیەکی باڵاتر" لەچاو بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتیدا، بانگەشەی بۆ دەکرێ، دەبێ ئەو ڕاستەیە بخەینە ڕوو کە ئەم چەمکە وەک خولیایەکی چینی بۆرژوازی لە مێژووی سەرهەڵدانی سەرمایەداری ودەسەڵاتداریتی مۆدێرنی ئەم چینەدا، سەنتەری ئایدیۆلۆژی بۆرژوازی داگیر کردووە. بە واتایەکی تر چینی بۆرژوازی لە مێژوودا بۆ تەبریرکردن و بەڕەوانیشاندانی سیاسەت و کارنامەی شکڵدان بە دەوڵەت/ نەتەوە و باڵادەستی خۆی وەک چینێک بەسەر بازاڕی ناوخۆی وڵاتدا و بۆ هەڵگرتنی ئەو قەید و بەندانەی کە لەسەر ڕێگای جێخستنی پەیوەندی نێوان کار و سەرمایەدایە، پێویستی بە قاڵبی نیشتمان و نەتەوەیی بوە. بۆ ئەمەش چەمکی نیشتمانی و بەنیشتمانی کردنی وەک "بەرژەوەندی گشتی"، "بەرژەوەندی گەل و نەتەوە" ی ناوزەد کردووە و گوایە "نیشتمان" کە قەوارەیەکی تازەیە بۆ بازاڕی ناوخۆ/ نیشتمانی، ئەو جێگایەیە کە قازانجی هەموان نوێنەرایەتی دەکا و لێرەشەوە دابەشبونە چینایەتیەکان و بەرژەوەندیە جیاوازەکان پەرەدەپۆش بکا و بەدیاری کراوی ئامانجەکانی چینی بۆرژوازی لەم پرۆسەیەدا و لەژێر چەتری ئەم چەمکەدا بەناوی گشتەوە جێبخات تا سەرجەم هاوڵاتیان ڕاکێشێتە ژیار سێبەری دەسەڵاتو سیاسەتەکانی چینی باڵادەستەوە.
بەلام ئەگەر چینی بۆرژوازی و نیشتمان پەروەری بۆرژوایی لەڕۆژئاوا، سەرەنجام دەوڵەتی نەتەوەی دامەزراندبێ و لەدژی پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی بەڕیوایەتی ئەم چمکەوە کۆتو بەندە فەرهەنگی و قانونی و سیاسیەکانی پێشخۆی هەڵگرتبێ و کۆتایی بە دەسەڵاتە ناوچەیی و میرنشینەکان هێنابێت و بەمەش خەسڵەتێکی ڕولەپێش و پێشکەوتنخوازانەی لەخۆ گرتبێت، ئەوا بۆ چینی بۆرژوازی کورد، چەمکی بەنیشتمانی کردن، شتێکی زیاتر لە بەشداری کردن لەدەسەڵاتی مەرکەزی و وەرگرتنی پلەو پایە و ئیمتیازاتی لۆکاڵی بەناوی "نیشتمانەوە" نەبووە، تەنانەت هاوسۆزی و پێکەوە ژیانی ناسیونالزمی کورد لەگەڵ ئاین و خێڵ و عەشرەت و فەرهەنگیی دواکەوتوانە و شانازی کردن بەئەدەبیات و مێژوی شیخ و مەلا و تیرە و دەسەڵاتی ئەمارەتەکانەوە و ناساندنی هەموو ئەمانە وەک ڕەسەنایەتیەک بۆکوردبوون، کراوەتە ناسنامەیەک بۆ سەندنی "مافی نەتەوەیی"، کەلەژێر سایەیدا هەم شەری "ڕزگاری نیشتمانی کوردستان"یان پێ جۆشداوە و هەم لە دانوسانەکان لەگەڵ دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقدا، کراوەتە ئاراستەیەکی سیاسی بۆ دیاریکردن ووەرگرتنی ئیمتیازاتەکانی چینی بۆرژوازی کورد. وە لە لەقۆناغی دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسدا ئەم چەمکە، کە لە 'ئیستحقاقاتی نەتەوەیی" دا بەرنامەی بۆرژوازی کوردی لەدەوڵەتی تازەی عێراقدا لەژێر چەتری دیومکراسیو فیدرالیزمدا ڕەنگڕێژکرد و ئەمەی بەناوی بەرژەوەندی گشتیەوە جێگیر کرد، نەک هەر خەڵکی کوردستانی، لەسەرو ئیرادە و بریاری ئەوانەوە کردەوە پاشکۆی دەوڵەتێکی فشەڵی قەومیو ئیسلامی و ژیانی ئەوانی ڕاکێشایە ژێر سایەی دەستورێکی کۆنەپەرستانەوە، بەڵکو بۆ قازانجی دابەشبونە حزبیەکان لەناوچەکانی

سەوزو زەردا، کوردستانی لەدابەشبوونی ناوچەیی گێژاوێکی سیاسی بەردەوامدا ڕاگرت.
لەمەش زیاتر چەمکی بەنیشتمانی کردن ئەگەر بۆ چینی بۆرژوازی و جوڵانەوە نیشتمانیەکان لە وڵاتانی ڕۆژهەلات، لەسەردەمی بلۆک بەندیە ئیمپریالیستیەکانی شەرق وغەربدا، ئاراستەیەک بوو بۆ تەبریکردنی خولیای "بۆرژوازی نیشتمانی" بۆ بردنە پێشەوەی سەربەخۆیی ئابوری و سیاسی و بە نیشتمانی کردن و خۆماڵیکردنی ئەرز و نەوت و مەوادی ژێرزەوی و دامەزراندنی ئابوری دەوڵەتیی یەکجێ و بەم جۆرەش دامەزراندنی دەوڵەتێکی مۆدێرن، ڕەنگو بۆیەکی پێشکەوتنخوازی و دژی ئەمپریالیستی لەخۆی دابوو، بەڵام بۆرژوازی کورد، لەژێر چەتری بەنیشتمانی کردنەوە نەک هەر ئەم ڕەنگو بۆیەی نەبوو بگرە هەڵگری هیچ ئاستێک لەئاڵوگۆڕی ڕولەپێشی کۆمەڵایەتی و بوژانەوەی سیاسی وئابوری نەبووە و بەدرێژایی هێڵ کۆنەپەرست و دواکەوتوانە کارنامەی خۆی بردۆتە پێشەوە. بزوتنەوەی گۆڕان کە ئیدعای دژایەتی کردنی ئایدیۆلۆژیای تەقلیدی دەکا و خۆی وەک حزبێکی نائایدیۆلۆژی و دژی ستالینی لەم بارەوە هەڵدەخات، بەڵام چەمکی بەنیشتمانیکردن کە خۆی ڕوانگەیەکی تەقلیدیو ستالینی باوە لەنزمترین ئاستی خۆیدا لە پرۆگرامە سیاسیەکەیدا جێگیرکردووە ک ەشتێکی زیاتر لە تەعدیلی بارودۆخی ئێستا و بەرنامەیەک کە بۆرژوازی کورد پەیرەوی لێکردووە نادات بەدەستەوە. بۆ زیاتر دەرخستنی ئەم ڕاستیە با ئاوڕێک لەئامانجەکانی بەنیشتمانی کردن بدەینەوە هەروەک لەپرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕاندا هاتووە.
لەیەکەم ئامانجدا هاتووە:

> "دیاریکردنی سنور و دەسەڵاتەکان لەنێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵدا، ڕێزگرتن لە دەسەڵاتە حەسریەکانی حکومەتی فیدراڵ، ڕێگری لە هەر پێشێلکارییەک بۆ سەر دەسەڵاتەکانی هەرێم بەو جۆرەی دەستور بڕیاری لەسەر داوە."

بنەمای ئەم خاڵە دەگەڕێتەوە بۆ دۆخێک کە بزوتنەوەی گۆڕان لەبەرامبەر شێوازی نوێنەرایەتی کردنی تا ئێستای حزبەکان لەبەغدا لە خۆیان نیشانداوە، هەروەک ئەوەی کە بڕوای وایە "مەزاجی سەرکردەکان" و"وەرگرتنی پلەو پایە" هۆکاری قەیرانی "نویەرایەتی کردنی گەلی کوردستان لەبەغدا" و هاوکات سەرچاوەیەکە بۆ ڕاگەیاندنی "شەرو بارگرژی هەرزەکارانە" لەلایەک و"دانوسان و ڕێکەوتنی نوینەران" لەگەڵ بەغدا لەسەر بەدەست هێنانی شتی لاوەکی لەلایەکی ترەوە. بەم هۆیەشەوە هەم "دەسەڵاتە حەسریەکانی حکومەتی عێراق" ڕێزی لینەگیراوە و هەم ڕێگریش نەکراوە لەو پێشێلکاریانەی کە بۆ سەر دەسەڵاتەکانی هەرێم بەو جۆرەی دەستور بڕیاری لەسەر داوە".. وە گوایە بەدیاری کردنی سنوری دەسەڵاتەکانی هەرێم حکومەتی فیدراڵ پەیوەندیەکان نیشتمانی دەکرێنەوە!!. لەڕاستیدا ئەو دۆخەی کە جێگای نیگەرانی بزوتنەوەی گۆڕانە و هەرجارە بەباری بارگرژی و پێکدا هەڵپرژانی نێوان هەرێم و بەغدا دا دەکەوێتەوە، بەرەئەنجامی ئەو زەلکاوەیە کەناوی فیدرالیزم و حکومەتی ئیتحادی فیدرالیان لێناوە و بزوتنەوەی گۆڕان نەک هەر خۆی لیبواردووە و نایەوێ بیبینێ، بەڵکو وەک باقی لایەنەکانیتر قاچی لەنێو ئەم زەلکاوەدا چەقاندووە وعەوداڵە بەشوێن "دەسەڵاتەکانی هەرێم و ئیستحقاقاتە نەتەوەییەکانی کوردەوە، هەروەک ئەوەی کە لە دەستوری عێراقیدا جێگیر کراوە!! ئەمە لەکاتێکدایە دەستوری عیراقی کە

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی حکومەتی مەرکەزی و ئیختیاراتەکانی هەرێمی لەسەر بنەمای دابەشبوونە قەومی و ئاینیەکان بە ڕۆشنی دیاری کردووە و بۆ خۆشی بەرئەنجامی ڕێکەوتنی نێوان لایەنەکانی ئامادەکاری دەستور و پێکهینەرەکانی دەوڵەتی فیدرالی عێراق بووە، بەڵام ئەوەی کە هەم دەسەڵاتی هەرێم ڕێز لەدەسەڵاتە حەسریەکانی بەغدا ناگرێ و هەم بەغداش ناچێتە پای جێبەجێکردنی مادە دەستوریەکانەوە، ئاکامی ئەو گۆڕانە سیاسیانەیە کە لە هاوکێشەی سیاسی هێزەکان و دەخاڵەتی دەوڵەتانی ناوچەکەدایە، نەک مەزاجی سەرکردەکان و ئەوەی کە گوایە پارتی و یەکێتی "نیشتمانی نیین"و هەربەدوای پۆستەوەن!! بەواتایەکی تر مادەم خودی فیدرالیزمی قەومی فۆرمێکە بۆبەرەسمیەت ناسینی دەستەبەندی هێزەکان لەسەر بەنەمای قەومی و ئاینی و دیاریکردنی ئیستحقاقاتەکانیان لەتەوازنی هێزیکی دیاریکراودا، ئەوا ئەم هێزانە لەگەڵ ئاڵوگۆرە ناوچەیی و ناوخۆییەکاندا، ئەم قاڵبە دەشکێنن و بۆ بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی زیاتر و سەپاندنی مەرج بەسەر بەرامبەرەکەیاندا هەموو ئەو ڕیکەوتنە دەخەنە ژێر پێوە کە پێشتر لە چوارچێوەی دەستوردا لەسەری ڕیکەوتبوون. کێشمەکێشی نێوان بارزانی و مالیکی لەڕابردوودا بەڕۆشنی ئەم واقعیەتە دەخاتە ڕوو کەبزووتنەوەی گۆڕان نایەوێت ببینێ و بیسەلمێنێ.

لەخاڵی دوومدا هاتووە: "دیاریکردنی سنوری جوگرافی هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابڕاوەکان <u>بەگوێرەی مادە تایبەتەکانی دەستوری عێراق و دۆکیۆمێنت و ڕاستیە مێژویی و جوگرافیەکان</u>، بەتایبەتی ناوچەکانی کەرکوک، شەنگال، زەممار، تەلەعفەر، شێخان، مەخمور، خانەقین، دوز و مەندەلی و ناوچە دابڕاوەکانی تر."

ئاشکرایە کە گرفتی دیاری کردنی سنوری جوگرافی هەرێم و "ناوچە دابڕاوەکان" دوو لایەنی سەرەکین لەکێشەی کورددا و هەمیشە جێگای مشتومڕی دانوسان و پەیوەندیەکانی هەرێم و دەوڵەتی عێراق بووە، بەڵام بەپێی ئەم خاڵەی سەرەوە بنەمای وەڵامدانەوەی بزوتنەوەی گۆڕان بەم گرفتانە، لەچوار چێوەی "بەنیشتمانی کردنی پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و ناوەنددا"، گەڕانەوەیە بۆ "مادە دەستوریەکان" و"ڕاستیە مێژویی و جوگرافیەکان"!! ئەم وەڵامەش بەو هۆیەوەکە لەلایەک دابەشبوونە قەومیەکان و "ئیستحقاقی نەتەوەیی" بەفەرز وەردەگرێ و لێرەشەوە بەدوای سەندنەوەی خاک و بەشی نەتەوەوەیە، لە چارەسەرکردنی کێشەی سنور و "ناوچە دابڕاوەکان" بەدڵنیایەوە نەک هەر پەیوەندیەکانی هەرێم و بەغدا چارەسەر ناکات، بەڵکو خواستی "بەنیشتمانی کردنی پەیوەندیەکانی گەلی کوردستان" لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا لە شەر و بارگرژیەکی نەبڕاوەدا دادەنێ. تەنانەت ئەوەی کە مادە دەستوریەکانی عیراقی بۆ کراوە بە بنەما بۆ چارەسەرکردنیان، دیسانەوە ناتوانێ ئەم کێشانە بەلایەکدا بخات چونکە دەستوری ئێستای عێراق بەرئەنجامی هاوسەنگی هێزی نێوان لایەنەکان لە دەورەیەکدا بووە، ئەم هاوسەنگیەش لەرزۆکە لەبەردەم گۆڕانکاریە ناوخۆیی و ناوچەییەکاندا و بەپێویست لە دەورەیکی تردا، دەکەوێتە ژێر پێی کێشە و ململانێکانەوە. ئەمە وێڕای ناڕۆشنی لەخودی ئەو مادانەدا و بوونی تەفسیراتی جۆراوجۆر لەسەریان. هەموو ئەمانە ڕێگانادات وا بەئاسانی ئەم گرفتانە چارەسەر بکرێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێتە بابەتێک کە بەردەوام کێشەو هەرا لەنیوان هەرێمو بەغدادا بخوڵقێنێ. هەرلەم

چوارچێوەیەشدا مەسەلەی گەڕانەوە بۆ"ڕاستیە مێژویی وجوگرافیەکان" کە بزوتنەوەی گۆڕان بەدەستیەوە گرتووە بۆ یەکلاخستنی ئەم گرفتانە ناتوانێ کارابێت، چونەک ئەم راستیانە و دۆکیومێنەتەکانی لەهەر لایەنێکەوە مانا و تەفسیری تایبەتی بۆ دەکرێ. بۆیە سەلماندنیان ڕاستەوخۆ بەهێز و فەزای سیاسی ئەو کاتەوە پەیوەست دەبێ کەئەم کێشانەی تیا دەخرێتە سەر مێزی دانوسانەکان.

لەڕاستیدا "دیاریکردنی سنوری جوگرافیی هەرێمی کوردستان" و "چارەسەرکردنی کێشەی ناوچە دابراوەکان"، کاتێک دەتوانێ بەعەمەلی ڕێچکەی چارەسەری بۆ بگیرێتەبەر کە خودی کێشەی کورد لەئاستی عێراقدا لە چوارچێوەی فیدرالیزمی قەومی ئێستا دەرکێشرێت و ڕێگایەکی سیاسی وعەمەلی بگرێتەبەر، ئەویش گەڕانەوەیە بۆ ڕای خەڵکی کوردستان لەڕیفراندۆمیکدا، کەئایا دەیانەوێت لەعێراقدا بە مافی یەکسانەوە بمێننەوە یان بڕیار لە جیابوونەوەی کوردستان بدەن و دەوڵەتی سەربەخۆ پێک بهێنن. لە دوو توێی ڕێگاچارەیەکی ئاوادا دەتوانرێ بەکردەوە هەم کێشەی سنور چارەسەر بکرێ و هەم "ناوچە دابراوەکان"یش بەلایەکدا بخرێ. بەڵام ئەوەی کە نە بزوتنەوەی گۆڕان و نەهیچ حزبێکی ناسیونالیست بەلای ئەمرێگە چارەیەدا ناچن، بەپێویست خودی ئەم گرفتانەش، سەرەرای هەر پینە و پەرۆکردن و پاساوهێنانەوەیەک،(لەچەشنی ئەوەی کە لەم خالەدا هێنراوەتەوە) ئەم گرفتانە دەبنە بابەتێک بۆ  ململانێی بەردەوامی نێوان هەرێم و دەوڵەتی عێراق.

لەخاڵی سێهەمەدا هاتووە:

> "دامەزراندنی بنەماکانی وتوێژێکی شارستانی لەنێوان نوێنەرانی گەلی کوردستان و نوێنەرانی تورکمان و عەرەب و کلد و ئاشوریی لە ناوچە دابڕاوەکاندا، لەسەر بنەمای ئینتیمای هاوبەش بۆ نیشتمان، هاوسێیەتی لە جوگرافیا و مێژودا، شەراکەت و بەرژەوەندیی یەک تەواوکار، دور لە دەمارگیریی، دور لە هەر جۆرە گوتارێک کە بۆنی شۆڤێنیزم و توندڕەویی لێبێت."

لەم خاڵەدا  بە ڕۆشنی لەژێر ناوی "وتوێژێکی شارستانی"دا، ڕۆڵی پلەدوویی هەموو ئەو هاوڵاتیانەی کە بە زمانی تر قسەدەکەن و لە کوردستاندا دەژین لەوانە "تورکمان، عەرەب، کلدو ئاشور" دیاری کراوە و مافی ئەم هاوڵاتیانە ووتویژکردن لەگەڵیان تەنها بۆئەوەیە ڕاکێشرێنە ژێر دەسەڵاتی حزبە ناسیونالیستەکانی کوردستانەوە. تەنانەت مافی ئەوەیان پێنادرێت کە خۆیان بڕیار بدەن لەوەی کە ئایا دەیانەوێت سەر بە هەرێمی کوردستان بن یان سەر بە عێراقبن. ئەوەشی باسی "شەراکەتو و بەرژەوەندی یەک تەواوکار"ە، چاوتێبرینە لەو حزبە دروست کراوانەی کە بۆ خەڵکی ئەم ناوچانەوە و لەژێر نفوزی ئەم یان ئەو حزبی ناسیونالیستی دەست ڕۆیشتووی کوردا وەک نوینەری خەڵکی ئەم ناوچانە فەرز دەکرێن.

مادام کە ناسیونالیزمی کورد مەسەلەی خاک وئیستحقاقاتی نەتەوەیی کردۆتە پێوانە بۆ ڕیکخستنی پەیوەندیەکانی دەسەڵات و ئیدارەی ناوچەکانی کوردستان لەگەڵ بەغدادا، بەهەمان شێوەش لەگەڵ هاولاتیانی تورکمان و عەرەب و ئەوانیتردا مامەڵە دەکا و ئەوانیش دەخاتە خانەی "نەتەوەی

کەمایەتیەوە". ئەمەش بەمانای "شەراکەتی پلەدوو"ە بۆ ئەوان و لێسەندنەوەی مافی هاولاتیانی یەکسانە لێیان.

خاڵی چوارەم:

"کارکردن بۆ هەڵگرتنی ستەمی نەتەوەیی و ئاینی لەسەر کوردی فەیلی و ئێزیدییەکان، بژاردنەوەی زەرەر و زیانەکانیان و پەرەپێدانی ناوچە ئەسڵیەکانی نیشتەجێبونیان لەڕوی ئابوری و کۆمەلایەتی و رۆشنبیرییەوە."

ئەمە دانی ئیمتیازاتێکی تایبەتە بە"کوردە فەیلیەکان" کە لە ناوەڕۆکدا کردنیانە بەئامرازی شەر و دەعوای قەومی لەگەڵ بەغدادا. بەتایبەتی کە ستەمی نەتەوەیی لەسەر کورد بەوجۆرەی کە حزبە ناسیونالیستەکان لە چوارچێوەی "دەوڵەتی فیدرالی عێراق"دا لەسەری ڕیکەوتون و بەئاکامی بەشداری لە دەسەلاتو وەرگرتنی ئیختیاراتی ناوچەیی وپلەو پۆست و بودجە گەیشتووە.. ئیتر بەهای ئەم جۆرە دەربڕین و ئیمتیازاتانە دەبێ لەوە زیاتر چیبێت کە "فەیلیەکان" وەک بابەتێک بۆ شەرودەعوای قەومی بەدەستەوە بگیرێ!!

لەخاڵی ئاخردا هاتوە:

"هاوکاریکردنی نوێنەرانی هەرێم لە دەسەلاتە جیاوازەکانی دەوڵەتی عێراقدا، بەتایبەتی ئەوانەی بەپێی ئیستحقاقی نەتەوەیی پۆستی سەرۆکایەتی و سیادی و وەزاریی و ئەمینیان وەرگرتوە، چاودێریکردنی ئەدا و شێوازی کارکردنیان و ئاستی پابەندبونیان بە داکۆکیکردن لە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردستانەوە."

بەدوای ئەو هەموو گلەیی و گازندانەی بزوتنەوەی گۆڕان لە حزبەکانی تری کردووە و دەیکات، کە گوایە خەمی ئەوان پلەو پایەو پۆست نییە بەڵکو "بەدەزگایی کردن و بەنیشتمانی کردنە"!! کەچی بەپێی ئەم خالە بزوتنەوەی گۆڕانیش وەک هەمو حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتی خەمخۆری پۆستی سەرۆکایەتی و سیادی و وەزارەتخانەکانە.. ئەوەشی کە لەمبارەوە خۆی لەگەڵ ئەوانیتردا پێ جیادەکاتەوە "پابەند کردنی خاوەنانی ئەم پلەو پۆستانە بە"داکۆکیکردنیان لەمافەنەتەوەییەکانی گەلی کوردستانەوە"..(لەتەوەرەی دواتراد زیاتر لەمبارەوە دەدوێین).

## تەوەری دووەم:

## دەوڵەتی فیدڕال و بەرژەوەندی خوازی بۆرژوازی کورد، لەژێر پەردەی چاکسازیدا!

لەتەوەرەی یەکەمدا، چەمکی "قەیرانی نوێنەرایەتی" و ئەو خالانەی کە لە پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕاندا، بۆ وەلام بەم قەیرانە خراوەتەڕوو، ئەوەمان خستە بەرباسەوە کە چۆن بزوتنەوەی گۆڕان بەدەر لەو گلەیی و گازندانەی کە لە "سەرکردەی حزبەکان" هەیەتی، بەلام بەهەمان عەینەکی هەر ئەم حزبە تەقلیدیانەی بزوتنەوەی کوردایەتیەوە دەڕوانێ بۆ پەیوەندی نێوان هەرێم و بەغدا و لەهەمان ئەو چوارچێوە سیاسیەشدا کە ئەوان سنورڕێژیان کردووە، کەوتۆتە دوای پرۆژەی چاکسازیەوە.

تەوەرەی دووەم وەک ئەنجامێکی مەنتقی لە"نوینەرایەتی کردنی گەلی کوردستان" شوێن پێ بەرەو "بەرکەوتی گەلی کوردستان لەدامەزراوەکانی دەوڵەتی فیدرالدا" هەڵدەگرێ. واتە پرۆگرامە سیاسیەکەی حزبی گۆڕان دوای ئەوەی بەناوی "گەلی کوردستانەوە" فیدرالیزمی قەومی کە دەستورێکی عروبی ئیسلامی بنەمایەتی، وەک تاکە فۆرم و چوارچێوەیەکی سیاسی و ئیداری و دەستوری، بۆ پەیوەندیەکانی خەڵکی کوردستان بەدەوڵەتی مەرکەزیەوە، بەفەرز و دەستکەوت وەردەگرێ، بە پێویست بەچنینەوەی ئەو دەستکەوت و بەرژەوەندی و پلەوپایەیانە دەگات کە ساڵەهای ساڵە ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی چاویان تێ بڕیوە و لەپێناویدا ڕێگای شاخ و چەندین جەولەی مفاوەزات و دانوسانیان بۆ گرتۆتەبەر و هەموو ئەم سیاسەتانەشیان بەناوی "گەلی کوردستان و نەتەوەی کورد و بەرژەوەندیەکانی خەڵکەوە" بردۆتە پێشەوە. دروست لەم تەوەرەشدا، بزوتنەوەی گۆڕان وەک هەر حزبێکی تەقلیدی ناسیونالیستی کورد باسی "بەرکەوتی" بۆرژوازی کورد و حزبەکانی بە"بەرکەوتی گەلی کوردستان" ناوزەد کردووە!!. بەڵام هەرچۆنێک بێت بابزانین لەم تەوەرەدا پرۆگرام لەبارەی "بەرکەوتەکانی گەلی کوردستانەوە" چیمان پێدەڵێت:

"بەو پێیەی عێراق وڵاتێکی فیدراڵە، گەلی کوردستان جگە لە ئیستحقاقی هەڵبژاردن ئیستحقاقێکی تری هەیە کە ئیستحقاقی نەتەوەیی و ئیستحقاقی هەرێمە لەناو یەیکەرەی دەوڵەتی ئیتحادیدا، واتە پێویستە لە کۆی دەسەڵات و دامەزراوە ئیتحادیەکاندا بەرکەوتی گەلی کوردستان لە پۆست و بەرپرسیارێتی و ڕێژەی بەشداربونی هاوڵاتیانی هەرێم لە دامەزراوەکاندا مسۆگەر بکرێ. "

سەرەتا ئەم شێوازە لە دەربڕین دەیەوێت وا نیشان بدات کە هێشتا "بەرکەوتەکانی گەلی کوردستان... لەکۆی دەسەڵات و دامەزراوە ئیتحادیەکاندا" مسۆگەر نەکراوە و هێشتا "ڕێژەی بەشداربوون و بەدەستهێنانی پلەوپایە لەدەوڵەتی فیدرالدا" بەدەست نەهاتووە!.. لەکاتێکدا خودی ڕازیبوونی ناسیونالیزمی کورد بە بەشداری کردن و وەرگرتنی بەرکەوتەکان لە دەوڵەتی تازەی عێراقدا، فاکتۆری لەدایک بوونی ئەو فیدرالیزمەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان تازەبەتازە بەعەینەکی "ئیستحقاقە نەتەوەییەکانەوە" بۆی دەڕوانێ. واتە فیدرالیزە بوونی دەوڵەتی عیراق کاتێک توانی پێبگرێ کە ناسونالیزمی کورد و حزبەکانی لە کەشوهەوای دوای روخانی ڕژێمی بەعسدا و لە چوارچێوەی هاوکێشە سیاسیەکانی سەروەختی نیوان "کورد و لایەنە عێراقیەکان" و بە پشتیوانی و دەوری ئەمریکا وپاشان جێگیرکردنی "بەرکەوتی هەرلایەک" لە دەستوری عێراقدا، بەئەنجام گەیەندرا. بەجۆرێک ئەگەر ئەم پرۆسەیە بەڕازی بوونی "لایەنی کورد" نەگەیشتبایە، ئەوا مەحاڵ بوو "عیراق وەک وڵاتێکی فیدراڵ" ناوببرێ. تەنانەت وەک بەرئەنجامێکیش بۆئەم ڕازی بوونە، ١٢ساڵی رابردوو ئەوەی دەرخستووە کە "کورد" هەم بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا کردووە وهەم بەهەرەمەند بووە لەئیختیاراتی ناوچەیی خۆیی و هەروەها لە دامەزراوە ئیتحادیەکانیشدا، پۆستی سەرۆک کۆمار، وەزارەتەکان، دامەزراوە سەربازی و ئیداریەکان، بوجەو داهاتی وەرگرتووە. کەوایە ئەوەی کەهێشتا "مسۆگەر نەکراوە" چییە؟

دیارە بەلای بزوتنەوەی گۆڕانەوە ئەوە ڕۆشنە کە پرۆسەی فیدرالیزمەکردنی عێراق بەسەرەنجامی

خۆی گەیشتووە و"بەرکەوتەکانی گەلی کورد و ئیستحقاقاتەکانیش" بەپێی دەستور جێگیر کراوە، بۆیە لەم بارەوە گلەییەک لەئارادا نییە. بەڵکو ئەوەی دەچێتە خانەی مسۆگەر نەبوونی ئەم بەرکەوتانەوە ئەوەیە کە "لایەنی کوردی" لەم فیدرالیزمەدا، بەهۆی "بەرژەوەندی تەسکی حزبایەتی و بەمەزاجی سەرکردەکانەوە نەیتوانیوە، پراوپڕ ئەم "بەرکەوت وئیستحقاقاتانە" مسۆگەرکات. ئەمەش دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو گلەیی و گازندانەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان لەحزبەکانی تری دەکات تا خۆی لەوان بە"نیشتمانی ونەتەوەیی تر" لەبەرامبەر ئەم فیدرالیزمەدا بناسێنێ و لێرەشەوە خۆی وەک لایەنێکی داکۆکیکار لە"بەرژەوەندیەکانی گەلی کوردستان" هەڵخات!.
بەڵام ئەو ڕاستیەی کە نە بزوتنەوەی گۆڕان و نە هیچ حزبێکی تری ناسیونالیستی کورد نایەوێت بەلایدا بچێت، تەنانەت بەهەرجۆرێک بێت هەوڵ بۆ شاردنەوەی دەدەن، ئەوەیە کە دەوڵەتی فیدرالی عێراق، بەرهەمی ئیتحادێکی ئیختیاری و ئارەزوومەندانەی نێوان خەڵکی کوردستان و باقی هاوڵاتیانی عێراق نیە. ئەم فیدرالیزمە نەک هەر لانی کەمی نمونەیەک لەهاوشیوەی فیرالیزم لەدونیادا بۆ "پێکەوەژیانی نەتەوەکان" و چارەسەرکردنی کێشەی نێوانیان، ناخاتەڕوو، بەڵکو خۆی هۆکاری درێژەکێشان و بەرین بوونەوەی شەر و دەعوای قەومی و تیرەگەری و تێکچوونی ژیانو ئارامی هەموو ئەو هاوڵاتیانەیە کە لەژێر چەتری ئەم جۆرە لە فیدرالیزمەدا بەزۆر کۆکراونەتەوە. ڕووداوەکانی ١٠ ساڵی ڕابردووی عێراق و ئەو بارگرژی و قەیرانانەی کە لە چوارچێوەی عێراقی فیدرالدا هاتنە پێشەوە و تائێستاش درێژەیان هەیە، جگە لە سیناریۆیەکی ڕەش و زەلکاوێک لە کوشت و کوشتار و تیرۆر و تەقینەوە و داڕمانی ژیانی کۆمەڵایەتی و دوژمنایەتی کوێرانەی نێوان ئینسانەکان لەژێر ناوی ناسنامەی قەومیو مەزهەبی وتیرەگەریدا، شتێکی زیاتر نەبووە. بزوتنەوەی گۆڕان لە زەلکاوی ئەم فیدرالیزمەدا بەدوای "بەرکەوتی گەلی کوردستانەوەیە". بەلام ئەگەر فیرالیزم لەنمونەکانی ولات گەلێکی وەک سویسرا، ئەمریکا ودەوڵەتانی ئەوروپایی تر، توانیبێتی تاڕادەیەک کێشە قەومیو ئەتنیکیەکان چارەسەر بکا و ئاستێکی هاوتا لەژیانی پێکەوەیی و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و ئارامی بەدی بهێنی، هۆی ئەوە چییە کە لە تەجروبەی "عێراقی فیرالی ئیتحادیدا" نمونیەکی تەڵخ لە دورکەوتنەوەی ئینسانەکان و شەرو دەعوا و نائارامی دەبینین؟
فیدرالیزمێک کە بزوتنەوەی گۆڕان کیسەی پرۆگرامەکەی بۆ "بەرکەوت وئیستحقاقاتی نەتەوەیی"، هەڵدوریوە، لەلایەک بەرهەمی ئیتحادێکی ئیختیاری و ئازادانەی ئەو "پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیانە" نییە کە لە عێراقدا ساڵەهای ساڵ پێکەوە ژیاون، لەلایەکی تریشەوە بەرهەمی سرینەوەی مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان و گەڕانەوە بۆ ناسنامە دروستکراوەکانی وەک نەتەوە و ئاین و تیرەگەری ودابەشکردنی دانیشتوانی عێراق بەسەر ئەم ناسنامانەدا، هاتۆتە بوون. خودی پرۆسەیەکیش کە ئەم فیدرالیزمەی تیا هاتەئاراوە، پرۆژەیەکی سیاسی بوو کە ئەمریکا لەپێناو بردنە پێشەوەی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی لە عێراق و ناوچەکەدا بەرامبەر خەڵکی عێراق بەڕێوەی برد. بەواتایەکیتر فیدرالیزم و"دەوڵەتی فیدرالی عێراق" وەک ئەوەی بزوتنەوەی گۆڕان ناوی بردووە، بەرهەمی جەنگی ئەمریکا و داگیرکاریە. جەنگێک کە ڕاستوخۆ لەدژی ئیرادەو بڕیاری خەڵکی عیراق، لەژێر پەردەی دیموکراسی و رزگاربون لە دیکتاتۆرەیەتدا، گۆشەیەک بوو لەستراتیژی

نەزمی نویی جیهانی، تا ئەمریکا وەک ڕابەری جیهان شوێن بگرێ. دەوڵەتێکیش کەدوای کاولکردنی عێراق وکوشتاری خەڵکەکەی، بەرگی فیدرالیزمی بەبەردا کرا، پلورالیزمێکی سیاسی/ ئەتنیکی بوو لە ئەحزابی قەومی و ئیسلامی کە بەناوی دیموکراسیەوە کۆکردەوە. ئەحزاب و لایەنێک کە پێشتر لەکەنار ئەمریکا و سیاسەتەکانیدا ڕاوەستان. سازان و ڕێکەوتنی ئەم حزبو لایەنانەش ڕاستەوخۆ لەسەرو بریار و ئیختیاری هاولاتیان و مافی چونیەکیانەوە، بەدابەشکردنی دەسەلات و دەزگاکانی حکومەت ودەوڵەت لەنیو خۆیاندا گەیشت. بەم جۆرە دەوڵەتی فیدرال، وەک مۆزەخانەیەک بۆ کۆکردنەوەی کۆنەپەرستترین و درِندەترین دەستەوتاقمی قەومی و ئیسلامی سازدرایەوە. لەوەها نمونەیەکدا نەک مافی هاولاتیانی یەکسان و گیانی تەبایی و هاوچارەنوسی بەیەکجاری سرِداریەوە، بەڵکو رِقەبەری قەومی و شەرو بارگرژی، تیرۆرو نائامنی، مسابەقەی هێزی کۆنەپەرستانی کردە چوارچێوەیەکی سیاسی و هێز نواندنی لایەنە پێکهێنەرەکانی دەوڵەت، لەناو کایەی پەرلەمان و لە دەرەوەیدا، بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندیەکانیان.

لەم پەیوەندەدا، ناسیونالیزمی کورد هەر لە سەرەتای سالانی نەوەددا، کە قەیرانی سیاسی نێوان ئەمریکا و رژێمی بەعس، هاوکێشە سیاسیەکانی پێچەوانەکردەوە، بەپێچەوانەی هەر پرەنسیپێکی ئینسان یو پێشکەوتنخوازیەوە، لەبەرەی ئەمریکا و سیاسەتە میلیستاریستیەکانیدا راوەستان و چاوی ئۆمێدیان برِیە ئەنجامەکانی جەنگێک کە بە کوشتار و کاولکردنی کۆمەڵگای عیراق گەیشت و ژیانی ملیۆنەها ئینسانی ڕاکێشایە نێو زەلکاوی شەر و دەعوای قەومی و ئاینی و تیرۆر و کۆشتاری بەکۆمەڵەوە و دواتریش، لەگەڵیاندا "دەوڵەتێکی فیدرالی ئیتحادی" پێک بهێنن. لەئەوەها دۆخێکدا بوو کە ئەم حزبانە ڕایانگەیاند کە ئیتر دەورانی ئۆتۆنۆمی بەسەر چووە و تەنها فیدرالیزم دەتوانی "کورد بە مافە نەتەوەییەکان" بگەیەنێ. کاتێکیش کەرژیمی بەعس رووخا خودی هەر ئەم خواستەی بۆرژوازی کورد وحزبەکانی بەبێ گەرانەوە بۆ بریاری خەڵکی کوردستان فیدرالیزمیان کردە قالبێکی ئیجباری بۆ لکانەوەی کوردستان بەدەوڵەتی تازەی عێراقەوە. ئەمەیە واقعیەتی ئەو فیدرالیزمەی کە بزوتنەوەی گۆران بەپرۆژەی چاکسازیەوە رووی لێناوە. بەلام بابزانین مەبەستی ئەو "بەرکەوتانە" چییە کەبانەوی "گەلی کوردستانەوە" ئاماژەی بۆکردوە:

<u>یەکەم: "ئیستحقاقی هەڵبژاردن".</u>

دووەم "<u>ئیستحقاقی نەتەوەیی و ئیستحقاقی هەرێمە لەناو پەیکەرەی دەوڵەتی ئیتحادیدا</u>

لەبارەی ئیستحقاقی هەڵبژاردنەوە، زۆری لەسەر نارِۆین چونکە بەبەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا ئەم "بەرکەوتەی گەلی کوردستان" مسۆگەرە، بەلام ئەوەی جێگای باسە ئەوەیە کە بەشداری بزوتنەوەی گۆران وەک قەوارەیەکی سیاسی لە هەڵبژاردنەکاندا، ستراتیژی کاری پەرلەمانیو قانونی بەدەستەوە دەگرێ بۆ گەیشتن بە"ئیستحقاقاتە نەتەوەییەکان" ئەوەتا دەڵێ:

> "بزوتنەوەی گۆران بەهەمان ئەو ئەندازەیەی کۆشش دەکا لەپێناو <u>مسۆگەرکردنی *ئیستحقاقی هەڵبژاردنی خۆی وەک قەوارەیەکی سیاسی* لەسەر ئاستی عێراق</u>، کۆشش دەکا بۆ مسۆگەرکردنی ئیستحقاقی نەتەوەیی *هەمو گەلی کوردستان* و سەرجەم هاولاتیانی هەرێمیش لەناو دەوڵەتی فیدرالدا."

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

ئەم ستراتیژە جگەلەوەی دەستکورتە (چونکە گۆڕان لەئاست پێگەی پەرلەمانیدا هێزێکی بچوکە) لەئاست حزبە ناکۆک ودژ بەیەکەکانی ناو پەرلەمانی عێراق وکتلە پەرلەمانیەکانیان، تا بتوانێ لە ڕێگای چاکسازی و گەڕانەوەوە بۆدەستور بە"ئیستحقاقی نەتەوەیی" بگا، هاوکات سەر لەگێژاوێک دەردێنی کە تەوژمی مونافەسە و بەرژەوەندی "لایەنە کوردیەکان" خاڵی سەنتەرە تیایدا. واتە خودی باڵادەستی پارت یو یەکێتی و چەند دەستەگی لەئاست ئەو فراکسیۆنانەدا کە لەدوای هەڵبژاردنەکان بۆ پەرلەمانی عێراقەوە سەرهەڵدەدەن، ڕێگە نادەن بە بزوتنەوەی گۆڕان ڕۆڵێکی ئەوتۆ بگێڕێ. تەجروبەی لایەنە کوردیەکان لە بەغدا و کارنامەی تائێستایان، ڕاستی بێسەمەر مانەوەی ئەم ئاڕاستەی چاکسازیەی بزوتنەوەی گۆڕانی لەمەڕ مسۆگەرکردنی "بەرکەوتەکانی گەلی کوردستانی وەک دوکەڵ بەئاسماندا بردووە. تەنانەت خودی پارتی و یەکێتیش وەک دوو هێزی باڵادەست نەیان توانیوە لە گێژاوی ناو پەرلەمانی عێراقدا، بەشتێکی زیاتر بگەن جگە لەوەی کە لە ڕێکەوتنە حزبیەکانی دەرەوەی پەرلەماندا لەسەری سازاون.

بەڵام بابزانین لەبارەی خاڵی دوەمەوە ("ئیستحقاقی نەتەوەیی")، چ شتێک پێشنیار دەکا:

> "... پێویستە لە دیدی بان حیزبی و بان بەرژەوەندیی بەرتەسکەوە بڕوانینە *پۆستە سەرۆکایەتی و سیادی و وەزاری و ئەمنیەکان،* دەبێ ئەوانەی کاندید دەکرێن بۆ ئەو پۆستانە <u>نوێنەرایەتی هەمو گەلی کوردستان بکەن</u> و پاش کاندیدکردنیان لە لایەن لیستە براوەکانەوە <u>سازانی نیشتمانی بۆ ناونانیان ئەنجام بدرێ</u>. بۆ ئەو پۆستانەش کە سیاسی نین و بەشێکن لە بەرکەوتی هەمو گەلی کوردستان پێویستە لەسەر بنەمای لێوەشاوەیی و کێبڕکێی عادیلانە دابەشبکرێن و هیچ هاوڵاتیەک لە مافی خۆپاڵاوتن بێبەش نەکرێ."

لێرەدا ئیتر بەڕۆشنی دەردەکەوێت کەتەواوی ناوەڕۆکی "ئیستحقاقی نەتەوەیی" کە بەدەستەواژە گەلێکی وەک "بەدامەزراوەیی وبەنیشتمانی کردن و "موسۆگەرکردنی بەرکەوتەکانی گەلی کوردستان"، دەرازێندرێتەوە، هەمان ئەو بەرکەوتانەیە کەیەکێتی و پارتی تا ئێستا شەریان لەسەر کردووە و دەیکەن. ئەویش "پۆستی سەرۆکایەتی و سیادی و وەزاری و ئەمنیەکانە". لەمەدا ئیتر کەوتەنە شوێن 'ئیستحقاقی نەتەوەیی" جیاوازیەکی جەوهەری بە حزبی گۆڕان نابەخشێ. بەڵام دیسانەوە گۆڕان گلەیی دەکا و دەڵێت: "پێویستە لە دیدی بان حیزبی و بان بەرژەوەندیی بەرتەسکەوە بڕوانینە ئەم پۆستانە". هەروەک بانگەشەش بۆ ئەوە دەکات کە ئەوانەی کاندید دەکرێن بۆ ئەم پۆستانە دەبێ نوینەرایەتی "هەموو گەلی کوردستان" بکەن. بۆ دانانی ئەم کاندیدانەش دەبێ سازان لەنیوان لیستە براوەکاندا بکرێ!!.. چما تائیستا چی کراوە!!. ئایا تا ئێستا یەکێتی و پارتی و هەمولایەنەکانی تر نوینەرانی خۆیان لە بەغدا بە نوینەری هەموو خەڵکی کوردستان نەناساندووە و ڕایان نەگەیاندووە کە بەرژەوەندی ئەم حزبانە هەمان بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانە؟ ئایا تا ئێستا ئەو پۆستانەی کە وەک بەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان بەناوی "بەشی کوردەکان"ەوە وەرگیراوە، لەئەنجامی ڕێکەوتن و دابەشکردنیان بەسەر "لایەنە براوەکاندا" یەکلایی نەکراوەتەوە؟ ڕاستیەکەی ئەوەیە، "بەرکەوتەیەک" کە بزوتنەوەی گۆڕان بەناوی "گەلی کوردستانەوە" بەدواوەیەتی لەجەوهەردا هەمان ئەو خواست و بەرکەوتانەیە کە ئەحزابی

بۆرژوازی کورد لە عێراقدا شوێنی کەوتون. ئەو دەربڕین و دەستەواژانەش کەبۆن و بەرامەی هەرچی زیاتری نەتەوەچیتی و ناحزبی کردنیان لێدێت بۆئەوەیە کەئەم حزبە لەچاوی خەڵکدا دڵسۆزتر و نیشتمانیتر نیشان بدا و هاوکاتیش پێیان بڵێت کە من حزبیکی جیاوازترم لەوانیترا!

تەوای ئەو دە دوانزە خاڵەش کەلەم تەوەرەدا وەک بەرنامەی چاکسازی، کراوەتە ئامانج، ئاڕاستەن بۆ "عادیلانەکردن" و پاک و بەویژدانەوە دابەشکردنی ئەو پۆست و پلەوپایە و ئیمتیازاتانەی کە بۆرژوازی کورد و حزبەکانی لە چوارچێوەی فیدرالیزمدا بەدەستیان هێناوە و لە دەستوردا جێگیریان کردووە. لایەنێکی تری ئەو خاڵانەی کە بزوتنەوەی گۆڕان لەپرۆگرامەکەیدا لەم تەوەرەیەدا تۆماری کردووە، ڕەنگدانەوەی ئەو فشار و تەنگەبەریەیە، کە بەهۆی باڵادەست بوونی پارتی و یەکێتیەوە ڕووبەڕوی بۆتەوە و هەوڵدەدات لە ڕێگای بە"خەڵکیکردن و بەسەربەخۆکردنی دامو دەزگاکان و بەنیشتمانی کردنیان"ەوە هەژمونی ئەم باڵادەستی و قۆرغکاریەی ئەم حزبانە کەمکاتەوە، تا بتوانێ هەم فشارەکانی سەرسەری برەوێنتەوە و هەم لەپێگەیەکی گونجاوتر بەهرەمەند بێت.

## تەوەری سێیەم:

## "شەراکەت"، بزوتنەوەی گۆڕان بەدوای چیەوەیە؟

لەتەوەری ئاخردا، پرۆگرام لەسەر ئاستی عێراق مەسەلەی شەراکەت و" بەشداریی گەلی کوردستان لە دانانی ستراتیج و سیاسەتەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا" دێنێتە ئاراوە. بەڵام بزوتنەوەی گۆڕان لەم شەراکەتەدا بەدوای چیەوەیە؟ ئایا شتێکی جیاواز لەناوەرۆکدا، لەو شەراکەتەی کە هەیە دەخاتەڕوو؟. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارانە باشترە هەندێک پەرەگراف لەم تەوەرە وەربگرین:

"پتەوکردنی بنەماکانی سیستمێکی دیموکرات و فیدراڵ، کە زەمانەتی مافی هەمو پێکهاتەکانی عێراق بکا، ڕێگری لە خراپ بەکارهێنانی دەسەلات و ئەگەری زیندوبونەوەی دیکتاتۆریەت و شۆڤێنیزم بکا…، پێویستی بە جێگیرکردنی بنچینەی شەراکەتی ڕاستەقینەیە لە نێوان پێکهاتەکاندا، پێویستی بە سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەیکەرەی دەوڵەتی عێراقە بەجۆرێک گەلی کوردستان، وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی خاوەن خاک، بەشداری لە دانانی سیاسەتەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا بکا، بەتایبەتی لەو جومگانەدا کە پەیوەندیدارن بە سیاسەتی ئەمنی و بەرگریی، دیبلۆماسیەت و کاروباری دەرەوە، پلاندانان و سیاسەتی داراییی، سیاسەتی نەوت و گاز و سامانی سەر زەوی و ژێر زەوی."

سەرەتا لەڕێگای ئەم چەند دێرەوە پرۆگرام پێمان دەڵێت کە"پتەوکردنی بنەماکانی سیستەمیکی دیموکرات وفیدراڵ.." چەند پێویستی دەخوازێ لەوانە:

یەکەم پێویستی: " بنچینەی شەراکەتی ڕاستەقینەیە لە نێوان پێکهاتەکاندا" جێگیر بکرێ. ئەمە یانی چی؟ ئایا "شەراکەتی ڕاستەقینە" شتێکی جیاواز و لەوە زیاترە کە وەک بەرئەنجامی ڕێکەوتنی "کورد ولایەن عێراقیەکان" لەدەستوردا جێگیریان کردوە؟ ئایا مەبەست لە"بنچینەی شەراکەتی ڕاستەقینە لەنێوان پێکهاتەکاندا" ئەوەیە کە ناسنامەی قەومی، واتە "نەتەوە سەرەکیەکانی عێراق"

ڕەتکرێتەوە و مافی هاوڵاتی بوونی یەکسان شوێنی بگرێتەوە؟ ئایا، سکولاریزم و سیستەمی نادینی دەکرێتە بنەمای شەراکەتی ڕاستەقینە وپتەوکردنی "سیستەمی دیموکراتیو فیدرالی ئێستای عێراق" و بەیەکجاری دین لە دەوڵەت جیادەکردێتەوە؟ ئایا بۆ ئەم شەراکەتە ڕاستەقینەیە ڕێز لە ڕا و ئیختیاری ئازادانەی "پێکهاتەکان" دادەنرێ و ئەمە دەکرێتە بنچینە؟

کاتێک کە پرۆگرام بەلای هیچ یەک لەمانەدا ناچێ و هیچ بەدیلێکی جیاواز لەفیدرالیزمی قەومی و ئاینی ئێستای عێراق ناخاتە ڕوو، ناتوانێ شتێکی تر لە دەرەوەی بازنەی شەراکەت و ڕێکەوتنی ناو فیدرالیزم و سیستەمە دیموکراتیەکەی ئێستای عێراق دەرچێت.

دووەم پیویستی: "سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەیکەرەی دەوڵەتی عێراق" ئەنجام بدرێ "بەجۆرێک گەلی کوردستان، وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی خاوەن خاک، بەشداری لە دانانی سیاسەتەکانی دەوڵەتی فیدراڵدا بکا".. واتای ئەم دەربڕینە بۆ "شەراکەتێکی ڕاستەقینە" کە بزوتنەوەی گۆران دەیکاتە مەرج بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەیکەرەی دەوڵەتی عێراق، زیاد کردنی خاوەنداریتی خاکە، بۆسەر ئەو دابەشبوونە قەومیو ئاینیەی کە فیدرالیزمی عێراقی لەدەستوردا پێ ناسیندراوە. یانی ئەوەی کە لە دەستوردا "نەتەوەی کوردو عەرەب" وەک"دوو پێکهاتەی سەرەکی" دیاری کراوە و بەم پێیەش ئیمتیازات و ئیختیاراتی زیاتریان لەچاو "پێکهاتەکانی تردا" پیبەخشراوە،

لەکەناریشەوە فاکتۆری خاک، (ئەویش تەنها بۆ کورد نەک بۆ ئەوانیتر)، دەکرێتە پیوانەیەک تا لە داڕشتنەوەی پەیکەرەی دەوڵەتدا حسابی زیاتری بۆبکرێ!! ئەمە ئیتر هەڵاواردنو جیاکاریەکی ڕاسیستانەی ئاشکرایە کە بزوتنەوەی گۆران پێی گەیشتوە. جیاکاریو ڕاسیزمێک کە لەپشت "خاوەنداریتی خاکەوە" ڕاوەستاوە، بەکردەوە دەگات بەپلەدوو کردنی هەموو ئەو کەمایەتیانەی کە لەکوردستاندا دەژین و واحسابیان بۆ دەکرێ کە بێخاکن! لەلایەکیتریشەوە ئەو ئاکامەی بەدواوە دەبێ کە "کورد وعەرەب" وەک "دوونەتەوەی ڕەسەن"، لەبەرئەوەی خاوەن خاکن هەر پێکهاتەیەکی تر بخەنە ژێر ڕکێفەوە و تەنها لەژێر سایەی ئەم دوو نەتەوەیەدا مافی خۆدەرخستن و وجودیان هەبێت. بەڵام ئەم مەسەلەیە تەنها خاسیەتی بزوتنەوەی گۆران نییە، بەڵکو ناسیونالیزمی شەرقی لە چەشنی بزوتنەوەی کوردایەتی لەبنەرەتەوە بۆ نەفی کردنەوەی ناسنامەی ئینسانیبوون و هاوڵاتی بوون، خاک و ئیتنیک دوو چەمک ودووبنەمان بۆ هەژمونی لەبەرامبەر ئەوانیتردا. ڕاسیزمو نەعرەتەی قەومیو پێکدادانە قەومیەکان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و لە بۆتەی کێشمەکێشە سیاسیەکاندا لەسەر ئەرز وئەساڵەتی نەتەوەیی، ڕیشەکەی لەم باوەرە دژی ئینسانیانەی ناسیونالیزمدایە. بەڵام جێگای سەرسورمان ئەوەیە کە بزوتنەوەی گۆڕان بەم چەمک و باوەرە دواکەوتو دژە ئینسانیانەوە جورئەت دەکات باسی "دیموکراتیو شەراکەت" بکا و پیمان بڵێ: دەبێ" لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات و ئەگەری زیندوبونەوەی دیکتاتۆریەت و شۆڤێنیزم" ڕیگری بکرێ"!!

لەمەش زیاتر کاتێک کە بزوتنەوەی گۆڕان گلەیی لەئاستی"شەراکەتی ئێستای کورد" دەکاو دەڵێت:

> "لەدوای روخانی بەعسەوە تائێستا، جگە لە پۆستە سەرۆکایەتی و سیادی و وەزاریەکان، چەندین مەلەفی گرنگی سیاسەتی دەوڵەتی عێراق، بەردەوام یان ناوبەناو،

سپێردراون بە وەزیر و بەرپرسە کوردەکان کە کاندیدی دو حیزبە دەسەلاتدارەکەی هەرێم بون... وەک مەلەفی دیبلۆماسی و سیاسەتی دەرەوە، مەلەفی پلاندانان و دارایی، مەلەفی سامانی ئاو و کاروباری ئەرکانی سوپا و چەندین مەلەفی گرنگی تر. بەلام ئەو وەزیر و بەرپرسانە جگەلەوەی نەیانتوانیوە بەشداری لە دانانی ستراتیج و سیاسەتەکانی دەولەتی عێراقدا بکەن، نەشیانتوانیوە لە دارشتنی ئەو سیاسەتانەدا بەرژەوەندیەکانی هەرێمی کوردستان بپارێزن. لە سیاسەتی دەرەوەی عێراقدا نەتوانراوە عێراق وەک ولاتێکی فرەنەتەوە بەجیهان بناسێندرێ، نەتوانراوە چالاکی دیبلۆماسی لەسەر ئاستی نێودوەلەتی بخرێتەگەڕ بۆ بەفەرمی ناساندنی ئەو هەلمەتی کوشتارو وێرانکاری و جینۆسایدەی کە لە سەردەمی دیکتاتۆریەتدا دەرهەق بە گەلانی عێراق بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی ئەنجامدراوە، بەدیاریکراویش "ناساندنی تاوانەکانی ئەنفال و کارەساتەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە هەلەبجە و ناوچەکانی تری کوردستان وەک جینۆساید و تاوان دژ بە مرۆڤایەتی". نەتوانراوە سیاسەتێکی ئیقلیمی هاوسەنگ لەگەل ولاتانی دراوسێدا پێڕەو بکرێ. نەتوانراوە نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە سەفارەت و کونسولگەریەکان بکرێتەوە، لە کاتێکدا ئەوە مافێکی دەستوریی هەرێمە. لە سیاسەتی نەوت و گازو سامانە سروشتیەکاندا بەردەوام ناکۆکی لەنێوان سیاسەتی هەرێم و سیاسەتی دەولەتی فیدرالدا لەئارادا بوە، هەرێم بەهۆی ئەو سیاسەتە ناشەفافەی کە لەبواری نەوت و گاز و سامانە سروشتیەکاندا پێڕەوی کردوە، نەیتوانیوە قەناعەت بە وەزارەتی نەوت و حکومەتی عێراق بێنێ سەبارەت بە دەستوریبونی گرێبەستەکانی لەگەل کۆمپانیا بیانیەکاندا. لە سیاسەتی دارایی و بودجەشدا سەرەتای هەمو سالێکی دارایی و لە میانەی گفتوگۆکردن سەبارەت بە بودجەی ئیتحادیی کێشەکانی نێوان هەرێم و حکومەتی عێراق سەبارەت بە بەرکەوتی هەرێم لە بودجەی گشتی و بەرکەوتی هێزی پێشمەرگە لە بودجەی سەربازی و ئەمنی عێراق سەرهەلدەدەنەوە."

ئاشکرایە ئەم هەموو "نەتوانراوانە"ی سەرەوە کەهێلیان بەژێردا هاتوە، گلەییەکانی بزوتنەوەی گۆڕان لەیەکێتی و پارتی، وەک دوو لایەنی سەرەکی کە ڕەوتی پێکەوە شەراکەتیان لەعیراقدا بەڕیوەبردووە، چڕدەبێتەوە و گوایە ئەمانە بوونەتە مایەی ئەوەی کە "سیستەمێکی دیموکراتی فیدرال" بەوجۆرەی کەلە "بەرژەوەندی گەلی کوردستاندایە" دانەمەزرێ!! ئەم ڕوانگەیە جگەلەوەی پەردەپۆشکردنی هۆکاری فەشەل و شکستی خودی فیدرالیزمێکە کە لەسەر بنەمای دابەشبوونی قەومی وئاینی دامەزراوە و هەربەم هۆیەشەوە کۆمەلگای عێراق ڕاکێشراوەتە قەیرانێکی خوێنڕیژی و نائارامیەوە، هاوکات ڕاشکاوانە لەسەر خودی خەسلەتی نەتەوەیی دەولەتی عیراق ڕادەوەستێ، ئەوەتا گلەییەکان دەباتە سەرئەوەی کە یەکێتی و پارتی نەیانتوانیوە عێراق وەک "دەولەتێکی فرە نەتەوەیی بناسێنن".

دیسانەوە لەمەش زیاتر دەبێ بپرسین کە مەسەلەی بەجینۆساید ناسینی کۆمەلکوژیەکان وئەنفالو

## پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان چیمان پێدەڵێت؟

کیمایبارانی هەڵەبجە، بەوشێوەیەی کە تائێستا ناسیونالیزمی کورد و حزبەکانی، بەخودی بزوتنەوەی گۆڕانەوە نانو پیازی پێوەدەخۆن چ دەستکەوتێکی بۆ خەڵکی کوردستان هەبووە؟ لەکاتێکدا ئەم ڕووداوانە ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی نەتەوەیی و ئەو شەر و ململانێ قەومیەی کەقاچی هەردوو ناسیونالیزمی کوردو عەرەبی تیا چەقیوە.

لەکۆتایی ئەم تەوەرەدا پرۆگرام زیاتر لە١٥ خاڵی وەک بەرئەنجامێک ڕیزکردووە، کە بەقەد سەرەدەرزیەک ڕووی لەباشبوونی ژیان و جێگیرکردنی ماف و ئازادیەکانی هاولاتیانی دانیشتوی ناوەراست و خواروی عێراق نییە، لەکاتێکدا وابریارە بزوتنەوەی گۆران لە "پەیکەرەی دەوڵەتی عێراق"دا چاکسازی بکا و"سیستەمی دیموکراسیو فیدرالیزم" بەو جۆرەی کە کۆتایی بەکەموکوری و هەنگاوەکانی یەکێتی و پارتی لەو شەراکەتەی کە لەئارادایە، بهێنێ! بەواتایەکیتر بزوتنەوەی گۆران بەو ڕیژەیەی خەمخۆری فیدرالیزم و دیموکراسی و "شەراکەتی ڕاستەقینەیە" لەگەڵ پێکهاتەکانی تری عێراقدا، بەلام ئەوپەری بێدەربەستانە لە ژیان و گوزەران و ئەمنیەت و ئازادیەکانی  خەڵکی عێراق دەروانێ و هیچ قسەیەک لەبارەیانەوە ناکات، لەکاتێکدا بریارە لەگەڵ ئەواندا شەراکەت بەریوەبەرێ. ئەمە ئیتر خەسڵەتی کوێربینانەی ناسیونالیزمێکە کە هەموشتێک بەعەینەکی نەتەوە و خاک و بەرژەوەندی خودیەوە دەبینێ و پێوانەی ئینسانی بوون و برایەتی و هاولاتی کە دانیشتوانی ولاتێک بەیەک چارەنوسەوە گرێ دەداتەوە، جێگایەکی نە لە سیاسەت و نە لە کردەوەدا هەیە. ڕاوەستان لەکەنار سیاسەتی جەنگخوازانەی ئەمریکا و برسیکردنی خەڵکی عێراق و دواتریش بینینەوەی "بەرژوەندی کورد" لەقەسابیکردنی خەڵکی عێراق و کاولکردنی کۆمەڵگایەک لەڕابردوودا، بەهای ئەم ڕوانگە دژی ئینسانیەی ناسیونالیزمی کوردە، کە لە سالانی نەوەدەکانەوە بەئاشکرا گرتویەتیەبەر.

## کۆتایی ئەم بەشە و خاڵبەندیەکی پێویست:

لێرەدا بەرلەوەی کۆتایی بەم بەشەی باسەکەمان بهێنین بەپێویستی دەزانین چەند خاڵ وەک بەرئەنجام لەوەی کەوتراوە بۆ نیشاندانی ڕووکاری لێکچوو و هاوبەشی بزوتنەوەی گۆران وپرۆگرامە سیاسیەکەی، لەگەڵ چوارچێوەی سیاسی و ئەو ڕوانگە و چەمکانە دەرخەین کە ئەحزابی ناسیونالیستی تەقلیدی لەسەری ڕاوەستاوە و لێرەشەوە خوێنەر بەو هێڵە خۆڵەمێشیەی کە سنوری جیاکەرەوەی بزوتنەوەی گۆرانی لەگەڵ ئەوانی تردا دیاریکردووە، ئاشنا بکەین:

یەکەم: لەسەر ئاستی عێراق و پەیوەندی کوردستان بە دەوڵەتی مەرکەزیەوە. پرۆگرام لەسەر بنەمای هەمان چوارچێوەی سیاسی و مەبدەئی"بەشداری کورد لەحکومەتی عێراقدا"، ڕاوەستاوە و مامەڵەدەکات. لەم چوارچیوەیەشدا پرۆگرامەکەی بزوتنەوەی گۆران وەک حزبەکانی تر فیدرالیزمی قەومی و دەستورە کۆنەپەرستەکەی، کە ئەم فیرالیزمەی بە یاسایی کردووە، بەبنەما و سەرچاوەیەکی سەرەکی وەرگرتووە بۆ گەیشتن بەئیستحقاقاتی قەومی و هەرێمایەتی و بەدەستهێنانی ئیمتیازات و ئیختارات و پلەوپایە لە دەوڵەتی عێراقی فیدراڵدا و دابەشکردنیان بەسەر حزبەکاندا کردۆتە هەمان چوارچێوەی سیاسی بۆ چۆنیەتی پەیوەندی نێوان هەرێمو بەغدا.

خەسرەو سایە

دووەم: پرۆگرام وەک سیاسەتی تائێستای حزبەکانی تر نەک هەربەلای چارەسەرێکی جیاوازی سیاسی و ئینسانیانە بۆ مەسەلەی کورد لەعێراق وکۆتایی هێنان بەو گێژاوە سیاسیەی کە کۆمەڵگای کوردستانی لەسەر ڕاوەستاوە، ناچێت بەڵکو ئەویش لەسەر بنەمای هێشتنەوەی کێشەی کورد و کردنی بە بنەمایەک بۆ شەراکەت و ململانێ لەئاست عێراقدا بەتەواوی هاو هەڵویست و هاو تەریبە.

سێهەم: پرۆگرام لە هەمان ڕوانگە و دیدی بۆرژوا ناسیونالیستانەی کوردەوە بۆ کۆمەڵگای عێراق دەڕوانێ و ئەویش بەهەمان شێوە هەڵویستی نابەرپرسیارانە و بگرە ڕاسیستانە بەرامبەر چارەنوسی هاولاتیانی عێراقدا دەگرێ و پشتدەکاتە مەسەلەی ماف و ئازادی و بژیوی ئینسانی ئەم هاولاتیانە. لەکاتێکدا باس لە"پیکەوەژیان و شەراکەت" دەکەن. دابەش بوونی قەومی و ئاینی و بەرینکردنەوەی قەڵشتی نێوان ئینسانەکان لەسەر ئەم بنەمایە، وەک ڕوانگەیەکی سەرەکی ناسیونالیزمی کورد کە ساڵەهایە بۆ مانەوەی کێشەی کورد لە عێراقدا بەدەستەوەگیراوە، هەمان ئەو روانگەیەیە کەپرۆگرامی بزوتنەوەی گۆڕانی پێنوسراوە.

چوارەم: ئەو چەمکانەی کەڕوانگەی سەرەکی نویسنەوەی پرۆگرامە، بەهەمان شێوەی هەرحزبێکی تری ناسیونالیست بریتیەلە خاک، نەتەوە، نیشتمان، شەراکەت، ئیستحقاقی نەتەوەیی...هەموو ئەمانەش بۆ پێچەوانە کردنەوەی واقعیەتە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان و ڕەوایەتی دان بە بەرنامەو سیاسەتی تائێستای حزبە بۆرژوا ناسیونالیستەکانی کورد و تەجروبەی دەسەلاتەکەی بەکار براون.

پێنجەم: ڕەخنەی بزوتنەوەی گۆڕان چ لە دۆخی ئێستای پەیوەندیەکانی نێوان هەرێم و بەغدا و چ لە کارنامەی تائێستای حزبەکانی تر نەک ماهیەتی و جەوهەری نییە، بەڵکو ڕواڵەتی و تەکنیکیە و زیاتر ڕەنگدانەوەی فشارێکە کە بەهۆی بالادەستی حزبەکانی وەک پارتی و یەکێتیەوە هاتۆتەئاراوە..

ئۆکتۆبەری ٢٠١٥



موحسین کەریم

# ئیسلام و ئیسلامی سیاسی، ناسیۆنالیزمی کوردو ئیسلام!

**روونکردنەوەیەك:**

بیرۆکەی بنەڕەتی ئەم باسەو بەشێکی زۆریش لە خودی باسەکە لە سیمینارێکدا لەسەر پاڵتۆک لە ساڵی ۲۰۰۵دا پێشکەش کرا، بەڵام بۆ ئامادەکردنی بەشێوەی ئەم نوسینە لەکاتی داڕشتنەوەی باسەکەدا هەم دەستکاری کراوەو هەم کەموزیادی تێدا کراوە. بڵاوکردنەوەی باسەکەش بەشێوەی نوسراو بۆ یەکەمجار لە ساڵی ۲۰۰٦دا و لەسەر ئینتەرنێت بوو.

هەرچەندە نزیکەی ۹ ساڵ بەسەر ئەم نوسینەدا تێدەپەڕێت، بەڵام پێموایە لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەکانی ناو نوسینەکە بایەخی خۆیان لەدەست نەداوە، بۆیە بڕیارمدا کە بینێرم بۆ ژمارە (۲)ی بڵاوکراوەی "دیدگای سۆشیالیستی" بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی. بەڵام لە چەند جێگایەکدا هەوڵمداوە باسەکە بەپێی زانیاریەکانو روداوەکانی ئێستا ئەپدەیت بکەمەوە. ئەو شوێنانەی دەستکاریەکانی تێداکراوە لە پەراوێزی لاپەڕەکەدا ئاماژەی پێکراوە.

نوسینەکە هەندێجار دەچێتە ناو لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییەوە کە رەنگە خوێنەر دڵی ئەوە بخوازێ بە ناوهێنانی سەرچاوە، لێکۆڵینەوەکە باوەڕپێکراوتر بکرێ. بێگومان بۆ نوسینی ئەم باسە کەم تازۆر سوودم لەو نوسراوە مارکسیستیانە وەرگرتوە کە بەدرێژایی ژیانی سیاسیم لەماوەی نزیک بەچارەکە سەدەیەکدا خوێندوومنەتەوە، بەتایبەتی نوسراوەکانی هاوڕێ مەنسوری حیکمەت. هەروەها هەندێ نوسراوی دیکەش کە بە بۆچوونی خۆم بەڵگەی زانستییان هەبووەو جێی متمانەی من بوون، بەڵام بەداخەوە من لەم کاتەدا فرسەتی ئەوەم نەبوو کە بگەڕێمەوە بۆ ئەو نوسراوانەو لێرەدا ناویان بهێنم.

## ئیسلام و ئیسلامی سیاسی، ناسیۆنالیزمی کوردو ئیسلام!

بەڵام من بەوەی کە هیچ دەقێکی دیاریکراوم نەهێناوەتەوە خۆم لەو ئیلتزامە بۆ گەڕان بە شوێن سەرچاوەکاندا رزگارکردووە! هەڵبەت هەر خودی گەڕانەوە بۆ ئەو نوسراوانەش کارێکی ئاسان نیە. هەرچۆنێک بێت، من خۆم بەتەواوی لەم باسە بەرپرسیارم، چونکە لە دوالێکدانەوەدا بۆچوونی خۆم بەیان دەکەن.

بۆ سادەکردنەوەو ئاسانکردنی شوێنکەوتنی باسەکە، هەوڵمداوە کە سەرجەم باسەکەم بۆ چەند بەشێکی سەرەکیو لاوەکی دابەش بکەمو بەو پێیەش تایتڵیان بۆ دابنێم. هیوادارم کە توانیبێتم لەباری تەکنیکی نوسینەوە ئەوەم ئەنجامدابێت کە خوێنەر شەکەتو ماندوو نەبێ! لەباری دەقو ناوەرۆکیشەوە جێگای قبوڵی ئەو کەسانە بێت کە خۆیان بەشەریکی رەخنەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی پێشڕەوو رادیکاڵو زانستیانە دەزانن لە ئیسلامو ناسیۆنالیزمی کورد وەکو دوو بزووتنەوەی کۆمەڵایەتیو، کوردایەتیو ئیسلامی سیاسی وەکو دوو بزووتنەوەی سیاسی بۆرژوازی لە کوردستان.

## پێشەکی:

کاتێک باسی تیرۆریزمی ئیسلامی دەکرێ، لەبەرامبەردا ئەوانەی کە بەجۆرێک بەرژەوەندییان لەگەڵ ئیسلامدا هەیە یان خۆشباوەڕ کراون بەئیسلام، دەڵێن: ئیسلام دینی ئاشتییە! ئەم پڕوپاگەندەیە تەنانەت لەلایەن ئەو تاقمە ئیسلامیانەشەوە دەکرێ کە رۆژانە پڕوپاگەندە بۆ "جیهاد" دەکەنو بەکردەوەش ئەم فەرمانەی ئیسلام بە ملپەڕاندنو سەربڕینو تیرۆرکردنی خەڵکی مەدەنی جێبەجێ دەکەن! ناسیۆنالیزمی کوردیش بۆئەوەی "رەسەنو نارەسەن"ەکانیان- بە زمانی راگەیاندنی رەسمیي بۆرژوازی "میانەڕەو و توندەڕەو"-ەکانیان لێک جیا بکاتەوە، تا لەگەڵ "رەسەنەکانیان"دا بسازێت، هەمان ئەو پڕوپاگەندەیە دەکات. خەڵکێکیش هەن کە یان لەژێر کاریگەریی ئەو پڕوپاگەندەیەدا، یان بەهۆی دەسەڵاتی یاساییو فکریی ئیسلامەوە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتیدا تووشی ئەم وەهمە بوون.

ئەوەی من دەمەوێ لێرەدا روونی بکەمەوە ئەوەیە کە تیرۆریزمی ئیسلامی سەرچاوەکەی لە ئیسلامەوە وەرگرتووە، هەروەک ئەوەی کە لقێکی سەرچاوەی فکریی ناسیۆنالیزمی کوردیش ئیسلامە! ئەمە سەرباری لێکدانەوەی ماهیەتی چینایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی لەلایەکەوەو بەرژەوەندی سیاسی ناسیۆنالیزمی کوردیش لە دەست گرتنی بەئیسلامەوە لە لایەکی دیکەوە.

بێگومان کاری من ئەوە نیە کە دەقەکانی قورئان لێک بدەمەوە. ئەم کارە کەسانی دیکە کردویانەو کەم تا زۆریش سەرکەوتوو بوون لە دەرخستنی ماهیەتی توندوتیژیی ئیسلام. بەڵام من دەمەوێ لەو مەسەلە زۆر سادەیەوە دەست پێبکەم کە فەلسەفەی بنەڕەتیی ئایدیۆلۆژیای ئیسلام پێکدەهێنێ، ئەویش پەیوەندی نێوان "خوداو کۆیلە"یە. بەپێی ئاینی ئیسلامیش دەبێت "کۆیلە" گوێڕایەڵو جێبەجێکەری فەرمانەکانی "خودا" بێت دەنا بەسزای سوتاندن لە دۆزەخدا بۆ دەیانو سەدانو بگرە هەزاران ساڵ هەڕەشەی لێدەکرێت.

ئیسلام لەم دنیایەدا (واتە لەدنیای واقعیدا کەئینسان بواری ئیرادەی هەیە) هەڕەشە دەکاتو

جێبەجێکردنەکەشی دەخاتە ئەو دنیا (واتە ئەو دنیایەی کە تەنها "خودا" دەسەڵاتی تێدا هەیەو ئینسان هیچ ئیرادەیەکی نامێنیو ملکەچ لەبەردەم چارەنوسی خۆیدا رادەوەستێ)! ئەمە تا ئەوکاتەی کە هێشتا "خودا" نەبووەتە ئامێرێک بەدەستی چینە داراو چەوسێنەرەکانەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی چینە چەوساوەکان. ئەمە تا ئەوکاتەی کە هێشتا چەمکی خوداو کۆیلە هەردووکیان وجودی زەمینییان پەیدا نەکردووەو "خودا" ئەرکی پاراستنی سامانو بەرژەوەندی چینە دەوڵەمەندەکانی لەخەتەری کۆیلە واقعیەکان (چینە نەدارو چەوساوەکان) لەئەستۆ نەگرتووە. ئەمە تا ئەوکاتەی کە هێشتا "خودا" بوونەوەرێکی زهنیە لە مێشکی ئینساندا. بەڵام دوای ئەم دەورە تازەیەی، ئیتر "خودا" وجودی مادی بۆ دروست کرا. چینە داراو خاوەن دەسەڵاتەکان لەسەر زەوی ماڵیان بۆ پێکەوە ناو بۆیان پڕفەرش کرد. سزای دۆزەخی ئەو دنیاشیان بۆ سەرپێچیکەران نزیک کردەوە بۆ دنیای ئێستاو دەستیان کرد بە جێبەجێکردنی! ئاینی ئیسلام تەسویرێکی گشتیو نموونەییە لەدەورونەخشی تازەو زەمینیی "خودا" بەرامبەر بە کۆیلە سەرپێچیکارەکان لە زوڵمو ستەمو نایەکسانی!

## ئیسلامو مەسیحیەت،
## ئیسلام دینی دەرەبەگایەتی:

بەپێچەوانەی ئاینی مەسیحەوە، ئاینی ئیسلام بەتەواوی پشتی بە توندو تیژیو کوشتنو قەتڵوعام بەستووە بۆ ملپێکەچکردنی ئینسانەکان. ئاینی مەسیح دوای شکستی شۆڕشی سپارتاکۆس سەری هەڵدا. دوای ئەوەی کە کۆیلەکان لەگۆڕینی ژیانی پڕ لە کوێرەوەری و چەوەسانەوەیان لە دنیای واقعیدا شکستیان خوارد، ئومێد بە گۆڕینی دنیا بە هێزی ئینسانی چەوەساوە لاواز بوو. ئومێد بە گۆڕینی ژیانی واقعی لەبەرامبەر توانای زەبەلاحی دەسەڵاتی کۆیلەداری (ئیمپراتۆریەتی رۆما)دا کز بوو! دەورانی بێئومێدی لەناو چینی چەوساوەی ئەو کاتە (کۆیلەکان)دا گەشەی کرد. لەسەر زەمینەی ئەم بێئیرادەییەی ئینسانە چەوساوەکان بوو لە دنیای راستەقینەدا کە ئومێد بە باشبوونی ژیان بەرگێکی خەیاڵی لەبەردەکاتەوەو ئاینی مەسیح وەکو خولیاو ئومێدێکی تەماویو خەیاڵی ئینسانە چەوساوەکان سەر هەڵدەدات. پاش ئەوە مەسیح کە هەر لەلایەن ئەو دەسەڵاتەوە لە خاچ درا، بیروباوەڕەکەی بووە ئاینی رەسمی ئیمپراتۆریەتی رۆمانیو دواتریش دەسەڵاتە دەرەبەگیەکانی ئەوروپا. ئاینی مەسیحی تا ئەوکاتەی نەبووە ئاینی رەسمیی چینی دەسەڵاتدار، هەناسە هەڵکێشانی چەوساوەکانو داوانامەی بەزەیی لەدەسەڵاتدارانو چەوسێنەرانو زۆرداران بوو!

بەڵام دینی ئیسلام هەر لە سەرەتاوە ئاینی چینی داراو خاوەن دەسەڵات بوو. ئەگەر تەنها یەکەم رابەرانی ئیسلام (خودی محمدو ئەوانەی پێیان دەوتن خەلیفەکانی راشدین: ئەبوبەکری سدیق، عومەری کوڕی خەتاب، عوسمانی کوڕی عەفانو عەلی کوڕی ئەبی تالیبی ئامۆزای محمد) وەکو نموونە تەماشا بکەین، ئەمانە لە سەرکردەکانو خانەدانەکانی خێڵی قورەیشو خێڵە خاوەن سامانو دەسەڵاتەکانی نیوەدوورگەی عەرەب بوون. پرۆسەی بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام لە سەرەتادا

بریتی بوو لە کێشەکمێشی نێوان سەرکردەو خانەدانەکانی ئەم خێڵو قەبیلانە بۆ دەست بەسەراگرتنی دەسەڵاتو سامانی ئەوانی دیکە یان بەشکردنی دەسەڵاتو سامانی ناوچەکە لە نێوان چەند خانەدانێکی بەهێزی ناوچەکەدا.

هەر لەسەرەتاوە شەڕەکانی نێوان خانەدانەکانی ئیسلامو ئەوانی دیکە کەپێیان دەگوتن "کافرەکان"، شەڕی دەست بەسەراگراتنو تاڵانکردنی سامانو مومتەلەکاتی ئەوان بووە. خانەدانەکانی ئیسلام ئەو جەماوەرە رەشوڕووتە کۆیلەیەی کە لەدەوری خۆیان کۆکردبۆوە وەکو سوپایەک لە پرۆسەی کەڵەکەی سامانو جێگیرکردنو پتەوکردنی دەسەڵاتی خۆیاندا بەکاریان دەهێنان. سەرکردەکانی ئیسلام ئەو "غەنیمە"یەی لە شەڕدا دەستیان دەکەوت، بەشێکی کەمیان بەسەر جەنگاوەرەکانیاندا دابەش دەکردو بەشی زۆری بۆ خۆیانو بۆ پتەوکردنی دەسەڵاتەکەیان بوو کە دواتر پانتایی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتیان بۆ دەرەوەی نیوە دوورگەی عەرەبی کشاو لە ماوەی نزیک بە چەند سەد ساڵێکدا بەشێکی بەرچاوی لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا داگیر کردو گەورەترین دەوڵەتی دەرەبەگایەتی لە رۆژهەڵاتدا دامەزراند.

بەمجۆرە دەوڵەتی ئیسلامی، ناوی ئەو دەوڵەتە دەرەبەگییە بوو کە لەسەر دەستی محمددا پایەکەی داڕێژراو پرۆسەی سەرەتایی کەڵەکەی سامانو داکوتانی مێخی دەسەڵاتەکەشی لەرێگەی کوشتنو وێرانکاریو دەست بەسەراگرتنو تاڵانکردنی سامانو موڵکی قەبیلەو گروپەکانی دیکەی نیوەدوورگەی عەرەبی، واتە بەزمانی ئیسلام "غەنیمە"وە بەسەرەنجام گەیشت. ئەم پرۆسەیەش هەنگاوەکانی داهاتووتری هەر بەهەمان شێوە بە پاکسازیو قەتڵو عامو زەوتکردنی مومتەلەکاتو ئەنفالکردنی "غەیرە موسڵمان" بەرێوە چوو لە دەورانی ئەوەی پێی دەڵێن "فتوحات"ی ئیسلامی کە سەدان ساڵی خایاندووە. کوشتارو سەربڕینی پیاوانی قەومو قەبیلەکانی غەیری ئیسلامو دەست بەسەرا گرتنی ماڵو سامانو ژنو منداڵی ئەوان بەشێکی گرنگ بووە لە مێژووی ئیسلامو دەسەڵاتو دەوڵەتی ئیسلامی.

لەو دەورانەدا ئیسلام دینی دەوڵەت نەبووە، بەڵکو خۆی دەوڵەت بووە. دەوڵەتی ئیسلامی دەوڵەتێک نەبووە کە دینی ئیسلام بکاتە ئاینی رەسمیی خۆی. لە دەورانی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی لە ئەورووپادا، مەسیحیەت لەلایەن دەوڵەتە دەرەبەگیەکانەوە بەدەستەوە گیرا بۆ خزمەتکردن بەبەرژەوەندی چینایەتی ئەوانو گێل کردنو سەرکوتکردنی جەماوەری چەوساوەو زەحمەتکێش (جوتیاران). ئاینی مەسیحیەت ئەم دەورەی گێراو بووە دینی رەسمی ئەو دەوڵەتانە. بەڵام ئیسلام خۆی دەوڵەتی دەرەبەگایەتی لەرۆژهەڵاتدا دروست کرد. ئەگەر قەشەکانی مەسیح مەوعیزەی پارێزگاری سامانو دەسەڵاتی دەرەبەگەکانی ئەورووپایان بڵاودەکردەوە، ئەگەر مەسیحیەت بووە ئامێرێک بەدەست چینی دەرەبەگەوە بۆ سەرکوتی هەر هەوڵو دەنگێکی نارازی بەدەسەڵاتیان بەناوی دژایەتیکردنی ئاینی مەسیحەوە، ئەوا سەرکردەکانی دەوڵەتی ئیسلام خۆیان مەلاو شێخو سوڵتانو خانەدانەکانی ئیسلام بوون. بۆیە ئاینی ئیسلامو یەکێک لە گەورەترینو درێژماوەترین دەسەڵاتە دەرەبەگییەکانی رۆژهەڵات یەک دیاردە بوون. قەوارەی ئەم دەوڵەتە کە بەشێوەیەکی رۆشنتر لە سەردەمی دەسەڵاتی خەلیفەکانەوە شکڵی گرتو تا دواهەمین شێوەکانی دەوڵەتی

ئیسلامی (دەوڵەتی عوسمانی) نوێنەرایەتی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی ڕۆژهەڵاتی کردووە. ئیسلامو دەسەڵاتو دەوڵەتی ئیسلامی خەسڵەتی سەرکوتگەرو چەوسێنەرانەی هەبووەو نمونەیەکی بەرجەستە بووە لە ئیستبدادی ڕۆژهەڵاتی.
کاتێک دەوڵەتی عوسمانی وەکو دوادەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی دەرەبەگی توانای بەرامبەرکێی لەگەڵ بەرهەمهێنانی تازەی سەرمایداریدا نامێنی کە بەرەو ئەوە دەچوو سەرتاپای جیهان بگرێتە بەر، ئیتر وەکو دەوڵەتێکیش بەرەبەرە توانای ئیدارەی کۆمەڵگاکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی نەما. دەستەواژەی "پیاوە نەخۆشەکە"، تەعبیرێکی سادەو دەقیقە لەو حاڵەتەی دەوڵەتی دەرەبەگایەتی ئیسلامی لە سەردەمی سەرهەڵدانو گەشەکردنی بەرهەمهێنانی سەرمایەداریو سەقامگیربوونو پەلهاویشتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی بۆرژوازی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا.

شەڕی جیهانی یەکەم کە بۆ دابەشکردنی جیهان بوو لەنێوان قوتبەکانی سەرمایەداریی مۆنۆپۆڵیدا، لەگەڵ خۆیدا دەوڵەتی عوسمانیشی ڕاماڵی. بەمجۆرە کۆتایی بە دەسەڵاتی دەوڵەتی دەرەبەگی-ئیسلامی هات. لەگەڵ ڕوخاندنی دوادەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیدا، ئیتر ئیسلام وەکو دەوڵەت کۆتایی پێهات. لەم دەمە بەدواوە ئیسلام لە دەسەڵاتی سیاسیدا نەما. لەدەسەڵاتکەوتنی ئیسلام، بەرەبەرە کاریگەریشی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی کەمکردەوە. ئەوەی کە لە ئیسلام مایەوە بیروباوەڕێکی دینی بوو کە بەرەبەرە بەرەو ئەوە دەچوو بکەوێتە پەراوێزی کۆمەڵگاوە.

## ئیسلام، بزووتنەوەی دژی ئیستعمار:

دەورانی ئیستیعمار، کە وڵاتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتو جیهانیان داگیرکردبوو، بزووتنەوەیەکی دژی ئیستعماری لەرۆژهەڵاتدا، بەتایبەتی لە دەیەکانی سەرەتای سەدەی ڕابردوودا لەجیهانی عەرەبیدا، بەناوی ئیسلامەوە سەری هەڵدایەوە. ئیسلامی سیاسیو دەسەڵاتخواز جارێکی دیکەو بە بەرنامەی دژایەتیکردنی ئیستعمارەوە دەیویست جێگا لە هاوکێشەی سیاسی-و کۆمەڵایەتی تازەی ئەم وڵاتانەدا پەیدا بکات، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە تەبایی نەبوو لەگەڵ ڕەوتی گەشەی کۆمەڵایەتیو پەرەسەندنی ئابووری سەرمایەداری‌دا کە ڕۆژبەرۆژ وڵاتانی دنیاو سەرجەم ناوچەی ڕۆژهەڵاتو جیهانی عەرەبیو ئەوەی پێی دەڵێن وڵاتانی ئیسلامی بەمۆری خۆی مۆر دەکرد، و مەسائیلی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو فەرهەنگیو... نوێی دەهێنایە ئاراوە کە وەڵامەکەی لەهەناوی کۆمەڵگای نوێدا بوو وە میکانیزمی کۆمەڵایەتی تازەی دەخواست، نەیتوانی هیچ بەدیلێکی سیاسی-ئابووری-کۆمەڵایەتی بدات بەدەستەوەو شکستی خوارد. ئەم بزووتنەوانە لەباری سیاسیەوە کۆنەپەرستو ئەنتی ڕۆژئاواییو لەباری ئابووری‌یەوە بەسەرچوو بوون! لەجێگای ئەمان بزووتنەوەیەکی دیکەی میللی-نیشتمانی بۆرژوایی سەری هەڵداو گەشەی کرد کە پلاتفۆرمی سیاسیو ئابووریەکەی دامەزراندنی سەرمایەداری نیشتمانیو میللی بوو لەم وڵاتانەدا.

لە دواهەمین قەڵای ڕووخاوی ئیسلامدا، بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی- سیکولار کە بە

## ئیسلام و ئیسلامی سیاسی، ناسیۆنالیزمی کوردو ئیسلام!

بزووتنەوەی ئەتاتورک ناسرا، بەشێوەیەکی خێراو بێگەڕانەوە بۆ پەیوەست بوون بە بازاڕی جیهانیی سەرمایەوە، دەورو نەخشی ئیسلامی تاڕادەیەکی بەرچاو لە ژیانی سیاسی-یاساییو بە دوای ئەمانیشدا کۆمەڵایەتیی دەوڵەتی تازە دروستبووی تورکیادا کەمو بێبایەخ کرد. لە وڵاتە عەرەبیەکاندا بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی بەئاسۆی رزگاربوون لە ئیستعمارو گەشەی ئابووری سەرمایەداریو پەیوەست بوون بە بازاری جیهانی سەرمایەوە، سەری هەڵداو گەشەی کردو توانی دەسەڵات بگرێتە دەستو دەوڵەتانی ناسیۆنالیستی-بۆرژوازی پێک بهێنن. لەم دەورانەدا ئیسلام وەکو بزووتنەوەی سیاسی تووشی شکستو بێئاسۆییو بێکاریگەر بوو لەسەر کۆمەڵگا.

## ئیسلام و ئاینی رەسمیی دەوڵەت:

ناسیۆنالیزمی عەرەبیو دەسەڵاتە بۆرژوا ناسیۆنالیستەکانی بەهۆی ئەوەی کە دەسەڵاتێکی چەوسێنەرو چینایەتی بوون، بۆ کۆنترۆڵکردنی جەماوەری کرێکارو زەحمەتێکش، کە بزووتنەوەی سیاسی کۆمەڵایەتی ئەوانیش شان بەشانی بزووتنەوەی ناسیۆنال-بۆرژوازی عەرەبی لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی کرێکاری جیهانیو شۆڕشی ئۆکتۆبەردا چەکەرەو گەشەی کرد، دەستی بە ئیسلامەوە گرت. ناسیۆنالیزمی عەرەبی نەیتوانی تەنانەت وەکو بزووتنەوەی ئەتاتورک بەندی فکری خۆی لەگەڵ ئیسلامو بۆچوونو سونەتی ئیسلامدا بپسێنێ.

ئەگەرچی سەرجەمی ئەم ناسیۆنالیزمە بەوانەی کە لە دابەشکردنی جیهانیی دەسەڵاتدا خۆی وەکو هاوپەیمانی بلۆکی رۆژهەڵات پێناسە دەکردو ئەوانەشیان کە پرۆ رۆژئاوایی بوون، هەموو ئیدیعای مەدەنیەتو جۆرێک لە سیکولاریزمیان دەکرد، وەکو پێداویستی پرۆسەی سەقامگیرکردنی سەرمایەداری خۆماڵیو دەسەڵاتی میللی- نیشتمانی-بۆرژوایی لەم وڵاتانەدا بۆگرێدانەوەی وڵاتەکانیان بە بازاری جیهانی سەرمایەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا ئیسلام لقێکی بنەڕەتی ئایدیۆلۆژیاو جیهانبینی ئەم ناسیۆنالیزمە بووەو نەیتوانیوە دەستبەرداری بێت. تەنانەت ئەو دەوڵەتانەی غەیری ناسیۆنالیزمی عەرەب کە پاشماوەی قەڵەمڕەوی دەوڵەتی ئیسلامی بوون، وە بۆرژوازی خۆماڵی تێیاندا بەدەسەڵات گەیشت دوای "رزگاربوون" لە ئیستعمار، بەجۆرێک ئەوانیش دەستیان بەدینی ئیسلامەوە گرت بۆ هەمان مەبەستی کۆنترۆڵکردنو چەوسانەوەو سەرکوتکردنی چینی کرێکارو زەحمەتکێشی وڵاتەکانی خۆیان.

لە بەشێکی زۆری ئەم وڵاتانەی رۆژهەڵاتدا (ئەوانەی پێیان دەڵێن وڵاتانی ئیسلامی) بە عەرەبیو غەیرە عەرەبیەوە، ئیسلام وەکو دینی رەسمی دەوڵەتە بۆرژوا-میللیەکان بەسەر خەڵکدا سەپێنرا یان بەشێوەیەک لە شێوەکان لە ژیانی یاساییو کۆمەڵایەتی خەڵکو هاوڵاتیاندا دەخالەتی پێدرا. لەم دەورانەدا ئیسلامی سیاسی جیگایەکی نەمایەوە لە هاوکێشە سیاسی-کۆمەڵایەتیەکانی ناوچەکەدا بەگشتی، بەڵام ئیسلام وەکو ئامێرێکی خزمەتگوزاری دەسەڵاتی بۆرژوا-میللی، هەرکاتێک دەوڵەتی ناسیۆنالیستی لە بەرامبەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو کرێکاری‌دا پێویستی بوایە بەکاری دەهێنا بۆ چەواشەکردنی جەماوەری مەحرومو سەرکوتکردنی هەڵسوڕاوانی سیاسی چەپو کۆمۆنیستو رابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری.

موحسن کەریم

**شکستی پرۆسەی گەشەی ئابووری و سەرهەڵدانەوەی ئیسلامی سیاسی:**

لەماوەی دەسەڵاتداریێتی بزووتنەوە بۆرژوا ناسیۆنالیستیەکان بەتایبەتی لەجیهانی عەرەبدا، ئەوەی کە بڕیار بوو بەسەرەنجام بگات وەکو بەستنەوەی بازاری کارو سەرمایەی میللی بە بازاری جیهانیی سەرمایەوە بەسەرەنجام نەگەیشت. سەرمایە لە جیهانی عەرەبدا لەرێگەی بە ئاکام گەیاندنی پرۆسەی بە رۆژئاوایی بوونو لێک هەڵپێکران لەگەڵ ئابووری بازاری ئازاددا دەیتوانی پرۆسەی گەشەو پێشڕەوی ئابووری خۆی بەسەرکەوتن بگەیەنێ. بەڵام ئەم کارە بەهۆی کێشەی نێوان بلۆکی رۆژهەڵاتو رۆژئاواو مەسەلەی فەلەستینو سەنگەرگرتنی بەشی ئەسڵی ناسیۆنالیزمی عەرەبو دەوڵەتانی عەرەبی لەپاڵ بلۆکی رۆژهەڵاتدا بە نیوەناچڵی مایەوە.

ناکاملیی ئەم پرۆسەی بەرۆژئاوایی بوونەی سەرمایە لەجیهانی عەرەبیدا دەرگای کردەوە بۆ ئەزمەی ئابووریو بەدوای ئەویشدا پەرەگرتنی هەژاریو هاتنەخوارەوەی ئاستی گوزەرانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی بۆ خوار ئاستی هەژاری. لەپاڵ ئەمەشدا کۆمەڵێک حکومەتو دەسەڵاتی سەرکوتگەری بۆرژوا ناسیۆنالیست لەسەرکاربوون کە وەڵامی هەرجۆرە نارەزایەتیو دەنگ هەڵبڕینێکی خەڵکیان بە ئاگرو ئاسن ئەدایەوە. بەم شێوەیە هەژاری لە سەرێکو سەرکوتو داپڵۆسین لەسەرێکی دیکەوە سیمای کۆمەڵگاو دەوڵەتو حکومەتی بۆرژوا-ناسیۆنالیستی پێکدەهێنا. بنبەستی ئابووریو سیاسیو تەنانەت ئایدۆلۆژی ناسیۆنالیزمو میللیگەرایی زەمینەی سەرهەڵدانی نارەزایەتی لە دەسەڵاتی بۆرژوا ناسیۆنالیستی بەهێزو هەمەگیر کرد.

لە سەرەتای حەفتاکانەوە بزووتنەوە ئیسلامیەکان بە سیماو ناوەرۆکێکی جیاوازەوە سەر بەرزدەکەنەوە. ئەمجارەیان ئیسلامی سیاسی بە ناوەرۆکی دژی ئیستبدایو دژی هەژاریەوە خۆی دەناسێنێ. هەڵبەت بزووتنەوە ئیسلامیەکان دەوری خزمەتچی دەوڵەتی بۆرژوا-ناسیۆنالیستیان بینیوە لە دژی بزووتنەوەی کرێکاریو چەپ تەنانەت لەو دەورانەشدا کە سەنگێکیان لە هاوکێشە سیاسیەکانی کۆمەڵگادا نەبوو. بەڵام ئەمجارە لەکێشمەکێشیدا لەگەڵ دەسەڵاتە ناسیۆنالیستیەکاندا وەکو دوو بزووتنەوەی ناوخێزانی بۆرژوازی، بۆئەوەی کامیان ئابووری سەرمایەداری بچەرخێنێ، ئیسلامی سیاسی خۆی وەکو نوێنەری ئەو نارەزایەتیەی خەڵک لە دەسەڵاتی میللی-ئیستبدادی نیشاندا. ئەمجارە ئیتر بزووتنەوەی ئیسلامی ناوەڕۆکێکی سیاسی تەواو جیاواز لە سەردەمی پێشووی بەخۆوە دەگرێ.

لەم دەورەیەدا ئیسلامی سیاسی بزووتنەوەی بەشی هەرە دواکەوتووی بۆرژوازییە کە دژی فەرهەنگی رۆژئاواو مۆدێرنیزمە. لەو ئاڵوگۆڕە سیاسیو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتیانە نارەحەت بوو کە کەم تازۆر پرۆسەی نیوەناچڵی رۆژئاوایی بوون لەگەڵ خۆی هێنابووی بۆ ناو ئەم کۆمەڵگایانە. لە کاتێکدا بۆ راکێشانی جەماوەری مەحروم بەلای خۆیدا ئیستبدادو هەژاریی ژێر دەسەڵاتی حکومەتە ناسیۆنالیستەکانی وەکو دوو دیاردەی رۆژئاوایی دەناساند، لە هەمانکاتدا بە توندی دژی کۆمۆنیزمو چەپ بوو. بەکورتی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی بزووتنەوەی بۆرژوایی دەورانی ئەزمەی بۆرژوازیەو دژی کۆمۆنیستو دژی کرێکارو دژی مۆدێرنیزم بوو، بەڵام بەناوی هەژاران (موستەزعەفین)و دژایەتیکردنی هەژاریو ئیستبدادەوە پێناسەی خۆی کردەوە.

## ئیسلام و ئیسلامی سیاسی، ناسیۆنالیزمی کوردو ئیسلام!

### شکستی بلۆکی رۆژهەڵاتو بەرز بوونەوەی ئیسلامی سیاسی:

ئەگەر کێشەی فەلەستین دەورێکی بنەڕەتیی هەبوو لە ناکام هێشتنەوەی پرۆسەی بەرۆژئاوایی بوونی ئابووری وڵاتانی جیهانی عەرەبو تا رادەیەک جیهانی ناوبراو بە ئیسلامی، ئەوا بەو رادەیەش مادەیەکی پرۆپاگەندەی سیاسی و چوارچێوەیەکی ئایدۆلۆژی ناسیۆنالیزمی عەرەب بوو بۆ چەواشەکردنی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێش، لەپاڵ سەرکوتو داپڵۆسینی سیاسیدا، بەمجۆرەش لاوازکردنی بزووتنەوەی کرێکاریو چەپو ریزی سەربەخۆی سیاسی چینایەتی کرێکاری لەجیهانی عەرەبدا. ئەگەر ئەمەی سەرەوە بخەینە پاڵ کاریگەری کۆمۆنیزمی بلۆکی رۆژهەڵات لەسەر بزووتنەوەی چەپو کرێکاری لەدنیای عەرەبدا-چ لە دەورانی رەونەقیداو چ لە دەورانی پاشەکشەو شکستی ئەم کۆمۆنیزمە رەسمیەی رۆژهەڵاتدا- دەتوانین تەسەوری ئاستی لاوازی سیاسیو نارۆشنی فکریو کەمکاریگەریی سیاسیی بزووتنەوەی کرێکاریو کۆمۆنیستی لە گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانی دنیای عەرەبدا بکەین. لە بارودۆخێکی وادا، لە غیابی کۆمۆنیزمێکی رۆشنو تیژو رادیکاڵو دەخالەتگەری سیاسیو کۆمەڵایەتیدا جێگا بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی خاڵی دەمێنێتەوە کە ئیدیعای وەستانەوە بە رووی زوڵمو ئیستبدادو هەژاریدا بکات! جەماوەرێکی هەژارو مەحرومو وەگیان هاتوو لە زوڵمو ئیستبدادی وەحشیانەی دەسەڵاتە ناسیۆنالیستەکانیش ئەوان بە فریادرەس ببینن و شوێنیان بکەون!

پرۆسەی لاوازبوونو داخورانی بلۆکی سۆڤیەت لە ساڵانی هەشتاکانو دواتر هەڵوەشانەوەو داڕوخانی لە یەکەم ساڵەکانی دەیەی نەوەددا، زەمینەی بۆ بەرزبوونەوەو بەهێزبوونی ئیسلامی سیاسی رەخساند. بەدەسەڵات گەیشتنی ئیسلامی سیاسی لەئێران بەرهەمی دواساتەکانی ململانێی نێوان بلۆکی رۆژئاواو رۆژهەڵات بوو. ئەودەم رۆژئاوا کە نەیتوانی دەسەڵاتی شاهەنشایی دۆستو ژاندارمی خۆی لە کەنداودا لە زەربەی نارەزایەتی خەڵک بپارێزێت، هاتنەسەرکاری رژێمێکی ئیسلامی لەئێراندا لە جیاتی رژێمێکی چەپ پێباشتر بوو، چونکە بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی ئێران لە ساڵەکانی کۆتایی دەیەی حەفتادا سیمای چەپو کرێکاری پێوە بوو.

یەکەم وەزیفەی رژێمی ئیسلامی ئێران لەخوێن هەڵکێشانی بزووتنەوەی چەپو کرێکاری بوو لە کاتێکدا بەناوی "موستەزعەفین-هەژارەکان"ەوە حوکمڕانیی دەکرد! سەرکوتی وەحشیانەی هەموو مافێکی مەدەنیو سەرەتایی خەڵک بوو. گەڕاندنەوەی ژنان بوو بۆ دەورانی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیو زاڵکردنی دەسەڵاتی ئاینو شەریعەتی ئیسلام بوو بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی ئێراندا. زاڵکردنی رەشترین دەسەڵاتی بۆرژوایی-دژی کرێکاریو دژی کۆمۆنیستی بوو لە ئێراندا. ئەمە پەیامی گەڕانەوەی ئیسلام بوو بۆ دەسەڵاتو حکومەتکردن.

### ناسیۆنالیزمی کوردو ئیسلام؛

### خاسیەتی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی

ناسیۆنالیزمی کوردیش وەکو ناسیۆنالیزمی عەرەب، ئیسلام پێکنەرێکی رەگەزی فکریی پێک دەهێنێ. بەڵام جیاوازییەکی ناسیۆنالیزمی کوردو عەرەب ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی عەرەب زیاتر

رەوتێکی شاری بووە. واتە هێزی کۆمەڵایەتی ئەم بزووتنەوەیە شارو خەڵکی شارەکان بووە. بەڵام بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد کەمتر شاریو زیاتر بزووتنەوەیەکە کە هێزی کۆمەڵایەتی خۆی لە خەڵکی دێهاتەکانی کوردستان بەدەست هێناوەو شێوازی خەباتی، خەباتی چەکداریو خەباتی شاخ، وە ناوەندی خەباتیشی لەناو لادێکانو خەڵکی لادێدا بووە.
هیچ جۆرە جموجوڵێکی سیاسی جەماوەری خەڵکی شارەکانی کوردستان وەکو درێژەی ئاسایيو مەنتقی سونەتی خەباتی سیاسی ناسیۆنالیزمی کورد نابینرێ. تەنانەت ئەو جموجوڵانەی کە ناوبەناو لە شارەکانی کوردستان سەریان هەڵداوە زیاتر لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی چەپی کوردستاندا لە ساڵەکانی هەشتاکاندا روویان دەدا. بزووتنەوەی نارەزایەتی خەڵکی شارۆچکەی پێنجوین لە بەهاری ساڵی ١٩٨٠، خۆپیشاندانەکانی لاوانو خوێندکارانی هەڵەبجە لە پایزی هەمان ساڵدا. خۆپیشاندانی بەهاری ١٩٨١ی سلێمانی، بزووتنەوەو خۆپیشاندانەکانی خەڵکو خویندکارانی زانکۆو خوێندنگاکانی کوردستان لە بەهاری ساڵی ١٩٨٢، مانگرتنی خوێندکارانی زانکۆکان لە بەهاری ١٩٨٤دا، تەنانەت خودی راپەڕینی جەماوەری لە شارەکانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١دا سەرباری هەژمونی سیاسی ناسیۆنالیزمی کورد بە سەریدا، بەڵام لە رووی سونەتی خەباتی سیاسیەوە زیاتر لەژێر کاریگەری بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو چەپی کوردستاندا چووەتە پێشەوە.
بزووتنەوەی شوراییو دواتر بزووتنەوەی جەماوەریی شارەکانو یەکێتی بێکاران و... کە بەشێوەی جۆراوجۆر کەوتنە بەرامبەر بزووتنەوەی کوردایەتیەوە، شاهیدی ئەوەن کە ئەم خەتە جەماوەریو شارییە لە خەباتی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا پەیوەندی بە ناسیۆنالیزمی کوردەوە نەبووە. نەک هەر ئەمە بەڵکو فەرهەنگو سونەتو بۆچوونە کۆمەڵایەتیەکانی ناسیۆنالیزمی کورد تەقدیسی دواکەوتوویی دێهاتی کوردستان بووە. خاڵی دەستپێکردنو کۆتایی ناسیۆنالیزمی کورد دێهاتی کوردستانو شێوازی بیرکردنەوەو سونەتی کۆمەڵایەتیی لادێ نشینەکانی کوردستانە نەک خەڵکی شارنشینی کوردستان! بەم شێوەیە ریشەی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کورد لە بەشی دواکەوتووی کۆمەڵگای کوردستاندایە نەک خەڵکی شارنشین کە بەشی پێشکەوتووی کۆمەڵگای کوردستان پێک دێنن و سەنگو قورسایی کۆمەڵایەتی مەزنی هەیەو رووبەرێکی فراوانی جوگرافیای دانیشتوانی کوردستان داگیردەکات.

## ئیسلامو بزووتنەوەی کوردایەتی:

بەوجۆرەی کە بزووتنەوەی کوردایەتی لەباری کۆمەڵایەتیەوە سەر بەبەشی دواکەوتووی کۆمەڵگای کوردستانە، بەم دەلیلە فکرو سونەتی کۆمەڵایەتی ئیسلام رووبەرێکی فراوان لە جیهانبینيو بۆچوونو تەقلیدی کۆمەڵایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی داگیر دەکات. بزووتنەوەی کوردایەتی بەدرێژایی مێژووی خۆی لە ٨٠_٩٠ ساڵی رابردوودا، بێجگە لە دەورانێکی زۆر کەمو لەلایەن باڵێکی دیاریکراوی ئەم بزوتنەوەیەوە نەبێ لە کۆتایی ساڵەکانی ٧٠ دا (کۆمەڵەی رەنجدارانی کوردستان)، هیچ ئیدیعایەکی لەوبابەتەی نەبووە کە لەگەڵ ئیسلامدا ناکۆکی هەبێت. بە پێچەوانەوە نەک هەر بەشێکی بەرچاوی سەرکردەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی مەلاو شێخو بنەماڵەی ئاینی ئیسلام بوون، بەڵکو گرنگترین سەرکردەو رەمزی ناسیۆنالیزمی کورد مەلاو پیاوی

## ئیسلام و ئیسلامی سیاسی، ناسیۆنالیزمی کوردو ئیسلام!

ئاینی بوون: مەلا موستەفا، قازی محمد، شێخ مەحمود... تاد. ئەم پێکهاتەیەی سەرکردایەتی بزووتنەوەی کوردایەتی خۆی نیشاندەری ئەوەیە کە ئەم بزووتنەوەیە چەندە لەگەڵ ئیسلامدا ئاوێزانو تا چ رادەیەک ئیسلام ریشەی قوڵی لە پێکهاتەی فکریو سیاسیو کۆمەڵایەتی ناسیۆنالیزمی کورددا هەیە. تەنانەت سەرکردەیەکی ناسیۆنالیستی وەکو تاڵەبانی کە ئیدیعای سۆشیال-دیموکراسیو مۆدیلێکی ناسیۆنالیزمی کەمتر ئالودە بەئیسلام دەکات، چەندینجار شانازی بەوەوە کردووە کە پێی بڵێن ئایەتوڵڵا تاڵەبانی. یان مەسعود بارزانی لەوە نیگەران بووە کە کەسانێک (گروپە ئیسلامیەکانی کوردستان) موزایەدەی ئیسلامی بەسەردا دەکەن!

بەم پێیە دەستگرتن بە فکرو سونەتی کۆمەڵایەتی ئیسلامەوە، کە ریشەی لە ژیانی دێهاتیو عەشیرەتیدا مابۆوە، بەشێک بووە لە ژیانی سیاسی بزووتنەوەی کوردایەتی، وە چوارچێوەی فکرو سونەتو دابونەریتی کۆمەڵایەتی ئەم بزووتنەوەیەی دیاری کردووە. ناسیۆنالیزمی کورد، ناسیۆنالیزمێکی لیبرال نیە، ناسیۆنالیزمێکی دیموکرات نیە، ناسیۆنالیزمێکی سیکولارو عیلمانی نیە، ناسیۆنالیزمێکی شاری نیە، بەڵکو ناسیۆنالیزمێکی دێهاتی، عەشیرەتیو میلیشیاییە. دەستگرتن بە فەرهەنگی دیهاتیو عەشیرەتیو بە سونەتو شەرعو بۆچوونی ئیسلامەوە بەشێکی بنەڕەتییە لە پایەکانی فکرو جیهانبینیو سیاسەتو دەسەڵاتیان. لەلای ئەوان دەستگرتن بە ئیسلامەوە، دڵنیاییە لە مانەوەی سەروەتو دەسەڵاتیان.

## ناسیۆنالیزمی کوردو ئیسلامی سیاسی

هەروەکو ئیشارەمان پێکرد، ئیسلام پایەیەکی فکرو سونەتی کۆمەڵایەتیی ناسیۆنالیزمی کورد پێک دەهێنێ، بۆیە سەرباری ئەوەی کە ناسیۆنالیزمی کورد (مەبەستی باسەکە کوردستانی عێراقە) رێکخراوەکانی ئیسلامی سیاسی وەکو رکابەر یان دەقیقتر وەکو سەرچاوەیەکی گێچەڵ بۆ دەسەڵاتەکەی تەماشا دەکات، بەڵام هاوکات ئیمکانی سازانی لەگەڵ ئەم بزووتنەوەیەدا هەیە لە هەلومەرجی سیاسی دیاریکراوو بەتایبەتی لەبەرامبەر بزوتنەوەی کۆمۆنیستیو کرێکاریو لە کاتی خەتەری پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوەیەدا.

ئیسلامی سیاسیو رێکخراوەکانی لە کوردستان لە دوای راپەڕینو کشانەوەی هێزەکانی رژێمی بەعس لە کوردستان، کە ئیدارەی ناوچەکە کەوتە دەست ناسیۆنالیزمی کورد، بەرەبەرە نەشونمایان کرد. پشتیوانی سیاسیو چەکداریو داراییو لۆجستیکی رژێمی ئیسلامیی ئێرانو هاوکاری حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتي بۆیان لەبەرامبەر کۆمۆنیزمو چەپ لە کوردستان کە بزووتنەوەیەکی مەزنی شورایی لەپشت سەری خۆی نابوو وە سەنگو قورساییەکی بەرچاوی لە بارودۆخی سیاسی کوردستاندا پەیدا کردبوو، کۆمەکی بە گەشەی ئیسلامی سیاسی کرد لە کوردستاندا.

گروپەکانی ئیسلامی سیاسی دژایەتی کوێریان لەگەڵ کۆمۆنیزم هەبوو بۆیە سەرباری کێشەو ململانێکانیان لەگەڵ دەسەڵاتو حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیدا کە ناوبەناو گەیشتۆتە رادەی شەڕی چەکداری، بەڵام هەمیشە ئەو ئیحساسەیان هەبووە کە سەر بە هەمان خێزانی چینایەتین.

ناسیۆنالیزمی کورد لە ماوەی ١٤ ساڵی دەسەڵاتیدا لە کوردستانی عێراق بە شێوەی جۆراوجۆر ئیسلامی سیاسی لەگەڵ خۆی لەدەسەڵاتدا شەریک کردوە. لەو داهاتەی کە لە دەمی خەڵک گلیان دەدایەوە بودجەی چالاکی تیرۆریستی ئەوانیان داوە. لە پشتی فتواکانیان بۆ تیرۆری کەسایەتی چەپو کۆمۆنیستو ئازادیخوازو علمانی وەستاون. زۆرجار بۆ پاراستنی ئەم گروپە تیرۆریستانە لە زەربەی خەڵک کەوتونەتە پاکانەکردنو دەست بەپشتدا هێنانیانو تەنانەت هەڕەشەو چاوسوورکردنەوە لە خەڵک وەکو ئەوەی تاڵەبانی لە سێپتێمبەری ٢٠٠١ بە رەسمی لە رۆژنامەو کەناڵەکانی راگەیاندنی حیزبەکەیەوە رایگەیاند.
بەم پێیە ناکۆکیو کێشمەکێشی حیزبەکانی بزووتنەوەی کوردایەتیو گروپەکانی ئیسلامی سیاسی لە کوردستان ناکۆکیو ململانێی نێوان هەمان خێزانی بۆرژوازییە کە لەبەرامبەر دوژمنی چینایەتی خۆیاندا هەست بە یەک ماڵی دەکەن. نموونەکانی ئەم یەک ماڵیەیان لە ساڵی ١٩٩٥ دژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بوو کە یەکێتی نیشتمانی راستو بێپەردە چووە سەنگەری ئیسلامی سیاسیەوەو هەستا بە جێبەجێکردنی پەیامەکەی ئەوان. پارتیش بەبەیانی رەسمی پشتیوانی لە ئیسلامی سیاسی کردو لەژێر باڵی ئەوەوە تیرۆریستێکی خزمەتکاری رژێمی ئیسلامیی ئێران وەکو ئەدهەم بارزانی هەدیەی بۆ کوشتنی رێبوار ئەحمەد، دەبەخشیەوە. لە ساڵی ١٩٩٨یشدا پارتی بە ئاشکرا هاوکاری ئیسلامیەکانی کرد لە پرۆسەی تیرۆرکردنی شاپور عبدالقادرو قابیل عادلدا، چ بە داڵدەدانی مەلا بەشیری تیرۆریستو چ بە زیادکردنی فشار بۆ سەر حیزبی کۆمۆنیستو داخستنی بارەگای رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە هەولێرو چ بە شاردنەوەی لێکۆڵینەوەکان بەپێی بەرژەوەندی حیزبیی خۆی... تاد.

**کۆمەڵگای کوردستان،**

**بزووتنەوەی کوردایەتیو بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی:**

**بزووتنەوەی کوردایەتی**

هەرچەندە لە دەیان ساڵی رابردوودا، بەهۆی سیاسەتی نەتەوەپەرستانەی ستەمو پاکسازی نەتەوەیی دەوڵەتی ناوەندییەوە دژی خەڵکی کوردستانو دەوری ناسیۆنالیزمی کوردیش لەئاڵۆزکردنی ئەم کێشەیەدا ژیانی کۆمەڵایەتی هاوچەرخو مەدەنیو فەرهەنگو پێوانە شارستانیەکان دەخرانە پەراوێزەوەو رەوتی گەشەی کۆمەڵایەتی کوردستانی عێراقی دوادەخست، بەڵام بەپێی پێوانە هاوچەرخە کۆمەڵایەتیەکان، کۆمەڵگای کوردستانیش کۆمەڵگایەکی شاریو مەدەنییە. راستە بوونی ئەو کێشەیە ئەوەندەی دیکە رێگرییەکانی بەردەم گەشەی کۆمەڵایەتی کوردستانی قووڵ کردۆتەوە، بەهۆی ئەوەی کە لە٥٠ ساڵی رابردوودا بەردەوام ناوچەکانی کوردستانی عێراق مەیدانی شەڕو کێشمەکێشی چەکداری نێوان دەوڵەتی عێراقو هێزەکانی ناسیۆنالیزمی کورد بووە. ئەمەش هەلومەرجێکی نالەباری بۆ گەشەی ئابووریو کۆمەڵایەتی پێکهێناوە. بەڵام سەرباری ئەم هەموو رێگریانە کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی شاری، مۆدێرنو حەساس بووە بە کاریگەریە کۆمەڵایەتییەکانی دنیای هاوچەرخو تەوەقوعاتی خەڵک روو

## ئیسلام و ئیسلامی سیاسی، ناسیۆنالیزمی کوردو ئیسلام!

لەپێش‌و پێوانەی ژیانی کۆمەڵایەتیان ژیانی هاوچەرخ بووە.
هەرچەندە دوای شکستی خرۆشانی جەماوەری بەهاری١٩٩١ کە کوردستانی عێراق لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانەکانیەوە تەحویل کرا بۆ ئۆردوگایەکی ئاوارەیی کە چالاکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگایەکی ئاسایی تێدا نەماو دەسەڵات درایە دەست دوو حیزبی میلیشیایی‌و گوزەرانی خەڵکەکەشی کرایە بارمتە بەدەست ئەم حیزبانەوە، سەرباری نقومکردنی کوردستان بۆ ماوەی نزیک بە ٤ ساڵ لە شەڕێکی خوێناوی ناوخۆییدا لەلایەن پارتی‌و یەکێتیەوەو سەرباری دەست تێکێشانی رژێمی ئیسلامی ئێران بۆ ئیسلامیکردنی کۆمەڵگای کوردستان لەرێگەی دروستکردنی بەکرێگیراوانی ئیسلامی سەربەخۆی‌و پشتیوانی هەرجارە لەیەکێک لەو دوو حیزبەوە لە شەڕی نێوان خۆیاندا، وە سەرباری دەیان کارەساتی دیکە کە لەئاکامی بارودۆخی هەڵواسراوی کوردستانەوە تووشی کۆمەڵگای کوردستان هات، بەڵام دیسان خەڵکی کوردستان تەوەقوعاتی کۆمەڵایەتیان روو لەپێش‌و چاویان لە کۆمەڵگای شارستانییەو پێوانەکانیان بۆ ژیان هەمان پێوانەی هاوچەرخە.
خەڵکی کوردستان چاویان لەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، زانستی، ئابووری‌و سیاسیانەیە کە لەدنیادا دەگوزەرێت، نەک خولانەوە لە دەورو لەناو چوارچێوەی فەرهەنگو پەیوەندی‌و سونەتە کۆمەڵایەتیە کۆن‌و عەشیرەتیەکان‌و یاساو دابونەریتی ئاغاو شێخ‌و دەرەبەگو سەرۆک عەشیرەت‌و خانەقاو مزگەوتدا کە ناسیۆنالیزمی کوردو ئیسلامی سیاسی بە باڵایدا هەڵدەدەن‌و وەکو بەها بەرزەکانی کۆمەڵگای کوردستان دەیان ناسێنن!
رەوەندی کۆمەڵایەتی‌و چینایەتی ئەم کۆمەڵگایە دروست وەکو هەر کۆمەڵگایەکی شارستانی دیکەی ئەمڕۆی دنیایە. کێشمەکێش‌و ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان سەرچاوەی لە ناکۆکی بنەڕەتی نێوان چینی بۆرژواو چینی کرێکارەوە گرتووە کە چوارچێوە دەدات بە سەرجەم سیمای کۆمەڵگاو ململانێکانی دیکە. ناسیۆنالیزمی کورد نوێنەری رەوتی پاشەوپاشگەڕانەوەو کۆنەپەرستیی سیاسی‌و کۆمەڵاتییە. ناسیۆنالیزمێکی عەشیرەتی‌و میلیشیایی‌و دواکەوتووە. ناتوانێ نوێنەرایەتی رەوتی گەشەی کۆمەڵایەتی‌و مۆدێرنیزمی کۆمەڵگای کوردستان بکات. ناتوانێ نوێنەری تەوەقوعاتی روولەپێشی خەڵک بێت، بەڵکو رێگری لێدەکات‌و سەرکوتی دەکات. ناسیۆنالیزمی کورد کە ئێستا لە کوردستانی عێراقدا دەسەڵات بەدەستە، دەیەوێ بە دەستگرتن بە خورافاتی میللی‌و دینییەوە دەسەڵاتی کۆنەپەرستانەو دژی کرێکاری خۆی بەسەر سەری خەڵکەوە رابگرێت. بەڵام ئێستا بێبایەخبوونی ئەم سیاسەتە بۆ بەشێکی بەرچاوی کۆمەڵگای کوردستان ئاشکرابووەو سەلماوە.
دوورکەوتنەوەی نێوان ئەم ناسیۆنالیزمەو خەڵکی کوردستانی عێراق کە دەورانێک خەڵکی کوردستان وەکو نوێنەری خواستی رزگاریی خۆیان لە ستەمی میللی تەماشایان دەکردن بەرادەیەک گەیشتووە کە جەماوەر کەوتۆتە بەرامبەریان‌و ئەوانیش بە چەک وەڵامیان دەدەنەوە. تەنها تاقیکردنەوەی چەند مانگی رابردوو بەسە بۆ ئەوەی کە ئەم ماهیەتەی دەسەڵاتی میلیشای کوردایەتی بۆ هەمووان ئاشکراو قایلکەر بێت، مەگەر ئەوانە نەبێ کە نانی ئەم دەسەڵاتە گەندەڵ‌و دژە کرێکارییە دەخۆن! بۆیە ئێستا دەورانێکی نوێ لە پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزمی کوردو خەڵکی

کوردستانی عێراق دەستی پێکردوە، کە دەورانی دەرکەوتنو سەرهەڵدانو قووڵبوونەوەی ناکۆکی نێوان بەرژەوەندی سیاسی ئەو دەسەڵاتەو بەرژەوەندیو خواستو ئومێدەکانی خەڵکە لە ژیانێکی ئازادو یەکسانو خۆشگوزەران.*

**بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی**

ئیسلامی سیاسی رەوتێکی نامۆیە بە کۆمەڵگای کوردستان. بێ ریشەی کۆمەڵایەتییەو هیچ شتێکی هاوبەشی لەگەڵ ویستو ئومێدو خواستەکانی خەڵکی کوردستانو لەگەڵ تەوەقوعاتی کۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگیو شارستانی ئەواندا نیە. دەتوانین بەچەندین بەڵگە ئەم مەسەلەیە بسەلمێنین.

لەلایەکەوە ئیسلامی سیاسیو گروپەکانی لە کوردستان بەشێوەیەکی گشتی گروپی چەکدارین کە لەلایەن رژێمی ئیسلامی ئێرانەوە دروست کراونو بە پارەو چەکو دەستدانە ژێربالیان لەلایەن ئەو رژێمەوە لەکوردستانی عێراقدا قاچیان گرتووە. زیاتر نەخشی ئەم تاقمانە خزمەتچێتی رژێمی ئێران بووە بۆ جێبەجێکردنی نەخشە سیاسیەکانی لە کوردستانی عێراقدا. تەنانەت ئەوکاتەش کە گروپێکی چەکداری بچووک بوون دژی رژێمی بەعس لەچوارچێوەی بەرنامەی سیاسی ئێراندا بۆ پەیداکردنی بنکەیەک لە کوردستان، دروست کرابوون، هەروەکو دەستەوتاقمەکانی ئیسلامی سیاسی شیعەو بەتایبەتی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق کە بۆ دەخالەت لە خوارووی عێراقدا دروستی کردبوون.

بزووتنەوەی ئیسلامی کە ئەوکات تاکە رێکخراوی ئیسلامی سیاسی بوو لەکوردستان هیچ پەیوەندیەکی بە خەباتی خەڵکی کوردستانەوە نەبووە دژی سەرکوتو چەوسانەوەی رژێمی بەعس. هیچ خەتو داوێک بە دژایەتیکردنی ستەمی نەتەوایەتیەوە دژی خەڵکی کوردستان نەیدەبەستەوە. نەک هەر ئەمە بەڵکو خۆی بەدرێژکراوەی بزووتنەوەیەکی پان ئیسلامیستی دادەنێ کە لانی کەم دەوڵەتەکەی لەئێران سەرکوتی وەحشیانەی خەڵکی کوردستانی ئێران دەکاتو داکوتانی کۆڵەکەیەکی دەسەڵاتەکەی لەسەر خوێنو لاشەی خەڵکی شارو دێهاتەکانی کوردستانی ئێران ئەنجامدا. بەپێچەوانەی ناسیۆنالیزمی کوردەوە کە ئەم مەیدانە، واتە وەستانەوەی دژی ستەمی میللی بۆ خۆی کۆنترۆڵ کردبوو. خەڵکی کوردستانیش وەکو نوێنەری رووبەڕوو وەستانەوەی خۆیان دژی رژێم و رەمزی سەرفرازی نەتەوەیی تەماشایان دەکرد (بەدەر لەوەی کە چەندە لە راستیدا خەباتکاری رێگای کۆتایی هاتنی ئەم ستەمە بووە یان نا، کە بۆچوونی منو بزووتنەوەی ئێمە لەم بارەوە مەنفییە).

لەدوای کشانەوەی دەسەڵاتی بەعسیش لەکوردستان، ئەم گروپانەی ئیسلامی سیاسی هەمان

---

**/ ئەوەی لێرەدا ئاماژەی بۆکراوە، نارەزایەتیو خۆپیشاندانەکانی خەڵکی شارەکانی کوردستان بوو لە ساڵی ٢٠٠٦دا لەپێناو خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانو دابینکردنی فرسەتی کار بۆ لاوان و بێکارانو دژی نایەکسانیو ژیانی شاهانەی بەرپرسانی "حکومەتی خۆماڵی کوردی" کە بە فیشەک وەڵام درایەوە. دوای ئەوەش خرۆشانەکانی ١٧ی شوباتی ساڵی ٢٠١١ کە بەشێکی بەرچاوی شارەکانی کوردستانی گرتەوە، تەواوکەری ئەو رەوتی نارەزایەتیو لێک دوورکەتنەوەیەی نێوان خەڵکو دەسەڵاتدارانی بۆرژوازی کوردبوون لە هەرێمی کوردستانی عێراق. ئەگەرچی لەم بزووتنەوەیەدا بەشێکی هێزەکانی بۆرژوازی (ئیسلامیو ناسیۆنالیست) خۆیان خزاندە ناو نارەزایەتیەکانی جەماوەرەوە، بەڵام ئەمە هیچی لەو راستیە نەگۆڕی کە سەرجەم هێزەکانی بۆرژوازی کورد هیچ تاڵەدەزوویەک بە خواستو ئومێدو بەرژەوەندیەکانی خەڵکەوە نایان بەستێتەوە. بەشداری ئەو هێزانەی ئۆپۆزیسۆنی بۆرژوازی لە حکومەتدا لەپاڵ یەکێتیو پارتیداو ئەزمونی دەسەڵاتی هاوبەشیان سەدجار ئەو راستیەی سەلماندەوەو گورزێکی دیکەی لە پاشماوەکانی وەهمی جەماوەر بە هێزە ناسیۆنالیستیو ئیسلامیەکان وەشاند.*

## ئیسلام و ئیسلامی سیاسی، ناسیۆنالیزمی کوردو ئیسلام!

نەخشی خزمەتچێتی رژێمی ئیسلامییان بینیوە لەپەیوەند بە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوە. بەپێی نەخشەی ئەو رژێمە دۆستایەتی یان دژایەتی ئەو حیزبانەیان کردووە. ئەوەی کە نەیانبوویێت پەیوەندی بووە بە بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کوردستانەوە. ئەو کاتەی کە جەماوەری ناڕازیو زەحمەتکێشی کوردستان بۆ دەرکێشانی خواستەکانیان لە قورگی دەسەڵاتدارانی ناسیۆنالیزمی کورد لەلایەن بزووتنەوەو حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقەوە رێکدەخرانو رێنوێنیو رابەری دەکران، ئەم تاقمە ئیسلامیانە لە رێگای شەڕو تیرۆرەوە دەیانویست پەیامی رەشی خۆیان بەسەر چەند ناوچەی کوردستاندا بسەپێنن، یان خەریکی سەوداو بازرگانی بوون لەنێوان تەرەفەکانی شەڕی نێوخۆدا. هەمووشیان بە "چەکدارو بێچەک"و بە "میانەڕەو و توندڕەو"و ئەوانەشیان کە بە پارەی سعودیەو شێخ نشینەکانی خەلیج دەنگی خەڵکی برسیو بێدەرەتانی ژێر گەمارۆی ئابووریو حاکمیەتی میلیشیایی کوردایەتییان دەکڕی، سەخاوەتمەندانە خزمەتچێتی خۆیان دژی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو کرێکاریی کوردستان پێشکەشی دەسەڵاتی میلیشیایی ناسیۆنالیزم دەکرد.

بێجگە لەمانە ئیسلامی سیاسی رەوتێکی تیرۆریستە کە دژایەتی کوێری لەگەڵ مەدەنیەتی کۆمەڵگای کوردستان، لەگەڵ کرێکارو کۆمۆنیزم، لەگەڵ ژنان، لاوان، ئازادیخوازی، زانست، پێشکەوتنخوازیو بەکورتی لەگەڵ هەمووسیمایەکی رۆشنی کۆمەڵگای کوردستاندا هەیە، بۆیە نەک نوێنەرایەتی هیچ روخسارو سیمایەکی کۆمەڵگای مەدەنی کوردستان ناکات، بەڵکو دەیەوێ لەرێگای تیرۆرەوە کۆمەڵگای کوردستان بۆ دواوە رابکێشێتەوەو رووپۆشی رەشی دەسەڵاتی ئیسلام بەسەر کۆمەڵگاو ژیانی کۆمەڵایەتیدا دابداتەوە! کارکردی تاریکی ئەم دەستەوتاقمانە لە چەندینساڵی رابردوودا ئەم راستیەی بۆ هەموو لایەک سەلماندووە.

لەیەک قسەدا، ئیسلامی سیاسی نە نوێنەری ئومێدی مێژوویيو بەرهەقی خەڵکی کوردستانە بۆ رزگاربوون لە ستەمی میلیو چارەسەری کێشەی کوردو نە هیچ پەیامێکی سیاسی لەو بارەوە هەیەو نە بەپێی لۆژیکی سیاسیو کۆمەڵایەتی دەتوانێ هەیبێت. هەروەها نوێنەری خواستو ئومێدو تەوەقوعاتی خەڵک نین بۆ خۆشگوزەرانیو یەکسانی، بۆ ئازادیو مەدەنیەت، بۆ دەستراگەیشتن بە ژیانێکی هاوچەرخو شاد، بەڵکو دەیانەوێ ئەوەشی کە هەیە نەیهێڵن. هەروەها شێوازی کاریان هیچ تەباییەکی نیە لەگەڵ شێوازی خەباتی خەڵکی کوردستاندا کە لە بنەڕەتدا خەباتێکی شاریو جەماوەرییە بۆ یەکلاکردنەوەی هەم کێشەی میلی، و هەم کێشەی ژیانو گوزەرانیان لە دەست دەسەڵاتدارانی خۆماڵی!*

## ئیسلامی سیاسی،
## کوردستان، فەلەستینو لوبنان:

بەم پێیە جیاوازیەکی جدی کە لەنێوان رەوتە ئیسلامیەکانی فەلەستینو لوبناندا هەیە ئەوەیە کە ئەوان خۆیان گرێداوەتەوە بە مەسەلە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگاوە، بۆیە توانیویانە یان دەتوانن جێگایێ لەناو کۆمەڵگادا بۆخۆیان پەیدا بکەن. ئیسلامی سیاسی لە فەلەستین لەدوای چوونی ناسیۆنالیزمی

فەلەستینی بۆ ناو پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیلو سەرنەکەوتنی ئەم پرۆسەیە بەهۆی ملبادانی ئیسرائیلەوە، گەشەی کرد. پەیدابوونی کەلێنێک لە مەسەلەی رووبەروو بوونەوەی داگیرکاریی ئیسرائیل کە تا ئەوکاتە ناسیۆنالیزمی عەرەب لەفەلەستین نوێنەرایەتیو رابەرایەتی دەکرد، لەکاتێکدا داگیرکاری وەکو خۆی مابووەوە، وە ناسیۆنالیزمی فەلەستنیی چووبووە ناو پرۆسەیەکی نەزۆکی ئاشتیەوە لەگەڵ ئیسرائیل، لەپاڵ سەرهەڵدانی بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە نێوخۆی فەلەستیندا لە دژی ئەو بارودوخەی دوای "پرۆسەی ئاشتی" سەری هەڵدابوو، دەرگای بەرووی ئیسلامی سیاسیدا کردەوە بۆ ئەوەی ببنە بەدیلی سیاسی خەڵک دژی داگیرکاریو وەحشیەتی دەوڵەتی یەهودی-نەتەوەپەرستی ئیسرائیل. لە پەیوەند بە لوبنانیشەوە هەمان مەسەلە راستە. مانەوەی داگیرکاریی ئیسرائیل لە بەشێک لە ناوچەکانی لوبناناو دەرکەوتنی حیزب الله وەکو هێزی دژ وەستانەوەی ئیسرائیل، ئەو جیگایەی بۆ ئەم دەستە ئیسلامیە دابین کرد کە پایەیەک لەناو خەڵکی لوبناندا پەیدا بکات. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە هەردو ئەم مەسەلەیە، چ مەسەلەی فەلەستینو چ مەسەلەی لوبنان، راستەوخۆ لەبەرنامەی ئیسلامی سیاسیدا جیگا پەیدا دەکەن، بە پێچەوانەی مەسەلەی کوردەوە.

لایەنێکی گرنگی بنەمای ئایدیۆلۆژی ئیسلامی سیاسی مەسەلەی ئیسرائیلە. بێجگە لە لایەنی پروپاگەندەیی ئەم مەسەلەیە، ئیسلامی سیاسی دەتوانێ ئیحساسی ئاینی خەڵکی موسڵمان لە بەرامبەر ئیسرائیل، لەچوارچێوەی پروپاگەندەی دینیدا هەڵخرێنێ. لەباری پروپاگەندەییەوە دەتوانێ وەکو نوێنەری نارەزایەتی خەڵکی موسوڵمان دژی وەحشیەتی دەوڵەتی ئیسرائیل لەدژی خەڵکی فەلەستینو لوبنان نیشان بداتو پشتیوانی ئەو خەڵکە بۆ خۆی رابکێشێت.

مەسەلەی ئیسرائیلو لوبنان بۆ ئیسلامی سیاسی بەشێکی گرنگە لە پێناسی سیاسیو ئایدۆلۆژی ئەم رەوتە، بۆیە لەباری مەنتقی سیاسیەوە هەم دەتوانێ لەم مەیدانەدا کار بکاتو هەم لە بەرژەوەندیەتی. ئەمە بێجگە لەوەی کەوەکو ئیشارەمان پێکرد وەڵامیشی بە مەسەلەیەکی سیاسی_گرێی ئەو دوو کۆمەڵگایە داوەتەوە. بەڵام ئەمە بۆ کوردستانو مەسەلەی کورد راست نیە، چونکە چارەسەری ئەم مەسەلەیە نەک هەر بەشێک نیە لە بەرنامەی سیاسی_کۆمەڵایەتی

---

*※/ گروپەکانی ئیسلامی سیاسی، بەتایبەتی یەکگرتووی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامی دوای ئەوەی لەبزووتنەوەی ئیسلامی جیابووەوە، بەرەبەرەو لە پرۆسەیەکی چەندساڵیدا هەندێ ئاڵوگۆڕیان بەسەر خۆیاندا هێنا، بۆئەوەی لەگەڵ رەوتی سیاسیو کۆمەڵایەتی تازەی کوردستاندا خۆیان بسازێنن. یەکەم گۆڕانکاری ئەوەبوو کە وەکو دوو رەوتی ئیسلامی سیاسی کوردی، باکگراوندە ناسیۆنالستیەکەیان لەسەر حسابی ئایدیۆلۆژیا ئیسلامیەکەیان تۆخ بکەنەوە، چونکە ناسیۆنالیزمی کورد وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی بۆرژوازی کورد بەهۆی ئەو جێگاوڕێگایەی لە ئاستی کوردستانو عێراقو بگرە ناوچەکەشدا پەیدای کردبوو، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا پێشرەوی کردبوو. بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی وەکو بزووتنەوەیەکی بۆرژوازی نەیدەتوانی بە چوارچێوە ئایدیۆلۆژیە کۆنەکەیەوە بەرەنگاری بێتەوەو یان لانی کەم لەئاستی کۆمەڵگادا وەکو هێزێک کە چاوی لە دەسەڵاتە خۆی نیشان بدات! دووەم گۆڕانکاری، بەتایبەتی دوای هەڵکشانی نارەزایەتیە جەماوەریەکانو دەرکەوتنی هێزێکی ناسیۆنالیستی ئۆپۆزیسۆنی وەکو بزووتنەوەی گۆڕان، وە بەدوای هەڵکشانی نارەزایەتیەکانو شۆڕشەکانی جیهانی عەرەب، کە هێزە ئیسلامیەکانیش خۆیان خزاندە ناو ئەو نارەزایەتیانەوە، ئەوەبوو ئەم گروپە ئیسلامیانەی کوردستانیش خۆیان خزاندە ناو ئەم نارەزایەتیانەوە، وەکو شێوازێک بۆ بردنەپێشەوەی سیاسەتەکانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجە سیاسیەکانیان بەدەستیانەوە گرت. لەسەر ئاستی شێوازی دەسەڵاتدارێتیش، خۆیان لەگەڵ شێوازی پەرلەمانیو بەشداریکردن لە دەسەڵات لەگەڵ هێزە ناسیۆنالیستیەکاندا گونجاند! بەڵام ناوەرۆکی سیاسیو کۆمەڵایەتی ئەم هێزانە، وەکو رەوتێکی کۆنەپەرستی بۆرژوازیو دژی کۆمۆنیزمو دژی مەدەنیەتو دژی سیکولاریزمو دژی ژنو دژی هەموو روخسارێکی پێشکەوتنخوازانەی کۆمەڵگا وەکو خۆی مایەوە، ئەوەی گۆڕا ئەو شێوازە بوو لە کاری سیاسیو مانۆری سیاسی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە سیاسیو کۆنەپەرستانەیەی خۆیان، کە لەپاڵ ناسیۆنالیزمی کورددا توانیان پێکەوە فەزایەکی کۆمەڵایەتیو سیاسی کۆنەپەرستانە بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێننو دەوریان هەبێ لە پاشەکشە پێکردن بە کۆمەڵگاو بەها ئینسانیو مەدەنیو یەکسانیخوازەکانی.*

## ئیسلام و ئیسلامی سیاسی، ناسیۆنالیزمی کوردو ئیسلام!

ئیسلامی سیاسی، بەڵکو دژیەتی. ئیسلامی سیاسی لە ئێران خۆی بە عەمەلی پیادەکەری ئەم زوڵمە سیاسیەیە لەسەر کورد لەئێران. ئەمە بێجگە لەوەی کە ئیسلامی سیاسی-پان عەرەبی خۆیان وەکو میراتگری ناسیۆنالیزمی عەرەبی دەبینن، کە دەسەڵاتەکەیان لەعێراق وەحشیانەترین پاکسازی نەتەوەیی دژی کورد بەرێخست. ئێستاش دەستەوتاقمە دەسەڵات بەدەستو بێدەسەڵاتەکانیان، لەپاڵ تاقمە ناسیۆنال_شۆڤینیستە عەرەبیەکاندا دژی بەرپاکردنی ریفراندۆمی گشتی خەڵکی کوردستانی عێراقن بۆ بڕیاردان لەسەر چارەنوسی سیاسی خۆیان بۆ مانەوە یان جیابوونەوە لە عێراق* .

**لە کۆتاییدا:**

مەسەلەی ناسیۆنالیزمی کوردو ئیسلامی سیاسی هەردوو، دوو رەوتی ناکۆکو ناتەباو دژی بەرژەوەندیەکانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانن، نەک نوێنەرایەتی هیچ ئومێدو خواستو تەوەقوعاتێکی ئەوان بکەن. ناسیۆنالیزمی کورد ئەو دەورەشی لە دەستدا کە وەکو نوێنەری خواستی خەڵک بۆ چارەسەری کێشەی کورد لەلایەن خەڵکەوە تەماشای دەکرا. ئێستا ناسیۆنالیزمی دەسەڵاتدارە کە بە فیشەک، دروست هەروەکو رژێمە سەرکوتگەرەکان، وەڵامی خواستە سەرەتاییەکانی خەڵک دەداتەوە. ئیسلامی سیاسیش خۆیو بەرنامەو سونەتو شێوازی کاری هەمووی نامۆیە بە خەڵکی کوردستان!

سێپتێمبەری ٢٠١٥

*/ دەرکەوتنی داعش وەکو رەوتێکی ئیسلامی سیاسی بە باک گراوندێکی ناسیۆنالیستی عەرەبیەوە کە بە توندی دژی هەموو سیمایەکی کۆمەڵگای مەدەنیو هاوچەرخەو تاوانەکانی لەدژی خەڵکی کورد لە عێراقو سوریاو لە دژی خەڵکی مەدەنی لە ناوچەکە هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدانو هەستی ئینسانی نارەحەتو تورە کردوە، بۆ جارێکی دیکە ماهیەتی سەرجەم رەوتە ئیسلامیەکانی خستەوە بەردەم مەحەکی جەماوەر. بۆیە سەرجەم رەوتەکانی ئیسلامی سیاسی، وەکو رەوتێکی سیاسی بۆرژوازی بێ ئیعتبارو نەخوازراو لە ئاستی رای گشتیدا دوپاتکرایەوە. رەوەندێکی فکری کە لەکوردستاندا دەستی پێکردوە لەدژی ئیسلامی سیاسیو بنەماکانی ئیسلام، فرسەتی بەرزبوونەوەی هێزەکانی ئەم رەوتەی وەکو هێزی سیاسی ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵات بەرەو کوژاندنەوە بردووە



موحسین کەریم

# سەبارەت بە دەخاڵەتی ڕوسیا لە ناوچەکە

## گفتوگۆ لەگەڵ موئەیەد ئەحمەد

**دیدگای سۆشیالیستی:** هاتنی ڕاستەوخۆی ڕوسیا بۆ شەڕ وکێشمەکێشی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بە دیاریکراوی بۆ سوریا بۆ شەڕ لە دژی داعش، هەموو ناوچەکەی لە ئاگری شەڕێکی گەورەتردا ڕاگرتووە. وەک ئەبینین ئەو لاسەنگیەی کە لە نێوان هێزنواندنی ناتۆ و ئەمەریکا لە لایەک و ڕوسیا وچین و هاوپەیمانەکانیدا لەلایەکی کەوە هەبوو گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەم دەخاڵەتە سەربازیەی روسیا وکاریگەری لە سەر ڕووداوەکانی سوریا وناوچەکە چۆن لیک ئەدەنەوە؟

**موئەیەد ئەحمەد:** پیش ئەم تەدەخولەی روسیا ئاگری شەری ناوچەیی بەرپا بوبوو بەلام هەروەک تۆ ئەڵێیت لەگەڵ ئەم تەدەخولەدا گەورەتر وهەمە لایەنەتر بوەتەوە. بۆ لێکدانەوەی کاریگەری ئەم تەدەخولە لە سەر ڕووداوەکانی سوریا و ناوچەکە ئەبێ بزانین بزوێنەرە سیاسیەکانی ئەم تەدەخوولەی روسیا چین. لە واقعدا، ئەم تەدەخولە سەربازیەی روسیا دریژەی سیاسەتی ئیمپریالیستی ئەو وڵاتەیە بۆ جێ قایمکردنەوەی خۆی لە سوریادا، وەک مەیدانێک لە میدانەکانی ململانێ، لە بەرامبەر ئەمریکا و ئەوروپادا، بۆ هەژمونی و نفوزی جیۆسیاسی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

شەڕ درێژەی سیاسەتە بە شێوازیکی تر، هەر بۆیە ناتوانرێ ماهیەتی تەدەخولی سەربازی روسیا بزانین گەر ئەو سیاسەتە نەزانین کە ئەم جەنگ وتەدەخولە سەربازیە دریژکراوەیەتی. روسیا وەک وڵاتیکی ئیمپریالیستی ئەیەوێت جێگە وڕێگەی لە سوریادا لە دەست نەدا ونایەوێت ڕژێمی ئەسەد (نەک خودی ئەسەد) وەلا بنرێت، ونایەوێت نفوزی ستراتیژی خۆی لەو وڵاتەدا لەکیس بچێ

## سەبارەت بە دەخاڵەتی ڕوسیا لە ناوچەکە

بۆ هەمیشە لە بەرامبەر ئەمریکا ودەولەتە هاوپەیمانە ناوچەیەکانی. ناوەرۆکی جەنگی سەربازی وسیاسەتی روسیا ئەمەیە نەک زەربەدانی سەربازی لە داعش یا هێزەکانی تری ئیسلامی سیاسی، لەگەڵ ئەوەشدا کە تێکشکانی ئەم هیزە تێرۆریستانە ئامانجێکی راستەخۆی ئەم تەدەخولە سەربازیەی روسیایە. هەر لەم راستایەدا، ئەبینین کە تەدەخولی سەربازی روسیا زیاتر زەربە دانە لە هێزە ئیسلامیەکانی جبهەت النصره وجیش الاحرار الشام وجیشی ئازادی سوریا کە تەنگیان بە هێزەکانی بەشار ئەسەد هەلچنیوە. روسیا لە پێشدا ئەیەویت تای تەرازوی جەنگەکان بە لای بەشار ئەسەدا راست بکاتەوە تا لە سەر مێزی گفتوو گۆی نێو دەوڵەتی لەسەر وەزعی سوریا لە جێگەیەکی بەهیزتردا بێت وبتوانێ نفوزی خۆی بپارێزێ لە نەخشەی تازەی دابەشکردنی هیزە سیاسیەکان و دەسەڵاتداریەتی لە سوریادا.

سوریا ئەو شوێنەیە کە وەک نمونەیەکی بەرچاو وکارەساتبار ململانێ وکێشمەکێشی ئیمپریالیستی دوو جەمسەری جیهانی، ڕۆژئاوا وهاوپەیمانە ناوچەیەکانی لە لایەک وجەمسەری روسیا وچین ودەوڵەتانی هاوپەیمانی ناوچەییان لە لایەکی کەوە، تیا ڕەنگی داوەتەوە. جەنگ وزەبرزەنگ بە جارێ سوریای وێران کردوە وتراژیدیایەکی گەورەی ئینسانی بۆ زیاتر لە ٤ ساڵە بەرپێخستووە. تراژیدیایەک کە نیوەی دانیشتوانی یا لە ناو سوریادا ئاوەرە بوون یا بوون بە پەناهەندە لە ولاتانی دراوسێدا وئەمە جگە لە کوژرانی٢٥٠ هەزار کەس ومالوێرانیەکی کەم هاوتا.

گەر بە ووردی سەیری رووداوەکان ئەم تراژیدیا گەورەیە بکەین ئەبینین کە ئەم کارەساتە روخسار ودیاردەی ساغ کردنەوەی بەرژەوەندی ونفوزی سیاسی وستراتیژی سەرمایەیە، سەرمایەی ئەم کەمپ ئەو کەمپی بۆرژواز ئیمپریالیستی وناوچەیی، کە لە سوریادا بەرپێخراوە. ئەوەی روو ئەدا کیشمەکێشە بۆساغکردنەوەی بەرژەوەندیە سیاسی وستراتیژی وئابووریەکانی چینی دەسەلاتدار لەم وولاتە ئیمپریالستیی وناوچەیانەدا. هەم جەنگی راستەوخۆی کەمپی ئیمپریالیستی وهیزە دەولەتیە ناوچەیکان وهەم جەنگی "بە وەکالەت"یان لە سوریادا، پەیوەندیکی توندو تۆڵی پەیدا کردووە بە دینامیزمی کێشمە کێشە سیاسیەکانی ناوخۆی سوریاوە. لە راستیدا ئەوە هێزە ئیمپریالست وقوتبە ناوچەیەکانن کە بە عەمەلی نەخشەی سیاسی تازەی سوریا ودابەشکردنی ناوخۆیی ئەم ولاتە دائەرێژن . ئەوانن کە شەڕ ئەکەن و گفتوگۆ ئەکەن لە سەر قەیرانی سوریا. قەیرانی سوریا قەیرانیکی جیهانی وناوچەییە وهەر کار وکردەوەیەکی سیاسی و سەربازی لەم ئاستە لە بەرینی و ئالۆزیدا کاریگەری بە جێ ئەهێڵێت. هەر بۆیە تەدەخولی سەربازی روسیا، تەنانەت بەم ئاستەشیەوە، ئاسەواری بەرین و ئالۆز وهەمە لایەنەی ئەبیت. بۆ نمونە، گەر روسیا بتوانێ لەم جەنگەدا رژێمی بەشار ئەسەد بهێڵێتەوە وئەم وەزعە ئینتیقالیە نەگاتە ئەوەی کە بە تەواوی لە بەرژەوەندی سعودیە و تورکیا و ئەمریکا تەواو ببێت ئەوە دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ روسیا وکاریگەری ئەبێت لە سەر دەست تێوەردانی زیاتری لە کاروباری ناوچەکەدا. هەر ئیستا داعش وهێزە تیرۆریستەکان هێزێک وتەرەفیکی خەتەرن لەم جەنگەدا ولەگەڵ تەدەخولی روسیادا هیچ زەمانتێک نیە کە زیاتر بواریان بۆ خۆش نەکرێت لە لایەن کەمپی سعودیە و هاوپەیمانانی کە لە کێشمەکێشی جیۆسیاسی وسترتیژی ناوچەکەدا بە

شیوەیەکی زیاتر بکار بهێنرێن هەڵبەتە  لە سەر باجی کارەساتی زیاتری خەڵکی ئەم ناوچەیە. ئەمەو  چەندین ئەگەری تر لە نێو دەروونی بەردەوامی ئەم جەنگەدا هەیە.
بەڵام گەر لە گۆشەیەکی ترەوە سەیری شۆین پێی روسیا بکەین لە ناو سوریادا ئەبینین کە لە واقعدا ئەم تەدەخولەی روسیا تەنها ئالوگۆرێک لە وەزعی سەربازی ئێستادا درووست ئەکات نەک گۆڕینێکی ستراتیژی وهەمەلایەنە لە تەرازووی هێزەکان لە سەر ئاستی سوریادا. چونکە لە ٤ ساڵی رابردوودا ئالۆگۆڕی زۆر رووی داوەو تەرازووی هێزەکان زۆر لا سەنگ بوون لە بەرژەوەندی کەمپی ئەمریکی وسعودی وتورکی.  پێش رووداوەکانی سوریا خودی روسیا وئیران لە هاوپایمانیەکدا بوون لە گەل ڕژێمی ئەسەد وقسەیەک نەبوو ئەوکات  لە سەر نفوزو رۆلی راستەوخۆی ئەمریکا وسعودیە وتورکیا وقەتەر لە سوریادا بەلام ئەمڕۆ ئەبێ روسیا تەدەخولی سەربازی بکات تا جارێ رژێمی ئەسەد بهێڵێتەوە و بەرژەوەندیە کانی بپارێزێت. لە پاش دەورەیەک لە کەمپینی سەربازی کە ئێستا لە ئارادایە ئینجا باس لە دابەشکردنی دەسەلات بکرێت بە گوێرەی تەرازووی هێزەکان لە سەر ئاستی سوریادا. هەر بۆیە  هاتنە ناوەوەی روسیا بە مانای گۆڕینی گەورە نیە لە بالانسی هێزەکانی ناوچەکەدا ودەوڵەتانی ئیمپریالیستی رۆژئاوا هاوپەیمانە ناوچەیەکانی هێزێکی کاریگەری سەرەکی رەوەندە سیاسیەکانی ناوچەکەن وهێزی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی سونە دەوری کاریگەری گێڕاوە لە کێشمەکێشی دوو جەمسەری ناوچەییەدا لە بەرژەوەندی ئەمریکا وسعودیە وتورکیا وقەتەر هەر وا بە ئاسانی ناگۆڕێت.

**دیدگای سۆشیالیستی: تۆ  باس لەوە ئەکەیت کە ئەم جەنگە لە سوریادا جەنگی سەرمایەیە، جەنگی سەرمایەی کەمپە ئیمپریالیستی و بلۆکە ناوچەیەکانە. گەر زیاتر ئەم لایەنە چینایەتیەی جەنگ باس بکەیت و ئایا ئەم لایەنە چی ئەگەیەنێ لە  پەیوەند بە چۆنیەتی کۆتایی هێنان بەم  جەنگەوە؟**

**موئەیەد ئەحمەد:**

بۆ تێگەیشتن لە هەر جەنگێک دیارە یەکەم شت ئەبێ بزانین کە ئەو جەنگە درێژکراوەی چ سیاسەتێکە بەڵام ئەمە بەس نیە بۆ ناسینی جەنگ بەڵکو ئەبێ بزانین کە ئەم جەنگە وسیاسەتێک کە لە پشتیەوەیەتی سیاسەتی چ چینێکە ونوێنەران ودەوڵەتانی چ چینێک ئەم جەنگە ئەکەن. لینین وکۆمۆنیستەکانی سەردەمی ئەو لە بەرامبەر جەنگی جیهانی یەکەمدا هەموو ئەم لایەنانەی جەنگیان ناساندووەو ئالای گۆڕینی جەنگی کەپیتالیزمی ئیمپریالیستیان بۆ جەنگی شۆڕشگێڕانەو ڕووخاندنی سەرمایە بەرزکردۆتەوە ولە روسیادا ئەو کارەیان بە ئەنجام گەیاند.
کارەساتێکی گەورە کە بە سەر عیراق و سوریادا هاتووە لە گەل ئەوەشدا کە هەر یەکەیان مێژوو وە تایبەتمەندی خۆی هەیە بەلام هەردووکیان لە زەمینی حاکمیەتی سەرمایە وسەرمایەداری هاوچەرخدا، لە ئەرز وفەزای سەرمایەداری سەردەمی ئیمپریالیزمدا بەردەوامیان هەبووە وهەیە، نەک هەر ئەمەش، بەڵکو، بەراستەوخۆیی لە عێراقدا، لە پەیوەند بە جەنگی ئیمپریالیستی ئەمریکا وداگیرکردنی عێراق ودامەزراندنی نیزامی سیاسی لەم وولاتەدا لە سەر بنەمای دابەشکردنی تایفی وقەومی پەیدا بووە. لە سوریاشدا جەنگی ئیمپریالستی زیاتر بە وەکالەت، کە ئەمریکا وقوتبە

## سەبارەت بە دەخاڵەتی ڕوسیا لە ناوچەکە

دەوڵەتیە ناوچەییەکانی هاوپەیمانی لە پشتەیوە بوون، وئێستاش لە هەمان کاتدا هەم بە ڕاستەوخۆیی وهەم بە وەکالەت، بەڕێوە چووە.

دەوڵەتی ئیسلامی سیاسی شیعە لە ئێران ودەوڵەتی ئیسلامی سیاسی سونە لە سعودیە، وەک قوتبە سەرەکیەکانی دوو بلۆکی دەوڵەتی ناوچەیی ونێینەری بۆرژازی قەومی-ئیسلامی ئێرانی وعەرەبی هەن ورەفتار ئەکەن، وهەر یەکەیان بە هێزی میلیشیایی وتێرۆریستی تایبەتی خۆیانەوە هاتونەتە سەر گۆرەپانی جەنگ لە سوریا وعیراقدا( دیارە تورکیاو قەتەر بۆ خۆیان هاوپەیمانن لەگەڵ سعودیە بەڵام لێرەدا من جارێ زیاتر مەبەستم روون کردنەوەی باسەکەیە بە گشتی). ئەم دوو بلۆکە ودەوڵەتەکانیان، ئێران وسعودیە، بلۆک ودەوڵەتی سەرمایەی ئەم دوو جەمسەرەن.

شەڕ وکێشمەکێشەکانیان ناتوانرێ لە چوارچێوەی تایفە گەری پێش سەرمایداری، شیعەگەری وسونیگەری وشەر ودیپلۆماسیەتی دوورلە بناغەی ئابووری وکۆمەڵایەتی سەردەم، لێک بدرێتەوە، نەک هەر ئەمەش بەڵکو دوور لە ئاڵوگۆڕێک  کە ئەم ناوچەیە بە خۆیەوە دیوە لێک بدرێتەوە هەر لە توندو تیژبونەوەی کێشمەکێشی چینایەتی و ڕوودانی شۆرشەکانی میسروتونس و تیژبوونەوەی ناکۆکیەکانی سەرمایەداری لەم ناوچەیەدا تا جەنگ ودەخاڵەتی ڕاستەوخۆی ئەمریکا لە عێراقدا بە تایبەت لە چارەکە سەدەی رابردوودا.

جەنگ لە سوریا وێیراق جەنگی سەرمایەیە، جەنگی کاپیتالیزمی ئیمپریالستی سەردەمە وئەوە کارەساتەکانیەتی کە ئەبینرێ. سعودیە وئیسرایل وئەمریکا وتورکیا وقەتەر ئەتوانن وڵاتان بەرەو وێرانە بەرن لە سەر بنەمای بەرژەوەندی ستراتیژی وسیاسی وئابووریان وشەر لە سوریا وعیراقدا بەو ئاستە بگەیەنن کە دەیبینین. ێیران وروسیا وچین بە هەمان شێوە گرنگ نیە ئەسەد چۆن وڵات کاول ئەکات چونکە بەرژەوەندی جیۆسیاسی-ستراتیژیان ئەوە ئەخوازێ کە سوریا نەکەوێتە دەست رەقیبەکانیان. ئەمە جەنگی بێ بنەمای ئابووری وبێ بەرژەوەندی سیاسی وجیۆسیاسی نیە، جەنگێکە درێژکراوەی سیاسەتی هەژمونی کردنی ناوچەیی بلۆکی سەرمایەی خەلیجیە بە رابەری سعودیە وپان ئیسلامیستی ئێرانیە کە لەگەڵ هاتنە سەر کاری جمهوری ئیسلامی لە ئێراندا و لە پاش کۆتایهاتنی جەنگی سارد ئەم دینامیزمەی  بە خۆە گرتووە وناتوانرێ ببرێتە دواوە.

کۆتایی هێنانی یەک جارەکی بە جەنگ لە عێراق وسوریا وناوچەکەدا، بە واقعی پەیوەستە بەوەی کە چینی کریکار وئینسانی زەحمەتکێش کە هیچ بەرژەوەندیەکیان نیە لەم جەنگەدا، وهەر بەو پێەش ئینترناسیونالیزمی کرێکاری وکۆمۆنیستی لە سەر ئاستی ناوچەکە  بتوانێ پاشەکشە بە سەرمایە وسەرمایداری وبلۆکە دەوڵەتیەکانیان بکات، ئەوە هێزی سوشیالیزمی چینی کریکار وبەدیلی سۆشیالستیە کە ئەتوانێ لە بناغەوە رەگورێشەکانی ئەم جەنگ و تێرۆریزمە لە ناو ببات لەم ناوچەیەدا. شەڕی ١٢ ساڵەی عێراق وشەڕی ٤ ساڵەی سوریا شەڕی  بلۆکە دەولەتیەکانی سەرمایایە لەم ناوچەیەدا کە بە هەزار یەک رایەلەوە بەسراونەتەوە بە سەرمایەی ئمپریالیستی جیهانیەوە.

دیاری کردنی ڕیشەی چینایاتی شەڕ لە هەمان کاتدا  دیاریکردنی ڕێگەی کۆتایی هێنانە بە شەڕ.

## سەبارەت بە دەخاڵەتی ڕوسیا لە ناوچەکە

**دیدگای سۆشیالیستی: هاوکێشە سیاسیەکانی کوردستان وململانێی نێوان هێزە ناوخۆییەکانی بۆرژوازی چۆن ئەبینن لە پەیوەند بە کێشمەکێشی قوتبە ئمپریالیستیو ناوچەیەکانەوە؟ کاریگەری ئەم دەخاڵەتەی روسیا چۆنە؟ سەرئەنجام کاریگەری ئەم کێشمە کێش و دەخاڵەتە لەسەر تەواوی کۆمەڵگای کوردستان چۆن لێک ئەدەنەوە؟**

**موئەیە ئەحمەد:**

بەڕای من تەدەخولی سەربازی روسیا لە سوریا کاریگەری ئەوتۆی نیە لە سەر هاوکێشە سیاسیەکان وململانیەکانی نێوان هێزە ناوخۆییەکانی بۆرژوازی کوردستان هەر بەو پێەش لە سەر کۆمەڵی کوردستان. ئەم هێزانە، بەدەر لەوەی کاریگەری ئەم تەدەخوولەی روسیا هەرچیک بێت، زیاتر بە سەر جەمسەرە ناوچەییەکاندا دابەش بوون نەک بە سەر جەمسەرە ئیمپریالستیە جیهانیەکاندا. حزبە ناسیونالیستەکانی کوردستان هەموویان لە یەک کەمپدان، کەمپی ئەمریکا وئەوروپا ودابەش بوونێک لە ئارادا نیە لەم بوارەدا. هەر سێ هێزوحزبە بۆرژوازیە سەرەکیە ناسیونالیستەکەی کوردستان؛ پارتی ویەکێتی وگۆڕان، لە بناغەدا هاو بەرژەوەندن لەگەڵ ستراتیژیەت وسیاسەتە کانی ئەمریکا وئەوروپادا وتەنانەت دابەش بوونیان بە سەر جەمسەرە ناوچەییەکاندا نەبوەتە هۆی دابڕانیان لەم کەمپە ئیمپریالیستیە وبە راستەوخۆیی نەکەوتونەتە کەمپێکی جیهانی ترەوە لە بەرامبەر ئەمریکادا. ئەوە ئاشکرایە کە مانەوەی وەزعی ئیستای کوردستان، لە بەشیکی زۆریدا، پەیوەستە بە درێژکێشانی سیاسەت وستراتیژیەتی ئەمریکا وغەرب لە بەرامبەرعیراق وکوردستان وهەرسێ حزبە ناسیونالیستەکەی کوردستان هەتا ئێستا سوودمەندن وبەرژەوەندیان هەیە لە گەل ئەم سیاسەت وستراتیژیەی ئەمریکادا.

دیارە ئەو جۆرە ریزبەندیە ناوخۆییەی هێزەکانی ناسینالیزمی کورد کارێکی سروشتیە وجگە لەوەی کە تایبەتمەندی ناکۆکیەکانی سیاسەتی بورژوا ناسیونالیستی کورد نیشان ئەدەن، کە زاڵن بە سەر رەوەندە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا، لە روویەکی کەشەوە لاوازی ڕۆڵی جەمسەری روسیا وچین نیشان ئەدەن لە ناوچەکەدا. مەسەلەکە هەر ئەوە نیە کە چەندە هیزە ناسیونالیستەکانی کوردستان پێویستیان بەم هاوپەیمانیە هەیە لەگەڵ جەمسەری ئەمریکا وئەوروپادا، مەسەلەکە لەوەدایە کە خودی جەمسەربەندی ئیمپریالیستانەی سەردەمی جەنگی سارد نەماوەتەوە وهیشتا روسیا لەم ڕوخسارە تازەیەیدا، وهەروها چین، کە ڕۆڵی جیۆسترتیژی وسیاسی لە هەڵکشاندایە لە ئاستی جیهانیدا، نەبونەتە تەرەفیکی ئەسڵی وکاریگەر لە شکلدان بە ڕووداوەکانی عیراق وکوردستان وتا رادیەکیش ناوچەی ڕۆژ هەلاتی ناوەراست. وە ئەوەندی کە باساکەمان پەیوەندی بە رۆلی روسیاوە هەبیت ئەمەوی ئەوەش ئیشارە پی بدەم کە نە روسیا لەو جیگە ئابووریەی جارانی (سەردەمی یەکیەتی سۆڤیەت) بەهرەمەندە ونە مۆدیلە ئابورریە بۆرژازیەکەی ئەمرۆی جیاوازی هەیە لە سەرمایەداری بازاڕی ئازاد ونیولیبرالیزمی ئیمپریالستی ئەمریکا ورۆژئاوا، ولەم بارەیەشەوە ئەوە ئاشکرایە کە کاریگەریەکانی تەدخولی روسی کەمن وکورت ماوەشن.

پارتی لە گەل بلۆکی تورکیا وسعودیە وخەلیجیەکاندایە وهەر لەم راستایەشدا لەگەڵ ئەمریکا

هیچ هێز وحزبێکی سیاسی بورژوازی وهیچ دەوڵەت وحکومەتێکی بۆرژوازی نایەوێت قسەیەک لە سەر ناوەرۆکی چینایتی شەڕ بکرێت وشەڕ وەک دیفاع لە بەرژەوەندی "خەڵک" و"نیشتمان" فەرز ئەکریت و"دەوڵەت" وەک پارێزەری بەرژەوەندیەکانی "هەمووان" و دوژمنیش وەک دووژمنی "گەل " و"نیشتمان" و"خەڵک " ئەناسێنرێن جا ئەو دوژمنە رەنگ وروخساری قەومی یا مەزهەبی وتایفی ویا رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی ..هتد پێبووترێ. لەم نێوەدا، ئەوە وونە کە ئەم جەنگە بۆ بەرژەوەندی چ چینێکە وکام لە ئەولەویاتەکانی ئەم چینە بە ئەنجام ئەگەیەنێ ودیارە ئەوەش لە بەین ئەچێ کە جەماەر چۆن ئەم شەڕە کۆتایی پێ بهێنێ.

**دیدگای سۆشیالیستی: ئەم مەسەلانەی کە باسی ئەکەیت لە پەیوەند بە دەور و کارەکتەری هێزە تیرۆریستەکانی داعش وئەوانی ترەوە ورۆڵیان لە جەنگی سوریادا چۆن سەیر ئەکەیت؟**

**موئەیەد ئەحمەد:**

بەدەر لە ئایدیۆلۆجیەتی تیررۆریستی جیهانی "القاعده" و"داعش" و"جبهة النصره" ، وەک رەوتی تێروریستی دیاریکراوی ئیسلامی سیاسی، وبەدەر لەوەی کە تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسی بۆ خۆی داواکاری دەسەڵات و قودرەتە لە سەر ئاستی جیهانی وبە هەزارو یەک سەرەوە بەسراونەتەوە بە سەرمایەی جیهانیەوە، ئەم تاقمە تێرۆریستانە بە کردەوە رۆلی جەنگی بە وەکالەتیان گێراوە لە ناو سوریا وعیراقدا. ئەم تیرۆریستانە لە پەیوەند بە داینەمیزمی کێشمەکێشی سیاسی لۆکاڵی سوریا وعێراقەوە هێزیان وەرنەگرتووە وتەنانەت پایەگای کومەڵایەتیان نیە بەو شێوەیەی کە دووبارە وسەر لە نوێ بەرهەم بهێنرێنەوە. لە هەر ناوچەیەکیشدا ئەم پایەگا کۆمەڵایەتیەیان هەبێت هێشتا لەو مەسەلەیە ناگۆرێت کە ئەم هێزە تیرۆریستانە بەعەمەلی لەنێو جەنگێکی ئیمپریالیستی وکوتلە ناوچەییەکانی سەرمایەدا جێگەیان بوەتەوەو وکاریگەری بەجێ ئەهێڵن لە سەر رەوەندی رووداوەکان بە تایبەت لەم دوو وڵاتەدا.

ئەوە راستە کە داعش وێیزە تێرۆریستەکان ئێستا تەرەفێکی سێهەمن وخۆیان لە خۆیاندا بەرەیەکی جەنگەکەن وهیچ یەک لە قوتبە ئیمپریالیست وناوچەیەکان لە گەڵیاندا نین وبۆ خۆیان مۆرکی خۆیان داوە لەم شەرەی سوریا بەلام ئەمە ئاکامی خودی شەرەکە وپەرە سەندنی ناکۆکیەکانیەتی ولەو مەسەلە محوەریە ناگۆریت کە باسی ئەکەم. جەنگ لە سەر یەک رێچکە ولە سەر یەک هێڵی راستەوخۆ ناڕواتە پێشەوە. ئێستا کە داعش وجبهة النصرة بوەتە مەترسی بۆ ئەمریکا وتەنانەت بۆ سعودیە وە یا تورکیا وئەبی بومبارانیان بکەن هیچ لەوە ناگۆرێت کە شەڕێک کە لە سوریاد لە ئارادایە شەڕێکی ناوچەیەیە ولەم راستایەدا بە هێز کردن وچەکدارکردن وتەمویل کردنی گروپە تێرۆریستەکان داعش والنصره.. هتد، بەشیک بوون، وتا رادەیەکیش ئێستاش بە تایبەت بۆ تورکیا، بەشێکن لە شەڕەکە وپێداویستیەکانی جەنگەکە بۆ کەمپی ئیمپریالستی ئەمریکا وئیسرائیل وسعودیە وتورکیا وقەتەر. لە ناو شەڕە ناوچەیی وئمپریالیستیەکاندا، وەک ئەوەی کە ئێستا لە ئارادایە لە سوریا وعێراق، نەک هەر رۆل وجێگەورێگەی هیزە تیرۆریستەکانی وەک داعش بەڵکو رۆڵ و جێگەورێگەی هێزەکانی کەش دیاری ئەکرێت.

وئەوروپا و ئیسرائیل دایە. بەلام یەکێتی وگۆڕان لە گەل ئەوەشدا کە پشتیان بە رژێمی ئیسلامی ئێرانە لەگەڵ ئەمریکاو وئەوروپادا یەکن. بەو پلەیەی کە تەدەخولی سەربازی روسیا لە سوریا یا لە عیراقدا کاریگەری هەبیت ئەوا ئەم ریزبەندیەی هێزەکانی ناسیونالیزمی کورد لەگەڵ هێزە ناوچەیاکاندا توندوتیژتر ئەکاتەوە. سنووری دانەپچراوی جوگرافیای هێزەکانی یەکێتی وگۆڕان لەگەڵ ئێران وپێویستی هەر سێ لایەن، رژێمی ئیسلامی ئێران وئەم دوو حزبە ، بە یەکتر لە کێشمەکێشیاندا بەرامبەر پارتی وکەمپی ناوچەیی تورکیا وسعودیە وای کردووە کە ئەم سێ لایەنە لە یەک بەرەدا بن. هەر بەو پێیەش بو پارتی بە پێچەوانەوە هەموو ئەو مەسەلانە هاوبەرژەوەندی کردووە لەگەڵ تورکیادا. ئەمە جگە لە مەسەلەی ستراتیژوسیاسەتی ریشەیی تر وەک هەڵوێستی هەر یەکەیان لەسەر مەسەلەی نەوت ودەولەتی سەربەخۆی کوردستان ویا سیاسەت وبەرژەوەندە پلە دووەکانی تر.

بەلام بە دەر لەمانە ، لە سەرد دەستی دەسەلاتداریەتی ئەم هێزە ناوخۆییانە، ئەم ئالۆزیە لە کێشمەکێشی ناوچەیی وجیهانی ورەنگدانەوەی کەم تا زۆریان لەسەر کۆمەڵگا، کوردستانی دەرگیری قەیرانیکی هەمە لایەنە کردووە وبەبێ ئەوەی ئاسۆی دەرچوون دیار بێ لە سایەی بالانسی هێزە چینایەتیەکانی ئێستای کوردستاندا. حاکمیەتی ناسیونالیزمی کورد دەرگیری ئەزمەیەکی کوشندەیە وهەر ئالۆ بوونێکی زیاتری وزعەکە ئەم ئەزمەیە قووڵتر و توندوتیژتر ئەکاتەوە. لە راستیدا زۆر بە خێرایی ئەڵتەرناتیوە سیاسیە ناسیونالیستاکانی بورژوازی دەرگیری شکست دێن و جارێکی کە قەیرانەکە خەست تر ئەکەنەوە. گەر سەیرێکی وەزعی سیاسیی ئێستای کوردستان بکەین ئەبینین چۆن تەجروبەی ٢٤ ساڵەی حاکمیەتیان تووشی شکستی سیاسی هاتووە وچۆن "چاکسازی" بۆرژوازیانەی گۆران دەرگیری بن بەست بووەو چۆن هێزی میلیشیایی پارتی بە پلەی سەرەکی ویەکێتیش بە پلەی دوو لە پەیوەند بە کیشم کێشە ناوچەیەکانەوە بوونەتە نوینەری پاراستنی نەزم و نیزامی پر لە قەیرانی بورژوازی کورد.

**دیدگای سۆشیالیستی: ڕۆڵی سیاسی چینی کرێکار وکۆمۆنیستەکان لەم هەلومەرجەی کوردستاندا چۆنە ؟**

**موئەیەد ئەحمەد:**چینی کریکار،خەڵکی زحمەتکێش، لاوانی کچ وکوڕی ئازادیخواز، وحزبی سیاسی کۆمۆنیستی چینی کریکار هێشتا ئەو لاسەنگیە سیاسیەیان بە دەست نەهێناوە کە پاشەکشە بە هێزەکانی بورژاوزی بکەن ولە سەر بنەمای ئەڵتەرناتیوێکی چینایەتی وشۆڕشگێرانە وەک هێزێکی کاریگەری سیاسی دەرکەون. ئامادەیی سیاسی چینی کریکار و تویژە نەدارەکانی کۆمەڵ بە هیچ جۆرێک نایەتەوە لەگەڵ نەخش وجێگەی ئابووری و کومەلایەتی ئەم چین و توێژانە لە کوردستاندا. وە تا ئەم ناکۆکیە حەل نەبێت رێگەچارەکانی بۆرژوازی زاڵ ئەبن بە سەر کومەڵدا بە هەموو کارەسات وقەیرانو ماڵوێرانیانەوە بۆ خەڵک. بەلام ئەڵتەرناتیوی سیاسی کۆمۆنیزمی چینی کرێیار ناتوانێ لە چوارچێوەی ئەوەی کە بورژوازی تەرحی ئەکات بخولێتەوە. وەزعی ئێستای کوردستان پێویستی بە ئالوگۆرە لە تەرازووی هێزە چینایەتیەکانی ناوخۆی کوردساتاندا لە بەرژەوەندی چینی

## سەبارەت بە دەخاڵەتی ڕوسیا لە ناوچەکە

کریکار وبە هێزبوونیەتی  وەک هێزێکی سەربەخۆی چینایاتی، هەر لێرە شەوە وەک هێزێکی سیاسی کاریگەر لە سەر ڕووداوەکان. لێرەدایە کە تاکتیک وسیاسەتی  دروستی کومۆنیستی ڕۆڵێکی گرنگ ئەبینێ. هەم ئەکرێ ئەو سیاسەت وتاکتیکە کۆمەڵایەتی بێیتەوە وهەم  هێزو توانای سیاسی چینی کریکار و نەداری کوردستان بە پلەیکی نەوعی گەورە بەرێتە سەر. بۆ هەڵێنجاندنی ئەم سیاسەت وتاکتیکە چینیاتی وشۆڕشگێڕانەیەی کرێکار و کۆمۆنیستەکان سەرەتا پێوستمان بە لێکدانەوەی مارکسیستی وبەکارهێنانی میسودی مارکسیستیە لە بەرامبەر ئەم کێشمەکێش وجەنگە هەمە لایەنەیەی کە لە کوردستان وعیراق ناوچەکەدا بەردەوامە. هیچ مەسەلەیەک وهیچ کێشەیەکی کومەڵایەتی وسیاسی  بەدەر نین لە کارو کارلێکردنی ئەم  کێشمەکێشانە لە سەری وبە پێچەوانەوە. هێزە بورژوازیەکان بۆ خۆیان نەخشە وسیاسەتی خۆیان هەیە ولە دەروونی ئەم ئەوزاعە ئالۆزەدا کاراکتەری سیاسی تایبەت ودیاریکراو لەخۆئەگرن.  پرولیتاریای کوردستان وبزوتنەوەی کرێکاری وکۆمۆنیستی ئەبێ شێلگیرانە تاکتیک وسیاسەتی شۆڕشگێڕانەی چینایەتی بەرزکەنەوە بە رووی بورژازی وجەنگ وتاکتیکەکانیاندا. ئەمە هەنگاوی یەکەمە لەخەبات بو گۆڕینی وەزعەکە لە بەرژەوەندی خەباتی رزگاری خوازانەی چینی کرێکار.

# سەبارەت بە: ڕۆڵ و نەخشی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆشیالیستی

**دیدگای سۆشیالیستی ئەپرسێ**

بە درێژایی ئەم چەند ساڵەی پێشوو زۆر جار ناڕەزایەتی و توڕەیی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و بێبەش لە دژی دەسەڵاتی کوردایەتی قوڵپی داوە و هەندێك جار تەقیوەتەوە بە ڕووی دەسەڵاتدا، لەم نێوەدا جێگاوڕێگای چینی کرێکاری کوردستان و کرێکارانی هوشیار و سۆشیالیست چییە، وە ئایا بۆچی کەمترین جوڵەی ئامانجدار و ڕێکخراوی ئەم چینە بینراوە؟ ئایا پێتان وانییە کە ئەم هاتنەمەیدانە لاوازەی چینی کرێکار هۆکارێکی سەرەکیە بۆ ئەوەی دوای ٢٤ ساڵ لە دەسەڵاتی کوردایەتی کە ئەوپەڕی بێمافی بۆ تەواوی خەڵك هێناوە، ئاڵوگۆڕێك بە قازانجی جەماوەری بەرینی زەحمەتکێش و بێبەش و تەنانەت ڕیفۆرمێکی جدیش لە ژیانی خەڵکدا نابینرێ؟

**موحسین کەریم:** منیش بڕوام وایە کە لاوازی بزووتنەوەی کرێکاریو لاوازیو سستیی خۆنواندنی چینایەتیو سەربەخۆی کرێکارانی کوردستان هۆکارێکی سەرەکیە بۆ لاوازیو سەرنەکەوتنی بزووتنەوە نارەزایەتیەکانی کرێکارانو جەماوەری زەحمەتکێشو کەمدەرامەتی کوردستانو سەرجەم نارەزایەتیە هەقخوازەکانی خەڵکو هەرئەوەشە وایکردوە کە زۆربەی کات نارەزایەتیو هەوڵەکانی جەماوەری بێبەشو نارازی بەرهەمێکی ئەوتۆی نەبێتو بە ئاکامێک نەگات.
بێگومان دەکرێ لێرەدا ئاماژە بە هۆکار یان فاکتەرێکی بنەڕەتی بکرێ کە وادەکات ئەو نارەزایەتیانە بە بێ دەورو کاریگەری هوشیارانەو سیاسیانەی چینی کرێکار، ئەو ئاکامە نەخوازراوەی هەبێتو تەنانەت بێدەسەلات بێت لە بەدەستهێنانی ریفۆرمێکی جدیو بەبایەخ لە ژیانو گوزەرانو ئازادیەکانی خەڵکدا. ئەویش ئەوەیە کە نارەزایەتیەکان ناتوانن لەچوارچێوەی ئاسۆی سیاسی بزوتنەوە بۆرژواییەکان دەربازبن. هەمیشە زەمینەی ئەوە فەراهەمو بگرە دابینکراوە کە نارەزایەتیەکانی جەماوەر لەلایەن باڵو هێزێکی بۆرژوازیەوە بەلارێدا ببرێو خواستەکانیان چەواشە بکرێ. ئیمکانی رادیکاڵ بوونەوەو بەرەوسەرچوونی خواستەکان لاوازەو بە لێڵیو نارۆشنی دەهێڵرێنەوە. میکانیزمەکانی دەربڕینو بەرێخستنو ئاراستەکردنو بەسەرەنجام گەیاندنی نارەزایەتیەکان لەچوارچێوەی میکانیزمەکانی بۆرژوازیدا قەتیس دەکرێن. رێگا لە فراوانبوونەوەو بەدەستەوە گرتنی میکانیزمی جەماوەریو کاریگەر دەگیرێت. فرسەتی ئەوە زۆر

## سەبارەت بە: ڕۆڵ و نەخشی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆشیالیستی

کەم دەبێت کە جەماوەر لە پراتیکێکی جەماوەریی هوشیارانەو سیاسی دا هەنگاو بەهەنگاو میکانیزمی کاریگەر بگریتەپێش. بەجۆرێک کە زۆربەی زۆری جەماوەر رابکێشێتە ناو مەیدانی خەباتی جەماوەریەوە. نموونەیەکی سادە ئەوەیە کە زۆرێک لە نارەزایەتیو خۆپیشاندانەکانی تا ئێستای کوردستان بەشێوەیەکی گشتی پیاوان تێدا بەشداربوون، لەبەرئەوەی شێوازو میکانیزمەکانی خەباتو نارەزایەتیەکان شێوازو میکانیزمێکی گونجاو نیە لەگەڵ خەباتی جەماوەری گشتیداو بەکاریگەری پارتو لایەنی بۆرژوایی‌و بەپێی بەرژەوەندی سیاسی ئەوان، پێشوەخت بەرەو پێکدادانێکی سیاسی راستەوخۆ لەگەڵ دەسەڵاتدا دەبرێت، بێجگە لەو نارەزایەتیانەی ئەم دواییانەی مامۆستایان‌و کرێکاران‌و کارمەندانی کەرتی گشتی‌و حکومی کە خەریکە شێوازێکی دیکە بۆ دەورو بەشداریی جەماوەر دەخاتەروو. ئەوەش دەتوانرێ وەکو ئاڵوگۆرێک لە خەباتی جەماوەری کوردستاندا تۆماربکرێ.

بە دیوێکی دیکەدا ئامادەیی بزووتنەوەیەکی کرێکاری بەهێزو کرێکاری هوشیار بە بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی خۆی دەتوانێ خۆی لە سیاسەتی بۆرژوازی جیابکاتەوەو هاوکات فاکتەری رادیکاڵکردنەوەی نارەزایەتیەکان‌و دەرهێنانی بێت لەژێر داروپەردوی خۆشباوەڕیەکانی بۆرژوازی‌و بزووتنەوەو هێزە سیاسیەکانی بۆرژوازی. هۆکاری رێکخراوکردنی نارەزایەتیەکان‌و بەدەستەوەدانی میکانیزمی کاریگەرو جەماوەری بێت بۆ ئاراستەکردنی خەباتو نارەزایەتیەکانی خەڵک بەرامبەر بەدەسەڵاتو پاراستنی لە مانۆرەکان‌و پیلانەکانی بۆرژوازی‌و دەسەڵات بۆ چەواشەکردن‌و گۆڕانی ئاراستەی نارەزایەتیەکان. دەتوانێ فاکتەرێکی گرنگ بێت بۆ بەردەوام بوون‌و پەیگیربوونی نارەزایەتیەکان‌و دابینکردن‌و بەهێزکردنی شانسی سەرکەوتنیان.

بەڵام ئەگەر دوای ئەم روونکردنەوەیە بێمە سەر بەشی یەکەمی پرسیارەکەت، واتە لاوازی وجودی سیاسی‌و رێکخراوو هوشیارانەی چینی کرێکارو بزوتنەوەی کرێکاری‌و کۆمۆنیستی لەم نارەزایاتیانەدا، ئەوا دەبێ کەمێک کاتی زیاتر تەرخان بکەین بۆلێکدانەوەی ئەم گرفتە. من لێرەدا هەوڵ دەدەم بۆچوونەکانی خۆم کە لەوبارەوە لام گەڵاڵە بوون، بخەمە بەردەم ئێوەو خوێنەرانی گۆڤاری "دیدگای سۆشیالیستی" بەو ئومێدەی کە لانی کەم دەرگای پلمیکێکی قووڵو هەمەلایەنە لەسەر ئەو مەسەلەیە بکاتەوەو هاورێ‌و کەسانێکی دیکەش بەشداربن لە دەوڵەمەندکردنی باسەکەو دەستنیشانکردنی گرێی سەرەکی ئەم کێشە چارەنوس سازەی بزووتنەوەکەمان‌و کۆمەڵگاش.

## گرفتەکانی چینی کرێکارو بزووتنەوەی کرێکاری چین!؟

بەبروای من کۆمەڵێک مەسەلەی بنەڕەتی هەن کە چینی کرێکاری کوردستانی لەناو کارکردە کۆمەڵایەتی‌و هاوکێشە سیاسیەکانی کوردستاندا پەراوێزو کەم کاریگەر کردوەو بزووتنەوەی کرێکاری لە نزمترین ئاستی خۆدەرخستنیدا هێشتۆتەوە. ئەوانیش بریتین لە:

تایبەتمەندیەکانی چینی کرێکاری کوردستان.

١. بوونی کێشەی کوردو کاریگەری فکری ناسیۆنالیزمو هەژمونی کوردایەتی بەسەر چینی کرێکارەوە.

٢. یاسای کارو بڕیاری رژێمی بەعس بۆ سڕینەوەی پێناسەی چینایەتی کرێکارانی کەرتی گشتیو کاریگەریەکانی.
٣. هەلومەرجی دوای ساڵی ١٩٩١و دەسەڵاتی میلیشیاییو کاریگەریە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانی لەسەر کۆمەڵگاو چینی کرێکار... دابەشکردنی کرێکار وەکو هاوڵاتیان بەسەر حیزبەکاندا...
٤. تایبەتمەندیەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو کێشەکانیو کاریگەری لەسەر بزووتنەوەو چینی کرێکار لە کوردستان.

**تایبەتمەندیەکانی چینی کرێکاری کوردستان؛**

تایبەتمەندی چینی کرێکاری کوردستانو پێکهاتەکەی فاکتەرێکی گرنگە بۆ لاوازیی چینی کرێکار بەگشتیو لاوازیی بزوتنەوەی کرێکاریو کەم ئاشنابوونی کرێکارانو چینی کرێکاری کوردستان بە بنەماو لێکدانەوە سۆشیالیستیو کۆمۆنیستیەکانو لەئاکامی ئەوەشەوە لاوازی پایەی سۆشیالیزمو کۆمۆنیزمو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەناو چینی کرێکاردا.

لە کوردستان بێجگە لە چەند کارگەیەکی بچووکو لەم ساڵانەی دوایشدا چەند کارگەیەکی مامناوەند دروستکراونو تەنانەت پیشەسازی نەوت کە لە دوای روخانی رژێمی سەدامەوە گەشەیەکی بەرچاوی کردوە، کرێکاری پیشەسازی بەشێکی ئێجگار کەمی چینی کرێکار پێکدەهێنێ.

بەهۆی بوونی کێشەو ناجێگیریی سیاسی لە کوردستانو سیاسەتی دەوڵەتی ناوەندی لە چەندین دەیەی رابردودا، پرۆژەی ئابووری جێگیرو گەورە کە تایبەتمەندی پیشەسازی هەبێت لە کوردستان دروست نەکراوە. دواتریش گەشەی ئابوری لە کوردستان دوای روخانی رژێمی بەعس، زیاتر لە بواری بیناسازیو بازرگانیدا بووە. گەشەی پیشەسازیو تەکنۆلۆژیای بەرهەمهێنان لە ئاستێکی زۆر کرچو کاڵدا بوە. بەشێکی بەرچاوی کۆمپانیا بینایەکان کە روویان لە کوردستان کرد زۆرتر پشتیان بە هێزی کاری شارەزای خۆیان بەست. ئەم بارودۆخە کاریگەری لەسەر تایبەتمەندیو پێکهاتەی چینی کرێکاری کوردستان داناوەو سەرەنجام کاریگەری لەسەر بارودۆخی بزووتنەوەی کرێکاریو خەباتی چینایەتی کرێکاران داناوە.

کرێکاری پیشەسازی پێویستی بە رادەیەک لە تێگەیشتنی زانستی هەیە. ئەو ئاستەش لە هۆشیاریو تێگەیشتنی زانستی هۆکارێک دەبێت بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری چینایەتی کرێکارو تێگەیشتن لە بنەماو هۆکارەکانی چەوساندنەوەو هەروەها دۆزینەوەی رێگاکانی خەبات بۆ باشکردنی ژیانو گوزەران. بێجگەلەوەی کە کارگاو ناوەندە گەورە پیشەسازیەکان لەرووی تواناو فرسەتەکانی رێکخراوبوونی کرێکارانو خەباتیانەوە بەدژی خاوەنکارو خاوەن سەرمایەکاندا گونجاوترە. کاتێک کرێکارانی پیشەسازی رێژەیەکی زۆر کەمی چینی کرێکاری کوردستان پێکدەهێننو بەشێکی زۆری چینی کرێکار لە کوردستان، کرێکاری کشتوکاڵیو کرێکاری بیناسازیو زیاتر کرێکارانێکن کە لەبەشێکی ساڵدا کاریان دەست دەکەوێتو باقی ساڵەکە بە بێکاری ژیان بەسەر دەبەن، هەروەها کارەکەیان پێویستی بە شارەزاییو ئاستێکی زانستی ئەوتۆ نیەو بەهۆی

## سەبارەت بە: ڕۆڵ و نەخشی چینی کرێکار و بزووتنەوەی سۆشیالیستی

شێوازی کارەکەشیانەوە لەرووی ڕێکخراوبوونو هاودڵی چینایەتیو خەباتی ڕێکخراوەوە لە کەمترین ئیمکانات بەهرەمەندن، ئەوا دەتوانرێ ئاستی لاوازی چینەکەو بزووتنەوەکەیو جێگاوڕێگای لەئاستی کۆمەڵایەتیدا ببینرێت!

سەرباری ئەو ڕاستیانە نزمی ئاستی خوێندەواریو هۆشیاری زانستی دەوری ڕاستەوخۆی هەیە لە دەست ڕانەگەیشتنی کرێکارانی کوردستان بە ئەفکاری کۆمۆنیستیو سۆشیالیستیو ناسینی بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی.

### بوونی کێشەی کوردو کاریگەری فکری ناسیۆنالیزمو هەژمونی کوردایەتی بەسەر چینی کرێکارەوە:

یەکێک لەو مەسەلە گرنگانە، مەسەلەی نەتەوایەتیکوردو خاسیەتی ناوچەیی ئەو مەسەلەیەیە بە کێشەی کورد ناسراوە. بەڕێوەچوونی ستەمی نەتەوەیی دژی هاوڵاتیانی کوردزمان لە چوار وڵاتی ناوچەکەدا کە کوردی تێدا دەژی خاسیەتێکی تایبەتی بەو کێشەیە داوە. سەرباری ئەوەی کە بوەتە کەرەستەیەکی فکریو سیاسی بۆ ناسیۆنالیزمی کورد تا وەکو بزووتنەوەیەکی سیاسی لەهەر یەکە لەو وڵاتانەدا خۆی وەکو نوێنەری خەڵکی کوردزمان نیشان بدات، هاوکات بەردەوام بزووتنەوەکانی ناسیۆنالیزمی کورد لەو وڵاتانە کاریگەرییان لەسەر یەکترو لەسەر فکرو هوشیاری سیاسیو کۆمەڵایەتی هاولاتیانی کورد لەناوچەکەدا بەشێوەیەکی گشتی داناوەو فاکتەرێکی گرنگ بووە بۆ بوژاندنەوەو دوبارە بەرهەمهێنانەوەی ئیحساساتی نەتەوەیی. بەوجۆرە زاڵبوونی فکرو جیهانبینی ناسیۆنالیستی لەئاستی کۆمەڵایەتیدا لەناو خەڵکی ناوچە کوردنشینەکانی ئەو وڵاتانەدا سایەی کێشاوە بەسەر فکرو زەینی کرێکارانی کوردزماندا لەهەر یەکە لەو وڵاتانەداو ئەو ریوایەتەیان لە بۆرژوازی خۆماڵی وەرگرتوە کە کێشەکانی ئەوانیش سەرچاوەکەی دەسەڵاتی "داگیرکەرو بێگانەیە"و ڕزگاری ئەوانیش بەندە بە ڕزگاری سەرجەم گەلی کورد لە "دەسەڵاتی داگیرکاری کوردستانو دەسەڵاتە چەوسێنەرەکانی کوردا!" بەوجۆرەش سەرنجی کرێکاری کوردیان لە مەسەلە چینایەتیو بەرژەوەندیە چینایەتیەکانی خۆی وەرگێڕاوەو ئەمەشیان بەردەوام بەرهەمهێناوەتەوە. خاسیەتی ناوچەیی ئەو کێشەیەش بەردەوام ئەم خۆشخەیاڵیەی دوبارە بەرهەمهێناوەتەوەو تەمەنی ناسیۆنالیزمی کوردو بزووتنەوەی کوردایەتی درێژترکردۆتەوە. بۆنموونە کاتێک دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد لە کوردستانی عێراق دەکەوێتە بەرامبەر خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردەوەو مافەکانی زەوت دەکات، ناتوانێ ڕەخنەیەکی چینایەتی ڕووبەڕوو بکاتەوە، بەڵکو بە خائین بە بەها نەتەوەییەکان خەتاباریان دەکات. وەکو ئەوەی بەها نەتەوەییەکان زامنی مافەکانی ئەوانیش بکات!! ئەمە ئەو وەهمو خۆشباوەڕیە کوشندەیە کە تائێستاش کاریگەری لەسەر فکرو بیرکردنەوەی کرێکارانی کوردستان دادەنێتو وەکو وتم خاسیەتی ناوچەیی کێشەی کورد بەردەوام ئەم وەهمە دەمەزەرد دەکاتەوە.

زاڵبوونی فکرو جیهانبینیو بۆچوونی ناسیۆنالیزمو ناسیۆنالیستی بەسەر زەینو فکری کرێکاراندا لەلایەکی دیکەوە بەربەستێکی فکریو هوشیاری پێکدەهێنێ بۆ هوشیاری چینایەتی کرێکارو

دورخستنەوەیان لە فکرو بۆچوونی سۆشیالیستیو کۆمۆنیستی. هەرخۆی دەبێتە لەمپەرێک بۆ هۆشیاری سۆشیالیستیو تێگەیشتنو ناسینی بەرژەوەندیە چینایەتیەکانیان. بەوجۆرە زاڵبوونی فکرو جیهانبینی کوردایەتی بەسەر بیرکردنەوەی کرێکارانی کوردستاندا هۆکارێکی گرنگە بۆ قەتیس کردنی بیروهۆشی کرێکاری کوردستان لەناوچوارچێوەی بیرو لێکدانەوەی کوردایەتیداو دووری دەخاتەوە لەوەی کە دەستی بگات بە بنەماکانی فکری کۆمۆنیستیو سۆشیالیستی. ئەمەش فاکتەرێکی گرنگە بۆئەوەی وابکات بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو سۆشیالیستی لەناو چینی کرێکاری کوردستاندا لاواز وبگرە کەم کاریگەر بێت.

لەلایەکی دیکەوە زاڵبوونی فکرو جیهانبینی کوردایەتی لەناو چینی کرێکاردا مانای زاڵبوونی فکرو جیهانبینیو لێکدانەوەکانی بزووتنەوەیەکی سیاسی بۆرژوازیە لەناو چینی کرێکاری کوردستاندا، کە بزووتنەوەی کوردایەتی یان ناسیۆنالیزمی کوردە. لەئاکامی ئەمەشەوە بزووتنەوەی کرێکاری دەکەوێتە ژێر کاریگەری سیاسیو فکری بۆرژوا- ناسیۆنالیستی کوردەوەو فرسەتو ئیمکاناتەکانی شکڵگرتنی بزووتنەوەکە وەکو بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی کرێکاری بۆ مەسەلەو خواستو ئامانجە کرێکاریەکان لاواز دەبێتو دەبێتە پاشکۆی بزووتنەوەی کوردایەتی یان بەجۆرێک بێبەش دەبێت لە هەڵگرتنی پێناسەی سەربەخۆی خۆیو ناتوانێ وەکو بزووتنەوەیەک خۆی نمایش بکات لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا. واقعیەتی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان بارودۆخێکی لەم چەشنە بەسەردەبات.

## یاسای کارو بڕیاری رژێمی بەعس بۆ سڕینەوەی پێناسەی چینایەتی کرێکارانی کەرتی گشتیو کاریگەریەکانی؛

یاسای کاری رژێمی بەعس کە لەسەر بنەمای سەرکوتی چینی کرێکارو داسەپاندنی هەلومەرجی کاری هەرزانی کرێکاران دامەرزابوو، وە لە دوای ١٩٩١یشەوە لە کوردستانو تائێستاش کاری پێدەکرێ، یاساکارێکی دژی کرێکاریەو کەمترین بواری بۆ رێکخراوبوونی ئازادانەی کرێکاران، ئازادیی مانگرتنو نارەزایەتی دەبڕینی کرێکاران نەهێشتوتەوە. بێجگە لەوەی کە کرێکارانی کەرتی گشتی لەژێرناوی فەرمانبەردا لە هەموو مافێکی وەکو کرێکار بێبەش کردوە. واتە تائێستاش یاساکاری رژێمی بەعس بەسەر کرێکاراندا سەپێنراوەو بەپێی مادەو بەندەکانی ئەو یاسایە مامەڵە دەکرێ، کە ئەوەش رێگریەکی دیکەیە لەبەردەم گەشەو بەرەوپێشەوەچوونی بزووتنەوەی کرێکاریو خەباتی جەماوەریو چینایەتی کرێکاران لە کوردستان.

دژایەتیەکی راستەوخۆی یاسای کاری رژێمی بەعس بۆ چینی کرێکار مەسەلەی بڕیاری ١٥٠ی ساڵی ١٩٨٧ە. بەپێی ئەو بڕیارە بەشێکی بەرچاو لە چینی کرێکار کە لە دەزگاو دامەرزاوە حکومیەکاندا کاردەکەن، پێناسەی چینایەتیان گۆڕاوەو کراونەتە فەرمانبەرو بەرەسمی لە چینی کرێکار دابڕاون. ئەم گۆڕانکاریە لە پێناسەی ئەم بەشەی چینی کرێکاردا بێجگە لەوەی کە بە رەسمیو بە پێی یاسا رێگری لە رێکخراوبوونی چینایەتیو جەماوەری کرێکاران دەکات، هاوکات لە پرۆسەیەکی دوورودرێژدا ئەو عەقڵیەتەشی لەناویاندا پەرەپێداوە کەخۆیان بە بەشێک لە چینی

کرێکار نەزانن.

لەلایەکی دیکەوە، دوای دابڕینی ئەم بەشە گرنگەی چینی کرێکار، یاسای کار تەنها مافی ڕێکخراوبوونی سەندیکایی دەدات بە کرێکارانی کەرتی تایبەتو بەومەرجەی کە بەشێک بوایە لە ڕێکخستنەکانی حیزبی بەعس. دوای ڕاپەڕینیش بەرەی کوردستانیو حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان سەندیکا دەستچنەکانی خۆیان بەسەر کرێکاراندا سەپاندو دژایەتی هەرجۆرە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی کرێکارییان کرد کە هەوڵی دروستکردنیان دەدرا. ئەو سەندیکایانەش لەناو کرێکاراندا ئیعتبارێکیان نیەو بەوهۆیەوە تارادەیەک زیانی بە ئیعتباری کاری ڕێکخراو و متمانەو خوڵقی کرێکاری بۆ کاری ڕێکخراو گەیاندوە.

**هەلومەرجی دوای ساڵی ١٩٩١و دەسەڵاتی میلیشیاییو کاریگەریە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانی لەسەر کۆمەڵگاو چینی کرێکار؛**

کۆمەڵگای کوردستان لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە لەسەر دەستی دەسەڵاتێکی حیزبی چەکدارداو بەهۆی ئەو بارودۆخە سەختە ئابوریو سیاسیو یاساییەی کە ڕووبەڕووی بووبوەوە، بنەماکانو تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگایەکی ئاسایی لەدەستدابوو. هاوڵاتیانی کوردستان بەسەر پێناسەی حیزبیدا دابەش کرابوونو بەڕێوەچوونو ژیانیان بەسترابوەوە بە ئەندامبوون یان لایەنگیریان بۆ ئەو حیزبە دەسەڵاتدارانە. چینی کرێکاریش کەوتەژێر کاریگەری ئەو بارودۆخەوەو تایبەتمەندیو ڕایەڵە چینایەتیەکانی بەرەو لاوازبوون چوون.

<u>تایبەتمەندیەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیو کێشەکانیو کاریگەری لەسەر چینی کرێکارو بزووتنەوەی کرێکاری؛</u>

بزووتنەوەی چەپو کۆمۆنیستی کوردستان خۆی لەناو چینی کرێکارەوە سەری هەڵنەدا، بەڵکو لەئاکامی ڕادیکاڵبوونەوەی باڵی چەپی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردەوە سەری هەڵداو زیاتر ئەو ڕۆشنبیرانە بوون کە بەسنوربەندی فکری لەگەڵ ناسیۆنالیزم بەرەو مارکسیزمو کۆمۆنیزم دەهاتن. ئەم واقعیەتەی چەپو هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو ئابووری دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کە لەگەڵ هەلومەرجە ناسراوەکانی خەباتی چینایەتیو تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگایەکی چینایەتی ئاسایی گونجاو نەبوو، دەوری هەبوو لەوەی کە چەپو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی کە لەدوای ڕاپەڕینەوە هەڵسوڕانی ئاشکرای لە ئاستی کۆمەڵگادا دەست پێکرد، نەتوانێ لەگەڵ چینی کرێکاردا ئاوێتەبێتو کۆمەک بکات بە گواستنەوەی مارکسیزمو کۆمۆنیزم بۆناو کرێکاران.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کە تاکە هێزی سیاسی کۆمۆنیستی بوو کە لە پێگەو سەکۆی کۆمەڵایەتی چینی کرێکارەوە سەیری دنیای دەکرد، سەرباری ئەو گرفتەی کە لە پێشەوە باسمکرد، بەهۆی ئەو پەلامارە تیرۆریستیو چەکداریانەی کە لەلایەن حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانو هێزە ئیسلامیە تیرۆریستیەکانەوە بەردەوام دەکرایە سەریو بەتایبەتی دوای پەلاماری چەکداریی یەکێتی نیشتمانیەوە، نەیتوانی ئەو گرفتە تێپەڕێنێو ڕەوتو مەیلی کۆمۆنیستی کرێکاری بکاتە

بەشێکی گرنگو کاریگەری ناو بزووتنەوەی کرێکاریو چینی کرێکار لە کوردستان. لەلایەکەوە نزیکبوونەوەی کرێکار لەو حیزبە وەکو موجازەفە تەماشا دەکراو لەلایەکی دیکەوە ئەو زەربانەش وردە وردە بووە هۆی لاوازکردنی حیزبو دروستبوونی بۆشاییەکی سیاسی لە پەیوەند بە چینی کرێکارو بزووتنەوەی کرێکاری. بەتایبەتی کە بەشێکی بەرچاوی کادرانی خاوەن ئەزمونو ئاستێکی باشی زانستیوهوشیاری کۆمۆنیستی چونەدەرەوەی کوردستان، کە دەیانتوانی ئێستا دەوری کاریگەریان هەبوایە لەناو چینی کرێکاردا. لەئاکامی ئەوەشەوە تواناییەکانو ئیمکاناتەکان بۆ پەرەدانو بڵاوکردنەوەی کۆمۆنیزم لەناو چینی کرێکارو لە ئاستی کۆمەڵگا کە تائێستاش کاریگەری ئەو بارودۆخە بەسەر حیزبەوە ماوەتەوە، بەرەو لاوازی بچن.
بەم پێیە لاوازیی فکری کۆمۆنیستی لە ئاستی کۆمەڵگاو لەناو چینی کرێکاردا خۆی فاکتەرێکی گرنگە بۆ لاوازی بزووتنەوەی کرێکاریو پارێزراو نەبوونی چینی کرێکار لە کاریگەری فکرو بۆچوونی بۆرژوازیو بزووتنەوە بۆرژواییەکانو پەرشوبڵاویو نارێکخراویی چینی کرێکار، چونکە بەهێزبوونی فکری کۆمۆنیزم لەناو کرێکاردا فاکتەرێکی گرنگە بۆ بەهێزکردنی مەیلی رێکخراوبوونو کردنە دەرەوەی ئەفکاری بۆرژوازی وەکو ناسیۆنالیزمو ئیسلام.

## ئەنجامگیری:

کەواتە چینی کرێکارو بزووتنەوەی کرێکاری کوردستان لە هەلومەرجێکی لەوجۆرەدان کە ئاماژەم پێکرد، وە ئەمەش بێگومان کاریگەری لەسەر خودی ئامادەییەکانی چینەکەو بزووتنەوەی کرێکاری دەبێ لە رووبەرووبونە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانداو لە خەبات بۆ ئاڵوگۆڕ لەژیانو گوزەرانیاندا. لە ئاکامی ئەمەشەوە دەوری چینی کرێکارو بزووتنەوەکەی لە نارەزایەتیە گشتیەکانی جەماوەری زەحمەتکێشو کەمدەرامەتی کوردستاندا لە ئاستێکی زۆر لاوازو کەم کاریگەردا دەبێت. بەوەش نارەزایەتیەکانی خەڵک لە دوو فاکتەری گرنگی بەهێزبوونی بێبەش دەبێ، ئەوانیش؛ یەکەم؛ رادیکاڵ بوونەوەی نارەزایەتیەکانو خواستەکانی جەماوەرو دووەم، رێکخراوکردنی نارەزایەتیەکانو دابینکردنی سەربەخۆبوویی سیاسی بزووتنەوە جەماوەریەکان لە سیاسەتو ئامانجە بۆرژواییەکان.



**دەشتی جەمال**

# سەبارەت بە دیاردەی کۆڕەو و کۆچی بە کۆمەڵ

## گفتوگۆ لەگەڵ دەشتی جەمال

**دیدگای سۆشیالیستی: دیاردەی ڕەوی بەکۆمەڵی هاوڵاتیانێک لەوڵاتانی سوریاو لیبیاو ئەفریقیا، تا کوردستان، سەرنجی دنیای بۆلای خۆی کێش کردووە، لێرەدا بەرلەوەی لەبارەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەوە پرسیار بکەین، سەرەتا دەپرسین کە بەشێک لەدەزگا نێودەوڵەتیەکان ئەم دیاردەیە وەک کۆچی بەکۆمەڵو کۆچبەران ناولێدەنێن، هەندێکی تریش هێشتا دەیخەنە خانەی پەنابەریێتیو روهێنانی بەکۆمەڵی پەنابەرانەوە، بەشێک لە وڵاتانی ئەوروپاش بەئیمیگرانت لەقەڵەمی دەدەن... لەنێو ئەم دەستەواژانەدا ئێوە کامەیان بەدروست دەزانن؟ بەواتایەکی تر ئایا دەکرێ ئەم دیاردەیە بخەینە خانەی کۆچو پەنابەریێتیەوە؟**

**دەشتی جەمال:**

زۆر سەرنجڕاکێشە! بەکارهێنانی ئەم دەستەواژانە لەدنیای سەرمایەداری ئەمرۆدا هەمیشە مەبەستێکی سیاسی لە پشتەوەیە، کە ئەمرۆ هێزە ئیمپریالیستەکانی جیهان مەبەستیانە ڕای گشتی پێ چەواشە بکەن. ئەم دیاردە بەرفراوانەی شەپۆلی ڕەوی بەکۆمەڵ، ناتوانرێت بچێتە خانەی کۆچ وەیان تەنانەت پەنابەریەوە کە ئێستا لە میدیای غەربدا بەجۆرێک دەستەواژەی "قەیرانی کۆچبەران" کە بە ئینگلیزی " Migrant Crisis" بە ئاگاییەوە بەکاردەهێنن تا ئەو سیاسەتەی مەبەستیانە دەستبخەن.

دیاردەی کۆچ لەدونیای سەرمایەداریدا هەمیشە بووەو دەمێنێ. جوڵەی بەکۆمەڵی ئینسان خۆی ڕەنگدانەوەی جوڵەی سەرمایەو چەق بەستنیەتی کە بەدوای خۆیدا پەرەی بازاڕو وەگەڕخستنی پرۆژە ئابووریەکانو فرسەتی کار دەکاتەوەو هێزی کار بۆلای خۆی رادەکێشێ. سەرمایەش خەسڵەتێکی جیهانی هەیەو هەمیشە لەجوڵەدایەو هێزی کار لەگەڵ خۆیدا راپێچ دەکات بۆیە تا ئەم

پەیوەندیە بمێنێ کۆچ هەردەمێنێ .
دیارە هۆکاری ئابووری لەپشتی کۆچەوەیە وەک ئەوەی کە جاران بەلێشاو کرێکارانی میسری دەچوون بۆ عێراق بۆ گەڕان بەدوا کاردا بە پێی گرێبەستێک وەیان کۆچی بەکۆمەڵی کرێکارانی تورکی بۆ ئەڵمانیا بۆ بەدەستهێنانی کار وە یان کۆچی بەکۆمەڵی ئێرلەندیەکان بۆ ئەمریکا... لەم حاڵەتانەدا، هۆکاری کۆچ زیاتر فاکتۆری ئابووریەو عونسوری ئیختیار ئامادەیە. لەمەش زیاتر ئەم دیاردەیە ناتوانرێت بەو پێناسە باوەی لەسەر پەنابەر هەیە بکرێت بە بەرگی ئەم دیاردەیەی ئێستادا، پەنابەر بە کەسێک دەگوترێت کە لەژێر گوشارو ترسو بەدەلیلی نەژادپەرستانە یان ئەندام بوون لەهەندێک گروپی سیاسی ،دینی،قەومی،... سیاسیو پێشێلی مافەکانی مرۆڤدا وەیان بەهۆی چەوساندنەوە، نائارامیو هەڕەشەوە پەنا بۆ ژیانێکی ئارام دەبات، دەتوانێ لە مافی پەنابەری بەهرەمەند بێت... ئەمجۆرە لە پەنادان کاتی خۆی لەلایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە ڕەسمیەتی پێدراو بە جاڕنامەی مافی پەنابەری ١٩٥١ ناسێنراوە، و ئەو پرۆتۆکۆڵە لەدوای جەنگی دووەمی جیهانیەوە لەلایەن لیبراڵەکانەوە نوسرایەوە بەرامبەر بەکارەساتەکانی شەڕو لەپێناو ئاوەدانکردنەوەی ئەورووپاو پێداویستی بەهێزی کاری هەرزانی پەنابەران، وە هەروەها وەک کارتێک لەلایەن غەربو ئەمریکاوە بەکارهێنرا بەرامبەر بە دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیتی جاران لەدنیای دابەشبووی دوو جەمسەری ئەوکاتدا... لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا زۆربەی دەوڵەتەکانی دنیا دەستیان لەم جارنامەیە شتوەو چەندین ئالۆگۆری بەسەردا هاتوە، گەرچیش ئەو پەیماننامەیە زامنی مافەکانی پەنابەران نیە. بەڵام بەبڕوای من ئەم ڕەوە بەکۆمەڵەی ئێستا کە لەدنیادا بەڕێکەوتوە وەک دیاردەیەکی فراوانو بەکۆمەڵ جیاوازە لە کۆچ کە بەئیختیاری ئینسانەکە خۆیەتیو زیاتر بەدوای کاردایە. ئەم حاڵەتەی ئێستا ناچارکردنی ئینسانەکانەو بە ئیختیاری خۆیان نیەو زیاتر بەرهەمی قەیرانە سیاسیو پشێویو جەنگو کوشتارو پێکدادانە قەومیو ئاینیو دەوڵەتیەکانە کەژیانی لەبەردەم ئینساندا نەهێشتوتەوەو تەنانەت دەروازەی بەرووی خەباتی مەدەنیو ئینسانیدا داخستوە.. ئێمە لەکۆچدا کەمتر حاڵەتی تراژیدیا دەبینین چونکە کارێکی ئیختیارییانەیە، واتە ئازادانەیە، بەڵام لەم ڕەوە بەکۆمەڵەدا تراژیدیا عونسورێکی بەردەوامە چونکە ئینسانەکانی تیا ناچارکراوە. ئەم مەسەلەیە زۆرتر ڕەوەندێکی جیهانی وەرگرتوە، تەنها بە کوردستانیشەوە پەیوەست نابێتەوە ئەمەش بەرهەمی بلۆکبەندیو کێشمەکێشو شەڕی هێزە ئیمپریالیستەکانی جیهانە بۆ دابەشکردنەوەی سەرلەنوێی ناوچەکانو نفوزو ڕێکخستنەوەی دەسەڵاتو هەژمونیان لەدنیادا کە کۆنەپەرستانەترینو وەحشیترین هێزی دینیو قەومیو عەشیرەتیو ناسیونالیستی لەدنیای سەرمایەداری بازاڕی ئازاددا سەری دەرهێناوە، وە بەتایبەت لەم دەورەیەدا میحوەری شەڕو دەعواکانیان ڕووی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستو باکوری ئەفریقایەو بەهۆیەوە بە هەزاران ئینسانیان بەناچاری لەشوێنو ژیانی خۆیان هەڵکەندوەو ناچاریان کردون بەکۆمەڵ ڕەو بکەن لەپێناو گەڕان بەشوێن ژیانو ئارامیدا.
هەر بۆیەش ئەتوانم بڵێم بەمانایەک ڕەوێکی هاوچارەنوسیە کاتێک دەبینین بەدەیان ژنو مناڵو پیرو پەککەوتەی کوردو سوریو ئەفغانیو ئەفریقاییەک لەیەک ڕیزدا ڕاوەستاون یەک چارەنوسو

ئایندە چاوەڕێیان دەکات.

**دیدگای سۆشیالیستی: کەوایە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەم شەپۆلە بۆچی دەگێڕنەوە؟ ئایا دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە لەسەردەمی ئێستادا دەگەڕێتەوە بۆ دۆخێکی ناوخۆیی یان جیهانی ئەمرۆ؟**

**دەشتی جەمال:**

ئەم دیاردەیە تایبەندمەندیەکی جیهانی هەیە تا ناوخۆیی. دنیای ئاڵۆزی ئەمرۆ شەڕو کێشمەکێشی نێوان هێزە ئیمریالیستەکانو دەوڵەتانی سەرمایەداری جیهانو مۆنۆپۆڵەکانی بازاڕی ئازادە لەسەر دووبارە دابەش کردنەوەی جیهان لەنێوان بلۆکبەندیە ئیمپریالیستیەکانو دابینکردنی باڵادەستییان بەسەر ناوچەکانی نفوزدا کە دیارە ئەم کردەیە بۆ قازانجو بەرژەوەندیو کەڵەکەی سەرمایە لەئاستی جیهاندا رێچکەی گرتووە. شکستی ستراتیژی ئەمریکا بۆ ڕێکخستنەوەی جیهان لەژێر سەرکردەی تەنهای خۆیدا، ڕێگایداوە بە دەرکەوتنو هێز نواندنی دوو جەمسەری گەورەی ئابووریو سیاسیو عەسکەری جیهانو هەر هێزێکیش لەو جەمسەرانە بە پێی گۆڕینی هاوکێشە سیاسیەکانو هاوسەنگی هێزیان بەزیانی ئەوەی ترو تەسلیم بوون بە خواستەکانیان، دنیای شارستانی ئەمڕۆیان لەگەڵ هەڵومەرجێکی نەخوازاورودا لوشداوە ئەویش بۆ هەژموونیو دەسەڵاتی سیاسیو سەربازییان بەسەر جیهاندا وەکو تاکە زلهێزو بەدەستهێنانی بەشی زیاتر. بە تێڕوانینێک لە باکوری ئەفریقا تا خۆرهەڵاتی ناوەراستو ئۆکرانیا، ئەوە ئەبینین کە بەزنجیرەیەک تاوان کە لە شێوەی دەخاڵەتگەریی ڕاستەوخۆی عەسکەری ئەو هێزە ئیمپریالیستانەو سیاسەتی داگیرکارییان، سەرخانو ژێرخانی ئەو کۆمەڵگایانەیان تێکداوە. لەلایەکی دیکەشەوە دواکەوتووترین هێزی دینیو قەومیو عەشیرەتیو تیرەگەرییان هێناوەتە سەر شانۆو بونەتە پاڵەوانی گۆڕەپانی سیاسیو لە ڕێگای ئەو هێزە بۆرجوازیو ناسیونالیستو ئیسلامیانەوە کە بەسەر ئەم دوو کەمپەدا دابەش بوون کە لەلایەک ئەمریکاو ناتۆو تورکیاو سعودیەو قەتەرو ڕێکخراوی داعش، ڕاوەستاوە. لە لایەکی تر روسیاو چینو ئێرانو ئەسەدو حزبو اللەو تا حوسیەکانی یەمەن لەدەستەی عەسکەری هێزی بەرانبەرن. بەم هۆیەوە سەرهەڵدانی تیرۆریزمی ئیسلامیو ڕەوتە کۆنەپەرستە دینیو تائیفیەکان کە سڵ لە هیچ تاوانێکی دڵتەزینو کوشتارێکی بەکۆمەڵ ناکەنەوە لە سوریا تا عێراقو لیبیاو یەمەنو تەنانەت ناوجەرگەی ئەوروپادا لە دەرهاویشتەکانی ئەم هاوکێشە جیهانیانەن. جگە لەمانەش زیندووکردنەوەی یاسا کۆیلەتیو دیلهێنەرەکانی سەدە تاریکەکانو فرۆشتنی ژنانو سەربڕینی مرۆڤ بە بەرچاوی دنیاو.. سود وەرگرتن لە تازەترین میدیای جیهانی بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو تاوانانە لە کارنامەی ئەو ڕەوتانەن کە لە هەر ناوچەیەک باڵادەستییان هەیە.

پێویستەو دەبێت هۆکاری ڕاستەقینە کە لەپشتی ڕەوی بە کۆمەڵەوەیە دەستنیشان بکرێ و ئەمە دەربکێشرێت لە پشتی ئەم پروپاگەندانەی کە ئێستا لەلایەن جەمسەرە جیاجیاکانەوە بڵاو دەکرێنەوەو هەموو ئەو پاساوانەی کە لە مێرکل تا ئۆباماو دیڤیدکامیرۆن.. دەیهێننەوە ڕۆشن بکرێنەوە کە هەمووی بۆ شاردنەوەی ڕاستیەکانە. ئەوان باش دەزانن ئەوە ئەنجامی سیاسەتی

## سەبارەت بە دیاردەی کۆڕەو و کۆچی بە کۆمەڵ

قێزەوەنو شەڕو کاولکاری ئەوانە لەپێناو بەرژەوەندی ئابوریدا کە ئەم هەزاران ئینسانە ریزبەستوە، ئەم ئۆردوە گەورەیە سەرگەردانو ماڵوێران بوون. ئەو هێزانە خۆیان لەو پشێوی‌وناڵەباریو لێکترازانەی ئەو کۆمەڵگایانەدا دەوریان بووە، لە عێراق تا ئەفغانستانو لیبیاو سوریا ئاسەوارێکیان لە کۆمەڵگای مەدەنیو ژیانی مەدەنی نەهیشتۆتەوە، کۆمەڵگایان تا ئەوپەری رادە وێرانو نابوت کردووە، تیرۆرو کوشتوبڕو دەیان باندی ئینسانکوژیو مافیای سەری دەرهیناوە، جەماوەری ملیۆنی کەوتوونەتە بەردەم برسێتیو بێدەرەتانیو نائەمنی... لەدەورەی شەپۆلی شۆڕشو ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانی بەهاری عەرەبیدا وەک هێزی دژە شۆڕش، شۆڕشیان بەلاڕێدا برد، بۆیە گرنگە ئەو ڕاستیانە بخرێتە پیش چاوی خەڵکو ڕێگایەکی کارسازو واقعی بۆ ڕاگرتنی ئەم نەزیفەو وێستگە سەرەکیەکانی بەرگرتن بەم لێشاوە گەورەیە بۆ بەردەم ڕای گشتی نیشان بدرێت بەعەمەلیو بەرامبەری بە هەڵگرتنی پەرچەمی ئازادیو ژیانی ئاسودەی ئینسانیەوە ڕاوەستین.

هەر بۆیە دانیشتوانو خەڵکی ئەو ناوچانە بەکۆمەڵ ڕەو دەکەنو کەشتی مەرگ هەڵدەبژێرن تا لە دەستی دڕندایەتیەکانی سیستەمو فەرمانڕەوایەتی دەسەلاتی بۆرجوا ناسیۆنالیستیو ئیسلامی ڕزگاریان بێت. دەسەلاتێک کە خەڵکی لە سەرەتاییترین مافە سیاسی و مەدەنیو کۆمەلایەتیەکانیان بێبەشکردوە، داخوازیو داوا ڕەواکانیان ژێر پێناوەو ژیانو ئازادیو داهاتووی خەڵکیان بە بارمتەگرتوە.

سیاسەتو شێوازی کاری ئەمەریکاو وڵاتانی غەرب بۆ دوبارە داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە جگە لە پشتیوانی ئەو هێزە دڕندەو ئینسانکوژو دژە ئازادیانە هیچی تر نەبووە، ئەوان بوون دەستی هەندێک لایەنو گروپی ئیسلامی سیاسیان (میانەڕەو) دەستەمۆکراوی خۆیان گەیاندە کورسی دەسەلات لە عێراقدا کە کۆمەڵگایان نقومی خوێن کرد. وەیان زۆر جار قوربانیەکانیان کردۆتە دەستمایەیەک بۆ ڕاکێشانی هەستو سۆزی ئینسانی دنیاو خۆیان وا نیشانداوە فریای ئاوارەو لێقەوماوان دەکەونو پەنابەرانو ئاوارەکانی ناوخۆشیان وەک ئامرازێک بەکارهێناوە بۆ بردنە پێشەوەی سیاسەتەکانیان بە ناوی "فریاکەوتنی ئاوارەکانەوە".

**دیدگای سۆشیالیستی: بەڵام تائەو جێگەیەی بە "کۆچی گەنجانی کوردستان" دەگەڕێتەوە، ئەم دیاردەیە لە ئیستادا چۆن تەفسیر دەکەن وەهەروەها باس لەهۆکاری ''نابەرپرسیارێتی دەسەلاتدارانی کوردستان'' بەرامبەر بەژیانی هاولاتیان و نائەمنی بونەکەی دەکرێ؟ تاچەند ئەم مەسەلەیە لەلیکدانەوەی ئیوەدا جێگای هەیە؟**

**دەشتی جەمال:**

ئەو دارودەستەیەی کەخەریکن بەناوی ئەحزابی سیاسیەوە هەموو بوارەکانی ژیانی هاوڵاتیانی کوردستانیان بەبارمتەگرتوە، بەدڵنیایەوە بەرپرسن، ئەوە ئەوانن ژیانو ئایندەی خەڵکی کوردستانیان بەستۆتەوە بە سیاسەتو بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو غەرب وحکومەتە کۆنەپەرستەکانی ناوچەکەوە. هاوکات کێشمەکیشی جەمسەرە سیاسی و عەسکەریەکانی جیهانی

سەرمایەداری خەڵکی ئەو ناوچانەی بەکوردستانیشەوە تیاکراوەتە سەنتەری ڕووبەڕووبونەوە، و ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردستان بە خۆبەستنەوەو خۆجووتکردن بە سیاسەتی دەوڵەتە ئیمپریالیستیەکانەوە خەڵکی کوردستانیان لە ساڵۆنی چاوەڕوانیدا ڕاگرتووە. شوبهاندنی دیاردەو شەپۆلی ڕەوی بەکۆمەڵی ئەمجارەی خەڵکی کوردستان بەم شێوە بەربڵاوە بە ساڵەکانی دوای ١٩٩١ ی ڕاپەڕین وەیان شەڕی ناوخۆی ئەحزابی دەسەڵاتدار لە کوردستان، بە بڕوای من دەمانخاتە هەڵەوە چونکە جیاوازی زۆر هەیە لەبەینی ئەو دیاردەیەی ئێستا و دیاردەی ساڵی ١٩٩١ کە لەدوای شەڕی کەنداو ودواتریش ڕاپەڕینەوە خەڵکی کوردستان لەلایەن ڕژێمی بەعسی سەرکوتگەرەوە دووچاری ئاوارەیی و ڕەو بۆوە... وەیان بەهۆی شەری ناوخۆی یەکێتی وپارتییەوە لە پێناو ئەوەی کامیان کورسی دەسەڵات بەدەستەوە بگرن و پێشرەوبن لە بەرێوەبردنی سیاسەتەکانی ئەمریکاو غەرب، وبەو هۆیەوە ئەوکات کوردستان گۆڕا بە ئوردوگایەکی گەورەی ئاوارەیی و ژیانی مەدەنی تیا هەڵواسرا وبەرەو بێئاسۆیی پەلکێشکرا، سەدان کەس لەشەڕی نێوان ئەو هیزانەدا گیانیان لەدەستداو ئاوارەبوون وەیان ملی ڕێگەیان گرتەبەر بۆ هەندەران کە ئەو کات ئەو دۆخە زۆرتر تایبەتمەندیەکی ناوخۆیی هەبوو نەک جیهانی. بەڵام ئەو ڕەوە بەکۆمەڵەی ئێستای خەڵکی کوردستان هاوچارەنوسیە بەواتای ئەوەی کە کوردێک و سوریەک و ئەفریقاییەک و لیبیەک و سۆمالیەک هەمویان لەگەڵ یەک چارەنوسدا بەرەوڕوون خۆیان دەدەنە دەست کەشتی مەرگ وسنوری تەلبەند ودرکاوی مەرزەکانی ئەوروپا دەبڕن هەروەک لەسەرەوەش ئاماژەم پێکرد، تێکرا قوربانی شەری ئیمپریالیستی ئەمریکاو غەربن لەلایەک و رووسیاو چین لەلایەکی دیکەوە هەروەها لەگەڵ ئەوهیزە ناسیونالیستو ئیسلامیانەی لە گۆشەی بەرژەوەندیەکانی خۆیانەوە لەناوچەکەدا بەسەر سیاسەتی ئەو هێزە ئیمپریالیستیانەدا دابەش بوون.

ئەحزابی ناسیونالیستی کورد لە کوردستان لە ٢٤ ساڵی دەسەڵاتداریتدا پشتگیری سیاسەتەکانی ئەمریکا بوون چ لە دەورەی گەمارۆی ئابووری لەسەر خەڵکی عێراق چ لەدەورەی شەڕی کەنداو ودواتریش داگیرکاری وکاولکاری عێراقدا تا دوای شکستی سیاسەتەکانی ئەمریکا لەعێراقدا و هەڵکشانی سیاسەتەکانی بارزانی لەبەرەی تورکیا ویەکێتی لەبەرەی ئێراندا وپاشان بەهاتنی داعش دووبارە ئەو حزبانەی کوردستان بەپێی قازانجو بەرژەوەندیەکانیان بەسەر ئەم کەمپە جیهانیەدا دابەش بوون، بەم شێوەیە خەڵکی کوردستانیان خستۆتە نێو ڕەوەندێکی جیهانی وئاڵوگۆڕی هاوسەنگی هێزەوە. لەگەڵ ئەوەی بۆ دەورەیەک بەدوای رووخانی ڕژێمی بەعس کوردستان بوژانەوەیەکی ئابووری گەورە بەخۆیەوە دەبینێت وتەنانەت زۆر کەس لەدەرەوە دەگەڕێنەوە کوردستان بۆ ژیان دامەزراندن، بە قاچ ڕاکێشانی خەڵکی کوردستان بۆ نێو ئەم قەیرانە جیهانیە خەڵکی کوردستانیش هەمان چارەنووسی ئەوسیاسەتە جیهانیە دەیانگرێتەوە کە هێزە ئیمپریالیستەکان لەپشتیەوە ڕاوەستاون و بەم شێوەیە خەڵکی کوردستانیان لە چاوەڕوانی و نائومێدی ڕاگرتوە وتەنانەت ئامادەش نین شەڕی شێلگیرانەی داعش بکەن. سەراپای ئەم کارنامە سیاسیە وای کردووە کە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستان ببنە قوربانی سەرەکی ئەو

## سەبارەت بە دیاردەی کۆڕەو و کۆچی بە کۆمەڵ

دۆخە..... بێگومان ئەم بارودۆخە لە ڕووی ئابوری و سیاسی و ژیانی کۆمەلایەتی خەڵکەوە ڕەنگی داوەتەوە. ئەگەر ئەڵێن بێکاری هۆکاری ڕەوی گەنجانە ئەوە هەر ئەم دەسەلاتەیە کە مەسئولیەت لە خۆی نیشان نادات بۆ دابینکردنی کار یان بیمەی بێکاری. ئەگەر دەڵێین نەبوونی خزمەتگوزاری خوێندن و خۆشگوزەرانی هۆکاری ئەو جێهێشتنەیە، دوبارە ئەوە هەرئەم دەسەلاتەیە کەژیانی گەنجانی سپاردوە بە بازاری سەرمایەو کڕین و قازانجی بەرپرسانو خاوەن کۆمپانیاکان.. ئەگەر ئەڵێین هۆکارەکە قەیرانی سەرۆکایەتیە ئەوە هەرئەم حزبانەن لە پێناوی دابەشکردنی دەسەلاتو داهات لەنێو خۆیاندا ئەم دۆخەیان خوڵقاندووە و ئەم قەیرانەش کە تۆشی بوون ئەنجامی فەشەلی دەسەلاتی کۆنەپەرستانەی ئەوانە کەچی دەیانەوێت ئاکامەکەی بەسەر خەڵکدا بشکێنەوە... هەندێ مەسەلەی تایبەتی ژیانی گەنج لە کوردستان هەر نیە...هیچ فرسەتێک بۆ خۆشی و تەرفیهی گەنج وەکو شوێنی وەرزش بە خۆڕایی... سینەماو شانۆ... شوێنی حەوانەوەی گەنجان ... تێکەڵ بوونی کچان و کوڕان لە چالاکی هونەری و کۆمەلایەتیدا... نەبوونی فرسەتی پەیوەندی خۆشەویستی و نەبوونی ئازادی بۆ گەنجان نیە.

نەبوونی مووچە و گرانی بازار نەبوونی سەرەتاییترین خزمەتگوزاریی لەوانە کارەباو ئاو و تادەگات بە بواری تەندروستی و پەروەردە.. نەبوونی دامەزراندن بۆ خوێندکاران و دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان... دزی ئاشکراو گەندەڵیەکی بێ وێنە... هێرش بۆ سەر ئازادیەکان و ڕۆژنامەگەریی، لوشدانی داهاتی کوردستان لەلایەن حزبەکانی کوردستانەوە... دانی هەزاران بەڵێن لە هەڵبژاردنەکان و دەرکەوتنی درۆکان و هیچ نەگۆڕین... ئومێد نەمان بە هیچ جۆرە چاکسازیەک لەلایەن دەسەلاتەوە کە ماوەیەک ئەحزابی بەناو ئۆپۆزسیۆن خەیاڵی دەستاودەستپێکردنی دەسەلاتیان پێدەبەخشیەوە ... دەسەلاتی داعش بەسەر چەند ناوچەی عێراق و شەڕی ڕۆژانەوە و ئەو هەموو قوربانیانەی ڕۆژانە دەگەڕێنەوە بۆ خانەوادەکانیان...لە مانەش زیاتر دیار نەبوونی ئایندەو چارەنوسی کوردستانە وبۆشایی" نەبوونی دەوڵەت" لە کوردستاندا بەوەی نەخۆی دەوڵەت بێت نەبەشێک بێت لە دەوڵەتێکی ئارام و سەقامگیر. هەموو ئەمانە بەشێکن لە ژیانی خەڵکی کوردستان. ئەگەر ژیانی خەڵک ئارام بووایە، لە شەڕی بلۆکە جیهانیەکانەوە نە ئالێنرایە، ژیان و بژێوی و ئازادیەکانیان دابین بکرایە، خەڵک ناچار بە جێهێشتنی کوردستان نە ئەبوو. هەربۆیە ئەم دەسەلاتو حکومەتە هاوبەشەی حزبەکان هۆکاری ڕەوی گەنجان و خەڵکن بە گشتی وە تەنانەت هەر دەرد و گرفتێکە کە ڕووی لەژیانی خەڵک کردووە..

لەسەرو ئەمانەشەوە دوای تەجربەی ٢٤ساڵ لەدەسەلاتی بۆرژوا ناسیونالیستی کورد بەتایبەتی بەدوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە جارێکی تر کوردستانیان لکاند بە دەسەلاتێکی قەومی ئیسلامی-عەرەبی لەچوارچێوەی فیدرالیزمی قەومیدا پیناسەکردوە، ڕۆژانە خەڵکی کوردستانیان لەگەمەی نێوان خۆیان و دەسەلاتی مەرکەزی هەر جارەی لەژێر ناوێک ڕاگرت، جارێک بە بەهانەی مادەی ١٤٠، یا کێشەی ناوچە جێناکۆکەکان، پێشمەرگە، بوجە و موچە وداهاتی نەوت و ... ئەمە سەرباری داسەپاندنی دەسەلاتێکی میلیشیای بەسەر سەری خەڵکی کوردستانەوە ودابڕ دابڕکردنی خەڵکی کوردستان بەسەر دوو زۆنی سەوزو زەرد وخنکاندی هەموو دەنگێکی ئازادو سەرکوت ونائەمنی

وهەژاری ووبێکاری ودەیان دەردو موسیبەتی تر ولەولاشەوە خۆیان ودەستو پێوەندەکانیان ژیانێکی شاهانەو وخۆشگوزەرانیان بۆ خۆیان دابینکردوە تەواوی سەرچاوەو داهاتی خەڵکی کوردستانیان لە گیرفان وژێر زەمین وبانکەکانی ئەوروپا ناوە، هەلومەرجی ژیانیش بۆ خەڵکی کوردستان کراوەتە دۆزەخێک رۆژانە تیا دەسوتێن. یەکێتی و پارتی دەیان ساڵە قازانجو ژیانو ئەمنیەت و چارەنوسی خەڵکی کوردستان دەکەن بەقوربانی سیاسەتو مەرامو کێشمەکێشەکانی خۆیان بۆ خاتری دابەشکردنی دەسەلاتو وداهاتی نێوان خۆیان لەو رێگایەشدا پەنا بۆ هەموو شێواز و وابەستەییەک دەبەن لەدەست راکیشانی سوپای جمهوری ئیسلامی ئێرانەوە تا دەوڵەتی فاشستی تورکیا بۆ سەر ژیانی خەڵکی کوردستان .

کەوایە سەرنجێکی کورت لە دۆخی ئێستا بەسە بۆ بینینی ئەو واقعیتەی کە ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بە هەموو رەنگەکانیەوە بەرپرسیارن لەو هەلومەرجە نائومیدکەرو نالەبارە کە لە ئێستادا یەکێکی تر لە ئاکامەکانی رەوی بە کۆمەڵە.

بەداخەوە زۆر جار دەبینین ئەو دیاردەی رووکردنە دەرەوەی گەنجان گوایە بەمەترسی لەسەر ئاسایشی هەرێم لەقەڵەم دەدرێت.. لە کاتێکدا ئەوە دەسەلاتی هەرێمە کە ئەمنیەتوئاسایشی ژیانی گەنجانی خستۆتە مەترسیەوە ئەوە ئەوانن کە وەلام بە پێداویستی ژیان و ئازادی و بژێوی و ریفاهی کۆمەلایەتی و خزمەتگوزاریەکان نادەنەوە...ئەگەر ئەوان بیر لە ئاسایشی هەرێم دەکەنەوە با ژیانی خەڵک و گەنجان باش بکەن و ئازادی سیاسی لە کوردستاندا لە زاخۆوە تا خانەقین بە رەسمی بناسرێ و رێزی لێبگیرێت.....وە ئەوەیە ئاسایشی تێکداوە نەک پێچەوانەکەی. وەیان ئەم دیاردەیەیان بە حەرام کردن و کافرکردن لێکدایەوە. لە کاتێکدا ئەم جۆرە دەربرینانە ناتوانێ بەربەم شەپۆلە بگرێ چونکە خەڵک لەسەری ژیانەوە ئیجبارکراوە بەجێهێشتنی ولاتەکەی نەک لەوەوە کە لەسەریاندا وەک عەقیدە جێگای گرتووە.. بەبڕوای من ئەوانەی ئەم فتوایە دەدەن خۆیان نەک هەر خەریکی پاساوکردنی دەسەلاتو هەلومەرجی مەوجودن بەڵکو خۆیان لەریزی ئەوهۆکارانەن کەپاڵ بەگەنجانەوە دەنێن تا ولات بەجێ بهێڵن.. لەلایەکی تریشەوە ئەو جێهیشتنە دیاردەیەکی کۆمەلایەتیو سیاسیو ئابوریە و بەوەی کە بخرێتە خانەی کافرو باوەڕداریەوە بەری پێناگیرێت .. بۆیە بە بڕوای من ئەم بانگەشانە ناتوانێ بەر بەم دیاردەیە بگرێ، من وای دەبینم ئەوانەی باسی حەرام و حەلالکردنی "کۆچ" دەکەن خۆیان دەوریان هەیە لە نائارامکردن و تێکدانی ژیانی کۆمەلایەتی گەنجان... ئەوانە خزمەت بە دەسەلات دەکەن و بەرگری لەو دەسەلاتە دەکەنو دەیانەوێ گەنجان بەو وەزعە کارەساتبارەیان رازی بکەن... پێموایە بۆ گەنجانێک کە لەم ژیانەی کوردستان نارەحەت و بێئومێدن، ئەو پروپاگەندەیە بایەخی چلە پوشێکی نیە. ئەوەش بڵێم هەر ئەو هێزانەی دەستیان هەیە لە خولقاندن وبەشداری ئەو دۆخەدا لە تەجربە وکردەوەکانی چەند ساڵی رابردودا خۆیان دەستیان هەبوو لە دەستخستنە ناو دەستی حکومەتەکانی ئەوروپا بۆ برینی مافی پەنابەری لەو خەڵکەی کەخۆیان ناچاریانکردوە ژیانی پەنابەری هەڵبژێرێت و زیاتر لەمانەش فرۆکەخانەکانیان دەخستە سەرپشت بۆ پێشوازی لە وەرگرتنەوەی پەنابەرانێک کە بەدور لەخواست و ویستی خۆیان دیپۆرتی کوردستان دەکرانەوە.

## سەبارەت بە دیاردەی کۆڕەو و کۆچی بە کۆمەڵ

**دیدگای سۆشیالیستی: هەروەک دەزانن شەپۆلەکانی ''پەنابەری'' ئەم دەورەیە ڕووی لە وڵاتانی ئەوروپایە، هۆکاری ئەمە بۆچی دەگەڕێنەوە؟ لەلایەکی تریشەوە مامەڵەی دەوڵەتانی ئەوروپا وتورکیا لەم مەسەلەیەدا وەک یەک نییە، لێکدانەوەی ئێوە بۆئەم حاڵەتە چییە؟**

**دەشتی جەمال:**

بەدروست شەپۆلی ئەمجارە لەو ئاستە فراوانەدا ڕووی لەو وڵاتانە کرد کە بە زۆنی EU ناسراوە زۆرترینیش وڵاتەکانی ئەڵمانیاو نەمساو فەرەنساو بەشێک لە وڵاتەکانی ئەسکندەنافیای گرتەوە بەو هۆیەی بەرهەمی خەباتی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی ئەو وڵاتانە بەشێکی زۆر لە مافە مەدەنی وئینسانیەکان دەستبەرکردووە و ئەوانیش دەتوانن سود لە نیعمەتە بەرهەمهاتوەکانو دەستکەوتە بەشەریەکان وەربگرن ولایەنی کەم ژیانێک بۆ خۆیان و داهاتووی مناڵەکانیان زامن بکەن وپارێزراوبن..... لەلایەکی ترەوە جیهانی شارستانی و ڕێکخراوە ئینسان دۆستو یەکێتیە کرێکاریی و ئەکتڤیستەکانی لەئاستی وڵاتانی ئەوروپا کاردانەوەیان لەخۆنیشانداو زەخت و فشارێکی گەورەیان هەبوو بەسەر حکومەتەکانیانەوە بۆ وەڵام بەو قەیرانەی ڕووی لە ئەوروپا کرد و ئەو حکومەتانە هەر زوو کەوتنە بەردەم ڕەخنەی گشتی، بەئیدعایەک کە یەکێتی ئەوروپاش هەیەتی سەبارەت بەئازادی هاتوچۆ لەسنوری ئەوروپادا ونیشاندانی ڕوخساری پێشەنگی دیموکراسیو مافی مرۆڤ لەخۆیان .

ئەوەشمان بیر نەچێت ئەو حکومەتانەی ئەوروپا خۆیان هۆکارێکی ئەم تراژیدیا و کارەساتانەن کە ڕووی لەو قوربانیانەیە. لەلایەک لەناوخۆی وڵاتەکانیان دەرگا دادەخەن بەڕووی هەڵهاتوان لەدەست شەڕ وپشێوی کۆمەڵایەتی، بەتوندکردنەوەی سنورەکان، بەرتەسکردنەوەی مافەکانی پەنابەران، زیندانیکردن، پێشێلکردنی مافەکانی کرێکارانی بیانی وهێرشکردنە سەر مافە مەدەنیەکان وڕێزنەگرتن لەکەسانێک کەقوربانیانی ڕژێمە سەرکوتگەرو چینە دەسەڵاتدارو کۆنەپەرستەکانی خۆرهەڵات و باکوری ئەفریقان. لەلایەکی دیکە ئەوە کارنامەی خودی حکومەتەکانی ئەورپایە لەدەستێوەردانی ڕاستەوخۆی سەربازی و سیاسی وستراتیژی لەو ناوچانە و پشتیوانی ئەوان لە دەسەڵاتە سەرکوتگەرو دژە ئازادیەکانی ناوچەکە، خەڵکی ئەو کۆمەڵگایانەی ناچار بەهەڵهاتن و هەڵبژاردنی ژیانی پەنابەری کردووە. کاتێکیش ئەم ئینسانانە بۆ دۆزینەوەی پەنایەکی ئارام ڕوو لە ئەوروپا دەکەن، یاساو پۆلیس وپەلامارە ڕاسیستیەکان دەکەنە پشتێنەی ڕاگرتنی کۆچی بەناچاری پەنابەران. ئەوەتا حکومەتەکانی ئەوروپا لەسەرەتای ئەو قەیرانەوە ناچاربوون کۆبنەوە و ڕێگا چارەی جۆراجۆر بخەنە بەرنامەی حکومەتەکانیان و دەزگا تایبەتیەکانی فرۆنتێکس (Frontex)، تا وەڵامێک بە قەیرانی مەرگی بەکۆمەڵی پەنابەران بدەنەوە، لە سەرەتاوە دە بەندیان دیاریکرد، پاشان وەرگرتنی بەشێکی کەم لەو پەنابەرانە ..وەهەروەها جگە لە چاودێریکردنی سنورەکان و دەرگا داخستن بەڕووی قوربانیەکان و بەرهەڵستی کردنی ئەوباندو دەستانە کە بازرگانی بە گیانی ئینسانەکانەوە دەکەن، هیچ ئاماژەیەکی کارسازو عەمەلی تیادا نەبینرا.. تەنانەت باس لەوەکرا فرۆکە و کەشتی سەربازی بەکاربهێنرێت، ئەو کەشتی و یەختانەی لە لیبیاوە بەرێدەکەون پێش گەشتنیان بیانسوتێنن وەیان بیانگێڕنەوە بۆ لیبیا. چەند جار پێشنیار و ئیمکاناتی جۆراجۆریان خستە بەردەم

دەسەڵاتەکانی لیبیاو یۆنان وتورکیا هەموو ئەمانە ناکام مایەوە .. لەم نێوەدا کەوتنەوە دەستبردن بۆ بەرگرتن وداخستن وتوندکردنەوەی ئەوڕێگایانەی کەیەکەمین ویستگای دەرچوونی قوربانیەکانە بۆ ئەوروپا.. میرکل ڕوو لە تورکیا دەکات دوای ئەوەی تورکیا بە هوشیاریەوە لەسەرەتاوە ئاسانکاری بۆ ئەولێشاوەی پەنابەران دەکات تا بە سنورەکانیدا دەربازبن و بەمجۆرە بازرگانی بە مەسەلەی پەنابەرانەوە کرد و ئەم جارە کارتی پەنابەرانی کردە فشارێک بۆ یەکێتی ئەوروپا ، دیارە بە خاتری ئەوەی ئیمتیازێکی لە ئەوروپا پێوەربگرێت ..هەر وەک بینیمان ئەوەی داوای سەفقەیەکی ٢٠٠ ملیاردی دەکرد لەبەرانبەر داخستنی سنورەکان بەرووی قوربانیەکاندا. ئەمەیە ئەم هیومانیزمەی حکومەتەکانی ئەوروپا لە کاتێکدا دەتوانرێت ئەو سەدان وملیارد یورۆیە لایەنی کەم خەرجی ژیان و پیداویستیەکانی ئەو پەنابەرانەو ئاوارەکانی ناوخۆی بکرێت  کە لە تورکیاوعێراق وکوردستان وئەردەن ولوبنان لەگەڵ ژیانێکی مەمرەومەژیدا بەرەو ڕوون.

**دیدگای سۆشیالیستی: یەکێک لەپەیامەکانی سەرهەڵدانی "قەیرانی پەنابەرێتی"، بانگەشەی ئینسان دۆستیو کردنەوەی سنورەکانە لەلایەن حکومەتەکانی ڕۆژئاواوە، ولەم نێوەدا "میرکڵ وەک فریشتەی نەجات" وەسف دەکرێ.. تاچەند ئەمە راستی تیدایە؟**

**دەشتی جەمال:**

بانگەشەی ئینساندۆستی لەلایەن حکومەتەکانی ئەوروپاوە ئیدعایەکی هێجگار پوچ و بێبناغەیە، هەر ئینسانێک تۆزقاڵێک ئاگای لەواقعیەتی ئەو کۆمەڵگایانە بێت کە قوربانیەکانی لێوە هاتوون ئەوپەری مایەی گالتەجاری وپێکەنینە، دەسەڵاتەکانی ولاتانی ئەوروپا خۆیان سەرچاوەی ئەو وەزعە پڕ مەینەتەن کە هیچ ئارامی و ئەمنیەت و هەلومەرجی ژیانکردنیان بۆ خەڵکی ئەو ناوچانە نەهێشتۆتەوە، ئەوە سیاسەتی ئەوانە کە جەماوەری کەنار خستوە و چارەنوسیان سپێراوە بە کۆمەڵێک دارودەستەی ئینسان کوژو تاقمی ناسیونالیستی و ئیسلامی وپردی پەرپینەوەی رەشترین کۆنەپەرستی ئیسلامی وەک لایەنگرانی خۆیان لەو ناوچانەدا شکلپێداوە، ئەو کۆمەڵگایانەیان نقومی جەنگو داگیرکاری وتیرۆریزم ونائەمنی وجۆرەها کارەساتکردوە لە کاتێکدا هەر ئەو حکومەتانە دەیانتوانی هەلومەرجێک بخولقێنن کە بواری ژیانێکی شایستە بە ئینسان و سیستەم ودەسەڵاتێکی مەدەنی و سکولار لەو کۆمەڵگایانەدا دابمەزرێنن کە سەرجەم مافە مەدەنی و ئینسانیەکان زامنبکات. بەداخەوە ئەو پەنابەرەی وێنەی مێرکل بەرز دەکاتەوە ئەوەی لەیاد دەچێت کە ئەو قوربانی  دڕندەترین سیاسەتی میرکل و هاوسیاسیەکانێتی، کە لەژیانی خۆی هەڵکەنراوە. زیندانیکردن و توندکردنەوەی سنورەکان وتەلبەندکردنی و کردنەوەی کەمپی جۆراجۆر لە بەڵقان وسربیاو تا هەنگاریا وبولگاریا وە دەرکردنی چەندین یاساورێگای جۆراجۆری نائینسانی وبەکارهێنانی هێزی سەربازی وگازی فرمێسک بەرامبەر بە ژنان و منالان، ئەوپەری مایە پوچی و هیپوکراسیەتی (دووڕوویی) ئەم ولاتانە دەردەخات. وەرگرتنی ئەوژمارە لەپەنابەران  لەسەرەتاوەو دابەشکردنی بەسەر ولاتەکانی ئەوروپادا، لەبەرخاتری پێداویستیەکانی ئەو ولاتانەیە کە لەزۆنی EU دان بەهێزی کاری هەرزان وپرکردنەوەی پێداویستیەکانی بازار.. تەنانەت دەرفەتێکی پێکهێنا

## سەبارەت بە دیاردەی کۆڕەو و کۆچی بە کۆمەڵ

بۆ باندە مافیاییەکان و قاچاغچیەکان بۆ بازرگانیکردن بە ناردنە دەرەوەی پەنابەران و بازاڕیان گەرم بوو، پاش ئەوەی ئەو بەشەیان پرکردوە، حکومەتەکانی ئەوروپا کەوتنە دۆخی جاران و باوەشێنکردنی ڕەوتە راسیستو نەژاد پەرستەکان کە لەو نێوەدا دەیان کەمپی پەنابەران لە ئەڵمانیاو سویدو شۆێنەکانی  دیکەی ئەوروپادا ئاگری تێ بەردرا.

**دیدگای سۆشیالیستی: ناسیونالیزم لەکوردستان ڕیوایەتی "لەدەستدانی دڵسۆزی بۆ نیشتمان" دەخاتە پاڵ ئەو گەنجانەوە کەبەشەپۆلەکانی ئەم دیاردەیەوە پەیوەست بون و کوردستان بەجێ دەهێڵن.. لەمبارەوە چی دەڵێن؟**

**دەشتی جەمال:**

ئینسان پێش ئەوەی هیچ پێناسەیەکی بە نیشتیمانەوە هەبێت، ئینسانە و مافەکانی جیهانداگرە و کۆمەڵگا ئەرکێتی ئازادی و ویەکسانی و خۆشگوزەرانی و لە تەواوی ئیمکاناتو نیعمەتی مادی و مەعنەوی کۆمەڵگا بەهرەمەند بێت، کەوایە ئینسان موقەدەسە نەک نیشتیمان. هەڵبژاردنی ژیانی ئاوارەیی و پەنابەری هیچ کات ئیختیارێکی ئازادانەی ئینسانەکان نەبووە، بەڵکو هەمیشە ناچارکراوە بە بەجێهێشتن.  ئێمە بەتەواوی تواناوە لە پشتی مافو داواکاریو حورمەتی ئەو ئینسانانە ڕادەوەستین کە بەهەر هۆیەکەوە بێت نایانەوێت لەکوردستان بمێننەوە وەیان ناچارکراون کۆمەڵگای خۆیان جێبهێڵن. پێچەوانەی تەفسیری ئەحزابی دەسەڵات لەکوردستان بەتایبەتیش میدیاکانی سەربە دەسەڵات و ڕاگەیاندنە سێبەرەکانیان، بەمەبەستی داپۆشینی کارنامەی دزێوی دەسەڵات وئەو جیاوازیە چینایەتیەی کە لە نێوان خێزانی فەرمانڕەواو زۆرینەی هاوڵاتیانی کوردستاندا هەیە، ئەم شەپۆلەی ڕۆیشتنی گەنجانیان بە"سستبوونی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی لەنێو گەنجان"دا لێکدایەوە، هەروەک چۆن جاران ئەوانەی ڕوویان لە دەرەوەی وڵاتدەکرد بە کەسانی ترسنۆک و خیانەتکار وەیان  بەچاوی سوک تەماشا دەکرد ئیستاش ئەم دەستەواژانە بەکاردەبەن جۆرێک ڕاهاتوون لەسەر ئەم توهەمەت بەخشینەوەیەوە کە ناتوانێت هیچ جێگایەک لە فکرو زهنی خەڵکی کوردستاندا بگرێت ولەکەداریان بکات... ئەمە چ سیاسەت و ئیدعایەکە؟ هەلومەرجێکیان سازکردووە تورسکایی ئاسودەییان بۆ ژیانی خەڵک نەهێشتۆتەوە، کەسانێکیش کە لەو نالەباریە لە گیانیان بێزارن و ڕەوی بە کۆمەڵ ئەکەن، ئەو جۆرە قسە و قسەلۆکانەیان ڕووبەڕوو ئەکەنەوە. لەبەرامبەر بەو ئیدعایانەدا و ئەو جۆرە کارنامەی ناسیۆنالیزمەدا، ئێمە باوەڕمان بەوە هەیە کە هەموو کەس و تاکێک مافی بینینی دنیاو سەفەری هەیە... وە دەبێت ئازادی بیقەیدو شەرتی نیشتەجێبوون، سەفەرکردن و شوێن گۆرکێ مافی هەموو کەسێکی گەورەساڵان بێت بۆ هەر وڵاتێک سەفەر بکات وەیان لەهەر وڵاتێک ئیقامە وەربگرێت دەبێ ئەم مافە بەسەر دەسەڵاتدا بچەسپێنرێت. ئێمە وەکو هەمیشە لە ریزی پێشەوەی بەدیهێنانی  خواست و داواکاریانەی پەنابەراندا ڕاوەستاوین و ڕادەوەستین کە لەزۆربەی وڵاتەکانی ئەوروپا نوێنەرایەتیمان هەیە پیش هەرشتێک داوامان بۆ ئەو کەسانە ئەوەیە ریسک بە ژیانی خۆیانەوە نەکەن ڕێگای کەشتی مەرگ هەڵبژێرن،  نەکەونە دەست ئەو باندانەی بازرگانی بەجەستەی

ئینسانەکانەوە دەکەن دەستیان نەبڕنو فێڵیان لێنەکەن، ناچار نەکرێن ڕێگای سەختو پڕ مەترسی هەڵبژێرن و خۆیان و خیزان منالەکانیان نەخەنە بەردەم ڕێگای مەرگ، حورمەتی شەخسیان نەشکێنن.. تێدەکۆشین ئەوکەسانە بە ئاسانترین شێوە وکەم دەردەسەرترین ڕێگا مافی پەنابەری وەربگرن لە ولاتانی ئەوروپا، بەرامبەر بەسیاسەتی دژی پەنابەری ولاتانی ئەوروپا ڕادەوەستین ... بەشێکین لەو بەرە جیهانیە شارستانیەی دنیا کە ئەمڕۆ هاتۆتە مەیدان داوای کردنەوەی سنورەکان دەکات و پێشوازی لە پەنابەران دەکەن و فشار بۆ حکومەتەکانیان دەهێنن مافی پەنابەریان بدەنێ..لە هەمانکاتدا هەوڵدەدەین لە ئاستی جیهاندا بزوتنەوەو ڕێکخراوە پەنابەری و کرێکاریە پێشکەوتنخوازەکان پشتیوانیان بۆ بەدەستبهێنین. ئێمە لایەنێکی سەرەکین لەنێو دەزگا نێو دەوڵەتیەکان.. لەسەر هەر بێ مافیەک بەو پەنابەرانە هەرا ساز دەکەین ، کەمپەین دەکەین لە گرتوخانە دەستبەسەرەکان ئازاد بکرێن .. بەدژی سیاسەتی دیپۆرتکردنەوەی ئەو پەنابەرانو ڕزگارکردنیان لە چنگی بەزۆر ناردنەوەیان هەوڵی جدیمانداوە وبەردەوامیین.. پاریزەریان بۆ دەگرین ..و ڕێنمای یاساییان دەکەین لەچوارچێوەی قانون و ڕێسای ئەو ولاتانە پەنابەر ڕووی تێدەکات ..نامەی پشتیوانییان بۆ دەنوسین ..لەگەڵ پەرلەمانتارو لایەنە سیاسیەکانی داکۆکیکار لەمافەکانی پەنابەران، یاسا پێشرەوە ئینسانیەکان پێشنیار دەکەینو یەخەی ئەو حکومەتانە دەگرین کەسەرچاوەی دەردو موسیبەتەکانی پەنابەرانن ..جگە لەوەی دەیان نامەی هاوبەش و ڕێگا چارە بەرامبەر هەڵومەرجی ژیانی پەنابەران خراوەتە بەردەم حکومەتەکانی ئەوروپا و یەکێتی ئەوروپا .. وە لەگەڵ ئەمانەشدا فیدراسیۆنی پەنابەران تەنها ڕێکخراوەیەک نیە خزمەتگوزاری پیشکەش بکات بەڵکو فیدراسیۆن ڕێکخراوەیەکە ناسنامەی ژیان و ئینسانیتە و ئەرکی خۆی بەوە داناوە وەڵام بەکێشەکانی پەنابەران بداتەوە بەڵام هاوکات هەوڵدەدات پەنابەران خۆیان ئیرادە بنوێنن و ڕێکخراو و یەکگرتویان بکات بە ئاسۆیەکی ئینسانی وسیاسی تا بتوانن بۆ بەرگری لە خۆیان بێنە مەیدان و بەشدار بن و خۆشیان هێزێکی کاریگەربن بۆ داکۆکی لەمافەکانیان وڕاوەستانەوە بەرامبەر بە هەرجولانەوەیەکی راسیستی و فاشیستی . ..هاوکات دەوریان هەبێت لە ئالوگۆڕە سیاسیەکانی کوردستان چونکە هەرئالوگۆڕێک لەباش بوونی ژیانی خەڵکی کوردستان بەدڵنیایەوە دەستکەوتێکە بۆ کەمکردنەوە ی دیاردەی پەنابەری ومیحنەتەکانی.

**دیدگای سۆشیالیستی: لەسەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەدا، دونیا شاهیدی کۆمەڵێک تراژیدی ئینسانیە، دەربەدەر وبێ سەروشوێنبوونی ئینسان، تا نقومبوون لەنێو ئاوی دەریا ومانەوە لەکەمپ وڕاکردن بەسەر تەلی درکاویدا.. ئەمانە حاڵەتێکی تراژیدی بەردەوام نیشاندەدەن، بەڵام لەو نێوەدا خنکانی منالێکی سوری لەکەنارەکانی تورکیا، زیاتر سوزی دونیای هەژاند.. ئێوە ئەم تراژیدیایانە چۆن دەخوێننەوە؟ هاوکات بەپیرەوە هاتنی ئینسانیانەی هاوڵاتیانی ئەوروپایی و پێشوازیکردن لەپەنابەرانی هاتوو، چۆن لێکدەدەنەوە ئایا ئەمە ڕەوەندێکی هوشیاریو بێداربوونەوەی خەڵکی ئەوروپایە یا تەنها یەک حاڵەتی ئینسان دۆستانەیە؟**

دەشتی جەمال:

## سەبارەت بە دیاردەی کۆڕەو و کۆچی بە کۆمەڵ

تا پێش تراژیدیای مەرگی ئالان خەڵکی دونیا شاهیدی مەرگی بەکۆمەڵی دەریایی دەیان ژن و مناڵ و پیرو پەککەوتەن کە قوربانی دەستی گروپ وڕێکخراوەی ئینسانکوژو دڕندە و ڕژێمە سەرکوتگەرو چینە دەسەڵاتدارو کۆنەپەرستەکانی خۆرهەڵات و باکوری ئەفریقا بوون، لەدەریای سپی ناوەڕاستدا بەڵام وەک ئاماژەمان پێدا سیاسەتی بەشێکی زۆر لە حکومەتەکان لە دژی پەنابەران بوو. بەڵام سیاسەتی حکومەتەکانی ئەوروپا دوای مەرگی ئالانی سێ ساڵانە لەکەنار دەریایی ئیچە ئاڵوگۆڕێکی بەسەر هات لەژێر ئەو زەختە جیهانیەدا کە بەرەی ئینساندۆستی کردیە سەریان، ویژدانی خەوتویان لەخەوێکی قوڵ بۆ ماوەیەک ڕاچڵەکا وسنورەکانیان کردوە تا ڕوویەکی ئینساندۆستی لەخۆیان نیشان بدەن.. بەڵام ئەمە درێژەی نەکێشا و لە چوارچێوەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان، دوای پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان هەر زۆر زوو کەوتنەوە هەمان دۆخی پێشو و پەیڕەویکردن و درێژەدان بەسیاسەتی دژی ئینسانیان لە توندکردنەوەی سنورەکان وتەلبەندکردن وراگرتنی پەنابەران لە کەمپەکان.. وسەرلەنوێ تراژیدیای مەرگی بەکۆمەڵی پەنابەران لە دەریاکان دەستی پێکردوە.

بەڵام بەشەرییەتی شارستانی، جیهانێکی شارستانی، لەمەیداندایە بۆ بەرگری بەرامبەر ئەو هەموو مەترسی وتاریکی وتراژیدیا سامناکانەی کراوە بە بەری بەشەریەتی ئەم سەردەمەدا. ئایندە ش چارەنوسازە وئەمڕۆ کە هاتوتە مەیدان داوای کردنەوەی سنورەکان دەکات بۆ ئەو کەسانە بەخێرهاتنیان لێدەکەن لە ئیستگای قیتارەکان و کەمپو هایمەکان کۆمەکو خواردنیان بۆ دەبەن و فشار بۆ حکومەتەکانیان دەهێنن مافی پەنابەریان بدەنێ، کەمپەینی جۆراجۆر لە ولاتەکانی ئەوروپا بەرێکەتووە داوای گۆڕینی یاساکانی ئەوروپا دەکەن، بەرانبەر بە جوڵانەوە راسیستی ونەژاد پەرستیەکان لە مەیداندان و داوا دەکەن ئینسان گیان و حورمەت و ئاسایشی بەنرخی هەبێت .. هەنگاوێکی گرنگ بوو ودرێژەی هەیە... بەڵام هێشتا بەشەریەتی شارستانی و بزووتنەوەی ئازادیخوازی و پێشکەتنخوازی ئەو ئاسۆیەی نیە لەدژی تەواوی ئەو هەڵومەرجە بێتە مەیدان، ڕێگا چارەی گۆڕینی دۆخی ئێستای ئەو کۆمەڵگایانە و لەبەینبردنی زەمینەکان وئەو هۆکارانەی کە پاڵ بە خەڵکەوە دەنێت ئەوڕێگا سەختە هەڵبژێرن، لەدەستوریاندا نیە، هێشتا هاتنە مەیدانی ئەم بەشەریەتە شارستانیە بە جۆرێک نییە وەڵامی تەواوی هەڵومەرجی ئەمڕو بداتەوە. بەڵام نفوزی ئەم بزووتنەوەیە بەتایبەت لەنێو خەڵکی سادەی کومەڵگای ئەورووپی وغەربیدا، بەهۆی دژی زەبروزەنگی خەڵک و ئینساندۆستی بوونیان و هەروەها محافەزەکاریی خۆبەخۆی خەڵکەوە، زور فراوانە. هەڵوێستێکی بەم جۆرەی بەرامبەر سیاسەتی دژی پەنابەری و دژی ئینسانی دەوەستێتەوە بەڵام بەرامبەر ئەو دۆخەی حکومەتەکانیان کە لەو کۆمەڵگایانەدا هەڵیانگیرساندوە هێشتا خۆی بە بەرپرس نازانێت. دەبێ بەشەریەتی ئینساندۆستو ئازادیخواز لە دژی گشت ئەم هەڵومەرجە ئاڵۆزکاوە بهێنینە مەیدان. تا کاتێک کە ئەمە نەکرابێت، ئەم تراژیدیاو کارەسات و نەهامەتییە درێژەی دەبێت .ئەمەش بە پەیدابوونی بەرنامەکارێکی ئەوپەری چالاک، ئازادیخوازانە و بەتایبەتی چینی کرێکاری پێشڕەو دەتوانێت مژدەدەری ئازادی ویەکسانی و ئاسودەیی کۆمەڵگای ئینسانی

بێت.. لەڕیزی پێشەوەی خەڵکیدا بەستراوەتەوە بە کۆمۆنیستەکان و مارکیستەکانەوە.. ئەمەش کاری ئێمەیە.

# ناساندنێك سەبارەت بە مارکس، ئەو شۆڕشگێڕەی دنیا پێویستی پێیەتی

**جەمال موحسن**

خوێنەرانی خۆشەویستی دیدگای سۆشیالیستی، ئەم بابەتە لە سیمینارێکدا لە ڕۆژی ١ ی حوزەیرانی ٢٠١٤ لە شاری ئۆسلۆ پێشکەش کرا. ئەمەی بەردەستتان دەقی کورتکراوە و ئامادەکراوە بۆ چاپ بە هەندێ دەستکاریەوە. من لێرەدا هەوڵم داوە کە شێوازی پێشکەشکردنی باسەکە وەک خۆی بمێنێتەوە، ئەوەندە نەبێ کە باسکردن بە زارەکی جۆرێکە و ئامادەکردنی بۆ نووسین و بڵاوکردنەوەی بە شێوەی چاپ جۆرێکی ترە و هەندێک ئاڵوگۆڕ لە فۆرمی باسکردنەکە ئەهێنێتە ئاراوە. هەندێ دەق کە لە خودی سیمینارەکەدا بواری وەرگێڕانی بە تەواوەتی نەبووە، لێرەدا بە گوێرەی توانا دانراوەتەوە. وەرگێڕانەکان هی خۆمە کە یان لە زمانی ئینگلیزیەوە یان لە فارسیەوە وەرمگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی و بەرپرسیارێتیەکەی لە ئەستۆی خۆمدایە.

## ١. ئامانج لە سیمینارەکە:

ناساندنی مارکس، ئەو کەسەی کە لە باری زانستی و فەلسەفی و هەتا مێژوییەوە لێکدانەوەی سەبارەت بە دنیای سەرمایەداری و موسیبەتەکانی گۆڕی، لە باسێکدا کە بۆ سیمینارێکی چەند کاتژمێری ئامادە کرابێت کارێکی مەحاڵە و ئاسان نییە. ناتوانین لەم ماوە کورتەدا تەواوی بیروڕاکانی و تەنانەت خاڵە گرنگەکانی بدەینە بەر باس. گەر بە شێوەیەکی کرۆنۆلۆژی (واتە تۆماری مێژوویی) تەنها باسی ئەو کاتانە بکەین کە تیایدا کاری کردووە، نووسیویەتی و بیری کردۆتەوە هێشتا بە چەندین ڕۆژمان پێویستە. هەربۆیە ئامانجی من لە پێشکەشکردنی ئەم باسە، کە شێوەیەکی سیمیناری وانەیی هەیە ئەوەیە دەروازەیەک بکەمەوە بە ڕووی بیرمەندێکی گەورەی وەک مارکسدا و هەندێک کاری گرنگ کە ئەو لە ژیانیدا کردوویەتی نیشانی بدەم. بۆچی دەروازە؟ یان ناساندن؟ (واتە ئنترۆدەکشن) چونکە سیمینارەکە هەوڵ ئەدات وێنەی مارکس لەو ڕۆژەوەی بە مەسەلە جدیەکانی ژیانەوە سەرقاڵ بووە بخاتە ڕوو. هەر بۆیە وەک لە زنجیرەی باسەکاندا هەیە، سەرەتا بە بایۆگرافیەکی سیاسی ئەو دەست پێ ئەکەم، ئنجا دێمە سەر ڕۆیشتنێک بەسەر بەشێک لە بەرهەمە سەرەکیەکانی مارکسدا. لەم بەشەدا ناوی هەندێک لە بەرهەمەکانی و ساڵی نووسینەکانیان ئەکەم لەگەڵ ئاماژەیەکی کورت بە ناوەڕۆکەکانیان. بەڵام هەر لێرەدا بە باشم زانیوە کە سێ بابەتی گرنگی کەمێک زیاتر بخەمە ڕوو. ئەوەی کە بۆچی ئەو سێ بابەتەم

هەڵبژاردووە بیانناسێنم (کاپیتاڵ، ئایدۆلۆژی ئەڵمانی و مانیفێستی کۆمۆنیست)، لەوێوەیە کە ئەم سیانە بەشێک لە سەرچاوە ئابوری و فەلسەفی و ئایدۆلۆژی و دواتریش لێکدانەوەیی و پراتیکیەکان، ئەدەن بە دەستەوە.

بەو هیوایەی ئەمە کۆمەکێک بکات لە هەوڵداندا بۆ گەڕانەوە بۆ مارکسیزم و دەرسەکانی مارکس و هێنانەوە کایەوەی لێکدانەوە چینایەتیەکانی ئەو و خستنە ڕووی میتۆدە شۆڕشگێڕانەکەی ئەو تاکو ئەو چەکەی کە ئەبێ بە دەست هەر کۆمۆنیستێک و هەر کرێکارێکی پێشڕەوە بێت مەحکەم تر بکەین. مارکسیزم جگە لەوەی بەدەستەوەدانی زانستێکە بۆ لێکدانەوەی کۆمەڵگای سەرمایەداری و نیشاندانی سەرچاوەکانی موسیبەت و نەگبەتیەکانی سەردەم، هاوکاتیش مەیسەرکردنی ئەو وەسیلە شۆڕشگێڕانەیەیە کە بۆ گۆڕینی ئەو دنیا ئاوەژووە پێویستە بە دەستەوە بگیرێت.

## ٢. ڕەوتی چوونە پێشەوەی سیمینارەکە:

### بایۆگرافی و پانۆراما بە ناو هەندێک لە بابەتەکانی مارکسدا:

لێرەدا ئامانجم ئەوە نییە کە باسکردنێکی ئاسایی لە دایک بوون و چی کردنی ئەم ئینسانە بکەم. بەڵکو ئەمەوێت ڕێڕەوی سیاسی ژیانی نیشان بدەم. دەنا سەبارەت بە ژیانی هەر کەسە و ئەتوانێ بچێت چەندین بابەت و کتێب هەیە لەسەری بیخوێنیتەوە. ئەو چالاکیە سیاسی و فیکریانەی من لێرەدا ئەیانڵێم هەم بەشێکن لە بایۆگرافیای سیاسی مارکس و هەمیش بۆ خۆی پانۆرامایەکن بەسەر بەرهەمەکانیدا کە هەمووی لە وەڵام بە مەسەلە فەلسەفی، فیکری، سیاسی، مێژووی، کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانی ئەو سەردەمانەدا ئامادە کراون و نووسراون. لە ناساندی ئەو سێ بەرهەمەیدا، بە ناچار هەندێک ئیقتباس، سایتەیشن، واتە لە دەقە ئەسڵیەکەوەم وەرگرتووە و بە وەرگێردراوی بۆ کوردی ئەیخەمە بەردەست.

- لە ڕۆژی ٥ ی ئایاری ١٨١٨ دا لە دایک بووە لە شاری ترەیر لە پروسیای جاران واتە ئەڵمانیای ئێستا.
- یاسا و مێژوو و فەلسەفەی خوێندووە لە زانکۆی بۆن و بەرلین و دواتریش تێزی دکتۆراکەی سەبارەت بە فەلسفەی ئەپیکۆروس نووسیوە و پێشکەش کردووە.
- لەو کاتانەدا کە تەمەنی ٢٣ ساڵ بووە (واتە ١٨٤١)، بۆچوونەکانی سەر بە ڕەوتی فیکری ئایدیالیستی هیگڵ بووە. لەگەڵ برونۆ باوەر، کە پرۆفیسۆرێکی گەنج بووە لە زانکۆ، بەشێک بوون لە حەلقەی "هیگڵیە چەپەکان" کە هەوڵیان داوە لە فەلسەفەی هیگڵ سەرئەنجامی شۆشگێڕانە دەربکێشن. بەڵام لە چەند ساڵێک لەوەو بەرەوە (لە ١٨٣٦) ەوە فیورباخ دەستی بە باسەکانی سەبارەت بە ماتریالیزم کردووە. وە بە تایبەتی لە ساڵی ١٨٤١ دا فەلسەفەکەی کە ڕەخنە بووە لە ئایینناسی یان خوداناسی (ثیۆلۆجی) لە کتێبی (جەوهەری مەسیحیەت) دا بڵاوکردەوە.
- دوای دەرچوون لە زانکۆ، مارکس سەرەتا بیری لەوە کردۆتەوە کە ببێ بە مامۆستای زانکۆ لە بۆن، بەڵام بە هۆی سیاسەتی کۆنەپەرستانەی حکومەتەوە کە ڕێی لە هەردووک فیورباخ و

باوەر گرتووە لە زانکۆ کار بکەن، مارکسیش وازی لەو بیرۆکەیە هێناوە.

- لە ساڵی ١٨٤٢ هەندێک بۆرژوازی رادیکاڵ بڵاوکراوەیەکیان دەرکردووە، بە ناوی ڕەینیچە زێیتونگ، و داوایان لە مارکس و باوەر کردووە کاری تیا بکەن و لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا مارکس بووە بە سەرنووسەرەکەی و ژیانی گواستۆتەوە لە بۆنەوە بۆ کۆڵن. بەڵام بە هۆی زاڵبوونی بیرورا شۆڕشگێڕانەکانی مارکسەوە بەسەریدا، حوکمەت چاوی سانسۆری زیاتری خستە سەر و لە ساڵی ١٨٤٣ دا بڵاوکراوەکەی داخست! هەڵبەتە مارکس پێش ئەوە ناچار کرا کە دەست لە کاربکێشێتەوە!
- دوای ئەوەی لە ساڵی ١٨٤٣ دا فیورباخ کتێبەکەی بە ناوی (سەرچاوە بنچینەییەکانی فەلسەفەی ئاییندە) ( Principles of the Philosophy of Future) دەرکرد، مارکس و ئەنگلس و هیگڵیە چەپەکان (وەک ئەنگلس خۆی ئەڵێت) یەکسەر بوون بە فیورباخیست.
- یەکێک لە ووتارە بەناوبانگەکانی لەو سەردەمەدا کە لەسەر کرێکارانی دروستکردنی شەراب لە دۆڵی مۆسیل نوسسیبووی هەرای نایەوە. لەو کاتەدا کرێکاران کە هیچ ئامرازێکی سوتەمەنیان نەبوو ناچار بوون دار ببڕنەوە، حکومەت کە بەم کارەی زانی باجێکی زۆر زۆری خستە سەر بە جۆرێک کە خەڵک ئیتر نەتوانن ئەو کارە بکەن و هەرچیش بیکردایە زیندانی ئەکران (وە حکومەت بە دزی دائەنا).. ئەمەش نارەزایەتیەکی زۆری لێکەوتەوە. کارکردنی مارکس لە بواری ڕۆژنامەگەریدا و بە تایبەت لە بە دواداچوون بۆ ئەم مەسەلەیەدا، وای لێ کرد بیر لەوە بکاتەوە کە ئەبێ دیراسەی ئابوری سیاسی بکات. هەر لێرەوە نیشانەکانی ئاڵوگۆڕ لە ئایدیالیزمەوە بەرەو ماتریالیزم و لە شۆرشگێڕیتی دیموکراسیەوە بەرەو کۆمۆنیزم هەست پێ ئەکەین.
- لە پایزی ١٨٤٣ دا مارکس ڕووی لە پاریس کرد و بە هاوبەشی لەگەڵ ئارنۆڵد ڕیوجدا بڵاوکراوەیەکی ڕادیکاڵیان دەرکرد، بەڵام تەنها یەک ژمارەی لێدەرچوو، بە بۆنەی ئەوەی کە بە نهێنی نەئەتوانرا لە ئەڵمانیا بڵاوبکرێتەوە و هاوکاتیش هۆکارێکی تر ئەوە بوو کە هاوڕا نەبوون لەسەر مەسەلەکان. ڕیوج بسمارکی بوو.
- وەک لینین ئەڵێ: ووتارەکانی مارکس لەم بڵاوکراوەیەدا ئەو ڕاستیەی نیشان داوە کە مارکس هەر ئەو کاتە شۆڕشگێڕێک بووە کە "بێڕەحمانە ڕەخنەی لە وجودی هەر شتێک گرتووە" و بانگەوازەکەی ڕوو بە جەماوەر و کرێکاران کردووە.
- لە پایزی ١٨٤٤ دا کاتێک کە ئەنگلس سەردانی پاریسی کردووە، لەگەڵ مارکس یەکیان ناسییوە و تا لە ژیاندا بوو بەیەکەوە هاوڕێ بوون.
- ئەم ماوەیە، ماوەی ڕەخنە بووە لە ترێندەکانی سۆسیالیزمی ووردەبۆرژوازی و لەسەروویانەوە پرۆدۆنیزم. تێڕوانینی پیەر جۆزیف پرۆدۆن زۆرتر لە ڕوانگەی ووردەبۆرژوازیەوە بوە گوایە ئەتوانرێ ''دامودەزگای خەڵکی یان بانکی خەڵکی'' پێکبهێنرێن و هاوکاری کرێکاران بکەن ببنە خاوەنی هەندێک موڵکداریێتی بچوک. ئەوە بوو دواتر کەوتە بەر ڕەخنەی مارکس.
- لە ١٨٤٥ دا، مارکس و ئەنگلس پێکەوە (خێزانی پیرۆز) و (دژی برونو باوەر) و چەندین

ناميلكەی تريان نووسی. وە لە بەهاری هەمان ساڵدا ماركس تێزەكانی دەربارەی فيورباخ نووسی.

- لە ساڵەكانی ٤٥ تاكو ٤٧ چەندين ووتاری نووسيوە كە بەشێكی زۆريان تا ئێستاش نە وەرگێردراون و نە سەرلەنوێ تايپ كراونەتەوە.
- لە ٤٧ دا كارە سەرەكيەكەی لە دژی پرۆدۆن نووسی بە ناوی (هەژاری فەلسەفە) يان بوئس الفلسفة (The Poverty of Philosophy) كە وەڵام بوو بە كتێبەكەی پرۆدۆن بە ناوی فەلسەفەی هەژاريی (The Philosophy of Poverty).
- لە ٤٧ دا يەكێتی (يان كۆمەڵەی) كۆمۆنيستی بە سەرپەرشتی ماركس و ئەنلگس لە لەندەن پێكهات و ئەوە بوو دوايی لە ساڵی ١٨٤٨ دا و بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنگڵسدا شاكارەكەيان بە ناوی (مانيفێستی كۆمۆنيست) يان مانيفێستی حزبی كۆمۆنيست بڵاوكردەوە وەكو بەرنامەيەک بۆ يەكێتی ناوبراو.
- لە هەڵگيرساندنی شەڕی ساڵی ١٨٤٨دا ماركس وەردەرنرا لە بەلجيكا و گەڕايەوە بۆ فەرەنسا. بەڵام لە دوای شۆڕشی مارسی ئەو ساڵەدا گەڕايەوە بۆ كۆڵنی ئەڵمانيا.
- لە مانگی شەشی ١٨٤٨ ەوە تاكو مانگی پێنجی ١٨٤٩ بڵاوكراوەی (نيو ڕەينييچە زێيتونگ) دەركرد و لە يەكێک لە بەناوبانگترين ووتارەكانی لەسەر كاری بە كرێ و سەرمايە بوو لەوێدا بڵاوبۆوە.
- ڕووداوە شۆڕشگێرانەكانی نێوان ٤٨ تا ٤٩ حەقانيەتی زياتری تيۆر و بيروڕا شۆڕشگێرانەكانی ماركسی دەرئەخست. بەڵام هەوڵە دژە شۆڕشەكانی حكومەت بوونە هۆی بە دادگايی كێشانی ماركس هەرچەندە لە مانگی شوباتی ١٨٤٩ دا بێتاوان دەرچوو، بەڵام دواتر نەفی كرا لە ئەڵمانيا لە مانگی ٥ هەمان ساڵدا. سەرەتا چوو بۆ فەرەنسا بەڵام دوای خۆپيشاندانەكەی ١٣ ی جونی ١٨٤٩ لەوێش نەفی كرا و بە ناچاری چووە لەندەن و تا لە ژياندا بوو لەوێ مايەوە.
- ئەبێ ئەوە بووترێ كە ژيانی ئاوارەيی ماركس زۆر خەست بوو وە ئەگەر گيانی لە خۆبوردوويی و هاوكاری بێ بەرامبەری ئەنگڵس نەبووايە ماركس نەک كاپيتاڵ و بەرهەمە سياسی و فيكريەكانی تری بۆ تەواو نەئەكرا، بگرە نەبوونی تەنانەت هەناسەشی لێ ئەبڕی!
- لە ساڵی ١٨٥٠ دا و لە شاری هامبۆرگ شەش ژمارە لە بڵاوكراوەی ناوبراوی دەركرد كە تيايدا چەندين ووتار و لەوانە كۆمەڵێک ووتاری كە دواتر ئەنگلس لە ساڵی ١٨٩٥ دا بە ناميلكەيەک بڵاوكردەوە لە ژێر ناونيشانی خەباتی چينايەتی لە فەرەنسا لە ساڵەكانی ١٨٤٨ تاكو ١٨٥٠.
- لە ساڵی ١٨٥٢ دا لە نيويۆرک كتێبی ١٨ ی برۆمێری لويس بۆناپارت و لە لەندەنيش ناميلكەی دادگای كردنی كۆڵنی كۆمۆنارەكان بڵاوكرانەوە.
- لە ساڵی ١٨٥١ تاكو ١٨٦٢ ماركس بە بەردەوامی بابەتی بۆ تريبيۆنی نيويۆرک نووسيوە و هەروەها لەگەڵ چەندين بڵاوكراوەی ئەڵمانی و نەمساوی و لەندەنی شتی نووسيوە. ئەمە و ناميلكەی بەشداريەک لە ڕەخنە لە ئابوری سياسيدا ( Contribution to the Critique of

Political Economy) لە بەرلین لە ٥٩ دا بڵاوبۆوە.

- لە ١٨٦٤ دا کۆمەڵەی کرێکارانی نێونەتەوەیی (ئینتەرناسیۆنالی یەک) دروست کرا، بانگەوازەکەی لە لایەن مارکسەوە نووسرا لە لەندەن بڵاوکرایەوە. ئەمە جگە لەوەی چەندین ووتاری تر و بابەت و بڕیار و بانگەواز لەلایەن ئەوەوە بۆ ئەنجومەنی سەراسەری ئینتەرناسیۆنال نووسراوە. یەکێک لەو دۆکیومێنتانە بانگەوازی ئەنجومەنی سەرتاسەری ئینتەرناسیۆناله سەبارەت بە کۆمۆنەی پاریس کە لە ساڵی ١٨٧١ دا و لە شێوەی نامیلکەیەکدا لە لەندەن چاپکرا بە ناوی (شەڕی ناوخۆ لە فەرەنسا).. لێرەدا ئەبێ ئاماژە بەو ململانێ فیکری و سیاسیە بکەین کە لە نێوان مارکس لە لایەک و پرۆدۆن (فەرەنسی) و باکونین (روسی) دا لە لایەکی ترەوە هەبوو کە ئەوان نوێنەری ئانارکیزم بوون لە ناو ئینتەرناسیۆنالدا و ئیتر دوو جەمسەر دەرکەوت لە ناویدا.
- لە ساڵی ١٨٦٧ دا بەرهەمە سەرەکیەکەی مارکس، کاپیتاڵ: ڕەخنە لە ئابوری سیاسی بەشی یەکەم، لە هامبورگ بڵاکرایەوە و دواتریش لە ساڵەکانی ١٨٨٥ و ١٨٩٤ و دوای مەرگی خۆی بەشەکانی دوو و سێ لە لایەن ئەنگلسەوە بڵاوکرایەوە.
- لە ساڵی ١٨٧٦ دا مارکس بەشداری کرد لە دەرکردنی کتێبی ئەنتی دوهرینگ لەگەڵ ئەنگلسدا. (کە بەسەر هەموو کارەکەدا چۆوە و تەنانەت ئەو چاپتەرەی سەبارەت بە مێژووی ئابوری سیاسیە، خۆی نووسی).
- وەک لینین ئەڵێ، مارکس تەنانەت زانستیشی شۆڕشگێر کرد (هەروەک نمونەی بەشداریەک لە ڕەخنە لە ئابوری سیاسی) لە ٥٩ و کاپیتاڵ بەشی یەک لە ٦٧ دا دینێتەوە کە چۆن بە شێوەیەکی زانستی ئەو هاوکێشە ئابوریانەی کۆمەڵگای لەسەر بەندە داوەتە بەر لێکۆڵینەوە و ڕەخنە.
- هەبوونی ترێندەکانی سۆسیالیزمی ووردەبۆرژوازی و هەتا نا کرێکاریی، مارکسی وادار کردبوو بە ڕەخنەیەکی بێڕەحمانە و توند لە دژی هەموو ئەو بۆچوونە نا کرێکاریانە و بڕەو دان بە سۆسیالیزمی زانستی.
- هەروەها بوژاندنەوەی مەیلە دیموکراتیەکان لە کۆتایی ٥٠ کان و سەرەتای ٦٠ کاندا، مارکسی وا لێکرد بەشداری عەمەلی بکات. هەروەک لە پێکهێنانی ئینتەرناسیۆنالی یەکدا دەستی هەبوو وە بگرە تەنانەت وەک دڵ و ڕۆحی ئەو ڕێکخراوە وابوو.
- لە دوای ڕووخانی کۆمۆنەی پاریس لە ١٨٧١ دا و دوای ئەو ئینشقاقەی کە بە هۆی باکونینەوە ئینتەرناسیۆنال توشی بوو ئەو ڕێکخراوە (ئینەترناسیۆنال) نەیئەتوانی بمێنێتەوە لە ئەوروپادا. هەربۆیە لە کۆنگرەی دان هاغ (لاهای) ساڵی ١٨٧٢ دا ئیتر بە تەواوەتی ئەم دوو باڵە واتە ئانارکیزم بە سەرۆکایەتی باکونین و سۆسیالیزمی زانستی بە سەرۆکایەتی مارکس جیابوونەوە و بەمجۆرە مارکس ڕێی کردەوە بۆ گەشەی زیاتری مەودای بزووتنەوەی کرێکاریی و تەنانەت چەندین ئەحزابی سیاسی سۆسیالیستی لە وولاتانی جیاجیادا پێکهاتن.
- هیلاکی و مەشەقەتی زۆر و تەنانەت نەبوونی مارکسیان زۆر ماندوو کرد و بە داخەوە

## ناساندنێك سەبارەت بە ماركس ..

نەیتوانی كاپیتاڵ تەواو بكات و ئەوە بوو لە ١٨ ی مارسی ١٨٨٣ دا بە هێمنی و لەسەر كورسیەكەی خۆی و لە كاتی بیركردنەوەدا مێشكی لە كار وەستا.

لە شاكارەكانی ماركس:

- ڕەخنە لە فەلسەفەی مافی هیگڵ (١٨٤٣-١٨٤٤)
- ڕەشنوسەكانی سەبارەت بە ئابوری و فەلسەفە (١٨٤٤)
- سەبارەت بە مەسەلەی جو (یەهود)، (خۆی لە ساڵی ٤٣ دا نووسراوە بەڵام لە ٤٤ دا بۆ یەكەم جار بڵاوبۆتەوە)
- ئایدۆلۆژی ئەڵمانی، لەلایەن ماركس و ئەنگلسەوە (پایزی ١٨٤٥ بۆ ناوەڕاستی ١٨٤٦)
- كاری بە كرێ و سەرمایە (١٨٤٧)
- شەڕی جوتیاران لە ئەڵمانیا (١٩٥٠ لەندەن، كە لە نیو ڕێینیچە زێیتونگدا بڵاوبۆوە)
- گروندریسە: سەرخەتەكانی ڕەخنە لە ئابوری سیاسی (لە ساڵەكانی ١٨٥٧ تاكو ٦١) كە لە ئاستیدا ئەم مسۆدەیە یان سەرخەتانە (مەخطوطات) خۆ ئامادەكردنێك بوو بۆ كتێبەكانی (بەشداریەک لە ڕەخنە لە ئابوری سیاسی، لە ساڵی ١٨٥٩ بڵاوبۆوە) وە (كاپیتاڵ، لە ساڵی ١٨٦٧ بڵاوبۆوە) لە ڕاستیدا كاتی خۆی ئەم دەستنوس و مسۆدەیە فەوتا و دیار نەما، تا لە ساڵی ١٩٥٣ دا بە زمانی ئەڵمانی تەواوی كتێبەكە چاپ كرا و بڵاوبۆوە، بەڵام پێشتر لە ساڵی ١٩٣٩ دا لە ڕووسیا بە شێوەی بچڕ بچڕ لێی بڵاوبووبۆوە.
- چەند ووتارێک سەبارەت بە شەڕی ناوخۆ لە ئەمریكا لە ساڵی ١٨٦١ دا
- ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتا (سەرەتای مای ١٨٧٥)
- مخطوطات سەبارەت بە ماتماتیک كە لە ساڵی ١٨٨١ دا نووسراوە.
- بەشی دووی كاپیتاڵ، كە لە ساڵەكانی ١٨٦٣ تاكو ١٨٧٨ نووسراوە و دواتر لە ساڵی ١٨٨٥ دا بە نووسینێكی پێشەكیەوە لە لایەن ئەنگلسەوە چاپ و بڵاوكراوەتەوە..
- بەشی سێی كاپیتاڵ، كە لە ساڵەكانی ١٨٦٣ تاكو ١٨٨٣ نووسراوە و دواتر لە لایەن ئەنگلسەوە پیاچونەوەی بۆ كراوە و تەواوكراوە و لە ساڵی ١٨٩٤ دا چاپ و بڵاوكراوەتەوە

ئەمانە و دەیان ووتاری سیاسی كە لە بڵاوكراوە جیاجیاكاندا بڵاوكرانەتەوە لەگەڵ سەدان نامە و بیروڕا گۆڕینەوە لەگەڵ كەسایەتی جیاجیای جیهانی و ناوخۆیدا بەشێكن لە بەرهەم و كارەكانی ماركس.

## ٣. چاوخشاندنێكی خێرا بەسەر سێ بەرهەمدا:

<u>كاپیتاڵ:</u>

كتێبی كاپیتاڵ كە زۆرجار بە مەزنترین كاری ماركس لە قەڵەم ئەدرێ، لە سێ ڤۆلیۆمدا (واتە بەرگدا) دەرچووە. گەر بێت و ئێستا تەنها ناوی بەندەكانی ئەم سێ بەرگە بهێنین لەگەڵ تایتڵەكانیاندا كاتێكی زۆر ئەوێ. وە ئێمە لێرەشدا ناتوانین تەواوی ئەوەی كە لەم سێ بەرگەدا

هاتووە چاوپیابخشێنینەوە، بۆیە بە تەنها هەندێ مەسەلەی سەرەکی لەم کتێبە مەزنەدا نەک هەر وروژێندراوە بگرە شیکراوەتەوە و دراوەتە بەر ڕەخنە دێنینە بەرچاو. هەڵبەتە زۆر کەس خوێندنەوەیان بۆ کاپیتاڵ کردووە یان لەسەری نووسیویانە یان هەوڵی ناساندنیان داوە لەگەڵ مەسەلەکانی ئەمڕۆدا، لەوانە لویس ئەڵتوسەر و ئێتیێنا بالیبار لە کتێبی خوێندنەوەی کاپیتاڵ کە بە چەند بەشێک نووسراوە، دەیڤید هارڤی کە پرۆفیسۆرێکی زانکۆیە لە ئەمریکا هەروەها خوێندنەوەی بۆ کاپیتاڵ کردووە. میشێل هینریش کتێبەکەی بە ناوی ناساندنێک بۆ هەر سێ بەرگەکەی کاپیتاڵ نووسیوە. بەڵام من ئەمڕۆ پشت بە سیمیناری مەنسور حکمەت (دوبارە خوێندنەوەی مارکس، کە لە مانگی ٢ ی ساڵی ٢٠٠١ دا لە ئەنجومەنی مارکس پێشکەشی کردووە) ئەبەستم. بۆچی ئەم باسە؟ چونکە مەنسور حکمەت کە مارکسیستێکی پراکتیسیۆنی هاوچەرخی ئێمە بووە و خەتپێدەری کۆمۆنیزمی کرێکارییە، بە دەستەوەگرتنی کاپیتاڵ چ بۆ تێگەیشتن لە دنیای ئەمڕۆ و چ بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لەم دنیایەدا بە پێویست ئەزانێت. نەک وەک ئەوەی کە لە هەندێک لە زانکۆکان و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەدا ئەیانەوێت کاپیتاڵ وەک تێگەیشتن لە چۆنێتی کارکردنی کۆمپانیاکان و بازاڕی بۆرسە و ئەو شتانە بناسێنن. لە کاپیتاڵدا مەسەلەکانی کالا، بەرهەمهێنان، پارە، کەڵەکەی سەرمایە و سوڕی کەڵەکە، قازانج و سود، سو، ئاڵوویر، بازاڕ، زێدەبایی، چینەکان.. و.... چەندین مەسەلەی تر لە شێوازە زانستی و لێکدانەوەکەیدا دراوەتە بەر باس.

گرنگی جێگاوڕێگای کاپیتاڵی مارکس لە تیۆری مارکسدا لەوەدایە کە چ جۆرە لێکدانەوەیەکی کۆمۆنیستی و مارکسیستی لە دنیای سەرمایەداری بە دەستەوە ئەدات. هەتا وەک مەنسور حکمەت ئەڵێ ئەم کتێبە خەسڵەتێکی شۆڕشگێڕی هەیە کە لە کتێبی تر جیای ئەکاتەوە. ئایا باسکردنێکی کورتی ئێستا لە کاپیتاڵ وامان لێ ئەکات بچین بیخوێنینەوە؟ گەر ئەوە بکەین یانی ئامانجێکی کە لە پشتی ئەم سیمینارەوەیە هاتۆتە دی. ئیتر ئەوەی کە خوێندنەوەی کاپیتاڵ دواتر ئەمانگەیەنێت بە چی و چ کارێکی پێ ئەکەین، مەسەلەیەکی پراتیکی و هەڵسوڕانی سیاسیە. خوێندنەوەی کاپیتاڵ بۆ هەر مارکسیستێک نەک هەر زەرورە بگرە ئەبێ هەوڵیش بدات تێیبگات بۆ ئەوەی بزانێت چ لێکدانەوەیەک لە کۆمۆنیزم بە دەستەوە ئەدات.

ڕاستە لە ڕوویەکەوە کاپیتاڵ کتێبێکی زانستی و شیکردنەوەی زانستی و ئیسپاتیە، بەڵام هاوکاتیش ڕویەکی سلبی و ڕەتکردنەوە و ڕەخنە و کردەوەی شۆڕشگێڕانەیە. بەڵام ئەوەی کە لە زانکۆکاندا کەمتر ئەبینرێ و ئەخوێندرێ، ئەوە لەو سیفەتە شۆڕشگێڕیەوەیە کە ئەم کتێبە هەیەتی. سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە کتێبەکانی ئینجیل و قورئان و کتێبە دینیەکان لە شوێنی گشتی و تەنانەت ئوتێلەکاندا دەست ئەکەوێت، بەڵام بۆ کاپیتاڵ ئەبێ چەندین کتێبفرۆش و ئەمسەروئەوسەر بکەیت تا دەست ئەکەوێت. لەگەڵ ئەوەشدا لە کوردستان جێی داخە کە ئەم کتێبە و بەشی زۆری بەرهەمەکانی مارکس بە کوردی لەبەردەستی خەڵکدا نییە. "کاپیتاڵ لە ڕووی شیکردنەوەوە کتێبێکی گشتگیرە، بەڵام لە ڕووی سیاسیەوە جێگا و ڕێگایەکی ڕەخنەگری و پراتیکی شۆڕشگێرانەی هەیە" (مەنسور حکمەت_دوبارە خوێندنەوەی کاپیتاڵ). بەڵام بێگومان خوێندنەوەی ئەو لایەنە زانستیەشی زۆر گرنگە بۆ بەدەستەوە دانی ئەو میتۆدە شۆڕشگێڕانەیەی سەبارەت بە

شیکردنەوەی کۆمەڵگا خستویەتیە بەردەممان.
مارکس هەر لەو کاتەوە کە مەسەلەی کرێکارانی شەراب دارەکانیان ئەبرد و دەوڵەت یاسای لە دژیان دەرکرد، قانع بوو بەوەی کە وەڵامی مەسەلەکان لەوەدا نییە دیراسەی فەلسەفە و مێژوو و مافناسی و ئەو شتانە بکەیت، بە ناچاری دەستی دایە دیراسەکردنی ئابوری و ئابوری سیاسی و چوون بە دوای بنەمای مادی کۆمەڵگادا کە لێیەوە ماف و فەلسەفە و هەموو کۆمەڵگا سەرچاوە ئەگرێت. هەربۆیە خۆی تەرخان کرد بۆ ئەم لێکدانەوانە لە بەرینترین ئاستی خۆیدا. مەسەلەیەکی سەرەکی کە زۆر بۆی گرنگ بووە ئەو شێوازە بووە لە بەرهەمهێنان کە کۆمەڵگا بەڕێوە ئەبات و هەر ئەوەش بەرەو چ جۆرە پەیوەندیەک لە بەرهەمهێنان و چ پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی ئەڕوات.
ئەو لە بەشداریەک لە ڕەخنە لە ئابوری سیاسیدا بە ڕۆشنی باسی لەوە کردووە کە شێوازی بەرهەمهێنان کە پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و پێکهاتەی ئابوری کۆمەڵگا پێکئەهێنێ ئەبێتە سەرچاوە بۆ هوشیاری کۆمەڵایەتی. بەمجۆرە شێوازی بەرهەمهێنانی ژیانی مادی ئەبێتە پێشمەرجێک بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەتا فیکری لە کۆمەڵگادا. وە دواتریش لە کاپیتاڵدا دێتەوە سەر ئەم مەسەلەیە. باسی مارکس ئەوەیە کە ئەوە هوشیاری و هەست و زهنیەتی ئینسان نییە کە ژیانی مادی ئەو ئەچەرخێنێ، لەسەر بنەمای فیکرەوە نییە کە کۆمەڵگا ڕێکئەخرێت، بگرە لەسەر بنەمای ڕێکخستنی ئابوریانەی کۆمەڵگایە کە ئەفکار شکڵ پێئەدات. هەربەمجۆرەش فیکر و سیاسەت و یاسا و فەلسەفە و دین و هونەر و هەتا ئەندێشەی مرۆڤ بناغەکەی لە شێواز و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگادایە. کۆمەڵگا و ژیانی ساکاری سەرەتاکانی مرۆڤایەتی و کۆمەڵگای ئاڵۆزی ئەم سەردەمەی سەرمایەداری وەک نین، گەر لە مێژوویەکی دووردا مرۆڤەکان بە چنینی میوە ئەژیان، ئەوا ئێستا هەمووی پیویستی بەیەکە و بەرهەمی کۆمەڵایەتی و زۆر ئاڵۆز ژیان ئەبات بەڕێوە. هەر بۆیە شێوازی بەرهەمهێنان جیاوز بووە وەک لە ئێستا. ئەوەی کە مارکس پێی ئەڵێ (mode of production) مەبەستی لە شێوازی بەرهەمهێنان ئەو نەمتە، ئەو ئوسلوب و شێوازەیە کە بەرهەمی کۆمەڵایەتی پێڕێکخراوە، و لەسەر بنەمای ئەو شێوازەوە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، بیروڕای مرۆڤەکانو تەواوی ژیانی ئێمە و سەرخانی حقوقی و سیاسی و قانونی و هونەری بنیاتنراوە. ئەم شێوازەیە کە تەواوی دیاردەکانی دەوروبەرمان لێکئەداتەوە. بۆ نمونە ئەو شێوازە لە بەرهەمهێنان کە لە دەرەبەگایەتی (فیودالیزمدا) هەیە جۆرێک لە پەیوەندی، بیرکردنەوە، یاسا، هونەر و ... هتد هەیە کە بە تەواوەتی لەگەڵ ئێستادا جیایە، یان لە سۆشیالیزمدا مرۆڤەکان قەلەقی و مەشغەڵە و مەسائیلی تریان هەیە.. ئەمەش ئەوەیە کە مارکس پێی ئەڵێ mode of life واتە شێوازی ژیان. تێگەیشتن لە شێوازی بەرهەمهێنان بنەمایە بۆ تێگەیشتن لە خودی مێژوو و وە تەنانەت لە دەرکردنی دەوڵەت، لە سەردەمێکدا کە ئاستی بەرهەمهێنان لە ئاستێکدایە کە ئینسانەکان تەنها فرسەتی ئەوەیان هەیە زیندوو بمێننەوە، زەرورەتێک بۆ بوونی دەوڵەت نییە، بگرە لە کاتێکدا کە زیادەیەک هەیە و ئەبێ لای کەسانێک کۆببنەوە ئیتر دەوڵەت و سەرکوت مانا پەیدا ئەکەن.
کاپیتاڵ ڕەخنەیە لە ئابوری سیاسی، ئەوەی کە مارکس خۆی هەمیشە جەختی لێئەکاتەوە، بەم مانایەش ڕەخنەیە لە ئابورینا‌سە بۆرژوازیەکان، و ڕیکاردۆ و ئادەم سمیث (کە دوو کەسی

تیۆریسیۆنی ئینگلیزی بوون لە بواری ئابوری سیاسیدا). میتۆدێک کە مارکس بەکاریهێناوە ڕەخنەگرتنە لە لێکدانەوە و تەنانەت گەر بشێت بڵێین زانستەکانی پێش خۆی. بۆ نمونە خەڵک و خودی مارکسیش لە دەمی ریکاردۆ و ئادەم سمیث و هەتا ماڵتوسەوە باسی مەسەلەی بەهایان زانیوە کە بەها بەرهەمی کارە، بەڵام مارکس سەرەتا هاتووە باسی لە کاڵا کردووە وەک دەروازەیەک بۆ چوونە نێو دنیای تێگەیشتن لە سەرمایەداری کە کۆمەڵگایەکە لە یەکەمین نیگادا مرۆڤ کاڵا ئەبینێ. کاڵا ئەکرێت بەرهەمێکی مادی بێت یاخود چالاکیەکی مرۆڤ. لە بەرگی یەک، بەندی یەک، بەشی یەکدا سەبارەت بە کاڵا هاتووە: ''کاڵا پێش هەر شتێک شتێی دەرەکیە، شتێک کە لەڕێی چۆنێتیەکەیەوە (تایبەمەندێتیەکەیەوە) هەر پێداویستیەکی مرۆڤ دابین بکات. سروشتی ئەم پێداویستیانە، ئەگەر بۆ نمونە لە گەدەوە یان لە خەیاڵەوە سەرچاوەی گرتبێ، هیچ جیاوازیەکی نییە. لێرەدا ئەوەش کێشە نیە کە ئەو شتە چۆن ئەو پێداویستیەی مرۆڤ دابین ئەکات، ئایا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆیە وەک ئامرازێک بۆ مانەوەی مرۆڤ، یانی شتێک بۆ بەکارهێنان، یان ناڕاستەوخۆ وەک ئامرازێک بۆ بەرهەمێینان.'' ئەمە ئیتر چ بەرهەمێک ئەگرێتەوە کە مرۆڤ بۆ ژیان بەکاری دێنێت، یان بەرهەم و چالاکی فیکریش ئەگرێتەوە. هەروەها باس لەوە ئەکات کە هەر کاڵایەک بەهای بەکارهێنان و بەهای ئاڵوێرکردنی هەیە. ( use value and exchange value). بەهای بەکارهێنان سیفەتی شتێکە (یانی کە بە کەڵکی بەکارهێنان دێت بۆ نمونە)، بەواتایەک بەهای کۆمەڵایەتی ئەو کاڵایەیە. لە کاتێکدا بەهای ئاڵوێر توانای شتێکە کە لەگەڵ شتێکی تردا ئاڵوگۆڕی پێ بکرێ. بۆ نمونە گەرکەسێک شتێکی کۆنی هەبێ لە ماڵەوە بیەوێ فرێی بدات، ڕەنگە هاوسەرەکەی نەهێڵێ و بڵێ، قیمەتی خۆی هەیە! ئەمە یانی ئەو مەبەستی لەوەیە کە لەگەڵ شتێک ئاڵوگۆڕی پێکراوە، کە ئەمە جیاوازە لەوەی کە بڵێت بە کەڵک دێت، واتە بەکاردێت هێشتا یانی بەهای بەکارهێنانی هەیە. ئەوەی کە مارکس جەختی لێ ئەکاتەوە ئەوەیە کە ئەڵێ تۆ ناتوانی کاڵایەک هەم بەکاربهێنیت و هەمیش بیگۆڕیتەوە، یان ئەبێ بەکاری بهێنیت یان ئەبێ بیگۆڕیتەوە. بەشێکیش لە بەهای گۆڕینەوە بە پارە ئەکرێ، کە ئەوەش ناونراوە نرخ. هەموو ئەم مەسەلانە بە شێوەیەکی زانستی و تیۆری باسی لێوە کراوە و لێکدراوەتەوە.

مەسەلەیەکی تر ئەوەیە کە مارکس قسە لەسەر "بەخۆنامۆبوون" ( alienation or enstrangement) ئەکات. لە شێوازی بەرهەمهێنان و واقعیەتی ئێستادا ئێمە وەک تاک لەبەرامبەر کۆمەڵگادا ڕاوەستاوین و کۆمەڵگا بەرەوڕوومان ئەبێتەوە، جا ئەم مەسەلەیە بە جۆرێکە کە وا هەستی پێ ئەکەین کە بەرەوڕووی هێزێکی گەورەی دەرەکین کە ئەوە ئەو هێزەیە ژیان و بژێویمان، شوێنی نیشتەجێبوونمان و تەنانەت تەمەنیشمان دیاری ئەکات. بەڵام کە زیاتر وورد ئەبینەوە سەیر ئەکەین خودی ئەو هێزە دەرەکیەش دەستکردی خۆمانە. کرۆکی تیۆریەکەی مارکس لەسەر بەخۆنامۆبوون ئەوەیە کە شێوازێکی بەرهەمهێنان کە خودی مرۆڤ بۆ مانەوە دروستی کردووە، بووە بە هێزێک لە دژی خودی خۆی! گەر ئێمە لەم شێوازە لە بەرهەمهێنان تێنەگەین، ناشتوانین لەو بەخۆنامۆبوونە تێبگەین. لە کاتی ڕوونکردنەوەی کاپیتاڵدا، مەنسور حکمەت باس لەوە ئەکات کە:''ئێمە لە هەموو مەسەلەکانی ژیانماندا، لە پەروەردە و فێرکردن و

## ناساندنێك سەبارەت بە مارکس ..

تەنانەت لە مەرگ و ژیانیشماندا ئەو هێزە هەیە. زۆر کەس لە خۆی ئەپرسێ کە ئەسڵەن مانای ژیان چییە، ئێمە بۆ هاتووینەتە دنیاوە؟ مارکس ئەڵێ شێوازی بەرهەمهێنان تەماشا بکە و علەتی ئەوەی کە ئەو هەستەت هەیە ببینە. پاشان مارکس باس لەوە ئەکات کە چۆن لە کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا مرۆڤ حاکمە بەسەر بەرهەمی کاری خۆیدا و ئیتر ئەو بەرهەمە وەک هێزێکی دەرەکی و حاکم بەسەر خۆیدا دەرناکەوێت و بەمجۆرەش بەخۆنامۆبوون لەناو ئەچێت و ناساندنێکی زیندوتر لە خودی مرۆڤەکان و پێداویستیەکانی دێتە دەست''. دیارە ئەم بنەما مادیەش بۆ لێکدانەوەی بوونی مرۆڤ و پەیوەندیەکانی بۆتە سەرچاوەیەک بۆ لێکدانەوەیەکی ماتریاڵیانە لە مێژوو.

لە باسکردنی کاپیتاڵدا ئەگەین بەو ڕاستیەی کە خاوەندارێتی تایبەتی کە سەرچاوەی شێوازێکی بەرهەمهێنانە لە سەرمایەداری و دابەشبوونی چینایەتیش یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی ئەو کۆمەڵگایە، کۆمۆنیزمیش بریتیە لە هەڵوەشانەوەی خاوانداریتی تایبەتی و لەنێوبردنی ئەو دابەشبوونە چینایەتیە. بەڵام لە ڕوانگەی مارکسەوە کۆمۆنیزم بزووتنەوەیەک نیە بۆ لە ناوبردنی ئەوانە ئێمە بەڕێی بخەین، بەڵکو بزووتنەوەیەکی واقعی کە خودی خۆی بۆ لە ناوبردنی ئەوانە بەڕێکەوتووە پێی ئەڵێین کۆمۆنیزم. بە مانایەکی تر کۆمۆنیزم ئەو بزووتنەوە واقعیەیە کە ئەوەی هەیە نایەوێت و قبوڵی نییە. یانی ئەوەی کە مارکس ئەڵێ بنەمای سەرمایەداری خاوەندارێتی تایبەتی و کاری بەکرێیە وەک سیستمێک، ئەوا کۆمۆنیزمیش بزووتنەوەیەکە لە دژی کاری بە کرێ و بۆ هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتی. هەر ئەمەش ئەو لایەنە سلبیە شۆڕشگێڕیەیە لە مارکسیزم کە مرۆڤ ناتوانێت بە دیراسەکردنی بەشە زانستیەکەی کاپیتاڵ ئیتکفا بکات. بۆیە بە مانایەک ناسینی کۆمەڵگای سەرمایەداری و پایەی پێکهاتەکەی، خود بە خود ئەتگەیەنێت بە کۆمۆنیزم ئەمە هەر ئەوەیە کە مارکس ئەیڵێت بەڵام بێ ئەوەی باسێک لە خودی کۆمۆنیزم بکات! مارکس ئەیەوێت جەخت لەوە بکاتەوە کە مەسەلەکە ئەوە نییە کە، مەنسور حکمەت ووتەنی خوێنی خەڵکیان کردۆتە شوشەوە، بەڵکو چەوسانەوە، دەوڵەتی سەرکوتگەر، بە خۆنامۆبوونی ئینسان و هەڵاواردن ئەبینیت کە بیروڕا و ئایدۆلۆژیای چینی سەردەست ئەیانەوێت تیۆریزەی ئەمانە بکەن.

کەوایە کاپیتاڵ دوو میحوەری هەیە، یەکێکیان لایەنی تیۆری و زانستی و ئیسپاتی تیۆری مارکس، ماتریالیزمی مێژوویی و تێگەیشتن لە شێوازەکانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری وەک لێکدانەوەیەک بۆ دیاردەکانی ناو کۆمەڵگا و لایەنی دووهەمیشی لایەنی نەفی واتە عەمەلی بە مانای بوونی بزووتنەوەیەکی واقعیە کە کۆمۆنیزمە وەک بزووتنەوەیەکی ڕەخنەگرانە کە ئەیەوێت دنیا هەڵبگێڕێتەوە. خوێندنەوەی کاپیتاڵ هەم لەم ڕووە زانستیەوە تێگەیشتنی دروستمان لە کۆمەڵگا بۆ ئەدات بە دەستەوە وە هەمیش وەک مەنسور حکمەت ئەڵێ خودی کۆمۆنیزم وەک ڕەخنەی ڕەتکردنەوەی ئەو کۆمەڵگا سەرەوخوارە ئەخاتە ڕوو.

### ئایدۆلۆژی ئەڵمانی:

ئەم کتێبە لە ساڵی ١٨٤٥، بە هاوبەشی لەگەڵ ئەنگلسدا نووسراوە. لە ڕاستیدا ئەمە یەکەم کتێبی

مارکس و ئەنگلسە کە تیایدا هەوڵیان داوە تێگەیشتنێک بۆ مێژوو و کۆمەڵگا بدەن بە دەستەوە کە لە بەرهەمەکانی دواتریان و هەتا لە کارە عەمەلیەکانیاندا ڕێنوێنی کردون. کتێبەکە لە دوو بەرگدایە، کە بەشێکیان وەڵامدانەوەیە بە شێوەی ڕەخنە بە ئایدۆلۆژی ئەڵمانی ئەو کات کە لە برونو باوەر، ماکس ستێرنەر، و لودڤیک فیورباخدا خۆی ئەبینێتەوە. وە بەشەکەی تریان ڕەخنەیە لە سۆسیالیزمی ئەڵمانی (کە ئەو کات باو بوو).

هیگڵ پێی وابوو کە مێژوو ئەتوانرێ لە پێشکەوتنی ئایدیاوە یان فیکرەوە سەیر بکرێ، ئەو مێژووەش چەند هەنگاو یان قۆناغێک بووە کە لە گەشەی ئەوەی پێی ئەووت (World Spirit) یان ڕۆحی جیهان، یان (Absolute Mind) عەقڵی ڕەها. ئەمەش لەو سەردەمەدا وا لێکئەدرایەوە کە کەواتە حکومەتی سەرکوتگەری (ئیستبدادی) ئەو کاتی پروسیا نوێنەرایەتی لوتکەی ئەو مێژووەی جیهانی ئەکرد.... هیگڵیە چەپەکان یان لاوەکان ئەمەیان قبوڵ نەبوو وە بیرۆکەی عەقڵی ڕەهایان ڕەت ئەکردەوە بەڵام بە هەمان شێوە ئایدیالیست بوون کە پێیان وابوو گەشەی مێژوو بەرهەمی خودئاگاهی مرۆڤ یان مرۆڤایەتیە. جا لەسەرەتای تەمەنیاندا مارکس و ئەنگلس سەر بەم ڕەوتە بوون، بەڵام زوو خۆیان دابڕان و لە سەرەتا کەوتنە ژێر کاریگەری فیورباخەوە کە ئایدیالیزمی ڕەتکردەوە و لێکدانەوەیەکی ماتریالیستی دا بە دەستەوە بۆ شێکردنەوەی دین. هەرچەندە ئایدۆلۆژی ئەڵمانی لە بەشێکی زۆریدا نیشانەی دابڕانی مارکس و ئەنگلسە لە هیگڵیە لاوەکان یان چەپەکان بەڵام هاوکات و گرنگتر لەوە نیشاندانی دیدگای خۆیانە لەسەر ماتریالیزم، شۆڕش و کۆمۆنیزم.

یەکێک لە لێکدانەوە گرنگەکانی ناو کتێبی ئایدۆلۆژی ئەڵمانی لێکدانەوەی ماتریالیستانەی بوونی مرۆڤ و مێژووە. مارکس و ئەنگلس ئەڵێن: ''مرۆڤ ئەکرێ بە هوشیاری، بە ئاین یان هەر شتێکی تری لەم بابەتە لە ئاژەڵ جیابکرێتەوە. ئەوان خۆیان هەر زوو کە دەست ئەکەن بە بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی مانەوە و گوزەران کردن، کە ئەمەش هەنگاوێکە پێویستی بە ڕێکخستنی جەسەدیانە، دەست ئەکەن بە خۆجیاکردنەوەیان لە ئاژەڵ. بە بەرهەمهێنانی ئامرازەکانی گوزەران مرۆڤەکان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ژیانی مادی واقعی خۆیان بەرهەمئەهێنن. ئەو ڕێگایەی کە مرۆڤەکان ئامرازەکانی گوزەرانی خۆیانی پێ بەرهەمئەهێنن بەر لە هەرشتێک پشت ئەبەستێ بە سروشتی ئامرازە واقعیەکانی گوزەران کە بوونی هەیە و ئەوان ئەبێ دووبارە بەرهەمیبهێننەوە. ئەم شێوازی بەرهەمهێنانە نابێ بە سادەیی وا تەماشای بکرێ کە بەرهەمی بوونی جەسەدیانەی تاکەکانە. بەڵکو شێوەی (فۆڕمی) ڕێکوڕەوانی چالاکی ئەم تاکانەیە، شێوەی ڕێکوڕەوانی دیاریکردنی ژیانیان و شێوازێکی ڕێکوڕەوانی ژیانیانە. بەو پێیەی کە تاکەکان ژیانیان دیاری ئەکەن کەواتە بوونیان هەیە. ئەوەی کە هەن هاوکاتە لەگەڵ بەرهەمەکانیاندا، هاوکاتە لەگەڵ هەردووک ئەوەی کە چی بەرهەمئەهێنن و چۆن بەرهەمیئەهێنن. هەربۆیە سروشتی تاکەکان پشت ئەبەستێ بەو هەلومەرجە مادیانەی کە بەرهەمهێنانەکەیان دیاری ئەکات'' (ئایدۆلۆژی ئەڵمانی، لاپەڕە ٣٧). ئەمە بەشێکی گرنگە بۆ لێکدانەوەی ماتریالیستیانەی بوونی ئینسان و مێژوو. ئەمە ڕێک نیشاندانی ئەو لێکدانەوەیە کە ئەڵێن مرۆڤ خۆی بەرهەمی کاری کۆمەڵایەتیە.

هەروەها لە هەمان بەرگدا و لە بەشی (ناوەڕۆکی مەفهومی ماتریالیستی بۆ مێژوو. بوونی کۆمەڵایەتی و هوشیاری کۆمەڵایەتی) دا ئەڵێن:''ڕێک بە پێچەوانەی فەلسەفەی ئەڵمانیەوە کە لە ئاسمانەوە دێتە خوار بەرەو زەوی، لێرەدا مەسەلەکە سەرکەوتنە لە زەویەوە بەرەو ئاسمان. بە واتایەکی تر، نەک دەستپێکردن لەوەوە کە مرۆڤەکان ئەڵێن چی، خەیاڵ لە چی ئەکەنەوە، دەرک بە چی ئەکەن،وە نە لەوەوە کە باسی مرۆڤ ئەگێردرێتەوە، بیر و خەیاڵی لێ ئەکرێتەوە، دەرکی پێ ئەکرێ تاکو بگەین بە مرۆڤی زیندوو بە گۆشت و خوێنەوە، بگرە دەستپێکردن لە مرۆڤە واقعی و چالاکەکانەوە و لەسەر بنەمای پرۆسەی ژیانی واقعیان نیشاندانی گەشەسەندنی ڕەنگدانەوە ئایدۆلۆژیەکان و دەنگدانەوەکانی ئەم پرۆسەی ژیانە.... ئەخلاقیات، ئاین، میتافیزیکس و هەموو بەشەکانی تری ئایدۆلۆژیا و هاوکاتیش هەموو شێوەکانی هوشیاری کە پەیوەستە بەمانەوە، چیتر دەست بە سەربەخۆیی خۆیانەوە ناگرن. ئەوانە مێژوویان نیە، گەشەسەندنیان نییە، بەڵام مرۆڤەکان بە گەشەسەندنی بەرهەم و پەیوەندیە مادیەکانیان و شان بە شانی ئەم ژیانە واقعیەیان بیرکردنەوە و بەرهەمەکانی بیرکردنەوەشیان ئەگۆڕن. ئەوە هوشیاری نییە کە ژیان دیاری ئەکات، بگرە ژیانە کە هوشیاری دیاری ئەکات..'' (لاپەڕە ٤٢). گەر ووردبینەوە ناوەڕۆکی ماتریالیستانە سەیرکردنی مێژوو لێرەدا دەرئەکەوێ. ئەم لێکدانەوەیە وامان لێ ئەکات کە ئیتر مێژوو وەک کۆکراوەی چەند حەقیقەتێکی مردوو سەیر نەکەین. ئەوانە بەرهەمی پەیوەندی ماتریالی و بەرهەمهێنانی ماتریالی کۆمەڵگان.

لەم خاڵەدا هەردووکیان لەگەڵ فیورباخدا کۆکن کە لێکدانەوەیەکی ماتریالیستیە (بە پێچەوانەی هیگڵەوە) بەڵام دیسان ڕەخنە لە فیورباخ ئەگرن و باس لەوە ئەکەن کە فیورباخ کاتێک ماتریالیستە مامەڵەی مێژوو ناکات و کاتێکیش باس لە مێژوو ئەکات ماتریالیست نییە!

مارکس لە مەسەلەی لێکدانەوەی ماتریالیستانە بۆ مێژوودا، کە سەرچاوەکەی گەڕاندەوە بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی ماتریالیستی کۆمەڵگا، لێرەوە ئەیگەیەنێت بەوەی کە لەو پرۆسە ماتریالیستیەدا کە ئینسان بەرهەمی ماتریالی بەرهەمدێنێ هەر لەو ناکۆکیەدا کە لەو پرۆسەیەدا هەیە، واتە لە کۆمەلگای سەرمایەداریدا، سەرئەنجام لە ئەنجامی پراتیکدا ئەگات بە کۆمەڵگایەکی تر کە ئەویش کۆمۆنیستیە. دیارە هەموو ئەمەش بە پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەدا تێئەپەڕێ. بنەمای مێژوو پراکتیک لە ئایدیاوە ڕوون ناکاتەوە، بگرە پێکهاتنی ئایدایاکان لە پراکتیکی ماتریالیەوە لێکئەکداتەوە کە ئەمەش ئەمانگەیەنێت بەو سەرئەنجامەی کە هەموو شێوازەکان و بەرهەمەکانی هوشیاری ناتوانرێ بە ڕەخنەی زهنی هەڵبوەشێنرێتەوە یان بەوەی کە ئایدۆلۆگە ئەڵمانیەکان ناویان ئەنا، بە تارمایی و خێو و شتی وا، بگرە بە پراکتیک زاڵ بوون بە سەر ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیانەدا کە هەیە و بۆتە هۆی سەردەرهێنانی ئەو "تورەهاتە" ئایدیالیستیەی کە هەیە. ئەوە ڕەخنە نییە کە بزوێنەری مێژوو، دین و فەلسەفە و هەرجۆرە تیۆریەکە، ئەوە شۆڕشە!

بۆ زیاتر ڕۆچوونە ناو ڕەنگدانەوەی ژێرخانی کۆمەڵگا لەسەر سەرخانی کۆمەڵگا، لە بەرگی یەکەم، بەشی(چینی دەسەڵاتدار و بیروڕای حاکمدا باس لەوە ئەکات کە بیروڕای باوی هەر سەردەمێک بیروڕای چینە دەسەڵاتدارەکانە، واتە چینێک کە هێزی ماتریالانەی حاکمە بەسەر کۆمەڵگادا

هاوکاتیش هێزی هزریەکەشیەتی. چینێک کە باڵادەستی بەسەر ئامرازە مادیەکانی بەرهەمهێناندا هەبێ بێگومان باڵادەستیشی بەسەر ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی فیکریدا هەیە (لاپەڕە ٦٧).
هەموو ئەم باسانە مارکس ئەگەیەنێ بەوەی لە بەشەکانی تردا باس مەسەلەی بەرهەمهێنانی مادی لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا بکات. سەرئەنجام ئەڵێ:" کۆمۆنیزم بە جیاواز لە بزووتنەوەکانی پێش خۆی، پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی پێش خۆی هەڵئەگێڕێتەوە و بۆ یەکەمجار بە هوشیاریەوە مامەڵەی هەموو شتە بە سروشتی بە دەستهاتووەکانی ئێستا وەک بەرهەم و داهێنانی خودی ئینسان ئەکات و لە تایبەتمەندیە سروشتیەکەیان دایئەبڕی و ئەیانخاتە ژێر کۆنترۆڵی هێز و دەسەڵاتی تاکە ڕێکخراوەکانەوە" (واتە تاکەکان لە شیوازی بە کۆمەڵێ ڕێکخراودا، ئەمەش پەیوەست ئەبێتەوە بە کۆنترۆڵی بە کۆمەڵی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان و خودی بەرهەمە کۆمەڵایەتیەکانەوە)... (لاپەڕە ٩٠/ بۆ ٩١)..
هەروەها لە بەشەکانی دواتردا دێتە سەر ڕەخنە لە فۆریەریزم و پرۆدۆنیزم کە دوو تێگەیشتنی وورده بۆرژوازی بوون لە سۆسیالیزم.
لە کۆتاییدا ئەوە بڵێم کە کتێبی ئایدۆلۆژی ئەڵمانی لە سەردەمی مارکس و ئەنگلس خۆیاندا چاپ و بڵانەکرایەوە چونکە ئەو ناوەڕۆکە دژی هیگڵیە لاوانەی هەیبوو وە هەم ئەو ڕەخنە سەرەکیەی لە تەواوی سیستمی فیکری و بونیادی کۆمەڵگای ئەگرت وای لە خانەکانی بڵاوکردنەوە کردبوو پێیان وابوو کە ئەبێتە مایەی توڕەیی دەسەڵاتی ئەوکات. وەک مارکس دوای خۆی وتویەتی لەسەری کە کتێبە جێهێڵراوە بۆ " داکرماندنی مشکەکان".

**مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست:**

لە ساڵی ١٨٤٨ دا نووسراوە لە لایەن مارکس و ئەنگلسەوە، وەک بەرنامەیەک بۆ کۆمەڵەی (یان یەکێتی) کۆمۆنیستەکان، کە ئەو کات لە ئەڵمانیا پێکهات و ڕێکخراوێکی شۆڕشگێڕ بوو مارکس و ئەنگڵس لە ڕابەری کۆمەڵەی ناوبراودا بوون و داوا لە مارکس کرا کە ئەو بەڵگەنامەیە، وەک بەرنامەی کۆمۆنیستی، ئامادە بکات. لەو کاتەوە تا ئێستا بە گرنگترین بەرهەمی سیاسی بەرنامەیی دائەنرێت، لە ئاستی جیهانیدا. دیارە وەک بەشێک لە کلاسیکی مارکسی و ئەرثۆدۆکسی مارکسی. من مەبەستم لە دەرخستنی ئەو ڕاستیە ئەوەیە کە تەنانەت لایەن و ئەحزاب و میدیای بۆرژوازیش دان بەوەدا ئەنێن کە مانیفێست ئەو بەرهەمە سیاسیە گرنگەیە. جێی خۆیەتی لێرەدا ئەوە بڵێم کە بەرنامەی "دنیایەکی باشتر" لە نوسینی مەنسور حکمەت، وەک مانیفێستی ئەم سەردەمەیە بۆ کۆمۆنیستەکان، بە تایبەتی کۆمۆنیستەکانی کوردستان و عێراق و ئێران. بەڵام بە داخەوە ئەم بەرهەمە سیاسی و بەرنامەییە هێشتا لە ئاستێکی فراوانی کۆمەڵگادا چ لە ناوخۆ و چ لە جیهاندا ناناسرێ و دەرنەکەوتووە. ئەوە نەبێ کە نزیک بە دوو ساڵێک لەمەوبەر حزبێکی مارکسی ئەمریکی تەواوی دنیایەکی باشتریان وەک بەرنامەی سیاسی خۆیان قبوڵ کرد، جگە لە هەندێ ووشە کە بەباشیان زانیبوو بیگۆڕن... بەهەرحاڵ ئەوە جێگای باسی ئێرەم نییە بەس تەنها ویستم ئەوە بڵێم کە بە سەرچاوە وەرگرتن لە لێکدانەوەکانی مارکس و مانیفێست، دنیایەکی باشتریش

هەوڵەدا ئەو دنیابینیە بۆ جیهانی ئەمرۆ و بەرنامەی سیاسی لانی کەمی کۆمۆنیستەکان بخاتە ڕوو...
لێرەدا لەسەر ئەم کتێبەش ناتوانین زۆر بڵێین تەنها ناساندنی ئەوە نەبێ کە وەڵام بە چ مەسەلەیەک ئەداتەوە.مانیفێست جگە لە پێشەکیەکەی لە چوار بەش پێکهاتووە: بۆرژوز و پرۆلیتاریا، پرۆلیتاریا و کۆمۆنیستەکان، ئەدەبی سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی، هەڵوێستی کۆمۆنیستەکان سەبارەت بە پارتە ئۆپۆزسیۆنە جیاجیاکان.
مانیفێست وەڵام بە چی ئەداتەوە؟
ئەم شاکارەی مارکس و ئەنگلس، جگە لە لێکدانەوەی کۆمەڵگا و ململانێی نێوان چینەکان، هاوکاتیش لائیحەیەکی داواکاریەکان ئەخاتە بەردەم کۆمەڵگا، کە لەو کاتەدا هاتنەدیان ئەبووە مایەی ئاڵوگۆڕ لە ژیانی کرێکارا ن و تەوای کۆمەڵگادا.
ئەو ڕستەیەی کە بەشی یەکەمی پێ دەست پێئەکات "مێژووی تا ئێستای هەموو کۆمەڵگاکان، مێژووی ململانێ چینایەتیەکانە"، تەواوی ڕەوڕەوەی مێژوو ئەداتە بەر ئەو لێکدانەوەیە کە لە کاتی کۆیلەکانەوە تا جوتیار و ئەربابەکان و تا کرێکاری سەنعەتی، دنیا دنیای کێشمەکێشی چینی سەر دەست لە لایەک و چینی ژێر دەست لە لایەکی ترەوە بووە. مانیفێست ئەو ڕاستیە مێژوویەمان ئەخاتە بەردەم کە دۆزینەوەی میتاڵ و مادە خامەکان، دۆزینەوەکانی جیهان و کردنەوەی بازاڕە جیهانیەکان کە تەکانی بە پرۆسەی بە پیشەسازیکردنی دنیا دا، لە هەناوی خۆیدا ئەو چینە نوێیە، بۆرژوازی، کە پاشکۆی فیوداڵیزم بوو هێشتا، لەبەرامبەر فیودالیزمدا هێنایە کایەوە بە کۆبوونەوە و کەڵەکەکردنی سەروەت و سامان لە دەست خۆیدا بووە چینی باڵادەست و چینی ژێردەستەی نوێی بەرهەمی بە پیشەسازیکردنی کۆمەڵگا، کرێکاران، یان پرۆلیتاریاشی لەبەرامبەر ئەو چینەدا ڕاگرت. هەڵبەتە ئەبێ ئەوە بووترێ کە لە زۆرێک شوێنی دنیادا مەسەلەی کۆتایی هێنان بە فیودالیزم بە شۆرش هاتۆتە کایەوە. بەمجۆرە شێوازێک لە ململانێی چینایەتی کە لە فیودالیزمدا هەبوو، جێی خۆیدا بە شێوازێکی تر لە ململانێی چینایەتی لە نێوان پرۆلیتاریا و بۆرژوازیدا. ئیتر لێرەوە مەسەلەی کارگە گەورەکان و دروستبوونی شارە گەورەکان و ئەو شتانەی تر هاتنە پێشەوە. بەمجۆرە مانیفێست نیشانمان ئەدات کە چۆن کۆمەڵگای سەرمایەداری کۆمەڵگای بۆ دوو بەش دابەش کردووە: بۆرژوازی، یان سەرمایەداران، کە هەموو هۆکانی بەرهەمهێنانیان خستۆتە دەستی خۆیانەوە و خاوەندارێتی ئەکەن لە کاتێکدا کەمینەی کۆمەڵگان، وە کرێکاران کە زۆرینەی کۆمەڵگان و هێزی کاری خۆیان ئەفرۆشن و لە بەرامبەریشدا سەرمایەداران کەمترین کرێیان ئەدەنێ تەنها بەشی ئەوەندەی لە ژیاندا بمێننەوە و هێزی کارکردنی سبەینێیان پێ بێ کە لە ئاکامدا ئەبێ بە کەڵەکەبوونی زیاتری سەرمایە لە دەستی بۆرژوازیدا.
لە مانیفێستدا مارکس جەخت لەوە ئەکاتەوە کە بۆرژوازی هەمیشە هەوڵی بە شۆڕشاندنی (لەڕەگەوە گۆڕین) هۆکارەکانی بەرهەمهێنانی داوە بە پێچەوانەی کۆمەڵگاکانی پێش خۆیەوە کە هەمیشە دەستیان بە شتە نەگۆڕ و دەستلێنەدراوەکانەوە گرتووە. هەربۆیە ئەبینین بە هاتنەدی بۆرژوازی بەشێک لە ئەفکارە پیرۆزەکان پێی پیانراوە و شتە ڕەق و پتەوەکان توێنراونەتەوە،

بازارە نوێکان کراونەتەوە، وەک ئێستا ئەبینین کوێرەدێی دنیا نەماوە بەرهەمی مۆدێرنی سەرمایەداری پی نەگەیشتبێ.
لە لاپەرە ٢١ ی مانیفێستدا دا هاتووە:
''هەتاکو ئێستا وەک بینیمان هەموو فۆرمەکانی کۆمەڵگا لەسەر بنەمای ململانێی چینە چەوسێنەر و چەوساوەکان بنیاتنراوە. بەڵام بۆ ئەوەی چینێک بچەوسێنرێتەوە پێویست بە فەراهەمکردنی هەلومەرجێک ئەکات بۆ ئەو چینە کە لە سایەیدا لانی کەم بتوانێ درێژە بە بوونی کۆیلەتی خۆی بدات. بەندە لە سەردەمی کۆیلەتیدا توانی خۆی بەرزبکاتەوە بۆ ئەوەی ببێتەوە بە ئەندامی کۆمۆن، هەروەک چۆن وردەبۆرژوازی، لە ژێر سایەی دەسەلاتی ڕەهای فیوداڵیدا، توانی گەشە بکات و ببێ بە بۆرژوازی. کرێکاری سەردەم، بە پێچەوانەوە لە جیاتی بەرزبوونەوە لەگەڵ پرۆسەی پیشەسازیدا، قوڵتر و قوڵتر ڕۆئەچێتە هەلومەرجەکانی بوونیەوە وەک چینێک. ئەبێ بە هەژارێکی ڕەشوڕووت، هەژاریش بە خێراییەکی زیاتر لە گەشەی دانیشتوان و سەروەت، زیاد ئەکات. وە لێرەدا ڕۆشن ئەبێتەوە کە بۆرژوازی چیتر گونجاو نیە بۆ ئەوەی چینێکی باڵادەست بێت لە کۆمەڵگادا و بتوانێ هەلومەرجەکانی بوونی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا وەک یاسایەکی زاڵ بسەپێنێ. گونجاو نییە بۆ باڵادەستی لەبەرئەوەی لە توانایدا نییە زەمانەتی وجودی کۆیلەکەی بکات لە چوارچێوەی کۆیلایەتیەکەی خۆیدا، لەبەرئەوەی ناتوانێ پێشبگرێ بەوەی کۆیلەکە بکەوێتە دۆخێکەوە کە ئەو بێژەنێت لە جیاتی ئەوەی خۆی لەسەرئەو کۆیلەیە بژی. کۆمەڵگا لەمە زیاتر ناتوانێ لەژێر سایەی بۆرژوازیدا بژی، بوونی ئەو بە هیچ جۆرێک گونجاو نیە بۆ کۆمەڵگا.''
سەیرێکی ئێستای دنیا بکەین، لە دوای ١٦٧ ساڵ لە نووسینی مانیفێستەوە، بۆمان دەرئەکەوێ حەقانیەتی ئەو قسانە لە دنیای سەرمایەداری ئەمرۆدا چۆن مرۆڤەکانی هاڕیوە. سەیری ڕێژەی هەژاری، مەرگ بە نەخۆشی و بێکاری و دەردەکانی تری کۆمەڵگا بکەین ئەم ڕاستیە ئەبینین. هەربۆیە ئەم سیستەمەی بە دەستی چینی باڵادەست، چینی بۆرژوازیەوە ناگونجێ لەگەڵ مرۆڤایەتیدا.
هەروەها لە مانیفێستدا جەخت لەوە کراوەتەوە کە کۆمۆنیستەکان بەرژەوەندیەکی جیاواز لە بەرژەوەندی چینی کرێکاریان نییە بەڵام کۆمۆنیستەکان لە بەشەکانی تری یان پارتە سیاسیەکانی تری ناو ئەو چینە بەوە جیائەکرێنەوە کە بەرژەوەندی میللی لێکنادەنەوە و تەواوی چینەکە بە چینی نێونەتەوەیی خاوەن یەک بەرژەوەندی ئەزانن وە لە تەواوی خەباتی کرێکاران و ململانێیان لەگەڵ بۆرژوازیدا، کۆمۆنیستەکان نوێنەرایەتی تەواوی بزووتنەوەکە ئەکەن. بە کورتی ئامانجی کۆمۆنیستەکان بریتیە لە :''بینینی تەواوی پرۆلیتاریا وەک یەک چینی سەربەخۆ، زاڵبوون بەسەر باڵادەستی بۆرژوازیدا، وە سەرئەنجام بەدەستەوە گرتنی دەسەلاتی سیاسی لەلایەن پرۆلیتاریاوە.''
لە بەشی ئەخیردا جەخت ئەکەنەوە کە ''بە کورتی، کۆمۆنیستەکان لە هەر شوێنێک بن پشتیوانی هەر بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە ئەکەن لە دژی ئە نەزمە کۆمەڵایەتی و سیاسیەی کە لە ئێستادا شتەکانی ڕێکخستووە'' (لاپەرە ٤٤). هەروەک پێمان ئەڵێ کە کۆمۆنیستەکان ئامانج و

تێروانینەکانیان ناشارنەوە و بە ئاشکرا هاوار ئەکەن کە" با چینە چەوسێنەرەکان لەبەرامبەر شۆڕشی کۆمۆنیستیدا سەرتاپایان بێتە لەرزین. کرێکاران جگە لە زنجیرەکانیان هیچ لە دەست نادەن، بەڵام جیهانێک بە دەست دێنن" لا ٤٤.

مانیفێست بەرهەمێکی پراتیکی مارکس و ئەنگلسە، دوای لێکدانەوە زانستی و فیکریەکان، دوای هەندێ مەسەلە کە لە ئایدۆلۆژی ئەڵمانی و سەرخەتە ئابوری و فەلسەفیەکان مارکس داویەتی بە دەستەوە، ئیتر دەستدانە پراتیک، کردەوە، مەسەلەیەکی حەیاتی بووە. ڕابەریکردن لە کۆمەڵەی کۆمۆنیستیدا، و نووسینی بەرنامەکەی، کە نەک هەربۆتە بەرنامە بۆ ئەو کۆمەڵەیە بگرە وەک ئەجێندایەکی عەمەلی کۆمۆنیستەکان تەنانەت لەم سەردەمەشدا سوودی لێوەرئەگیرێت... مانیفێست لێکدانەوە و شەرحکردن نییە، بگرە بانگەوازە بۆ ئاکشنێکی سیاسی هەروەک لە دروشمەکەیدا هەیە کە"کرێکارانی جیهان یەکگرن!"ە.

## سێ پێکهاتەکەی مارکسیزم:

لەم بەشەدا سەرەتا ئەبێ جەخت لەوە بکەمەوە کە لە ناساندنی ئەو سێ شاکارەی بەرهەمی فیکری و سیاسی و پراتیکی مارکسدا بە جۆرێک ئەوەمان ناساند کە پایەی بنەڕەتی مارکسیزم لەسەر چی ڕاوەستاوە. ئەوەی کە کاپیتاڵ باسی چی ئەکات، پێمان ئەڵێ کە بۆچی لە تێگەیشتن لە دنیا، لە نەهامەتیەکانی دنیا، لە برسێتی و بێکاری و نەبوونی، خورافات و دین و ئایدۆلۆژیای زاڵکراو و چەندین توخمی تری سەرخانەکانی ئەم کۆمەڵگایە تێبگەین، ئەبێ چاوێک بە ژێر خانی کۆمەڵگادا (واتە پێکهاتەی ئابوریدا) بخشێنین و لێکی بدەینەوە. ئەوەی کە ئایدۆلۆژی ئەڵمانی جەختی لێئەکاتەوە کە چ فەلسەفە و چ دین و چ یاسا و بەشەکانی تری کۆمەڵگا چۆن بەشێکی دانەبڕاون لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنان و زەرورەتی لەبەینچوونی ئەمەش وابەستەیە بە شۆڕش، شۆڕشی کۆمۆنیستیەوە، دەروازەیەک لە باسە فەلسەفیەکانی مارکس ئەکاتەوە. ئەوەی کە مانیفێست پێمان ئەڵێ پێویستمان بە کردارە و ڕێی ڕۆشنی بەردەممان بە کردەوە دیاری ئەکرێ، هەنگاوەکانی گەیشتی بە سۆسیالیزمان ئەخاتە بەرچاو...

بۆ ئەم بەشە من پشت ئەبەستم بەو ووتارە گرنگەی لینین کە لە ژێر ناوی: (سێ سەرچاوە و سێ پێکهاتەکانی مارکسیزم) دا نووسیویەتی.

لینین بەوە دەست پێ ئەکات کە بۆ بۆرژوازی، "مارکسیزم سێکتە وێرانکەر یان کاولکەرەیەکە" (pernicious sect).بەڵام لەبەرئەوەی مارکسیزم وەڵام بە هەموو مەسەلەکانی کۆمەڵگا ئەداتەوە ئەکرێ بە زانستێکی توانا فراوان بیهێنینە بەرچاوی خۆمان. بەهەرحاڵ سێ سەرچاوەی گرنگ کە ئەم زانست و تیۆر و هەتا بیروباوەڕە ئەناسێنێت بریتیە لە: فەلسەفە، ئابوری، سۆشیالیزم. هەر ئەم سێ سەرچاوەیەش پێکهاتەکەی پێکئەهێنێت. با پێکەوە چاوێکیان لێ بکەین:

هەروەک بینیمان لە باسەکانی پێشوودا کە ئایدیالیزم یەکێک بووە لە بیروڕا و بیرکردنەوە باوەکانی کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای نۆزدە لە فەرەنسا، بەڵام دواتر بە هەندێ ئەفکاری ماتریالیستی وەڵامیان وەرگرتەوە. بینیمان کە هیگڵ هەرچەندە باسی لە پرۆسەی دیالەکتیکانەی

شتەکان ئەکرد، بەڵام لە بنەمایەکی ئایدیالیستیەوە، ئەوە بوو دواتر فیورباخ بە پێچەوانەی هیگڵەوە هات و لێکدانەوەیەکی ماتریالیستی د ابە دەستەوە (هەرچەندە ئەنگلس لە کتێبی لیدڤیک فیورباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی دا، لە بەشی سێهەم بە ناوی فیورباخدا، ئەڵێ"ئایدیالیزمی فیورباخ لەوێدا دەرئەکەوێ کە دێتە سەر فەلسەفەی دین و ئەخلاق، کە ئەو نایەوێت دین هەڵبوەشێنێتەوە، بگرە ئەیەوێ تەواو و کاملی بکات"----- ئاخر فیورباخ ئەڵێ دڵ جەوهەری دینە و سەردەمەکانی بەشەریەت بە ئاڵوگۆڕە دینیەکاندا جیائەکرێنەوە! بەهەرحاڵ ئەمەیان باسێکی ترە... ڕاستە لەو کاتەدا دیالەکتیک وەک دەسکەوتێکی هەتا زانستی لە لێکدانەوەی سروشت و زانستەکانی تردا هاتبووە ئاراوە، بەڵام قوڵبوونەوەی مارکس لەم مەسەلەیەدا بردی بەرەوە ماتریالیزمی مێژووی، کە مەسەلەکانی بەستەوە بە خودی کۆمەڵگای بەشەری و پەیوەندیەکانی ئینسانەوە. وەک لینین ئەڵێ ئەو فەوزایەی کە لە ڕوانگەکاندا سەبارەت بە مێژوو و سیاسەت هەبوو لە لایەن مارکسەوە بەو تیۆریە زانستیە وەڵامدرایەوە کە لە ئەنجامی بەرەوپێشچوونی هێزەکانی بەرهەمهێنانەوە و لە سیستمێکی کۆمەڵایەتیدا سیستمێکی تر و هەتا باڵاتر گەشە ئەکات، هەروەک چۆن بینیمان کە چۆن سەرمایەداری لە فیودالیەتەوە هاتە دەرەوە. هەروەک چۆن زانیاری ئینسان ڕەنگدەرەوەی سروشتە (کە وەک سەربەخۆ لە خۆی هەیە)، ئاوهاش زانیاری کۆمەڵایەتی ئینسان (یانی دین و فەلسەفە و سیاسەت و هتد) ڕەنگدەرەوەی سیستمی ئابوری کۆمەڵگایە. یانی بۆ نمونە ئێستا سەیری سیاسەت و یاسا و فەلسەفە و دین کە فۆرمی کۆمەڵگای کوردستان یان عێراق یان هەر کۆمەڵگایەکی ترە بکەین، هەمووی لە پێناو بەهێزکردنی کۆنترۆڵی سەرمایەدارە بەسەر کرێکاراندا.

تا ئێرە ئەوە بوو کە لێکدانەوەی ماتریالیزمی مێژوویی بنەماکەی ئەوەیە کە سەرخانی سیاسی لە پێناو ژێرخانی ئابوریدایە. بۆیە دێینە سەر پێکهاتەی دووەم کە ئابوریە. ئەم مەسەلەیەش لە بەرهەمەکەی مارکس بە ناوی کاپیتاڵدا هاتووە. هەروەک وتمان زانستی ئابوری لە لایەن ریکاردۆ و ئادەم سمیثەوە، کە لە بەریتانیا وەک پێشکەوتووترین وڵاتی سەرمایەداری ئەو کاتەدا بوون، باسەکانیان کرد. ئەوان باسی تیۆری کار بۆ بەهایان کرد. مارکس ئەوەی نیشاندا کە بەهای هەر کاڵایەک بە بڕی ئەو کارە کۆمەڵایەتیەی تەرخانکراوە بۆ خوڵقاندنی یان بەرهەمهێنانی دەستنیشان ئەکرێ. مارکس باسی لە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان کرد. ئاڵوێری کاڵاکان دەرخەری پەیوەندی نێوان تاکە بەرهەمهێنەرەکانە لە تەواوی بازاڕدا. پارە دەلالەت لەوە ئەکات کە ئەو پەیوەندیە تا بێت نزیک و نزیکتر ئەبێتەوە و ژیانی ئابوری تاکە بەرهەمهێنەرەکان کۆئەکاتەوە و ئەیکات بە یەک. سەرمایەش دەلالەت لە گەشەیەکی زیاتری ئەو پەیوەندیە ئەکات کە لێرەدا مەبەست لەوەیە هێزی کاری مرۆڤ ئەبێ بە کاڵا و کرێکاری بەکرێ هێزی کارەکەی خۆی ئەفرۆشێت بە خاوەن کار یان کارگە و خاوەنی هێزەکانی بەرهەمهێنان. کرێکار بەشێک لە ڕۆژەکە کار ئەکات تا خەرجی تەنها مانەوەی خۆی و خێزانی دەربهێنێ و بەشەکەی تری ڕۆژ بەبێ هیچ دەسکەوت و موکافەئەیەک کار ئەکات، کە ئەمە ئەبێتە زێدەبایی بۆ سەرمایەدار کە سەرچاوەی قازانج یان سودە و سەرچاوەی سەروەتی چینی سەرمایەدارانە. وە لە ڕاستیدا باسی زێدەبایی بە بڕبڕەپشتی تیۆری

ماركس بۆ ئابوری دائەنرێت.
باسی سێهەم باسی سۆسیالیزمە وەک پێکهاتەیەکی تری مارکسیزم:
سەرهەڵدانی سەرمایەداری دوای فیودالیزم بووە مایەی زۆر نارەزایەتی، و لەوانەش هەندێک مەیلی سۆسیالیستی پەیدا بوون. کە یەکەمیان سۆسیالیزمی خەیالی (یان یۆتۆپیایی) بوو. ئەو مەیلە هەرچەندە رەخنەی لە سەرمایەداری ئەگرت و نەفرەتی نیشان ئەدا و خەونی بە روخاندنیەوە ئەبینی و روانگەیەکی بۆ کۆمەڵگایەکی باشتر هەبوو، بەڵام هەم لەلایەک ئەخلاقیانە ئامۆژگاری بۆرژوازی ئەکرد کە چەوساندنەوە ئەخلاقی تیا نییە، و هەمیش نەیئەتوانی باس لە سروشتی کۆیلەتی کرێ بکات و هەمیش نەیئەتوانی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیە نیشان بدات کە ئەبێتە مایەی ئاڵوگۆر. هیچ یەکێک لەو ئاڵوگۆرانە و لەو لێکدانەوانە و تەنانەت ئەو شۆرش و نارەزایەتیە توندانەش هێزی ئەسڵی ئاڵوگۆریان دیاری نەکرد، کە خەباتی چینایەتیە. ئەوە ئەو کلیلە بوو کە مارکس نیشانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا. کۆمەڵگا بۆرژوازیەکان لەو کاتەوە کە پێکهاتن و هەتا ئێستاشی لەگەڵ بێ لەهەوڵی داکۆکی لە بنەماکانی ئەو سیستمە ئەکەن کە لەسەری بەندە، تەنها هێزێک کە لە خودی ئەم کۆمەڵگایەدا هەیە، کە هێزێکی واقعی و بە پێی جێگاورێگای کۆمەڵایەتی خۆی ئەتوانێ و ئەبێ ئەو هێزە پێکبهێنێ و رێبکخات کە ئەو بنەمایانە ئەخاتە لاوە و کۆمەڵگایەکی نوێ بێچین و چەوسانەوە دابین بکات، ئەویش چینی کرێکارە بۆ بەرپاکردنی شۆرشی سۆشیالیستی..... سەرئەنجام تەنها ماتریالیزمی مێژوویی مارکس رێگای رزگار بوون لە "کۆیلەتی رۆحی"، وەک لینین ناوی ئەنێ، نیشانی چینی کرێکار داوە و ئەدات، تەنها تیۆری ئابوری مارکسە لە جێگاورێگای واقعی و راستەقینەی چینی کرێکاری لە سیستمی سەرمایەداریدا نیشان داوە و ئەدات. وە تەنها ئەو پراتیکە سیاسیە، سۆشیالیستە رێکخراوە هوشیارەیە، کە مارکس پەنجەی خستۆتە سەر کە ئەتوانێ دەروازەی بەردەم کۆتایی هێنان بەو سیستمە و دامەزراندنی سیستمێکی نوێ بکاتەوە.

## میثۆدۆلۆژی مارکس:

دیارە ئەم باسەش زۆر زۆر هەڵئەگرێت و ئێمە فرسەتی داپۆشینی هەموو بابەتەکەمان نابێ. بەڵام با سەرەتا ئەوە بڵێین کە میتۆدی سەرەکی مارکس ئەوەیە کە ناو ئەنرێ "رەخنەی بێرەحمانە" لە کۆمەڵگای چینایەتی و بنەمای ئابوری چەوسانەوەی مرۆڤ. بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو کارە بکات هەرچی فەلسەفە و ئایدۆلۆژیا و بیروراکانی سەردەمی خۆی هەیە داویەتی بە رەخنە و رەتکردنەوە، وەک لە هەندێ لە نمونەکانی پێشوودا بینیمان.
بۆ باسکردن لە هەندێ لایەنی ئەم مەسەلەیە پشت ئەبەستین بە باسێکی مەنسور حمکەت بە ناوی مارکسیزم و پراکتیکی شۆرشگێرانە، دەربارەی میتۆدۆلۆژی لینین، کە بەشێکە لە باسی فکری "یەکێتی کۆمۆنیستی، ئەناتۆمی لیبرالیزمی چەپ" دا لە گۆڤاری حزبی کۆمۆنیستی ئێران "بەرەو سۆسیالیزم" ساڵی ١٩٨٢ دا بڵاوبۆتەوە (ئەم بابەتە لە وەرگێرانی خەسرەو سایەیە و لە بەرگی یەکەمی کتێبی هەڵبژاردەیەک لە نووسراوەکانی مەنسور حکمەت، چاپی رەنج ساڵی ٢٠٠٨ دا

بڵاوبۆتەوە (لا: ٣١٧_٣٤٢). هەرچەندە ئەو باسە خۆی سەبارەت بە میتۆدۆلۆژی لینینە، بەڵام حکمەت هەردووکیانی پەیوەست کردۆتەوە بە یەکەوە و ئەتوانێ تێگەیشتنێک لە مارکسیش بدات بە دەستەوە. هاوکاتیش یەکێک لە جەوهەرەکانی پراتیکی شۆڕشگێڕانە کە لە تێزەکانی فیورباخدا هەیە، باس ئەکەین. ئەوە لەو باسەدا ڕۆشن کراوەتەوە کە بۆ گەڕان بۆ میتۆدۆلۆژی مارکس ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ تێزەکان دەربارەی فیورباخ و ئایدۆلۆژی ئەڵمانی. لە هەندێک لە خاڵەکانی پێشوودا سەبارەت بە ڕەخنەی مارکس، کە لە ئایۆلۆژی ئەڵمانیدا هێنامانەوە، مارکس ڕەخنە لەو ماتریالیزمە میکانیکی و ستاتیکەی کە هەبووە ئەگرێت و لە جێیدا وەک ووتمان بیر و هۆشی ئینسان پەیوەست ئەکاتەوە بە خودی کۆمەڵگا و پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ئابوریەکانەوە. وە ئاڵوگۆڕیشی لەوەدا بە پراتیکی ئاڵوگۆڕبەخشەوە، واتە شۆڕشگێڕانەوە، بەستۆتەوە. ئەمە یەکێکە لە کرۆکەکانی میتۆدی مارکس بۆ ڕەخنە، یاخو بەشێکە لە ماتریالیزمی مارکس. "مارکس مرۆڤ ئەباتەوە جێگای واقعی خۆی و لە مێژووی خۆیدا دایئەنێ" (حکمەت). ئەمە ئەو مەسەلەیەیە کە مارکس لە تێزی یەکەم سەبارەت بە فیورباخدا ئەیڵێ:''هەتا ئێرە ئەو لە گرنگی چالاکی شۆڕشگێڕانە و ڕەخنەگرانەی بە کردەوە تێنەگەیشتووە.'' ئەمە بەو مانایە ڕۆیشتنە لە سەبجێکتەوە، کە لە فیکری فیورباخدا هەیە، بەرەو ئۆبجێکت، کە مارکس تەرحی ئەکات. بەم مانایە ئەتوانین بڵێین کە ئەمە بەشێکە لە میتۆدۆلۆژی مارکس بۆ "ماتریالیزمی پراتیک". هەڵبەتە باسەکەی مەنسور حکمەت لێرەوە پەیوەست ئەبێتەوە بە ڕۆڵی توخمی چالاک و هەبوونی ڕابەر بۆ شۆڕش و ئەو مەسەلانەوە کە لینین کردوونی، بەڵام ئەمەیان جێگای ئەم باسەی ئێمە نییە.

ئەم مەسەلەیە زۆر ڕەبت ئەبێتەوە بە شۆڕشگێڕیتی مارکسەوە، کە بۆرژوازی جیهانی تا ئێستاش زۆر هەوڵئەدات لەو سیفەتەی دایبڕێ و تەنها وەک ئابوریزانێک ناوی ببات.

هەروەک مارکس لە تێزی دووەمدا ئەڵێ کە حەقیقەتی بیرکردنەوە ناتوانرێ لە پراتیک جیابکرێتەوە، گەر ئەو کارە بکرێ ئەو تەنها لێکدانەوەیەکی سکۆلاستیکیە (دیراسی یان تەعلیمی).

ئەمەش گەیاندوویەتی بە تێزی سێهەم کە ئەڵێ هەرجۆرە گۆڕانکاریەک لە هەلومەرجدا یان هەتا ئاڵوگۆڕ لە خود و چالاکی ئینساندا تەنها ئەتوانرێ وەک پراتیکێکی شۆڕشگێڕانە لێکبدرێتەوە.

یان ئەوەی کە وەک ڕەخنەیەکی قوڵ لە ماتریالیزمی پێشوو یان فەیلەسوفەکانی پێشتری گرتوویەتی لە تێزی ئاخیردا، یانزەیەم، ئەڵێ "فەیلەسوفەکان تەنها جیهانیان لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە لێکداوەتەوە، بەڵام مەسەلەکە گۆڕینیەتی".

مارکس ئەڵێ کە بۆ تێگەیشتن لە بیری مرۆڤ و بەرهەمەکانی تری مرۆڤ ئەبێ لە خودی کۆمەڵگاوە دەست پێبکەین، کە خودی کۆمەڵگاش بەرهەمی پراتیکە، پراتیکیش لە پرۆسەیەکی دیالەکتیکیدا چۆتە پێشەوە و ئەچێتە پێشەوە، واتە ئاڵوگۆڕ بە پراتیکی شۆڕشگێڕانە ئەکرێت.

لێرەوە ئەگەین بە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە کردوومانە و ئەویش پەیوەندی تیۆر و پراتیکە. مارکس تەنها دنیای لێک نەداوەتەوە و لەمبارەیەوە تیۆر دابڕێژێ، زانستێک دابنێ، و تێگەیشتن بدات بە دەستەوە. مارکس بەو لێکدانەوانە ئەگات بەوەی کە دنیایەک کە بەوجۆرە بێت ئاڵوگۆڕی پێویستە. ئەو ئاڵوگۆڕەش تەنها و تەنها بە کردەوە، بە کار، بە پراتیک ئەکرێ. ئەمە سیفەتی

## ناساندنێك سەبارەت بە ماركس ..

جیاکەرەوەی کۆمۆنیزمی مارکسە لە هەر جۆرە مۆدێلێکی تر لە کۆمۆنیزم یان ڤێرژنێک کە بە ناوی کۆمۆنیزمەوە دەرخواردی چینی کرێکار و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەدرێت. هەروەک لە بەشەکەی سەبارەت بە مانیفێستدا، وەک وەرەقە عەمەلێکی کۆمۆنیستەکان، ووتمان بۆ ئەو پراتیکە شۆڕشگێڕانەیەی بۆ ژێرەژوورکردنی دنیای سەرمایەداریە پێویستە.

## کۆتایی:

هەروەک لە سەرەتای بابەتەکەدا هاتووە، ئەمە تەنها ناساندنێکی خێرا و چاوخشاندنێکی خێرایە بەسەر مارکس و هەندێ مەسەلەی مارکسیزمدا. ئیتر ئەمە ئەبێت بمانگەیەنێت بەو پرسیارە: بۆچی مارکس و مارکسیزم و شۆڕش؟ مارکس و مارکسیزم بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگا و شۆڕشیش بۆ ئاڵوگۆڕ. بێگومان بۆ لێکدانەوەی کۆمەڵگای کوردستان و ناسینی میکانیزمەکانی ئاڵوگۆڕ لەم کۆمەڵگایەدا، سەرەتا پێویست بە ناسینی خودی کۆمەڵگاکە و لێکەوتەکانی و پێکهاتە ئابوریەکەی و بەمپێیەش پێکهاتە سیاسی و فیکریەکەی ئەکات. پاشان ئەوەی کە کۆمۆنیزم لە کۆمەڵگایەکی لەم چەشنەدا چۆن بگاتە ئەنجام، مەسەلەیەکی پوختی عەمەلی و سیاسیە.

بەو هیوایەی ئەم ناساندنەی مارکس پاڵنەرێک بێت بۆ چینی کرێکاری کوردستان بۆ زیاتر بە دەستەوە گرتنی لێکدانەوە و میتۆدەکانی ئەو تاکو بتوانین پراتیکی شۆڕشگێڕانەکەی ئەو بگرینە بەر.

ئۆکتۆبەری ٢٠١٥

### سەرچاوەکان:


فریدریک ئەنگلس: کارڵ مارکس (ئنیگلیزی): http://www.marxists.org/archive/marx/bio/marx/eng-1869.htm

لینین: کارڵ مارکس، سەرخەتێکی کورتی بایۆگرافی و نیشاندانی مارکسیزم (ئینگلیزی): http://www.marxists.org/archive/lenin/works/1914/granat/index.htm

مەنسور حکمەت: دوبارە خوێندنەوەی کاپیتاڵ، ساڵی ٢٠٠١ (فارسی): http://hekmat.public-archive.net/fa/3200fa.html

کارڵ مارکس: پێشەکی بەشداریەک لە ڕەخنە لە ئابوری سیاسی (ئینگلیزی): http://www.marxists.org/archive/marx/works/1859/critique-pol-economy/preface.htm

کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگلس: ئایدۆلۆژی ئەڵمانی (ئینگلیزی)، The German Ideology, Marx& Engels. New York, Prometheus Books (Great books in philosophy), 1998.

سپارکنۆوتس دەربارەی مارکس و بەرهەمەکانی (ئینگلیزی): http://www.sparknotes.com/philosophy/marx/

فیلّ گاسپەر، کلاسیکەکانی مارکسیزم، ئایدۆلۆژی ئەڵمانی (ئینگلیزی): http://www.isreview.org/issues/33/germanideology.shtml

لینین: سێ سەرچاوە و سێ پێکهاتەی مارکسیزم (ئینگلیزی): http://www.marxists.org/archive/lenin/works/1913/mar/x01.htm

مەنسور حکمەت: مارکسیزم و پراتیکی شۆڕشگێڕانە. هەڵبژاردەیەک لە نووسراوەکانی مەنسور حکمەت، لە پیاچونەوە و ئامادەکردنی سالار ڕەشید، چاپی ساڵی ٢٠٠٨، بەرگی یەکەم. چاپخانەی ڕەنج (لاپەڕکانی ٣١٧-٣٤٢)

کورشی مودەریسی، دووبارە خوێندنەوەی مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست، ساڵی ٢٠٠٩: http://www.koorosh-modaresi.com/Farsi/bazxaniManifest.html

کارڵ مارکس و فریدریک ئەنگلس: مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست (ئینگلیزی). (The Communist Manifesto, Marx and Engels, New York, International Publishers, ٢٠٠٧)، هەروەها لەم لینکەشدا دەست ئەکەوێت: http://www.marxists.org/archive/marx/works/1848/communist-manifesto/ch01.htm

کارڵ مارکس، کاپیتاڵ. بۆ ئەمە سوود لە زانیاریەکانی بەرگەکانی کاپیتاڵ کە لەم سێ لینکەدا هاتووە وەرگیراوە:

بەرگی یەک: https://www.marxists.org/archive/marx/works/download/pdf/Capital-Volume-I.pdf

بەرگی دوو: https://www.marxists.org/archive/marx/works/download/pdf/Capital-Volume-II.pdf

بەرگی سێ: https://www.marxists.org/archive/marx/works/download/Marx_Capital_Vol_3.pdf



مەنسور حکمەت

# ناسیۆنالیزم و مەسەلەی میللی

مەسەلەی میللی، وەکو بەرامبەرکێیەکی کومەلایەتی لەسەر بنەمای ناسنامە میللییەکان کە ئەوەندە پەرەئەگرێ کە جیابوونەوەی سیاسی وەکو ڕێگاچارەیەک دێنێتە گۆڕ، چون سەرهەڵئەدات؟ خودی بوونی ناسنامە میللییە جیاجیاکان نابێتە مایەی سەرهەڵدانی حەتمیی مەسەلەیەکی میللی لە کومەڵگادا. نموونەکانی پێکەوە ژیانی بێ گیروگرفت و بێ پێکدادانی میللەتە جیاجیاکان لەیەک چوارچێوەی ولاتیدا زۆرن. بوونی ستەم و هەلاواردنی میللیش هێشتا بەمانای سەرهەڵدانی مەسەلەی میللی لە ئاستێکی کۆمەلایەتیدا نییە. لە زۆرێک لە ولاتاندا هەلاوادنە میللییەکان لە هەمان کاتدا کە واقعییەتیکی هەست پێکراو و مەینەتباری ژیانی میللەتە ژێردەستەکانن، لەگەڵ ئەمەشدا لە جەرگەی ئەو پەیوەندییە جێکەوتووە ئابووری و سیاسییانەی کە لە کۆمەلگادا هەن، بۆ خودی تاکەکانی میللەتی ژێردەست لەوە لاوەکیتر دەرئەکەون کە کێشمەکێشێکی سیاسی توندوتیژ بخوازن. خەبات بۆ لابردنی ئەم هەلاواردنانە لە زۆربەی زۆری حاڵەتەکاندا نابێتە مایەی سەرهەڵدانی مەسەلەیەکی میللی بۆ ئەو کۆمەڵگایە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە بۆ سەرهەڵدانی مەسەلەی میللی دەبێ ناسیۆنالیزم وەکو ئایدۆلۆژی و بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی بەتەواوی هاتبێتە مەیدان. جیاوازییە میللی و قەومییەکان و نایەکسانییە ئابووری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگییەکان لەسەر بناغەی ئینتمای میللی، ئەو واقعییەتانەن کە بە دەستی بزووتنەوە کۆمەلایەتییە جیاجیاکانەوە بەسەرەنجامی جیاجیا دەگەن.

(لە ووتاری میللەت و ناسیۆنالیزم و بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری (ساڵی ١٩٩٤)، وەرگێڕانی سەعید ئەحمەد. سەرچاوە: هەڵبژاردەیەك لە نووسراوەکانی مەنسور حکمەت، ئامادەکردن و پیاچوونەوەی سالار ڕەشید، بەرگی دووەم، ساڵی ٢٠٠٨، لاپەڕەکانی ١٦٥_٢١٣. ئەم بەشەی لێرەدا داگیراوە لە لاپەڕەکانی ٢٠٨_٢١٢)

## ناسیۆنالیزم و مەسەلەی میللی

لیبرالیزم و کۆمۆنیزم و سۆسیال دیموکراسی و ناسیۆنالیزم لەگەڵ ئەم واقعییات و پۆتانسیێلانەدا وەکو یەک ڕەفتار ناکەن. ناسیۆنالیزم ئەو ڕەوتەیە کە دەیەوێ تەبەلوری سیاسی ببەخشێتە ئەم قڵشت و جیاوازییانە. ناسیۆنالیزم ئەو ڕەوتەیە کەئەم جیاوازییانەی ئێستا و داهاتوو ڕاستەوخۆ بە مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیو ئایدۆلۆژیی حوکمرانییەوە گرێ دەدات.

پێشتر وتم کە ناسیۆنالیزم بەرهەمی خۆپەرستانەی میللەتان نییە. بە پێچەوانەوە، میللەتان و خۆپەرستی و دەمارگیریی میللییان بەرهەمی ناسیۆنالیزمە. ناسیۆنالیزم، سەربەخۆ لەوەی کە لە چ سەردەمێکداو لەجەرگەی کام ڕەوتی پایەیی لە قەڵەمڕەوی ئابووری سیاسیدا پێ ئەنێتە مەیدان، ئایدۆلۆژییەکی بۆرژواییە بۆ بەرپاکردنی دەسەڵاتی چینایەتی. ئایدۆلۆژییەکە کە هەوڵ دەدات حکومەتی چینایەتی بۆرژوا بە جۆرێک بەرپا بکات کە وەکو بەرهەم و تەجەسومی سیاسی خاسییەت و تایبەتمەندییە زاتییە هاوبەشەکانی نێوان شوێنکەوتووانی نیشان بدرێت. ناسنامەی میللی بەردی بناغەی ستراتیجی ناسیۆنالیزمە لە بەرپاکردنی دەوڵەتی چینایەتی بۆرژوازیدا. دەوڵەتی چینی دەسەڵاتدار، بە تەجەسومی دەرەکی زاتو ناسنامەی میللی هاوبەش و سەرووچینایەتی شوێنکەوتووانی لەقەڵەم ئەدریت، لەکاتێکدا لەباری واقعیەوە ئەوە ناسنامەی میللی شوێنکەوتووانی کۆمەڵگایە کە تەجەسومی دەروونی و ڕەنگدانەوەی ئایدۆلۆژی ناسیونالیستیی دەسەڵاتە لەزەینی ئەواندا. ئەوە پێداویستییەکانی بەرپاکردنی دەسەڵاتی بۆرژوازییە کە بۆ ناسیۆنالیزم داهینانی مەقولەی میللەت و ناسنامەی میللی دەکاتە شتێکی پێویست.

مەسەلەی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسی و پەیوەندییان بە میللەت و ناسنامەی میللییەوە، مەسەلەی بنەڕەتیی ناسیۆنالیزمە. ڕۆڵی ناسیۆنالیزم لە خولقاندنی مەسەلەی میللیدا، گواستنەوەی مشتومڕ و جیاوازییە میللییەکانە لە قەڵەمڕەوی ئابووری یان فەرهەنگیەوە بۆ قەڵەمڕەوی سیاسەت و مەسەلەی دەسەلات. تا ئەو کاتەی کە جیاوازی و نایەکسانی و کێشمەکێش و مشتومڕە میلل و قەومییەکان ڕاشکاوانە نەبەسترابێتەوە بە مەسەلەی دەوڵەت و حاکمییەتەوە، هێشتا مەسەلەی میللی بەمانای تایبەتیی ووشەکە سەری هەڵنەداوە. کاری ناسیۆنالیزم ئەوەیە کە ئەم گوزارە بۆ ناو قەڵەمڕەوی سیاسەت و دەسەڵاتی دەوڵەتی زامن بکات.

مەسەلەی میللی زیاتر لە هەر شتێک ئاکامی میللی بوونی فەلسەفەی دەسەڵاتی دەوڵەتییە لە کۆمەڵگادا. ناسیۆنالیزمی میللەتی باڵادەست و هێنانە مەیدانی دەوڵەت وەکو ئامرازێک بۆ زامن کردنی بڵندتری میللی و بەقانوونیکردنی هەڵاواردنە میللییەکان سەرچاوەیەکی سەرەکیی سەرهەڵدانی مەسەلەی میللییە لە چوارگۆشەی جیهاندا. ستەمی میللی بەمانای تایبەتیی ووشەکە دەستەواژەیەکی سیاسییە. لە نیزامێک کەتیایدا ئایدۆلۆژی حاکمییەت لەسەر ئینتمای میللی دانەمەزرابێ، ئەو نایەکسانییانەی کە لە ئیمکاناتە ئابووری و فەرهەنگییەکانی نێوان میللەتە جیاجیاکاندا هەیە، شانسێکی کەمتری هەیە بۆئەوەی ببێتە مایەی کێشمەکێشێکی سیاسی و شکڵدان بە مەسەلەیەکی میللی لەکۆمەڵگادا. بەڵام سەرکوتگەریی ناسیۆنالیزمی باڵادەست تەنها سەرچاوە و زەمینەی سەرهەڵدانی مەسەلەی میللی نییە. واقعییەتەکانی هەرئەم چەند ساڵەی یەکەمی دەیەی نەوەد ئەوە بە ڕۆشنی نیشان دەدات کە جموجۆڵە ناسیونالیستییەکان دەتوانن لەسایەی

هەلومەرجی تایبەتیدا لەسەر بچووکترین و لاوەکیترین قڵشتی میللی و قەومی گەورەترین کێشمەکێشی میللی بنیات بنێن. ئەگەر بکرێت فۆرمۆڵەیەکی گشتی لەبارەی سەرهەڵدانی مەسەلەی میللییەوە بەدەستەوە بدرێت ئەوەیە کە بوونی مەسەلەی میللی بە مانای تایبەتی ووشەکە بەرهەمی کارکردی ناسیۆنالیزمە و ڕووبەڕوو بوونەوە و بەرامبەرکێی توندوتیژی ناسیۆنالیزمە جیاجیاکان تایبەتمەندیی هەموو حاڵەتەکانی مەسەلەی میللییە. کاتێک ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە بەکردەوە ڕووئەدات و مشتومڕ لەسەر دەسەلات لەژێر ئالای ناسنامە میللییە جیاجیاکان لەنێوان بەشە جیاجیاکانی بۆرژوازیدا هەڵئەگیرسی، ئیتر سەرچاوەی کۆمەلایەتی و فەرهەنگی پێکهەڵپژانەکانی یەکەم شتێک لەبارەی ناوەڕۆک و بناغەی ئەمڕۆی مەسەلەکەوە ڕوون ناکاتەوە.

مەسەلەی میللی بەرهەمی ناسیۆنالیزمە. بەڵام چارەسەرکردنەکەی زۆر جار ئەکەوێتە ئەستۆی سۆسیالیزمی کرێکاری. باسی بەڕەسمی ناسینی مافی جیابوونەوە ئامرازێکی گرنگی کۆمۆنیزم و چینی کرێکارە لەبەرامبەر بنبەست و قەیرانێک کە ناسیۆنالیزم و بۆرژوازی خوڵڵاندوویانە. بەم پێیە هاتنە ناوەوەی باسی مافی جیابوونەوە بۆ ناو بەرنامەی کۆمۆنیستی بەمانای بەرەسمییەت ناسینی توانای تێکدەرانەی ناسیۆنالیزمە لە دنیای بۆرژوازیدا. بەڕەسمی ناسینی مافی جیابوونەوە چەکێکە بۆخەبات لەدژی ناسیۆنالیزم. وە ئەمەش ئەو لایەنەی دەرکی مارکسیستییە لەبەرامبەر مەسەلەی میللیدا کە بەشێوەیەکی تایبەتی قەرزاربارى لینینە. "کۆمۆنیزمێکی پراکتیک" ی کە سڕینەوەی هەڵاواردن و ناسنامە درۆینە میللییەکان تەنها شیعارێکی سەرئالاکەی و ئارەزوویەک نییە لەدڵیدا، بەلکو ئەرکێکە کە بەکردەوە خستوویەتییە ئەستۆی خۆی. کۆمۆنیزمێکی پراتیکی کە دەیەوێ مەبادئەکانی لە جیهانی واقعی و لەبەرامبەر هێزی مەزنی ڕەوتە بۆرژواییەکاندا پیادە بکات. بەڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوەی میللەتانی ستەملێکراو وەکو ڕێگاچارەی مەسەلەی میللی، شێوازێکە بۆ چەک کردنی ناسیۆنالیزم و بۆرژوازی و ڕێگاخوش کردن بۆ ڕزگاربوونی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە کارکردە زیانبارەکانی ناسیۆنالیزم لەسەر زەین و ژیانیان.

ئەم باسە لەهەمان کاتدا بەو مانایەیە کە بەڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوە وەختێک مەوزوعییەت پەیدا دەکات کە ڕەوتە ناسیونالیستییەکان پێشرەوییەکی بەرچاویان کردبێت و خورافاتەکانی خویان کردبێتە هێزێکی ماددی لە کۆمەڵگادا. بەتایبەت ئەوەی کە کارەکەیان کێشابێتە قەڵەمڕەوی کێشمەکێشی چالاک لەمەیدانی سیاسیدا. بوونی ناسیۆنالیزمیک کە هێشتا لە قەڵەمڕەوی فەرهەنگ و خۆنواندنی فەرهەنگیدا ماوەتەوە، ناسیۆنالیزمێک کە هێشتا لەنێو ئەومیللەتەدا، چ باڵادەستو چ ژێردەست، ڕەوتێکی لاوەکی و وەرەقەیەکی زەختی بچووکە، نابێتە پاساویک بۆ بازدان بۆ باسی مافی جیابوونەوە. بەڕەسمییەت ناسینی مافی جیابوونەوە دەرمانی دەردێکە کە بەکردەوە نیشانەکانی دەرکەوتبێت، فاکسن (کوتان)ێک بۆ بەرگرتن بە سەرهەڵدانی مەسەلەی میللی نییە. ڕوویەکی تری ئەم باسە ئەوەیە کە ئەو مەسەلە میللییانەی کە هەن مومکنە لەڕەوتی میژوودا لەمەیدان بچنە دەر و مەسائیلیکی تازە بینە مەیدان. قڵشتێکی میللی کە ئەمڕۆ نەبووەتە گرێیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی بنەڕەتی دەتوانێ لەماوەی چەند ساڵێکدا بەهیممەتی

## ناسیۆنالیزم و مەسەلەی میللی

ناسیۆنالیزم وای لێبێت. دەستنیشان کردنی کونکرێتی مەسەلەکە لەهەر حالەتیکدا مەرجی مەبدەئییەتی کۆمۆنیستییە لەبەرامبەر مەسەلەی میللیدا.

فۆرمۆلبەندییەکەی ئێمە کە لەسەر بناغەی گرێدانی باسی مافی جیابوونەوە بە بوونی مەسەلەی میللییەوە، بەمانای سیاسی ووشەکە، بنیات نراوە، کۆمەکمان پێ دەکات کە بتوانین جەختێکی زیاتر لەسەر ئەرکە دژی ناسیونالیستییەکانی کۆمۆنیزم بەرلە سەرهەلدانی مەسەلەی میللی بکەین. خەباتی چالاکانە لەدژی ستەم و هەلاواردنی میللی، بانگەواز بۆ خەباتێکی سەراسەری لەپێناو کۆمەلگایەکی یەکسان و دوور لە هەلاواردن، پەردە هەلمالین لە ڕووی ناسیۆنالیزم و بەرژەوەندی و ناوەڕۆکە بۆرژواییەکەی لەهەردوو بەری کێشمەکێشە میللییەکاندا، تەبلیغ کردنی ناسنامەی چینایەتی هاوبەشی کرێکاران و ناسنامەی ئینسانیی هاوبەشی هەموو خەلک و ڕەخنەگرتن لە تێڕوانینی دەمارگیرانەی ناسیۆنالیستی، ئەمانە ئەرکە سەرەکی و حەیاتییەکانی کۆمۆنیزمە لەدژی جموجۆلی ناسیونالیستی و ئاسۆی میللی. فۆرمۆلبەندییە بەرنامەییەکەی ئێمە بە دانانی باسی "مافی میللەتان "لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و مەودا شمولییە سنووردا رو واقعییەکەی خۆیدا، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەو جۆرەی کە پێویستە لە دژایەتییەکی لەئاشتی نەهاتوو لەگەل ناسیۆنالیزمدا پێناسە دەکات و لە زۆربەی حالەتەکاندا بۆ هێرش کردنە سەری بانگەوازی دەکات، بێئەوەی کە ئێمە لە ئامرازە سیاسییە واقعییەکان بۆ دەخالەتی واقعی لە قەیرانە میللییەکانی کومەلگادا مەحروم بکات.

**بەڵگەنامە:**

# دەسەڵاتی بۆرژوا- ناسیۆنالیستی کورد مایەپووچ بووە ڕێگاچارە پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیە!

پاش ٢٤ ساڵ لەدەسەڵاتی بۆرژوا- ناسیۆنالیستی کوردو ڕاپێچکردنی کۆمەڵگای کوردستان بۆ ناو دەیان گێژاوو کارەساتو نەهامەتیو کێشکردنی بەناو چەندین سیناریۆی تەڵخ و قەیران و بنبەستی یەک لەدوای یەک، سەرجەم جومگەکانی ئەم دەسەڵاتە نوقمی قەیرانو ڕووبەڕووی ناکامیو بنبەست بوونەتەوە. سەرەتاییترین بنەماو پێوانەکانی ئەو دیموکراسیە پەرلەمانیەی کە جێگای شانازییان بوو خرایە ژێرپێوە. سەرۆکی پەرلەمان وەدەرنرا و ئەو بەناو بەرزترین دامەزراوە یاساییەی کوردستان لەکارخرا. کورسی سەرۆکایەتی هەرێم تەنانەت بەدوور لە پێوانە و یاسا پەسەندکراوەکانی خۆیان ڕاشکاوانە لەلایەن بنەماڵەوە قۆرخکرا. دەرپەڕاندنی وەزیرەکانی کابینەی حکومەتە بنکەفراوانەکەیان دواپەردەی بەگاڵتەجاڕکردنی سەرجەم ئەو یاساو ڕێسا دیموکراسیە پووچەبوو کە کرابووە ماسکێک بۆ دەسەڵاتی میلیشیایی حزبە ناسیۆنالیستەکان. ئێستا ئیتر ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییە نەک هەر هیچ وەڵامێکی بۆ قەیرانە کەڵەکەبووەکانو ئەو کێشانە نیە کە یەخەی جەماوەری خەڵکی کوردستانی گرتوە، تەنانەت هیچ ئاسۆیەک بۆ دەربازکردنی دەسەڵاتەکەی خۆشیان لەم بنبەستە شک نابەن.

دوای ئەو ڕوداوانە ئیتر گومانێک نەمایەوە کە بانگەشەی سیستەمی پەرلەمانی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لەڕێگای پەرلەمان و بەدامەزراوەییکردنی دەسەڵات و ئۆرگانەکانی حکومەت بێجگە لەبڵاوکردنەوەی خۆشباوەڕی و پەلەقاژەیەکی فریوکارانە بۆ ڕتووشکردنو

## دەسەڵاتی بۆرژوا- ناسیۆنالیستی کورد مایەپووچ بووە..

جوانکردنی سیمای ناشیرینی دەسەڵاتی میلیشیایی ئەحزابی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کوردی شتێکی دیکە نەبوو.. ئێستا بزوتنەوەی گۆڕان و هەردوو حیزبی ئیسلامی سیاسی کە دەهۆل کوتانیان بۆ چاکسازی کردبووە ڕێگای بەشداربوونیان لە دەسەڵات و سامانی بەتاڵانبراوی کۆمەڵگادا، باجی خۆشباوەڕکردنی جەماوەر بەدەسەڵاتی میلیشیایی بەشێوەیەکی گشتیو کڕینی شەرعیەت بۆ دەسەڵاتی پارتیو بنەماڵەیی بارزانی دەدەن. بەڵام لەلایەکی دیکەوە شکست و بنبەستی حکومەتو پەرلەمان و بێئاسۆیی حیزبە بۆرژواییەکانی پێکهێنەری حکومەت لەپەیداکردنی ڕێگاچارەیەک بۆدەربازبوون، کێشەو ناکۆکیەکانی نێوانیانی قوڵترکردۆتەوەو لەگەڵ ناکۆکی و بێ ئاسۆیی خۆشیاندا کۆمەڵگایان بە خۆیانەوە بەرەو سەرگەردانیو بێ ئاسۆیی و بێ ئومێدی پاڵ پێوەناوەو بونەتە مەترسی بۆسەر ژیان و گوزەرانی خەڵکو تاریککردنی ئایندەی سیاسی و کۆمەڵایەتیان. ئەمانە بێجگە لەوەی قوتی ژیانی خەڵکوگوزەرانو خزمەتگوزاریو ئایندەی خەڵکیان بە ململانێو ڕێکەوتنەکانی نێوان خۆیانەوە گرێداوەتەوە، هاوکات و بۆ هەمان مەبەست چارەنوسی سیاسی کوردستانیان لەچوارچێوەی فیدراڵیزمێکی قەومی کۆنەپەرستانەو شکستخواردوودا، بەستۆتەوە بەدەسەڵاتی کۆنەپەرستانەی قەومی-ئیسلامی عێراقی نقوم بوو لەشەڕی تائیفی و ململانێی قەومیدا. بەم جۆرە کوردستانیان کێشکردوە بۆناو گێژاوی سیاسی و ململانێ ناوچەییەکان و بەرژەوەندی دەوڵەتە ئیقلیمی و ئیمپریالیستیەکان، کە ئاسۆیەکی نادیارو تاریک دەخاتەبەردەم ئەم کۆمەڵگایە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لەچەند ساڵی ڕابردوودا هەمیشە پێداگری لەسەر ئەوە کردوە کە گرفتی ئێستای کوردستان، گرفتاربوونێتی بە گێژاوێکی سیاسی گەورەوەو دوو هۆکاری سەرەکی لە پشتی ئەم گێژاوەوە ڕاوەستاون: یەکەم؛ دەسەڵاتی میلیشیایی داسەپاوی حزبە ناسیۆنالیستەکان بەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکدا، دووەم؛ لکاندنی فیدراڵیانەی کوردستان بەدەسەڵاتی قەومی-ئیسلامیەوە لەناوەند. بەبێ دەرهێنانی کوردستان لەم گێژاوەو وەلانانی ئەو دوو هۆکارە، هەر جۆرە پروپاگەندەیەکی چاکسازیو گۆڕانکاری پووچە و هیچ باشبوونێکی جدی لەژیانی مادی و مەعنەوی خەڵکی کوردستاندا ئیمکانی نیە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان لە ڕوانگەی بەرژەوەندیەکانی کرێکاران و جەماوەری ستەمدیدەو ئازادیخوازی کوردستانەوە، لە جەرگەی ئەم بنبەست و لێشاوی قەیرانەی کە کۆمەڵگای نوقمی پشێوی و بێدەرەتانی کردووە، جارێکی دیکە پێداگری لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەڕێگاچارەی دەستبەجێ و کارساز پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆی ئازادو سیکولارو غەیرە قەومیە لەکوردستان. بەبێ کۆتاییهێنان بەم گرفتە سەرەکیەی کۆمەڵگای کوردستان، ئەڵقەی بێمافیەکانی خەڵک لەبابەتی بێمووچەیی، نەبوونی خزمەتگوزاری، پێشێلکاری و سەرکوتی سیاسی، پروپاگەندەکانی ئەم حیزبانە بۆ خۆدزینەوە لەژێرباری بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە خەڵک و فرێدانی خەتاکان بۆسەر یەکتری و بۆسەر حکومەتی ناوەندی وەکو ئەڵقەیەکی بۆکۆتایی دوبارە دەبێتەوە.

سەرچاوەو هۆکاری نەبوونی مووچەو خزمەتگوزاریەکانو سەرجەم بێمافیەکانی دیکەی خەڵک، گەندەڵی و تاڵانوبڕۆی داهاتی کوردستان، دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی کوردو بەستنەوەی

فیدراڵیانەی بەزۆری چارەنوسی سیاسی کوردستانە بەدەسەلاتی قەومی-ئیسلامی کۆنەپەرستانەی عێراقەوە. بۆیە خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافانە بەدابڕاوی لەخەبات بۆ کۆتاییهێنان بە بارودۆخی سیاسی ئێستا و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئاکامێکی ئەوتۆی نابێ.
حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکات کە لەپاڵ خەبات بۆ وەرگرتنەوەی مافە سەرەتاییەکانیان هەر لەم دەسەلاتە میلیشیاییە و توندکردنەوەی نارەزایەتیەکان و رێکخراوکردنو فراوانکردن و سەراسەری کردنەوەیان، پێویستە هاوکات خواستی پێکهێنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و بەرێخستنی خۆپیشاندانو چالاکی سیاسی جەماوەری دەیان هەزار کەسی لەناوخۆ و دەرەوەی کوردستان بکەنە ئەڵقەی تەواوکاری نارەزایەتیەکانی ئێستایان. پێویستە دەنگێکی دیکەو هێزێکی دیکە بێتە ناو کایەو هاوکێشە سیاسیەکانی کوردستان و ناوچەکەوە، ئەویش هێزی جەماوەری خەڵکی کوردستانە لەریزێکی سەربەخۆ لەبۆرژوا-ناسیۆنالیستی کورد بۆ خواستی پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ.

دەوڵەتێک کە یەکەم بڕیارەکانی بریتی بێت لە:

١. داماڵینی حیزبەکان لە هێزی چەکدارو قەدەغەبوونی هەرجۆرە چالاکیەکی چەکداری حیزبەکان. لەجێگەیدا دروستکردنی هێزی چەکداری جەماوەری لەژێر فەرمانی حکومەتی هەڵبژێردراوی خەڵکدا.
٢. بەرقەرارکردنی ئازادیی سیاسی، ئازادی بیروڕا، دەربڕین، رێکخراوبوون، خۆپیشاندان و مانگرتن.
٣. یەکسانیی ژن و پیاو لە بوارەکانی یاساو ژیانی کۆمەلایەتی و ئابوری و سیاسی کۆمەڵگادا.
٤. جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەتو لە پەروەردەو فێرکردن. قەدەغەکردنی هەموو هێما ئاینیەکان لە شوێنە گشتیەکاندا.
٥. دیاریکردنی لانی کەمی مووچە بەجۆرێک کە ژیانێکی هاوچەرخ و سەربەرز بۆ هاولاتیان دابین بکات.
٦. دابینکردنی خانووی گونجاو بۆ سەرجەم ئەو هاولاتیانەی کە بێخانوون بەجۆرێک کە ٢٠% مووچەی کرێکار و کارمەند زیاتر نەبێ.
٧. دابینکردنی هەلی کار و کاری گونجاو بۆ بێکاران بەتایبەتی گەنجان یان دانی بیمەی بێکاری تێروتەسەل و گونجاو لەگەڵ ئاستی ژیانێکی هاوچەرخ و شایستەدا.
٨. دەستبەسەراگرتنی موڵکی سەرجەم ئەوانەی کە بەدزی و تالانکردنی داهاتی گشتی سامانیان بۆ خۆیان پێکەوە ناوەو دانی گەندەڵکاران بە دادگا. ئەو داهاتەی بەو جۆرە بەدەستهاتووە، دەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی دەوڵەت و بەکارهێنانی بۆ دابینکردنی مووچەو بیمەی بیکاریو خزمەتگوزاریە شارستانیو تەندروستیو کۆمەلایەتیەکان و بۆ باشکردنی ژیانی هاولاتیانی کوردستان.

٩. کۆنترۆڵکردنی کەرتی نەوت و داهاتی نەوت لەلایەن دەوڵەت و دابینکردنی شەفافیەتی دارایی و داهات و پەیڕەوکردن لە سیاسەتی بودجە بەجۆرێک کە لەخزمەتی هاوڵاتیانی کوردستاندا بێت. دابینکردنی کۆنترۆڵی جەماوەری بەسەر سەرچاوەکانی داهات لە کوردستان.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
٣/١١/٢٠١٥

# Socialist Outlook

A political intellectual quarterly issued by
Worker-communist Party of Kurdistan

Second Issue, november 2015